گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٨٦
ساڵی هەشتەم
نەورۆز ٢٧١٣ی کوردی
مارس ٢٠١٣ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا

ئەکرەم محەمەد ئەمین

نەورۆز جەمال

مستەفا زاهیدی

هەڵەچن:

مونا عەبدوڵڵا

ئاشنا جەمال

مۆتیف:

ستار قادر

تیراژ

٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| تیۆری خوێنەر و شیعری نوێی کوردی... | کەیهان عەزیزی | ٧ |
| دواندنی شیعرێکی سەباح ڕەنجدەر... | د. هاوژین صلیوە | ٣٣ |
| خوێندنەوەیەک بۆ کۆمەڵەچیرۆکی "تازیەدارانی... | سەروەر عومەر | ٣٩ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| چۆن لەیلا بەو چاوە دەبینی کە خەڵکی کەی... | لەتیف هەڵمەت | ٥٥ |
| سێبەرەکانی کەرکووک... | سەلام محەمەد | ٦٨ |
| لە کەنار با... | عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا | ٧٥ |
| ئەستێرە وردەکان... | ئیدریس عەلی | ٨٠ |
| من (دەقی تەمەن)... | ناڵە حەسەن | ٨٤ |
| بمکەوە بە مرۆڤ... | بژار حەکیم | ٩٠ |
| شێتبوونێکی بەپەلە... | زانا سامان | ٩٣ |
| پەیکەرێکی بێ سوود... | هەژار قانع | ٩٧ |
| عەشقەلەرز... | محەمەد عەلی یاسین | ٩٩ |
| بۆنی مەرگ... | کارزان جەلال | ١٠٠ |
| ئەو گریا... | باران | ١٠١ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا... | سەلاح حەسەن پاڵەوان | ١٠٧ |
| مێژووی ڕووناکبیریی فەڕەنسی لە سەدەی... | جەمال نەجاڕی | ١٢٠ |
| چەند کورتە چیرۆکێکی ئەدیبـی سوریایی... | عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە | ١٣٥ |
| کاتێک بەرزایی ئاسمانەکان یەکدەگرنەوە... | هەنار ئەلسراج | ١٤١ |
| دوو شیعری یەدوڵڵا ڕوئیایی... | یونس حسەینی | ١٤٤ |
| هەڵبژاردە لە شیعری پۆشکین... | ئاوات حەسەن ئەمین | ١٤٦ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| خوێندنەوەیەک بۆ فیلمی وەرزی کەرگەدەن... | گوڵاڵە کەمانگەر | ١٥١ |
| سەرەتایەک لە دەروازەی شانۆی کوردی... | جیهان عومەر | ١٦١ |
| دیدار لەگەڵ هادی زیائەدینی... | شالاو جەعفەر | ١٧٣ |
| دیدار لەگەڵ تۆفیق ئەمانی... | سازدانی: سارا زینەتی | ١٧٧ |
| گفتوگۆیەکی هەڵبژاردە لەگەڵ ئۆسکار وایڵد... | کارزان محەمەد | ١٩٣ |

# لێکۆڵینەوە

# لێکۆڵینەوە


- تیۆری خوێنەر و شیعری نوێی کوردی — کەیهان عەزیزی
- دواندنی شیعرێکی سەباح ڕەنجدەر — د. هاوژین صلێوە
- خوێندنەوەیەک بۆ کۆمەڵەچیرۆکی "تازیەدارانی بەیەل" — سەروەر عومەر



# تیۆری خوێنەر و شیعری نوێی کوردی

● کەیهان عەزیزی

بەحری غەزەلم پڕ لە دووڕ و گەوهەرە ئەمما
غەوواسی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە
«نالی»

**پێشەکی**

بۆئەوەی هەر «دەقێکی ئەدەبی» بە باشی تەتڵە بکرێت، پێویستە ژیرانە لە لایەنی جۆراوجۆرەوە رووبەڕووی چەندین پرس و سەرنجی چەشناوچەشن و تەنانەت دژبەیەک بکرێتەوە؛ تا دەق بتوانێت لە هەر لایەنێکەوە دیمەنێک ئاراستە بکات. بۆ ئەو مەبەستە و بۆ راوی، واتا ئەدەبییەکانی دەق، پێویستە لە زۆر روانگەوە بابەتی ئەدەبی بخرێتە بەر تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوە و شرۆڤاندن. بەم بۆنەیەوە تیۆرییە ئەدەبییەکان وەک رەهەندێک هەرکامیان جیا جیا چەندین پرسیاری جیاواز دەوروژێنن، هەر کام لە ڕێی مێتۆدێکەوە هەوڵی تاوتوێکردنی

دەق دەدەن، هەر کام لەو پرسیارانە و لەو میتۆدانە زۆرجار بەنرخن، لەبەرئەوەی هەرکام بە تەرزێک دەتوانن بۆشاییەکان پڕ بکەنەوە و گرێکوێرەکان بەرەو ئاراستەیەکیتر ببەن. پرسیارەکان لە روانگەیەکی زۆر گشتییەوە دەکرێت لە سێ سووچەوە ئاراستەی¬ دەق بکرێن. رەخنەگریش دەتوانێت یەک روانگە، یان تێکەڵاوییەک لەو روانگانە بۆ کاری رەخنەیی خۆی هەڵبژێرێت.

روانگەکان بریتین لەم سێ رەهەندە:

**١- لە رەهەندی نووسەرەوە:**

ئەو تیۆریانەی کە لە چاوی نووسەرەوە چاو لە دەق دەکەن و سەرنج دەدەنە دەق، زیاتر «هەوڵ دەدەن تا بە پێی بوارە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵناسی و ئایینی و ئابوورییەکان دەق بخوێننەوە»[١]، هەموو باوەڕەکانی سەدەی نۆزدە کە سەر بە رۆمانتیزم بوون هاوڕا لەگەڵ ئۆمانیستەکان، جەختیان لەسەر ژەین و ژیان و باوەڕ و بیۆگرافی نووسەر دەکردەوە. هەروەها ئەو رەخنەگرانەی لە روانگەی دەروونشیکارییەوە، یان لە روانگەی ئەخلاقییەوە رووبەڕووی دەق دەبنەوە، ناتوانن رۆڵ و دەوری نووسەر لەبەرچاو نەگرن. «لەم روانگەیەدا خودی نووسەر و بەکاربردنی (سۆزاوی) و (وەسفاوی) بوونی زمان لەلایەن ئەوەوە جێگای سەرنجە»[٢].

**٢- لە رەهەندی دەقەوە:**

زۆر رێباز هەن وەکو مۆدێرنیستە ئەدەبییەکان و بیرمەندانی رەخنەی نوێ و هێرمێنۆتیکەکان و پێکهاتەخوازان و بەتایبەت فۆرمالیستەکان بە رەهەندی دەق بایەخ دەدەن. یاکوبسن، فۆرمالیستی بەناوبانگ دەڵێت: «شیعر بەرلەوەی لەمەڕ شاعیر، یان خوێنەر، یان جیهانەوە قسە بکات، لەمەڕ خۆیەوە قسە دەکات؛ لە فۆرم، لە وێنە، لە مانای ئەدەبی خۆی»[٣]. رەخنەگرانی قوتابخانەی نوێش دەڵێن: «شیعر هەڵگری حاڵەتێکی ئەنتۆلۆژیکاڵی هەیە»[٤]. هەم فۆرمالیستەکان و هەم رەخنەگرانی نوێ هەوڵدەدەن کرۆکی ئەدەبی دەق بدۆزنەوە، بەڵام فۆرمالیستەکان زیاتر بەرەو لای «مێتۆد» مەیلیان نیشاندەدا و هەوڵیان ئەوە بوو تا بگەنە بنەمایەکی «زانستی» لەسەر ئەدەبیات؛ کەچی رەخنەگرانی نوێ لەسەر «ناچەمک بوونی» مانا جەختیان دەکردەوە[٥]. هێرمێنۆتێکە سوننەتییەکان لە سەر ئەوەبوون مانا دەبێت لە خودی دەقدا بدۆزرێتەوە[٦]، بەڵام هێرمێنۆتیکی مۆدێرن لەمە زیاتر هەنگاوی ناوە و دەڵێت: دەکرێت مانا بە لای وەرگرەوە بێتە

ئافراندن. ئالێرەدا خاڵێکی گرنگ و کێشەدار سەر هەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە ڕۆڵی خوێنەر و کاریگەری ئەو لەسەر دەق و لەو لاشەوە کاریگەری دەق لەسەر وەرگر دەردەکەوێت. بەم بۆنەیەوە دەتوانین بپرسین چ کەسێک ئافراندن دەکات؟ ئایا ئافراندنی هەموو خوێنەرێک شیاوی بایەخپێدانە؟ ئایا لەسەر هەموو دەقێک ئافراندن دەکرێت؟ هەر خوێندنەوەیەک تاکو کەی و تا چ سەردەمێک برەوی هەیە؟ ئالێرەیە روانگەی خوێنەر و روانگەی دەق زۆر لە یەک نزیک دەبنەوە. دەق هەتا نەخوێندرێتەوە وەک بوونێکی هێزەکی دەمێنێتەوە. خوێنەریش بۆ خوێندنەوە پێویستی بە دەقە تا بتوانێت تواناییەکانی خۆی وەگەڕبخات.

### ٣- لە ڕەهەندی خوێنەرەوە:

ئەو بیروبۆچوونانە لەم ڕەهەندەوە بۆ دەق دەڕوانن، دیاردەناسی، پێکهاتە شکێنی، فێمێنیزم، مارکسیزم، مێژووگەری نوێیە، کە سوورتر لە هەمووی ئەمانە قوتابخانەی تیۆری جوانیناسی وەرگرتنە. لەم تیۆرییەدا بیروبۆچوونەکانی وڵفگانگ ئایزێر[٧] و هانس ڕۆبێرت یاس[٨] زۆر گرنگن، کە جاروبار بە قوتابخانەی کۆنستانسی[٩] ئاڵمانیش ناسراون. هەڵوێستی تیۆری خوێنەر لەسەر ئەو باوەڕەیە لە سازکردنی مانادا تەنیا دەق رۆڵ ناگێڕێت، دەق+خوێنەر=مانا. دەڵێن دەق و بەتایبەت خوێنەر لە سازکردنی مانادا دەوریان هەیە. دەقی شیعری گرنگە، بەڵام «تا ئەو کاتە نەخوێندرێتەوە، بوونێکی ڕاستەقینەی نییە، واتای شیعر تەنیا بەهۆی خوێنەرەکانییەوە دیاری دەکرێت»[١٠]. لەڕاستیدا وەرگر لەم ڕەهەندەدا نە تەنیا پاسیڤ و هەڵرسکاو نییە، بەڵکو چالاک و کارایە. خوێنەر دەتوانێت دەستی دەق بگرێت و شان لە شانی یەک بۆ زەنوێرەکانی فەلسەفە و بنارەکانی مێژوو و دەروونشیکاری و پانتایی تیۆرییە ئەدەبییەکان پێکەوە بە لارەولەنجە سەفەر بکەن.

ئەوەی ڕاستی بێت لەنێوان هیچکام لەم ڕەهەندانەدا هێڵی سوور نەکێشراوە. ڕەخنەگر دەتوانێت بەپێی پێویست لە هەموویان سوود وەربگرێت. ئەگەر ڕەخنەگرێک لە ڕەخنەی پراکتیکانەی خۆیدا تەنیا لە یەک ڕەهەند و لە تاقە بۆچوونێک کەڵک وەربگرێت، ئەوە ڕەخنەگرێکی رهاخوازە و زۆریش باو و برەوی ئەوتۆی نەماوە. لە بەرامبەر ڕەخنەگری ڕەهاخواز، ڕەخنەگری رێژەییخوازمان هەیە، دەتوانێت لە کۆمەڵێک تیۆری جۆراوجۆر کەڵک وەربگرێت تا بەربلاوتر دەق هەڵسەنگێنێت. کەوابوو ڕەخنەگر ناتوانێت، یان باشتر بڵێم شیاو نییە لە هیچ تیۆرییەک و لە هیچ ڕۆچنەیەک خۆی تەریک بکات.

تی. ئێس. ئیلیۆت[١١] وەک مۆدێرنیستێک لە وتارێکدا بە ناوی «سوننەت و مرخی تاکەکەسی» ناتوانێت پەیوەندی شیعر و شاعیر یەکسەرە بپچڕێنێت. ئەو کات سەبارەت بە بۆچوونەکانی رەخنەی نوێ قسە دەکات، دەڵێت زەینی شاعیر کاتالیزۆرێکە بۆ ئەو کارەی کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی شیعر. زەینی شاعیر لەو ماوەیەدا رەوتی خولقێنەرانەی شیعر دەپێورێت، وەک کاتالیزۆرێک دەکەوێتە کار و تەجرەبە تاکە کەسییەکانی شاعیر گردوکۆ دەکاتەوە و دەیانکاتە بابەتێکی دەرەکی و خولقاندنێکی نوێ: واتە شیعر[١٢].

تیۆری خوێنەریش ناتوانێت دەور و بایەخی دەق لە بەرچاو نەگرێت. دەڵێن لە تیۆری خوێنەردا وەرگر چالاکە، کەوابوو ئەم چالاکبوونە لەسەر ساز و کارەکانی دەق مانا پەیدا دەکات. خوێنەر دەبێت پێکهاتەی دەق و هەموو بوون و نەبوونی دەق شەنوکەو بکات، دەبێت لە ئاست نیشانەکانی دەق کارا و بزۆز بێت، تا بتوانێت مەبەست و ویستەکانی خۆی بدرکێنێت. بۆیە لە زاری رەخنەگرانەوە جاروبار دەبیستین دەڵێن گشت بابەتێک ناتوانێت سەرنجی خوێنەری باڵا و رەخنەگری ئەدەبی رابکێشێت. واتە دەق دەبێت وەک گۆڕەپانێک ئەو مەجالەی هەبێت، تا خوێنەر بتوانێت ئەسپی خۆی لەناودا تاو بدات.

بەڵام لەم پێناوەدا دەکرێت بڵێین روانگەی نووسەر باوی جارانی، بە تایبەت بایەخی سەدەی نۆزدەی، نەماوە. روانگەی نووسەر هەنووکە لەنێوان ئەو روانگەکاندا زیاتر رۆڵی ناوەنجی دەگێڕێت و ئێستا ئیتر وەکو رەهەندێک و وەکو رێبازێکی رۆژەڤ چاوی لێ ناکرێت. لە بەرامبەردا روانگەی خوێنەر و روانگەی دەق شانبەشانی یەکتر رۆژ بەڕۆژ پەرە دەستێنن و قوتابخانە ئەدەبییەکان لەم دوو سووچەوە گەلێک بیروباوەڕی ناوازەیان پێشکەش بە دونیای رەخنە و رەخنەکاری کردووە. بۆ نموونە بەبێ بۆچوونی فۆرمالیستە رووسییەکان دونیای شیعر و رەخنەکاریی شیعر، بۆشاییەکی جێگای سەرنجی لێدەکەوێت.

کاتێک بۆ ناو دونیای رەخنەی کوردی دەگەڕێینەوە، جگە لەم چەند ساڵەی رابردوودا، رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا زۆر کەم بووە و ئەو کەمەش پشتی بە تیۆرییە ئەدەبییەکان نەبەستووە. ئەگەر بەپێی بەراوردیش بکەین، بەداخەوە رەهەندی خوێنەر بە رێژەی ئەوانیتر کەمتر و لاوازتریش بووە. ئێمە لەم وتارەدا بەپێی مەجال ئاوڕ لەم روانگە و لەم هەڵوێستە، واتە تیۆری خوێنەر، دەدەینەوە.

### خوێنەر و پەیوەندی لەگەڵ شیعری نوێی کوردی

لێرەدا مەبەست لە خوێنەر زیاتر ئەو خوێنەرەیە کە هاشم سەراج دەڵێت:

«کاتێک خوێنەر بە عیشق و هۆشمەندییەوە هێزی ڕاڤەکاری تێدا دەڕسکێت و دەگاتە ئاستە باڵاکانی هزر و جیهانبینی، ئەو هێزی هزر و مەعریفەیە ڕووەو خولقاندنی دەسەڵاتی ڕاڤەکاری ڕایدەماڵێت و ئەو کاتە تێکڕای حاڵەتەکانی پابەند بوون بە ڕۆبۆتییەت و کۆیلەبوونی خود وەلا دەنرێن و کۆژیتۆی(١٣) خوێندنەوەش دەبێتە خاوەنی گەردوونیترین ڕۆحێکی لیبراڵ و هێدی هێدی کردەی تێکشاندنەکان ئەنجامدەدا، تێکشاندنی بەستەڵەکی تاپۆکانی دۆگما و ئێمپریالییەتی مانا و دیکتاتۆریەتی گوفتار و تۆتالیتاریەتی دەسەڵاتی حەقیقەتە چەسپاو و نەگۆڕەکان(١٤).»

«ڕەخنەی هەڵویستی خوێنەر لە سەرەتای هەفتاکان (١٩٧٠) گرنگی خۆی وەدەستهێنا و هەنووکەش لە سەر بەشێکی زۆری ڕەخنەی هاوچەرخ کاریگەرێتی خۆی هەیە.(١٥)» هەروەها هەر لە ئەفلاتوونەوە تا دەگەینە بزاڤی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی بەریتانیادا لە سەرەتای سەدەی نۆزدە (١٨٨٠) بیروبۆچوونێک لە ئارادا بووە خوێنەر داهێزراوانە دادەنیشێت و بابەت و ناوەڕۆکی بەرهەمی هۆنەری دەجوێت و ڕێگای ئەوە بە دەق دەدا تا بیر و کردەوەی داگیربکات. لەم ڕوانگەیەدا خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەق شتێکی ئەوتۆی بە دەستەوە نییە. دەق سەرلەبەری ئەو شتانە ئامادە دەکات کە بۆ ڕاڤەکردنی خۆی پێویستی پێیەتی، بەڵام هەر لە زووەوە نووسەران و بیرمەندان لەسەر خودی دەق بیریان کردووەتەوە و بەم هەقیقەتەیان زانیوە کە لەڕاستیدا دەق کاریگەریی بەسەر خوێنەرانەوە دادەنێت، کەوابوو ڕەخنە ئیتر خۆی زیاتر بە دەقەوە ماندوو دەکرد، تاکو ڕۆمانتیزم سەریهەڵدا و جێگای پێداگرتن لەسەر دەقی لەق کرد(١٦). نووسەر لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ببوو بە ناوەند و وەک کەسێکی هەموو شت زان و وەک پێغەمبەر چاوی لێدەکرا. ئەم بۆچوونە بەلەونێک بەلای خۆمانیشەوە کاردانەوەی هەبووە، زۆرجار لە کۆڕ و لە هەندێک نووسراوەدا بیستوومانە و خوێندوومانەتەوە کە شاعیر دەبێت شتێک بڵێت و شتێک ببینێت کەسانی ئاسایی نەتوانن بیدرکێنن و بیبینن. ئەمەش لە ئەنجامدا ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە شاعیر هەرچی بێژێت ئەوە وەکو وەحی وایە و نابێت دەستکاری بکرێت، دەبێت پیرۆز تەماشا بکرێت. ئێمە تەنیا ئەو مافەمان هەیە دەقەکە بە یارمەتی نووسەر و ژیان و سەردەمی نووسەر لێکبدەینەوە و مانای بۆ بکەینەوە. نابێت لە نووسەر و ژیان و باوەڕەکانی لابدەین، چوون لادان خەیانەتە لە نووسەر، بەڵام لەسەر دەستی ڕەخنەگرانی نوێ لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا ڕەخنە جارێکی تر ڕووی لە دەق کردەوە. ڕەخنەگرانی نوێ سەربەخۆیی دەقیان مسۆگەرکرد.

ئەم رەخنەگرانە دەیانگوت ئەگەر دەق بە وردی لێی بکۆڵدرێتەوە مانای خۆی ئاشکرا دەکات. هۆکارە دەرەکییەکان وەک زەمینەی مێژوویی، یان کۆمەڵایەتی بەها و بایەخێکی ئەوتۆیان نییە. دەق خۆی هەڵگری ئەو شتانەیە کە ئێمە بۆ دۆزینەوەی ماناکەی پێویستمان پێیانە. ئەڵبەت ئەم پێداگرتنە لەسەر سرووشتی بابەتییانەی دەق جارێکی دیکە خوێنەری ناچالاک و پاسیڤی خولقاندەوە کە بۆ ئەوەی دەستێکی لە لێکدانەوەی دەقیدا هەبێت بۆی نەبوو ئەزموونە شەخسی و هەستە تایبەتی و تەجرەبە ئەدەبییەکانی رابردووی خۆی بێنێتە ئاراوە. بیروبۆچوونەکانی رێبازی رەخنەی نوێ هەم بە لای فۆرمالیستەکانەوە، هەمیش بە لای پێکهاتەخوازانەوە زۆر پەرەی پێدرا.

پاش ئەوەی رەخنەی نوێ ماوەی سی ساڵ باڵی بەسەر رەخنەی ئەدەبیدا کێشا بوو، تیۆری گرێدراو بە هەڵوێستی خوێنەر هاتە ئاراوە، بەڵام خاڵێکی یەکگرتوو و فەلسەفەیەکی هاوبەش لەنێوان بیرمەندانی ئەم تیۆرییەدا بەدی ناکرێت. ئەو بیرمەندانەی لەم چوارچێوەیەدا ناویان دەبرێت سەر بە بیروباوەڕی جیاوازن. بیرمەندانی قوتابخانەی کۆنستانس، ئاگایی خوێنەر، دیاردەناسی و راڤەناسی بە بنەما دادەنێن. مایکێک ریفاتێر[١٧]، ماناناسی فەرەنسایی، خوێنەرێک گریمانە دەکات خاوەنی جۆرێک هێزی ئەدەبی تایبەتە، لەکاتێکدا ئێستانلی فیش[١٨]، رەخنەگری ئەمریکایی، لەسەر ئەو باوەڕەیە خوێنەرەکان لە ئاست دوابەدوایی وشەکان لە رستەکاندا دژ کردەوە دەنوێنن. جاناتان کالێر[١٩] بانگەشەی بیرۆکەیەک دەکات، بیرۆکەی راڤەی «پێکهاتەخوازە»، ئەو، یاسامەندی ستراتیژییەکانی خوێنەر رەتدەکاتەوە؛ بەڵام، قەبووڵ دەکات یەک ستراتیژی دەتوانێت راڤەی جۆراوجۆری لێبکەوێتەوە. دەیڤید بلیچ[٢٠] و نۆرمەن هالەند[٢١] زیاتر لە هەندێ کەس لەسەر دەوەری خوێنەر جەخت دەکەنەوە. ئەوان خوێندنەوە بە پرۆسەیەک دەزانن کە ویستە دەروونییەکانی خوێنەر قەرەبوو دەکاتەوە[٢٢].

بەڵام لویز رۆزێنبلات، پێداگری لێکدانەوەی دەقی بە تەنیا لەسەر دەق بە رەوا نازانێت و خوێنەر و دەق هەردووکیان بە شەریک و برابەشی پرۆسەی راڤەیی دەناسێنێت. دەڵێت خوێنەر و دەق کار دەکەنە سەر یەکتری، دەق وەک وورووژێنەرێک بۆ هەڵێنجانی ئەزموون و ئەندێشە و بیرۆکە جۆراوجۆرەکانی رابردوو لە زەینی خوێنەر دەور دەگێڕێت، ئەو ئەزموون و ئەندێشە و بیرۆکانەی کە هەم لە رێگای ژیانی واقیع، هەمیش لە رێگای ئەزموونەکانی پێشووی خوێندنەوە بەدەستدێن. دەقیش لە بەرامبەردا دەستێک بەسەر ئەزموونەکانی

خوێنەر دادەهێنێت و شکڵ و شێوەیەکیان پێ دەبەخشێت، ئەو بیرۆکەگەلێک هەڵدەبژێرێت و دەپاڵێوێت و ڕێکوپێک دەکات تا بە باشترین شێوە لەگەڵ دەق بگرنەوە. لەسەر دەستی ئەم ئەزموونە کردەییە هاوبەشەدایە کە خوێنەر و دەق بەرهەمێکی نوێ دەخولقێنن، واتە شیعر(٢٣).

دەکرێت ڕەخنەگرانی هەڵوێستی خوێنەر لە ڕوانگەیەکی زۆر گشتیدا بە سێ دەستە دابەش بکەین. زۆربەی ڕەخنەگرانی دەستەی یەکەم سەر بە قوتابخانەیەکن کە بە قوتابخانەی پێکهاتەخوازیی ناسراوە و زیاتریش لەسەر دەق و زمانناسی جەخت دەکەن. وەکو ڕۆلان بارت(٢٤)، ڕۆمێن یاکوبسن(٢٥)، کلۆر لیڤی شتراوس(٢٦) و جاناتان کالێر. دەستەی دووەم ئەو دیاردەناسانەن کە دەڵێن خوێندنەوە، ڕووداوێکە لە خولقاندنی شیعردا دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی، وەکو ئایزێر و یاس و ڕۆزێنبلات. دەستەی سێیەم زۆر بە خەستوخۆڵی لەسەر گرنگی خوێنەر لە پرۆسەی ڕاڤەییدا جەخت دەکەنەوە. لای ئەم ڕەخنەگرە دەروونشیکار، یان سوبژێکتیڤانە، ئەندێشە و بیروباوەڕ و ئەزموونەکانی خوێنەر، لەچاو دەقی ڕاستەقینە خۆی، ڕۆڵێکی زیاتر لە وێناکردنی مانادا دەگێڕن، وەکو دەیڤید بلیچ و نۆرمەن هالەند(٢٧).

لە درێژەی ئەم وتارەدا بڕێک لەو باسە سەرەکییانەی کە بەلای بیرمەندانی تیۆری هەڵوێستی خوێنەرەوە وەگەڕخراون و لە هەناوی باسەکانیاندا پەرشوبڵاون، ئێمە نموونەیەکیان لێ شارۆ دەکەین و هەوڵدەدەین زیاتر ئاوڕیان لێ بدەینەوە. هەروەها هەوڵدەدەین بزانین چۆن دەکرێت لەو باسانە کەڵک وەربگرین و چۆن دەتوانین لەو ڕێیەوە شیعری نوێی کوردی بخوێنینەوە. هەروەها دەمانەوێت بزانین چۆن دەکرێت لەم چاویلکەیەوە چاو لە مێژووی شیعری نوێی کوردی بکەین؟ تا چ ئاستێک ڕەخنەگر و خوێنەری کورد دەتوانێت بەم بۆچوون و بابەتانە، پشت ببەستێت و خوێندنەوە و ڕەخنەی خۆی توکمە و هەراوتر بکات؟ ئەو شیعر و شاعیرانەش لێرەدا وەک نموونە باسیان لێوە دەکرێت، تەنیا وەک مۆدێلێکن بۆ بەراورد و فامی زیاتری باسەکە.

### أ- ئاسۆی چاوەڕوانییەکان

ئاسۆی چاوەڕوانییەکان یەکێک لەو باسە گرنگانەیە کە بیرمەندانی تیۆری «وەرگرتن» گەڵاڵەیان کردووە. ئەم تیۆرییە دیاردەناسی بە بنەما دادەنێت. ئەدمۆند هۆسرێل(٢٨) بنیاتنەری دیاردەناسی دەڵێت: «ئامانجی ڕاستەقینەی تاوتوێکردنی فەلسەفیی، شتەکانی ناو جیهان نییە، بەڵکو (ئامانج خودی) ئاگاهیی

ئێمەیە. ئاگاهیی هەمیشە ئاگاهیی لە شتێکە، هەر ئەو «شتە» پاش ئەوەی لە ئاگاهیی ئێمەدا دەرکەوت بۆ ئێمە دەبێتە واقیع. هەروەها ئەو شتانەی کە لە ئاگاهیی ئێمەدا وەدیاردەکەون دەتوانین تەنیا چۆنایەتی، یا بنەماکانیان بدۆزینەوە»[٢٩].

لەڕاستیدا ئەم باوەڕە جارێکی تر بایەخ بۆ زەینی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە و زەینی تاک دەبێتە ناوەند و سەرچاوەی هەموو ماناکان. گادامێر[٣٠] لەسەر ئەو باوەڕەیە بابەتێکی ئەدەبی چەشنی سندووقێکی پوختە و تەواو نییە کە مانا لەوێدا بەبێ کەموکوڕی بە تەواوی ئامادە و تەیار بێت، بەڵکو مانا بە بارودۆخی مێژوویی راڤەکارەوە گرێدراوە. یاسی ئاڵمانی لەژێر کاریگەری ئەم باوەڕەدا دەڵێت: «ئاسۆی چاوەڕوانییەکان»[٣١]. ئەو پێوەرانەن خوێنەرەکان لە قۆناغە جیاجیاکاندا سوودیان لێوەردەگرن تا لەو رەهەندەوە بتوانن دەقە ئەدەبییەکان هەڵسەنگێنن. هەروەها ئەم پێوەرانە یارمەتی دەدەن تاکو ئەو شتەی شاعیرانە یان ئەدەبییە لەگەڵ ئەو شتەی شاعیرانە، یان ئەدەبی نییە دیاری بکرێت[٣٢].

کاتێک بەم روانگە و بەم بۆچوونەوە بۆ پانتایی شیعری نوێی کوردی و رەخنەی شیعر دەگەڕێینەوە، لەگەڵ هەندێک باس و هەندێک رووداو رووبەڕوودەبینەوە، کە تایبەتن بە کۆمەڵگای خۆمان. ئێمە لە زۆر شوێندا هێشتا ئاسۆی چاوەڕوانییەکانمان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا نەهاتووە یان زۆر بە ئارامی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت. ئەڵبەت زۆرجاریش گۆڕاون. بۆ نموونە لە سەردەمێکدا و لە هەلومەرجێکی ناوازەدا خوێنەری کورد بە کەفوکوڵێکی خەستەوە، تێکەڵ بە هەستێکی حەماسییانەی بەتین شیعری مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو دەخوێندەوە، من بۆ خۆم لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٣٧٢ی هەتاوی (١٩٩٣ زایینی) لە گۆڤاری "سروە"دا بە دووی شیعری کاک جەلال مەلەکشادا، کە هەر لەو بازنەی شیعری پەشێودا خۆی دەبینێتەوە، بە تاسەوە گەڕاوم؛ بەڵام ئێستاکە ئەگەر بۆ خوێنەری کورد ئەو کەفوکوڵە و ئەو هەیەجانە ئەگەر نەڵێم بە یەکجاری نەماوە، زۆر کەمبووەتەوە. لەبەرئەوەی ئاسۆکان گۆڕاون و خوێنەریش هەنووکە چاوەڕوانییەکیتری هەیە. ئەڵبەت بەشێکی ئەو پێشوازیکردنە ناوەرۆکی شیعرەکان بووە، هەرچەند ئەمیش نەختێک گۆڕاوە؛ بەڵام لە زیاتری پارچەکانی کوردستاندا هێشتا وەک جاران ماوەتەوە. بۆیە پەشێو لە شوێنێک دەڵێت خوێنەری من ئێستا زیاتر لە کوردستانی رۆژهەڵاتە.

ئەم باسە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو باوەڕەی کە هەندێک لوتبەرزانە خۆیان بە لوتکە دەزانن و واش دادەنێن شیعری پەشێو لاوازە و نەیتوانیوە خۆی بۆ زەمەنێکی تر و بۆ سەردەمێکی تر رابگرێت. لەم بوارەدا دەکرێت بڵێین ئەو

پێوەرانەی لە رابردوودا بایەخی شیعری پەشێویان مسۆگەر دەکرد، ئێستاکە گۆڕاون و بایەخی جارانیان نەماوە. لەوانەیە پێوەرەکانی ئەمڕۆش بگۆڕدرێن و داوەری ئێمەش رووبەڕووی داوەری خوێنەرەکانی داهاتوو ببێتەوە. کەوابوو هیچ بڕیارێک هەتایی نییە و نەمر نامێنێتەوە. هەروەها دەکرێت نموونەیەکی‌تر بێنینەوە: گۆران دەڵێت:

**قژکاڵی لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ**
**ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێک ئاڵ**
**ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دوو**
**گەندەمووی دەمووچاو، مەچەک هەڵنەگرتوو**[٣٣]

ئەم سیفەتانە سیفەتی مرۆڤی کوردن، سیفەتی رەگەزی ئاریان، بەڵام بەشێک لەو وێنە بنەڕەتییانە وەک «گەندەمووی دەموچاو»، «دەنگی چپە دوو»، «مەچەک هەڵنەگرتوو» کەوتوونەتە بەر شاڵاوی گۆڕان، ئێستا لەم سەردەمەدا ناتوانین وەک بەشێک لە جوانی چاویان لێ بکەین، لەبەرئەوەی ئاسۆکان و پێوەرەکان گۆڕدراون، بەڵام لەبەر چی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە؟ ئەو ئاڵوگۆڕە بۆچی و بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ ئەمە ئەو کۆمەڵە پرسیارەن رووبەڕووی خوێنەر دەبنەوە[٣٤].

نازانم لە کام لاپەڕەی «چێشتی مجێور»دا خوێندوومەتەوە، گوایە جارێک مامۆستا هەژاری رەحمەتی دەچێتە خزمەت مامۆستا گۆران بۆ ئەحواڵ پرسی و باس دێتە سەر شیعر، مامۆستا هەژار بەداخەوە جاروبار بەجێ و نابەجێ لە چێشتی مجێوردا ناوی زۆر کەسایەتی بە باشی نابات، بەڵام یەکێک لەو کەسانە بە مامۆستا ناوی دەبات، گۆرانی شاعیرە. هەژار دەڵێت مامۆستا! شیعری «بت بتەوان» باشترە یان شیعری «گەشتێک لە هەورامان»، گۆرانیش لە وەڵامدا دەڵێت بێشک شیعری گەشتێک لە هەورامان. هەژار دەڵێت ئەوەیە کاریگەری حزب و ئایدیۆلۆژی، کاریگەری روانگەی ویشک و بەرتەسک[٣٥].

منیش کاتێک لەم سەردەمەدا ئەو شیعرە دەخوێنمەوە هێشتا وەکو رۆژگاری هەژار هەمان رەخنەم لەسەرە و هێشتا ئەو بەرهەمە ناتوانێت وەک دەقێکی شیعری منی خوێنەر پێمل بکات. ئەمەش مانای ئەوەیە لەم بوارەدا هێشتا ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری ئەم سەردەمە لە چاو ئاسۆی خوێنەری سەردەمی هەژار لەو بوارەدا ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. ئەڵبەت لەوانەیە ئەو شیعرە لەو رۆژگارەدا لە بەشی ناوەرۆک سەرنجی خوێنەری راکێشابێت، بەڵام

ئێستاکە هەم لە بواری ناوەرۆکەوە، هەمیش لە بواری جوانیناسییەوە، ناتوانێت وتەیەکی ئەوتۆی بۆ باس هەبێت. شیعری «بت بتەوان» بۆ ئەم سەردەمە و بۆ ئەو سەردەمەش بەرهەمێکی لاواز دەنوێنێت.

ئەم بڕیارە قسەکەی رۆبێرت یاسە کە دەڵێت خوێنەران بەپێی پێوەری چاوەڕوانییەکان بڕیاری ئەدەبی یان نائەدەبیبوونی دەقێک دەردەکات. هەروەها دەکرێت ئەوەش زیادبکەین و بڵێین بۆ خوێندنەوەی شیعری نوێی کوردی کە هێشتا مێژوویەکی دوورودرێژی نییە، دەبێت چاوەڕوان بین بزانین زەمەن چی دەکات و چۆن لەسەر خوێنەر و لەسەر دەقەکان کاریگەریی دەبێت. ئایا شیعری (بت بتەوان)ی گۆران دەتوانێت لە داهاتوودا خۆی لەگەڵ ئاسۆی خوێنەر رێک بخات و وەڵامی چاوەڕوانییەکان لە داهاتوودا بداتەوە؟ بزانین دەتوانێت سەرنجی خوێنەری سەردەمە جیاوازەکان رابکێشێت؟ ئەم پرسیارانە تەنیا زەمەن دەتوانێت وەڵامیان بداتەوە.

ئەم باسە دوالیزمی گونجاو و نەگونجاو لە مابەینی خوێنەر و دەق دەخولقێنێت کە یاس لە تیۆری وەرگرتندا پێی دەڵێت مەودای جوانکاریی. لەم دەقەی خوارەوەی شێرکۆ بێکەسدا بە ناوی «قەڵەم» دووانەیی گونجاندن و نەگونجاندن لەنێوان خوێنەر و دەق بەدی دەکرێت:

**قەڵەمێ سەری خۆی هەڵگرت**
**هیچ دەفتەر و هیچ کاغەزێ**
**نەیانزانی**
**رووی لە کوێ کرد**
**چونکە ویستیان وا بنووسێ**
**هەر بە تەنها سوڵتانەکان**
**بیخوێننەوە...**(٣٦)

لەم شیعرەدا، ئایا ئەو شتەی دەق بە نەگونجاوی دەزانێت، هێشتا نەگونجاوە؟ قەڵەم بۆ کوێ سەری خۆی هەڵگرتووە و نادۆزرێتەوە؟ قەڵەم دژی چ سیستمێکە؟ هەمووی ئەو پرسیارانە دەبێت خوێنەری چالاک وەڵامیان بداتەوە. هەروەها کاتێک شاعیر دەڵێت قەڵەم سەری خۆی هەڵگرت، مانای ئەوەیە سەردەمێک سەری خۆی هەڵنەگرتووە و کاری خۆی ئاسایی ئەنجامداوە، بەڵام هەنووکە چی روویداوە تاکو قەڵەم سەری خۆی هەڵبگرێت؟ ئایا قەڵەم لە رابردووشدا بەم

چەشنە بیری کردووەتەوە؟ وەڵامی هەرکام لەو پرسانە دەبێتە ئەو شتەی یاس دەڵێت هەردەقێک هەندێک جێگای بۆشی هەیە کە خوێنەر دەبێت پڕیان بکاتەوە. قەڵەم لێرە نایەوێت مێژوو بەو جۆرەی بنووسێتەوە کە زۆرداران مەبەستیانە.

بە گشتی ئاسۆی چاوەڕوانییەکان دەوری گرنگ دەگێڕێت لە تیۆری خوێنەردا و هەروەتر لە پێکهاتەشکێنیشدا، چوون ئەوەی لە پێکهاتەشکێنی بە سەرەکی چاوی لێدەکرێت، سازکردنی دیالۆگ و وروووژاندنی پرسیارە لەنێوان دەق و خوێنەردا. ئەوەی لەم دیالۆگەدا زۆر گرنگ بە ئەژمار دێت بۆشایی دەق و تەمومژ و گەمەی دالەکانە لە بازنەی هێرمنۆتیکدا، بە پێچەوانەی سەردەمی کلاسیک مانا کۆتایی و مەبەستە، کاری راڤەکاریش ئەوەیە بە دوای مەبەستی نووسەردا بگەڕێت تا ئامانج و بەها راستەقینەکان پێکبێن[٣٧]. بەخۆشییەوە رەخنەی شیعری نوێی کوردی ئێستا ئەو قۆناغەی گواستووەتەوە کە نووسەر دیکتاتۆری رەها بێت، بەڵکو خوێنەر خەریکە رۆژ بەڕۆژ چالاکی خۆی دەنوێنێت و لەگەڵ دەق دەوری خۆی دەگێڕێت. دەق و خوێنەر بە یەکەوە پەیوەستن و سوود لە یەکتر وەردەگرن[٣٨]. خوێنەری کورد زۆرجار لە دەقی شیعریی سوودی بینیوە، بەڵام ئایا بەو رادە سوودیشی بۆ دەق گەڕاندووەتەوە و دەقی شیعریی دەوڵەمەند کردووە؟ پێموایە ئەم رەوتە زۆر لاواز بووە و خوێنەر بە گشتی کورتی هێناوە. بەڵگەش بۆ ئەم وتەیە ئەوەیە رەخنەی ئەدەبی ئێمە زور کەم بووە، ئەو کەمەش زیاتر فۆرمێک بووە، جێگای راڤە و راڤەکاری بۆش ماوەتەوە.

لێرەدا ئاماژە بە شیعرێکی تر دەکەین، ئەویش شیعری «شاری» سوارەی ئێلخانیزادەیە. ئەو شیعرە لەم رۆژگارەدا لەژێر تیشکی هەندێک پێوەری ئەم سەردەمە کەوتە بەر لێکۆڵینەوە و بەپێی ئاسۆکانی خوێنەری ئەم سەردەمە لەسەری باسکرا. چەمکەکانی شار و شارنشینی و سوننەت و مۆدێرنیتە و پێکدادانی ئەم چەمکانە لەو شیعرەدا کەوتە بەر باس و توێژینەوە. کەوابوو ئێستا سوارە لەو شیعرەدا بە جۆرێکی تر و بە لەونێکی تر لە سەری باس دەکرێت کە زۆر جیاوازە لەو سەردەمەی کە دەقەکەی لێوە بەرهەمهاتووە. ئێستا بەجۆرێک لێک دەدرێتەوە کە گوایە سوارە نەیتوانیوە لەگەڵ مۆدێرنیتە هەڵبکات و لە رووی هزرەوە زیاتر شاعیرێکی نەریتی و گوندی بووە. لێرەدا وتەکانی ئایزێر یارمەتیدەرن، لە روانگەی ئەوەوە «جوانیناسی وەرگرتن» دوو مێتۆدی هەیە: یەکێکیان مێتۆدی مێژوویی- کۆمەڵناسانەیە، ئەویتریان مێتۆدی تیۆری دەقناسانەی هەیە. ئایزێر لە تیۆری دووەمەوە دەستپێکرد، واتە تێپەڕکردنی مەبەستی نووسەر و ئافراندنی واتاکانی دەق بە رێنوێنی خۆی لەلایەن خوێنەرەوە.

کەوابوو دەبێت لەنێوان دەق وەکو «پێکهاتەیەکی هەبوو» لەگەڵ وەرگرتن و فامی دەق لەلایەن خوێنەرەوە جیاوازی دابنێین[٣٩]. مانا و راڤەکانی دەق لە کاتی خوێندنەوەدا دێنە بوون. بۆیە یاس لە زاری والتر بنیامینەوە دەگەڕێنێتەوە کە دەقی ئەدەبی پێودانگێکە بۆ ناسینی سەردەم. دەڵێت لەم پێناوەدا ئەوە مەبەست نییە تاکو دەقێک هاوتەراز لەگەڵ سەردەم نیشان بدرێت؛ بەڵکو، خاڵی گرنگ ئەوەیە بتوانین سەردەمی هەنووکە کە دەقەکەی لەناودا دەخوێنینەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە دەقەکەی لەناودا نووسراوە بپەڕێنینەوە[٤٠].

لە پانتایی شیعری کلاسیکیشدا حاجی قادری کۆیش لەو شاعیرانەی ئێمەیە رەنگە لە بواری شیعرییەتەوە نەتوانێت شان لە شانی زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیک بدات، کەچی خوێنەری ئەم سەردەمەی کورد دەتوانێت لە شیعری حاجی شتێکی تر هەڵێنجێنێت و واتایەکی تری لێهەڵکرێنێت کە بتوانێت لەم رۆژگارەدا ئاوات و ئارەزووەکانی خوێنەر و چاوەڕوانییەکانی وی وەڵام بداتەوە. واتە خوێنەر دەتوانێت ئەم سەردەمە بۆ سەردەمەکەی حاجی بگوازێتەوە.

هەژار لەو شاعیر و ئەدیبانەیە تاکو ئێستاکە لەوانەیە رووبەڕووی سێ بیروبۆچوون بووبێتەوە. جارێکیان وەک شاعیری گەل و نەتەوە و حەماسەتەوە چاوی لێکراوە. جارێکی تر هەژار وەک شاعیرێک بەواتای پڕ بە پێستی وشەکە حەسێبێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە و ئەویان بە شاعیرێک داناوە شیعر بەلایەوە زیاتر کەرەستەیەک بووە بۆ مەبەستێکی تر بەکارهاتووە، بەڵام هەنووکە بۆچوونێکی تر لەئارادایە، ئەویش ئەوەیە گرنگییەکی زمانی و کولتووری بە شیعری هەژار دەدرێت. هەمووی ئەم بڕیار و داوەرییانە بەهۆی ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی خوێنەرەوە دێنە باسکردن، کە لە هەرسەردەمێکدا بەشتێک بایەخ دەدرێت، چوون لە هەرسەردەمێکدا پێوەرێک سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت. «پۆپ»یش لە ئەدەبی ئینگلیزی بەم چەشنە بووە، لە هەرسەردەمێکدا بە جۆرێک لە سەری باسکراوە، جارێکیان بەهۆی خۆڕسکبوون و روونبوون و رازاندنەوەی شێواز لەسەری بڕیار دەدرا، جارێکی تر دەیانگوت ئایا پۆپ شاعیر بووە، یا نا؟ دەیانگوت پۆپ زیاتر هونراوەبێژ بووە. کەچی ئەمڕۆ لەژێر ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی خوێنەری مۆدێرن پۆپ شاعیرێکە بە بۆنەی ناسکی، توانایی ئەدەبی، ئاڵۆزی، روانگەی ئەخلاقی و هێنانی شتی نوێ و تازە لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بایەخدارە[٤١].

هەموو ئەم خاڵانە ئەوە پێشاندەدەن کە بەرهەمی ئەدەبی بینایەکی جوان و رازاوە نییە بۆ هەموو بینەرێک تا لە هەموو کات و سەردەمێکدا یەک وێنە و یەک واتا و یەک دیمەن و یەک رەنگی کۆنکرێت بنوێنێت. لە تیۆری هەڵوێستی

خوێنەردا ئەوە بە راشکاوی سەلمێندراوە کە مانا هەرگیز چەقبەستوو نییە. هەر راڤەیەک لە دەق تەنیا دەتوانێت ئاسۆی دەلالەتە واتایەکانی دەق هەراوتر بکات، بەڵام هیچ راڤەیەک ناتوانێت بڕیاری کۆتایی بێت[٤٢]. گادامێر لەسەر ئەو باوەڕەیە هەوڵی ئێمە بۆ فامکردنی بەرهەمێکی ئەدەبی پەیوەندی بەو پرسانەوە هەیە کە لە کەشوهەوای کولتووری خۆمان گەڵاڵە دەبن[٤٣]. لێرەدایە یاس لەژێر کاریگەری گادامێر هەوڵدەدات تاکو فۆرمالیزمی رووسی کە مێژوو لە بەرچاو ناگرێت لەگەڵ تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان کە دەق لەبیر دەکەن، ئاشت بکاتەوە[٤٤]. ئەوەی لەم بارەوە زۆر گرنگە و یاس-یش لەبیری ناکات ئەوەیە نووسەر و دانەری دەقی ئەدەبی لەوانەیە بوێرانە بکۆشێت ئاسۆکانی خوێنەر و پێوەرەکانی سەردەمی خۆی رەد بکاتەوە و بکۆشێت پێوەر و ئاسۆیەکی تر پێشکەش بکات. بەو جۆرەی گۆران پێوەرەکانی شیعری پێش خۆی و «روانگە» و «کفری»ش پێوەرەکانی گۆرانیان رەتکردەوە. لە کوردستانی رۆژهەڵاتیش «داکار» ویستی لەسەر پێوەرێکی تر شیعر بڵێت و ئاسۆیەکی تر بۆ خوێنەری کورد بکاتەوە. هەر بەو جۆرەی ئەنوەر مەسیفی و هاشم سەراج ئەو هەوڵەیان داوە. پێموایە ئێستاش لە کوردستانی رۆژهەڵات و کوردستانی باشوور[٤٥] لەژێر ناوی جۆراوجۆرەوە هەندێک ئەو هەوڵە دەدەن تاکو لەگەڵ هەندێک ئاسۆ و لەگەڵ هەندێک پێوەری باو بجەنگن، بەو ئاواتەوە چاوەڕوانییەکانی وەرگر جارێکی تریش بگۆڕنەوە.

هەندێک دەڵێن ئەم شیعرانە هەنووکە وەکو شیعری تازە دەنووسرێن و لە بارودۆخێکی تایبەتدا خۆیان دەبیننەوە، دەبێت جارێک دابنیشین بزانین ئایا ئەم جۆرە شیعرانە دەتوانن لە داهاتوودا بمێننەوە. من پێموایە ئەوە قسەیەکی زۆر بەجێ نییە؛ لەبەرئەوەی شیعر دەبێت وەڵامی سەردەمی خۆی بداتەوە و ئاسۆکانی خوێنەری خۆی مسۆگەر بکات، چوون خوێنەری داهاتوو بەپێی پێوەر و ویستەکانی خۆی ئەم بەرهەمانە هەڵدەسەنگێنێت و بڕیاری خۆیشی دەر دەکات. لەوانەیە شیعرێک بۆ ئەمڕۆ بایەخی نەبێت، کەچی لە داهاتوودا لەژێر کاریگەری هەندێک دیاردەدا بایەخدار بێت. پێمخۆشە وەک پەراوێز ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە نابێت زۆر بە خەستوخۆڵی لە شاعیری سەرکەوتوو، یان ناسەرکەوتوو قسە بکەین، لەبەرئەوەی سەرکەوتوویی هەم رێژەییە، هەمیش دەگۆڕدرێت، بەڵکو ئێمە دەبێت لە شیعری سەرکەوتوو قسە بکەین و بزانین دەق تا چ رادەیەک توانیویەتی لەگەڵ خوێندنەوەی جۆراوجۆر خۆی بگونجێنێت.

دەق خاوەنی پێکهاتەیەکی هێزەکییە[٤٦]، خوێنەر هەوڵ دەدات تاکو بتوانێت دەق لەگەڵ باوەڕەکان و ئەرزشەکان و ئەزموونەکانی خۆی رێبخات، هەرچی دەق

یارمەتی بدات تا خوێنەر بتوانێت کردەوەی سازگارکردن لەگەڵ ئەزموونەکانی خۆی ئەنجام بدات، لە کۆتاییدا هەڵویستی خوێنەر دەردەکەوێت و دەتوانێت بڕیاری خۆی بدات. لەم بۆچوونەدا خوێنەر و دەق لە پەیوەندییەکی دیالکتێکیدان. دەکرێت ئەم پرسە بورووژێنین خوێنەری کورد بە گشتی و رەخنەگری کورد بەتایبەتی لەگەڵ شیعری نوێی کوردی تا چ ئاستێک لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی بووە؟ من پێموایە رەخنەی کوردی جاروبار زیاتر بڕیاردەر بووە تاکو لێکۆڵەر و داهێنەری دووبارەی دەق. ئازاد عەبدولواحید دەڵێت: خوێنەری چالاک نە بە ئاسانی سەر دەلەقێنێت و خۆی بە دەستەوە دەدات، نە بڕیاری بێبەزەیانەش دەردەکات. ئەم خوێنەرانە بە لای منەوە خوێنەری داهێنەرن. خوێنەری چالاک دەزانێت تێنەگەیشتنی لە بەرهەمێکی شاکار، بەڵگەی بێبەهایی و بێکەڵکی بەرهەمەکە نییە. دەزانێت مەرج نییە خوێنەر (با زیرەکیش بێت) لە هەموو شیعرێک و دەقێکی ئەدەبی بگات. زیرەکی ئەم خوێنەرانە لەوەدایە ئارام دەگرن و زوو رای زل و قەبە دەرناکەن. بڕیاری زێندەبەچاڵکردنی بەرهەمەکان نادەن. بەپێی ئەو پێوەرانەی پێشتر بۆ تێگەیشتن و تێنەگەیشتنی بەرهەمێک دایناوبوو، بەرهەمە نوێکان تەماشا ناکات[٤٧] خوێنەر دەبێت لە پرۆسەی خوێندنەوەدا زۆر شت فێر ببێت. بە وتەی ئایزێر خوێندن ئەو دەرفەتە دەدات تا ناڕێکییەکان رێک بکەینەوە. لە رێی ئەم بۆچوونەوە دەتوانین باس لە هێزی خوێندنەوەی خوێنەر بکەین. خوێنەر دەتوانێت لە بەستێنی خوێندنەوەدا جارێکی تر لەدایک ببێتەوە.

**ب- هێزی ئەدەبی خوێنەر**

ریفاتێر وەکو فۆرمالیستە رووسییەکان لەسەر ئەو باوەڕەیە شیعر بەکاربردنی زمانە بە لەونێکی زۆر ناوازە. لە یەک رستەدا شیعر رووداوێکی زمانییە، شیعر رابوونی وشەیە. زمانی ئاسایی کردەوەیەکە تا ئاماژە بە واقعییەت بکات. خوێندنەوەش لەبیرکردنی واقعییەتە تا بتوانین واقعێکی نوێ بەدی بێنینەوە. بۆ ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بە وتەی رۆلان بارت پێویستمان بە ئەزموونی گۆشەگیری هەیە تا لەو شتانەی کە لە دەرەوەی دەق قەراریان گرتووە پارێز بکەین[٤٨]. مایکێل ریفاتێر دەڵێت زمانی شاعیرانە لەسەر پەیام وەک ئامانجێک لە خۆیدا جەخت دەکاتەوە. هەرچەند ئەم باوەڕە لە یاکوبسن وەردەگرێت، بەڵام لە وتارێکدا هێرش دەکاتە سەر راڤەکەی یاکۆبسن و ئێشتراوس لەسەر شیعرەکەی بودلێر، ئەو بۆچوونانە بە توندی رەتدەکاتەوە و دەڵێت ئەو شتانەی ئەوان سەبارەت بەو شیعرە دەریدەبڕین زۆر ئاڵۆزن و بۆ خوێنەری چالاکیش

فام ناكرێن[٤٩]. تەنانەت زۆرجاریش هەندێک لە وتەکان لەسەر شیعرەکە ناتوانن لەنگەر بگرن؛ واتە، دەق بۆچوونەکان قەبووڵ ناکات. لای خۆمانیش بە جاران ئەو گرفتە بە تەرزی جۆراوجۆر هەست دەکەین. زۆر رەخنە دەبینرێت لە خودی شیعرەکە دژوارترە و لەمەڕ دەقەکەوە شتێکی ئەوتۆ دەرنابڕێت. جاروباریش رەخنەکە زۆر لە شیعرەکە لاوازترە.

بەڵام ئەوەی لە تیۆری خوێنەردا زۆر گرنگە ئەوەیە، وەرگر دەبێت خاوەنی هێزی ئەدەبی بێت تاکو بتوانێت کەوشەنە رواڵەتییەکانی واتا تێپەڕ بکات و لەوپەڕی مانای رواڵەتی دەقەوە بگیرسێتەوە. شوێنی جووڵانەوە لە ئاست شیعردا لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە بۆمان رووندەبێتەوە، کە پاژەکانی هەناوی شیعر لە رێزمانێکی ئاسایی و باو دوور دەکەونەوە. شیعر واتای خۆی بە لەونی ناڕاستەوخۆ پێشکەش دەکات. بۆ فامی ئەو مانایە دەبێت خاوەنی «هێزی ئەدەبی» بین. پرسیاری گرنگ لەم بارەوە ئەوەیە خوێنەری کورد تا چ رادەیەک خاوەنی هێزی ئەدەبییە تا بتوانێت هەناوی دەقەکان بپشکنێت؟ ئایا شیعری نوێی کوردی خاوەنی ئەو پتانسیلە هەیە کە بتوانێت هێزی ئەدەبی خوێنەر بۆ خوێندنەوە وەگەڕ بخات؟ پرسیارێکی تری گرنگ ئەوەیە، ئایا رەخنەی شیعری نوێی کوردی توانیویەتی لەسەر جەماوەریکردنی شیعری شاعیرێک کاریگەریی دابنێت؟ ئایا ئێمە شاعیرێکمان هەیە لە هەناوی رەخنەی کوردیدا هاتبێتە دەرەوە و رەخنە و رەخنەکاری ئەوی پێشکەش بە ئەدەبی کوردی کردبێت و ئەوی ناساندبێت؟ رەخنەی کوردی تا چ رادەیەک ئاسۆکانی خوێنەری کوردی گۆڕیوە؟

بەڕای من تا رادەیەک رەخنەی شیعری نوێی کوردی ئەو کارەی کردووە، ئەڵبەت جاروباریش لەم بارەیەوە زۆر ناتەواو بووە. بۆ نموونە شاعیرێکی گەورە وەکو شێرکۆ بێکەس، سەرەڕای ئەوە زۆر شتی لەسەر نووسراوە، کەچی رەخنە و رەوتی رەخنەیی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر جەماوەرییبوونی شیعری ئەو نەبووە، یان لۆژیکی¬ تر بڵێم زۆر کەم بووە. ئەڵبەت لەوانەیە لەسەر شیعری شێرکۆ زۆر شتی تر کاریگەر بووبن، بەڵام لێرەدا مەجالی باسکردنیان نییە.

لە لایەکی ¬تریشەوە کاتێک لەم چەند ساڵەی دوایی، بۆ نموونە لە کوردستانی رۆژهەڵات، باسی تیۆرییەکان و قوتابخانە ئەدەبییەکان زیاتر لە جاران دێتە ئاراوە و شاعیرەکان و رەخنەگرانیش زیاتر لە جاران بەرەو لای توێژینەوەی شیعر بە شێوەی مۆدێرن مەیل نیشان دەدەن و لەگەڵ دەق خۆیان ماندوودەکەن، لەم رێیەوە توانییان هەم ئاسۆکانی خۆیان بگۆڕن، هەمیش لەسەر پێوەرەکانی جەماوەر کاریگەریی هەراو دابنێن. بۆیە شیعری شاعیرێک وەک جەلال مەلەکشا

چەشنی رەوتی زاڵی شیعریی لە ساڵانی پێشووتر ئیدی ناتوانێت درێژە بە خۆی بدات و شیعرێکی تر، مل قیت دەکاتەوە و خۆی دەنوێنێت. رەخنەگران تێدەکۆشن تا تیۆرییەکانی خۆیان لەسەر دەقەکان پراکتیزە بکەن. هەر دەقێک پتانسێلی زیاتری بوو بێت بۆ وەگەڕ خستنی تواناکانی خوێنەر دەتوانێت لە درێژماوەدا سەرکەوتووتر بێت. بۆ نموونە من لەیادمە کاتێک رەووف مەحموودپوور کتێبی «زەرنەو ئاسۆی» بڵاودەکاتەوە، زۆر خوێنەر لە هەورامان هەبوون ئەو شیعرانەیان بە شیعر نەدەزانی، چ بگا بەوەی بیانخوێننەوە. هەروەها کاتێک ناوبراو «هۆرپڕای گەچ و تەختەی»یش دەردەکات خوێنەران دەڵێن: «ئێمە نازانین ئەم شیعرانە چی دەڵێن؟!» «ئێمە ناتوانین چێژیان لێ وەربگرین!» لەڕاستیدا زۆر بەبێ مەیلی تەماشایان دەکرد و رەووف مەحموودپوور لە خودی هەورامانیش زۆر تەنیا بوو، بەڵام کاتێک رەخنەگران لەسەر شیعرەکانیان نووسی و لە کۆڕەکاندا لەسەر شیعرەکان باسیان کرد، وردە وردە توانییان ئەو توندوتیژییانە بگۆڕن و ئێستا مەحموودپوور رۆژ بەڕۆژ خوێنەری لە زیادبووندایە. ئەڵبەت ئاستی خوێنەریش بەپێی بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو چووەتە سەرەوە. ئەمە کاریگەریی و رۆڵی رەخنەگر دەردەخات. رەخنەگر دەتوانێت هەم ئاسۆکان بگۆڕێت، هەمیش هێزی ئەدەبی خوێنەر زیادتر بکات. دیارە لەسەر شیعری شاعیرانی ¬تر هەر بەو تەرزە بووە. کاتێک شیعری یونس رەزایی لەلایان رەخنەگرانەوە باسی لەسەر دەکرێت و وتاری لەسەر دەنووسرێت، رای جەماوەر ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و خوێنەریش ناتوانێت بە ئاسانی هەر بڕیارێک دەربکات. بۆیە دەتوانم بڵێم شاعیرانی نوێ ئەمڕۆکە بەپێی بەراورد لەگەڵ پێشتر نەختێ زیاتر لە جاران قەرزداری بزافی رەخنە و رەخنەکاری کوردین. ئالێرەدایە رەخنەگر رۆڵی خۆی دەبینێت و دێت یارمەتی هێزی ئەدەبی خوێنەر دەدات و توانایی ئەدەبی ئەو دەباتە سەرەوە. لەم بوارەدا گرفت تەنیا ئەوەیە ئەم رەوتە بەداخەوە هەم کەمە و هەم جاروباریش لاواز دەنوێنێت. رەخنەگر و رەخنە دەبێت هەر بەو جۆرەی دێریدا دەڵێت پێکهاتەی دەق هەڵبوەشێنێتەوە تا جارێک دیکە مانا بکرێتەوە. ئەمەیە پێداویستی هەرەگرنگی رەخنەی شیعری کوردی. بۆیە دەڵێم لە روانگەیەوە لاواز و کەمە.

لێرەدا دەچینە لای شیعری «ژەنەراڵی پایز» بەرهەمی محەمەد عومەر عوسمان تا بزانین هێزی ئەدەبی خوێنەر لەو بارەوە دەتوانێت چی بڵێت:

**منم ژەنەراڵی پایز...**
**منی هەرگیز ئۆقرە نەدیو**
**ژەنەراڵم... ژەنەراڵی هەزارەها داری رووت و**
**ملیارەها گەڵای وەریو**
**منم ژەنەراڵی پایز...**
**کاسکێتەی سەرم هەورەو**
**ئەستێرەکانی سەرشانم چەند گەڵایەک بە رەنگی زیو**
**پاڵتۆی بەرم کزبایە و**
**شمشێرەکەم لقی درەختێکی رزیو**
**منم ژەنەراڵی پایز...**
**درەختی رووت ئەم نازناوەی خەڵات کردم**
**منیش نازناوی شەهیدم دا بە گەڵای وەریو... و**
**کردمە تاکە ئازیزم**
**لە یەک ساتا خۆم کۆرپەی گەڵاڕێزان و**
**هەر خۆشم باوکی پایزم...**(٥٠)

پێکهاتەی شیعرەکە سێ بڕگەیە و هەر بڕگەیەکیش بە ژەنەراڵ دەست پێ دەکات. ئەوەی زۆر دیار و ئاشکرایە ئەوەیە گەڵای پایز زەردە، بەڵام شاعیر دەڵێت گەڵایەک بە رەنگی زیو. بۆچی شاعیر رەنگی زەردی بە رەنگی زیو گۆڕیوە؟ ئالێرەدا بۆشاییەک کەوتووەتە ناو دەقەکەوە و خوێنەر دەبێت بەهێزی ئەدەبی خۆی پڕی بکاتەوە. دکتۆر عەبدولقادر حەمە ئەمین دەڵێت: ئەم گواستنەوەیە بۆ فەلسەفەی رۆمانسییەت دەگەڕێتەوە کە لەسەر دووانەیی رەشبینی/ گەشبینی/ ئێستا/ رابردوو/ ئۆمید/ نائۆمیدی دانراوە. رۆمانتیک نەک بۆ عەقڵ، بەڵکو بۆ خەون و خەیاڵ بایەخ دادەنێت. رۆمانتیکەکان دوو جۆر بانگەشەیان دەکرد، بەشێکیان ئایندەخواز بوون و بەشێکی تریشیان رابردووخواز. ئەوان خەونیان بە چەرخەکانی رابردووەوە دەبینی، بۆیە لێرەش شاعیر وەک رۆمانسییەکی شۆڕشگێڕ، خوازیارە شۆڕشێک ئەنجام بدات. خەون بە رابردووەوە دەبینێت، بۆیە سیفەتی گەڵای پایز کە زەردە بۆ زیوی گۆڕیوە. ئەمە گەڕانەوەیە بەرەو چەرخە قارەمانە ئەفسانەییەکان و خۆشی دەیەوێت ببێتە رەمزێکی ئەفسانەیی لە رووی سیاسی و قارەمانییەوە. شاعیر رۆمانسییەکی سیاسییە، بۆی تەنیا ئەوە گرنگە «ئێستا» بگۆڕێت و ئەو ئایدیۆلۆژیایە زیندووبکاتەوە کە بەرەی

کۆنزێرڤاتیڤەکانی ئەڵمانی خەونیان بە چەرخەکانی مێژووەوە دەبینی بۆ دۆزینەوەی پیرۆزییەکان. لە هەمان بڕگەدا لە خاڵی دووەمی بۆشاییەکانی دەقەکەدا دەڵێت «پاڵتۆی بەرم کزەبایە»، کە پێویست بوو «کزەبا» نەبوایە، چونکە وەرینی گەڵاکانی پایز بەهۆی تێپەڕبوونی زەمەن و هەڕەشەی «با»وەیە، راستە پاڵتۆی بەر نابێت بە کزەبا، هەر وەک وتمان ئەم بۆچوونەش گەڕانەوەیە بۆ رابردوو و یادکردنەوەی پاڵتۆکەی گۆگۆڵی رووس و شمشێرەکەی brave beartdی سکۆتلەندی، کە یادی بریقەداریی و پتەویی کردووەتەوە لە رۆژانی رابردوودا[٥١].

راستە شاعیر رۆمانسییانە بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام نازانم لەم راڤەیەدا پارێزگارەکانی ئەڵمان و بە تایبەت پاڵتۆی گۆگۆڵ و شمشێرەکە تا چ رادە دەتوانن رۆڵی بەجێ بگێڕن؟ ئەوەی من دەتوانم لەم بارەیەوە دەریببڕم بەو بۆچووونە زیادی بکەم ئەوەیە، ریفاتێر دەڵێت لە هەرشیعرێکدا ئەوەی دەبێت بدۆزرێتەوە «ماتریسێکی بنەماییە» کە دەکرێت ئەو ماتریسە بۆ رستەیەک یا وشەیەک کورت بکرێتەوە[٥٢]. ماتریسی بنەمایی لەو شیعرەدا بە باوەڕی من «شکستە لەگەڵ خەمێکی هەنووکەیی»، گەڵای زەردیش لە ئەمڕۆدا دەتوانێت هێمای شکست و خەم بێت، بەڵام شاعیر نائارامە و شکستی قەبووڵ نەکردووە، بۆیە بۆ قەرەبووی شکست و خەمی ئێستای رەنگی زەردی بۆ زیو گۆڕیوە. زێو نیشانەی قارەمانی و سەربەرزییە کە لە رابردوودا بوونی هەبووە. پاش ئەوەی نازناوی ژەنەراڵی خەڵات دەکرێت ژەنەراڵ شەرعییەت پەیدا دەکات و بەو بۆنەیەوە نازناوی شەهید دەداتە گەڵا و ئیتر بە تەواوی خۆی رازی دەکات. وشەی ژەنەراڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ناتوانێت شکست قەبووڵ بکات، هێشتا خۆی بە قارەمان دەزانێت و رەنگی زەردی گەڵاش نابینێت. ئەگەریش دەبینێت، بە شەهید قەرەبووی دەکاتەوە و خۆی وەک قارەمانێک بە ساحێبی هەموو دەردەکان دەزانێت.

### ج- مانا لای خوێنەرە

دوو رەخنەگری ئامریکایی، نۆرمەن هالەند و دەیڤید بلیچ بیروباوەڕەکانی خۆیان سەبارەت بە تیۆری خوێنەر لە دەروونشیکارییەوە وەرگرتووە. هالەند دەڵێت گەورەساڵان خاوەنی کاکڵەیەکی شوناسن، وەکو کاکڵەی مۆسیقا دەتوانێت فۆرم و شێوەی جۆراوجۆر وەربگرێت؛ بەڵام پێگەی شوناسی سەرەکیی خۆی لەدەست نادات. بۆیە کاتێک دەقێک دەخوێنینەوە دەتوانین دەقەکە بۆ مەبەستی

سازگارکردن لەگەڵ ناوەڕۆک و کاکڵەی شوناسی خۆمان دەستکاریی بکەین. یانی دەقەکە سەرلەنوێ هەڵدەوەشێنەوە و بیچمی پێدەدەینەوە تا بتوانین خوو و خدەکانی خۆمان بدۆزینەوە[٥٣]. بۆ نموونە ئەم شیعرەی خوارەوە دەتوانێت لەسەر خواناسێک و لەسەر کەسێکی تر کاریگەری جیاواز دابنێت و دەتوانن دوو مانای دژبەیەکی لێوەرگرن[٥٤]:

**تاسەم نەمەڕیا و تۆ لوای**
**هۆ ئاخرو وەشەسیای**
**ئیننە لامۆ ئازیزەنی**
**کە وەختو خواحافێزی**
**دڵم نمێ**
**بسپاروونەت دەسوو خوای**[٥٥]

دەڤید بلیچ لەجیاتی عەینییەت، پارادایمێکی زەینی و سوبژکتیڤ پەسن دەکات. فەیلەسووفانی زانستی نوێ بوونی دونیایەکی عەینی و واقعییان ڕەتکردووەتەوە. تەنانەت لە پانتای زانستدا تەنیا پێکهاتەکانی زەینی ناسینەرە بڕیار دەدات کام شت واقیعێکی عەینی بە ئەژمار دێت. ئەو فەیلەسووفانە دەڵێن: «زانست نەدۆزراوەتەوە، بەڵکو لەلایەن خەڵکەوە درووستکراوە»[٥٦]. لەڕاستیدا ڕەخنەی سۆبژکتیڤ لەسەر ئەو باوەڕەیە هاندەرە کەسەکییەکان دەتوانن مانای دەق دیاری بکەن و خوێنەر بۆ مەبەستی خۆی مانا دەداتە دەق، یان بە وتەیەکی تر خۆی و شتە دەروونییەکانی خۆی لە دەقدا دەدۆزێتەوە و وەک عەینییەتێک دەری دەبڕێت. ڕەزا عەلیپوور دەڵێت:

**لە یەکەوە تا من بژمێرە**
**تۆیش ئەزانی چەنێ کەمم؟**
**لە بیرم بێ کە خەوتم**
**دەستەکانم بکوژێنمەوە**
**جار بەجار بنمێچی ژوورەکەم بژمێرم**
**-ژوورەکەم پڕیەتی لە ژماردن-**
**کچەکان زوو هەڵکەم**
**گەلاوێژ پێم ئەڵێ:**

**نامروەت دەستێک بێنە بە خەیاڵما**
**کەوشەکانم بە هەدەرەوە بەفریون،**
**: پەپوولە بەخەتی قژتەوە ئەنیشێ**
**گیانی گیا**
**لە کوێدا بینووسم هەڵنەفڕێ!؟**
**پێم وابێ بیناسن،**
**گەلاوێژ هەر هەمان عوبووری تەیرێکە**
**لە هەس و نیەسما داکوتراوە**[٥٧].

هەروەها کولسووم عوسمانپووریش دەڵێت:

**ئازیزەکەم بۆ یانەما**
**وێمانە مەو پیراییتۆ**
**بۆ یانەما**
**یاسینێ یانەکەیم وەنە**
**نەک ئاوەدانیم تۆریۆ**
**باخەلێت پەڕێنێ گەزۆ**
**فەرەنجی و پووزەوانەکات**
**بووەو باوەخونی مدۆ**
**وەشڵەی بە من**
**وەشڵەی پا دەروبانیما**
**واتشا مەی پەی یانەیما**
**ئازیزەکەم بۆ یانەما**[٥٨].

لەو دوو شیعرەی سەرەوەدا خوێنەر دەتوانێت هاوتەراز لەگەڵ دەروون و هەستی کەسەکی خۆی مانا و راڤە پێشنیار بکات. لە شیعری عەلیپووردا هەرچەند مانا زۆر خز و سرکە و لەدەست خوێنەر گورج گورج هەڵدێت؛ بەڵام هەر ئەو تایبەتمەندییە دەتوانێت مەجال و دەرفەتی باشتر بۆ خوێنەر بکاتەوە تا دەروون و ئاوات و مەبەستەکانی خۆی لە سەر شیعرەکە هەڵڕێژێت. کەم بوون، گەلاوێژ، ژوورەکەم پڕیەتی لە ژماردن، کچەکان هەڵکەم، گەلاوێژ هەمان عوبووری تەیرێکە، نامروەت دەستێ بێنە بە خەیاڵما، کەوشەکانم، هەمووی ئەمانە

بۆشایی درووست دەکەن، دەبێت خوێنەر ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە و هەرجۆرە پرسیارێک لەو بوارەدا دێتە ئاراوە، وەڵامی بداتەوە. لەڕاستیدا پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانە بەلای خوێنەرە جۆراوجۆرەکانەوە، دەتوانێت بۆ قەرەبووی ویستە دەروونییەکانی ئەوان بگەڕێتەوە. ئایزێر دەڵێت: «دەقی ئەدەبی دوو جەمسەری هەیە، ئەویش جەمسەری هونەری و جەمسەری جوانییە. هونەری دەگەڕێتەوە بۆ دەق کە نووسەر خولقاندوویەتی، بەڵام جەمسەری جوانی، نواندنی خوێنەرە لە هەمان دەقدا[٥٩]»، بۆیە دەکرێت بێژین خوێندنەوە لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر جیاوازە، ئەو جوانییە بە شێوەی چەشناوچەشن خویا دەبێت. هەر لەو شیعرەی عەلیپووردا بۆ نموونە خوێنەرێک دەتوانێت لە دێڕی «کچان هەڵکەم» ئەو راڤەیە دەرببڕێت کە دەق دەیەوێت کچەکان هان بدات بۆ شۆڕش و خەبات و تێکۆشان، بەتایبەت خۆی پێشتر دەڵێت من کەمم، واتە من وەک رەگەزی پیاو بەتەنیا بەس نییە بۆ رزگاری و بەشی خەبات و بەرخۆدان ناکات. دەکرێت لە دەلاقەی سیاسەت و کۆمەڵایەتییەوە بۆی بڕوانین و بۆ مێژووی کورد بگەڕێینەوە. بە پێچەوانەوە دەتوانین وەک شیعرێکی ئیرۆتیک چاوی لێبکەین و لەو رەهەندەوە راڤەیەکی تر ئاراستە بکەین. بەتایبەت دێڕی «گەلاوێژ دەڵێت: نامروەت دەستێک بێنە بە خەیاڵما»، بۆ هەردوو بۆچوونەکە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت.

هەروەتر لەو شیعرەی عوسمانپووردا خوێنەرێک دەتوانێت ئەو کەسەی دەق داوەتی دەکات و لێی دەلاڵێتەوە تاکو بێت بۆماڵ، بۆی خۆی بە مەعشووق گریمانەی بکات و ئەمیش هەناوی خۆی لەگەڵ شیعرەکە رێک بخات، کەچی خوێنەرێکی تر دەتوانێت ئەو کەسە بە کەسێکی خۆشەویست، وەک موراد و پیرێک وەک رازدارێکی بە متمانە چاوی لێبکات کە شاعیر لە رووی رۆحییەوە زۆر تامەزرۆی دەکات.

ئایزێر لەنێوان راڤە بە واتای کلاسیک و راڤە بە واتای مۆدێرن، جیاوازی دادەنێت. راڤە بە واتای کلاسیک هەوڵدەدا مانای ناوەندی دەق بدۆزێتەوە، کەچی راڤە بە واتای تازە و مودێرنەکەی دەیەوێت توانا واتاییەکانی دەق بناسێنێت. ئایزێر خۆی روانگە تازەکەی پەسەند کرد، بەڵام دەڵێت ناکرێت لە رێی راڤەوە مانا بدۆزرێتەوە، بەڵکو تەنیا دەتوانین بزانین هەلومەرجی پێکهاتنی مانا چییە و بەو پێیە «ماناکان» بێننە ئافراندن[٦٠]. ئافراندنی مانا هەر بەو جۆرەی پێشتر ئاماژەمان کرد رەوتێکی جوانیناسانەیە کە خوێنەر لەسەر دەق دەیسازێنێت. لەم روانگەیەوە خوێنەر بۆ خۆی، (نە بۆ کەسێکی تر) دەق سەرلەنوێ درووست

دەکاتەوە. بۆیە خوێنەری جیاواز راڤەی جیاواز بەرهەم دەهێنێت، بەڵام ئەو مانایە، هەڕەمەکیی نییە، بەڵکو دەق دەبێت قەبووڵی بکات. دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی مانا و بۆ هەر راڤەیەک یاسا و رێسای تایبەت هەبێت. لەم بوارەدا یەکەم شت جاناتان کالێر لەژێر کاریگەری رەخنەی نوێدا گریمانەی دەکات، «یەکگرتوویی»یە. لە شیعرەکەی عوسمانپووردا ئەگەر «کەسەکە» بە مەعشووقی زەمینی گریمانە بکەین، لەوانەیە رستەی «یاسینێ یانەکەیم وەنە»، لەو راڤەیەدا نەختێک کێشدار بێت و نەتوانێت تایبەتمەندی مەعشووقی عاشقانەی هەبێت، بەم بۆنەیەوە یەکگرتوویی مسۆگەر نەبێت، کەچی ئەو رستەکانی ¬تر دەتوانن بەبێ کێشە بەرەو لای ئەو راڤەیە بشکێنەوە، بەڵام لە هەردوو واتاکەدا شیعرەکە هەڵگری هەستێکی نۆستالژیکە بۆ زەمەنی رابردوو، بۆ ئاوات و ئارەزووەکانی رابردوو. شاعیر زۆر سادە و مەعسوومانە دەڵێت: «بۆیانەما».

با بڕوانینە ئەم شیعرەی فاتیح شێخۆلئیسلامی (چاوە):

**فەڕشی ماڵەکەم**
**رەنگی کاڵە، بەختی ئاڵە**
**غەرقی تۆز و خەوشی و خاڵە**
**مامە عەنکەبووتە قوژبنێ نەماوە نەیتەنێ**
**جێنەماوە هەڵنەخا پەلێ**
**سیحری فووی دەمی کەمەند**
**منیش ئەخاتە بەند**
**مێشی گەورە خۆی و غیرەتی**
**پەت پساندنێکی لازمە**[61]

ناکرێت لەسەر ئەم شیعرە هەرجۆرە راڤەیەک دەربڕین. ناتوانین لەسەر شیعرێکی سەمبۆلیستی بۆ نموونە تیۆری هێرمێنۆتیک وەگەڕ بخەین. «لە شیعری سەمبۆلیستیدا کاتێک پەیوەندی دال (سەمبۆل) و مەدلوول (واتای سەمبۆل) پێکهات، ئیتر شیکردنەوە کۆتایی پێدێت و دەبڕێتەوە. کەوابوو رەخنەگر ناتوانێت بە بیانووی تەکنیکی سیمیۆلۆژی[62] لە روانگەی هێرمێنۆتیکەوە بابەتەکە راڤە بکات[63]»، کەوابوو خوێنەر و رەخنەگر دەبێت بزانن لەگەڵ کام دەق و لەگەڵ چ دەقێک رووبەڕوون و چی دەخوێننەوە، نیشانەکان تا کوێ دەتوانن بڕ بکەن، خوێنەر دەبێت بزانێت نیشانە تا کوێ دەتوانێت تەشەنە بکات و بتەنێتەوە. بۆیە

پێویسته کاتێ نووسەر، یان نێرەر پەیامێک ئاراستەی خوێنەر، یان وەرگر دەکات، دەبێت پەیامەکە خاوەنی واتا بێت، ئەو واتایە دەبێت بەهۆی چەند کۆدێکەوە ئاراستەکرابێت. ئەرکی خوێنەریش تاوتوێکردنە لەسەر سەرجەمی کۆدەکان. بەبێ وتن دیارە تاوتوێکردن و شیکردنەوەی هەر کۆدێک سیاقێکی پێویستە. بە گشتی هەر بەو جۆرەی تۆدۆرۆڤ[٦٤] دەڵێت: خوێندنەوە ڕەوگەیەکە لە فەزای دەقدا مسۆگەر دەبێت، ئەو ڕەوگەیە توخمە هاوتەنیشتەکان لە یەکتر جوێدەکاتەوە و توخمە دوورەکانیش لە یەکتر نزیک دەکاتەوە. دەق نەک بەشێوەی هێڵ، بەڵکو لە فەزادا ڕێکدەخات. بازنەی هێرمێنۆتیکی پێداگری لەسەر پەیوەندی نێوان پاژ و گشت دەکات، ئەوە سەلماندنی زۆری ڕاڤەکانە[٦٥]. هەموو ئەمانەش تەنیا لەڕێی خوێنەرەوە مسۆگەر دەبن و واتا وەردەگرن.

وتارەکەمان بە بەیتێکی نالی دەستپێکرد و بە وتەیەکی مارسل پرۆست کۆتایی پێ دێنین کە دەڵێت: «کتێبە باشەکان دەڵێی بە زمانێکی بیانی نووسراون، هەرکام لە ئێمە لە جێگای وشەیەک لە دەق مانایەک، یان وێنەیەک دادەنێین، کە زیاتر نادرووستە، بەڵام لە کتێبە باشەکاندا ئەم ڕاڤە نادرووستانە جوان دەنوێنن»[٦٦].

**سەرچاوەکان:**

١ – چارلز برێسلێر، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، وەرگێڕانی عەبدولخالق یەعقووبی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢م، لاپەڕەی ٣٢.

٢ – رامان سلدن و پیتر ویدوسون، راهنمای نظریەی ادبی معاصر، ترجمەی عباس مخبر، تهران، طرح نو، چاپ دوّم ١٣٧٧، ص ١٦.

٣ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

٤– ناسر باباخانی، گۆڤاری زایەڵە، ژمارە٣، زانکۆی تەورێز،ساڵی ١٣٨٠هەتاوی، ل٨٣.

٥ – رامان سلدن و پیتر ویدوسون، راهنمای نظریەی ادبی معاصر، عباس مخبر، ص٨٣.

٦ – پێموانییە ئەوە هەڵوێستێک و ڕایەکی شیاو بێت، چوون ئەگەر وا بێت مانای ئەوەیە هەر شاعیرێک باشتر بتوانێت مانا و بۆچوونەکانی خۆی بشارێتەوە شاعیرترە، لە کاتێکدا وا نییە و مانا لە دەقی شیعریدا دۆخێکی تری هەیە.

٧- wolfgang Iser

٨-Hons Robert Jauss

٩ – نازانم تا چ ڕادە وشەی قوتابخانە شیاوە، هەرچەند بەکاری دەبەن، بەڵام لەوانەیە

«گرووپی کۆنستانس» باشتر بێت.

١٠ – رامان سلدن و پیتر ویدرسون، راهنمای نظریەی ادبی معاصر، ص ٦٨.

١١ - T.S.Eliot.

١٢- چارلز بریسلێر. بۆچوونەکانی قوتابخانەی رەخنەی نوێ، عەبدولخالق یەعقووبی، گۆڤاری زایەڵە، ژمارە ٣، ١٣٨٠، ل ٨٤.

١٣ – دیکارت لە هەموو شت گومانی کرد، تا بنەمایەک بۆ فەلسەفە خۆی بدۆزێتەوە، تا گەیشتە شتێک ئیتر نەدەکرا گومانی لێ بکات. ئەویش «منی» بیرکەرەوە بوو. بۆیە گوتی: Cogito ergo sum، «من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم»، ئەو کەسەی بیر دەکاتەوە منم، ئیتر ناکرێت لەمە گومان بکەین. ئەم رستەیە و بە گشتی فەلسەفەی خودی دیکارت بە سەرەتای مۆدێرنیتە دادەنرێت، ئەندیشە بەر لە بوونی خودی مرۆڤیش حەسێبی بۆ دەکرێت. Cogito (کۆگیتۆ) یەکەم وشەی سەرەتای ئەو رستە لاتینییەیە کە جاروبار وەک هێمای بیرکردنەوە و کەسی بیرمەند بەلای نووسەرانەوە بەکار دەبردرێت. فەرەنساییەکەی بەم جۆرەیە: Je Pense dons Je suis (ژوپانس، دونک ژوسوویی).

١٤ – ناسر باباخانی، مۆدێلێک بۆ رەوتی پرۆسەی خوێندنەوەی دەق، گۆڤاری زایەڵە، ژمارە ٣، زانکۆی تەورێز، ل ٥٦.

١٥ – چارلز برێسلێر، رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، وەرگێڕانی عەبدولخالق یەعقووبی، ل ١٠٦.

١٦ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.١٠٧ و ١٠٨.

١٧ -Michael Riffatrre

١٨ -Stanley Fish

١٩ -Janatan Kalier

٢٠ -David Bleich

٢١- Norman Holland

٢٢ – رامان سلدن و پیتر ویدرسون، راهنمای نظریەی ادبی معاصر، مخبر، ص٩٢.

٢٣ – چارلز برێسلێر، رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، وەرگێڕانی عەبدولخالق یەعقووبی، ل ١١٠ و ١١١.

٢٤ -Roman Borthes

٢٥- Roman Jakobson

٢٦ - Klor levi Strauss

٢٧ – چارلز بریسلێر، رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، عەبدولخالقی یەعقووبی، ل ١١٥ تا ١١٩.

Edmund Hussrel- ٢٨

٢٩- رامان سلدن و پیترویدسون، راهنمای نظریەی ادبی معاصر، مخبر، ص٧١ و ٧٢

٣٠- Gadamer

٣١- horisen of exnectations

٣٢ - رامان سلدن و پیترویدسون، ترجمه عباس مخبر، ص ٧٤ و ٧٥.

٣٣ - د.عەبدولقادر حەمەئەمین موحەممەد، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٨م، ل٦٥.

٣٤ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.

٣٥ - لێرەدا تەنیا ناوەرۆکەکە و ئەو شتەی لە مێشکی مندا پارێزراوە، گوێزراوەتەوە، هەر جەختکردنێکیش هی منە.

٣٦ - د.عەبدولقادر حەمەئەمین، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، ل٦٩.

٣٧ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

٣٨ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

٣٩ - بابک احمدی، ساختار و تأویل متن، تهران نشر مرکز، چاپ پنجم، ١٣٨٠، ص ٦٨٦.

٤٠ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩٣.

٤١ - رامان سلدن و پیتر ویدسون، راهنمایی نڤریەی ادبی معاصر، ص ٧٥.

٤٢ - بابک احمدی، ساختار و تاویل متن، ل ٦٨٨.

٤٣ - رامان سلدن و پیتر و ویدوسون، راهنمای نظریةی ادبی معاصر، ص ٧٦.

٤٤ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤.

٤٥ - بە داخ و کەسەری زۆرەوە من ئاگاداری شیعری ئەو بەشەکانی کوردستان نیم و ئەوەش کەموکوڕییەکە لە مندا.

٤٦- رامان سلدن و پیتر ویدوسون، ل ٨٠.

٤٧ - ناسر باباخانی، گۆڤاری زایەڵە، ژمارەی ٣، ل ٥٨ و ٥٩.

٤٨ - بابک احمدی، ساختار و تأویل متن، ص ٦٨٨.

٤٩ - رامان سلدن و پیتر ویدوسون، ل ٨٤ و ٨٥.

٥٠ - د.عەبدولقادر حەمە ئەمین، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، ل ٣٣.

٥١ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

٥٢ - رامان سلدن و پیتر ویدوسون، راهنمای نظریەی ادبی معاصر، ل ٨٥.

٥٣ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

٥٤- ئەو شیعرە لە شیعرێکی فارسی گیراوە، لەڕاستیدا وەرگێڕانێکی ئازادی ئەو شیعرەیە.

٥٥ - شیعری موختار هیدایەتی، گۆڤاری هۆرامان،ساڵی چوارەم، ژمارەی ٢٠ و ٢١، ل ٦٣.

٥٦ - رامان سلدن و پیتر ویدوسون، راهنمای نظریه ادبی معاصر، عباس مخبر، ص٩٠.

٥٧ - رەزا عەلی پوور، قاڵبییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاینده، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٢٢ و ٢٣.

٥٨ - کولسووم عوسمان پوور، گریٚ، ئینتشاراتی کوردستان، چاپی یەکەم، سنه ١٣٨٣، ل٤٣.

٥٩ - عەبدولقادر حەمەئەمین، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی کوردیدا، ل٢٥ و ٢٦.

٦٠ - بابک احمدی، ساختار و تاویل متن، ل ٦٨٦.

٦١ - ناسر باباخانی، گۆڤاری زایەڵە، ژمارە ٣، ل ٦١.

٦٢ - Semiology

٦٣ - ناسر باباخانی، گۆڤاری زایەڵە، ژمارە٣، ل. ٦١

٦٤ - Tzretan todorov

٦٥ - گۆڤاری زایەڵە، ژمارە ٣، ل ٥٨.

٦٦ - بابک احمدی، ساختار و تاویل متن، ص٦٨٠.

# دواندنی شیعرێکی سەباح ڕەنجدەر

 

د. هاوژین صلێوە

(بانـــــگەواز بۆ گۆڕهەڵکەن) دەقە شیعرێکی ســـەباح ڕەنجدەرە، کە لە ژمارە [٢٣]ی هەفتەنامەی (هزر و هونەر) لە ٢٠١٢/١٢/٧ لە لاپەڕە (٩) بڵاوکراوەتەوە، ئەم شیعرە لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازە و جیهانبینی و هەست و ڕوانینی شاعیرە بەرانبەر بە ژیان و مردن، لێرەدا دەقە شیعرەکە دەخەینەڕوو، ئینجا دەمە تەقێی لەگەڵ دەکەین.

**بە دەنگی یاد و ستایشەوە هواڵی جێگۆڕکێی سەباح سابیر حەسەن**
**١٩٦٥/١١/١٨– ٢٠٤٥/١١/١٨ لە بستە خاکێکی ماندوودا**
**بەسەر ڕاوەشاندنی پڕ خەمەوە**
**ببوورە موچڕکێک چاوی لێڵ کردم و سۆزێکی تایبەت گرتمی**
**مەلێکی کۆچەری لەسەر لکی درەختێک نیشتەوە**
**خوێنی پێی بەسەر لکەکەوە جێما**
**چووم تەواوی درەختەکە و خوێنەکەم ماچ کرد**
**وەرە خەونم با ڕووگەنمام**
**خوێنی پێی باڵندە بێ و لە ئاگر ڕابمێنم**
**لە ئاگر ڕامان ئاشق وەک میوە پێدەگەیەنێ**
**بستە خاکە ماندووەکەش یەکپارچە دەبێتە مۆسیقا و گۆزەی پڕ**

لەئاکامدا هەر دەگەم بە باڵی باڵندەی بریندار و دڵی خۆم
ئێستا چاوەڕێی فەرمانم بفەرمووی
بۆ تاهەتایە سەرگەردان بە
گۆڕهەڵکەن لە کوێی
بەپێ ڕێگایەکی دوورودرێژم بڕیوە
ماڵئاوایی لەوانە دەکەم پێیان گەیشتووم
ئەرێ مێژوو لە کتێبی چەندەمی ئاسمانی
بەشێکم بۆ تەرخان دەکات
من لەناو حیکمەت و هێزی قسەکانی ئەودا
قووڵ و بێدەنگ هەناسەی ئاسوودەیی هەڵدەمژم و بیر لەخۆم دەکەمەوە
کتێبی ئاسمان وادەیەکی لەگەڵمدا هەبوو
منیش وادەیەک و لە هەستی خۆمەوە ناسیومە
نابێ هیچ ڕازێک لە تاریکیدا بمێنێتەوە
تەرمەکەم لەبەر هەیوانێک داندراوە
پوورەی شیعر دەوری گرتووم و ناوی شیعرم لەسەر لێوە
شیعر لە دڵەوە نوێژم لەسەر دەکات
خودای سەد و یەک ناو
حیکمەتی وشەم تێدا بخرۆشێنە و لە شاعیرە
کەترە و
قڕنە و
قالۆنچە و
قونجرکەکان بمپارێزە
بەپێ ڕێگایەکی دوورودرێژم بڕیوە
مێوانداری ئەوانە دەکەم پێیان گەیشتووم
ڕەگی درەختی بەردار چەترمە و هەڵمداوە
بە تاو وەرن ئەستێرە شەوقدار و برای گیانی هەستەکانم
ئاسمانی روون قووڵ و بێدەنگ ماوەتەوە
تایبەت دیدارمان دەبێت
دەبین بە خاوەنی چاوەکانی
وەکو چاوی ئەو و دڵی خۆمان یاری دەکەین

**بانگەواز بۆ گۆڕ هەڵکەن**

تەسەوری شاعیر بۆ ژیانی خۆی، وای داناوە، یا وا حەزدەکات کە هەشتا ساڵ بژییێت، مردنەکەشی لە رۆژی لەدایکبوونی بێت، هەواڵی (جێگۆڕکێ) خواستنە بۆ مردن، بستە خاکی ماندوو، ئەو خاکەی بە ملیارەها ساڵە هەیە، ملیارەها لاشەی جوانی خواردووە، ئەو خاکەی شاعیری تیا لەدایک بووە، خاکێکی کۆن، ئەو خاکە ماندووەی کە هەمیشە لە سوڕانەوەدایە و سرەوتنی نییە، هەر بستەخاکێکی ئاشێکی ماندووە بۆ هاڕینی جەستەی مرۆڤەکان، مردنی شاعیر لەڕێی تلانەوەو ئازارێکی زۆری جەستەییەوە نییە، بەڵکو موجڕکێک بە لەشیدا هاتووەو سۆزێکی تایبەت گرتوویەتی، (مەلە کۆچەرییەکە) رۆحی گەڕیدەی شاعیرە، کە رۆحێکی بریندارەو خوێنی لێدەتکێت، تەنها لەنێو گۆڕیشدا ئارام دەگرێت، دەنا هەر ئاوارە و سەرگەردانە و بریندارە، خوێنی پێی ئەم مەلە بەسەر لکە ئارامەکە نیشتۆتەوە، ئەمەش مەلێکی پێکراوە، جێمانی خوێن مانای پێکانی ئەم مەلەیە، مانای سەرگەردانییە، ئەمەش مانای گەڕان بەدوای خود و نیشانەی غەریبی و ترسناکییە، تەنانەت ئەم خوێنە بووە بە قیبلەنمای شاعیر، هەروەها گەڕانە بەدوای خود بۆ ئەوەی ئارام بگرێت و لە شوێنێک بگیرسێتەوە، کەچی مەلەکە دەفڕێت و پاشماوەی خوێن بەجێ دەهێڵێت. خولیابوون و (عاشق بوون بەگڕ)، لە رامانی ئاگرەوە بەدەست دێت، گڕیش رەمزی رووناکی و بەخشین هێزو تینە بە هەموو کەون و بوونەوەرەکان. دوای مردنیش جەستەی شاعیر دەیەوێت ببێت بە مۆسیقا و پەیامەکەی بە گوێچگەی خوێنەران بپژێنێت.

پڕکردنەوەی کەلێنی قەبریش بە گۆزەیەکی پڕ وەسف دەکات، هاواری شاعیرە بۆ گۆڕهەڵکەن، شاعیرە هەمیشە عەوداڵە بەدوای رۆحی خۆی بەدوای ئەو باڵندەیەی کە خوێنەکەی ماچکردووە، تەنانەت ئەو درەختەش ماچدەکات کە باڵندە بریندارەکەی بەسەر نیشتۆتەوە، دەیەوێت بگات بە باڵی باڵندەی برینداری دڵی خۆی، خولانەوەی شاعیرە بەنێو جیهانی ناوەوەو لایەنی دەروونی خۆی دەدوێنێ بەرانبەر بە بریندابوونی دڵی شاعیر، ساتەوەختی مردنی نزیکبۆتەوە، ماڵئاوایی لە هەموو کەسەکان دەکات، شاعیر لەڕێی فەنابوون و گەیشتن بە پلەی نزیکبوونەوە لە خودا لەناو مردندا ئاسوودەیی دەدۆزێتەوە، مردنێکی بێدەنگ، جەستە پشوو دەدات و بەئاسودەیی هەناسە هەڵدەمژێت، بیر لە کتێبی ئاسمان دەکاتەوە.

شاعیر هەموو ژیانی بە شیعر و ئەدەبیات بەخشیووە لە ژیانیدا زۆر کێشە و ململانێی لەگەڵ دەکرێت، دەبێ دوای مردنی قەدەری نووسینەکانی بزاندرێت لەنێو گەلەکەی، (دەفتەری ئاسمان) هێمایە بۆ نەمریی، هێمایە بۆ تەمەناکردن

بۆ بە نەمری مانەوەی شیعرو نووسینەکانی، یاخود دەفتەری ئاسمان هاوارە بۆ خوداش، چونکە لە زەوی بەرهەڵستی زۆری کراوە و عەزابی زۆری بینیوە، پرسیار دەکات ئەی دەبێت لە ئاسمان چۆن بێت؟

دواتر شاعیر وەسفی تەرمەکەی خۆی دەکات کە لەبەر هەیوانێک دانراوە، لەناو فەزایەکی یەجگار شاعیرانەدایە، لێوەکانیشی وتەی شیعریان لەسەرە، شاعیر ئەوەندە لەگەڵ شیعر ژیاوە، شیعری بە نزیکترین هاوڕێی و دڵسۆزترین کەسی خۆی دەزانێت، زۆرکەس لە کاتی مردندا ناوی خوداو پێغەمبەرو کەسە نزیکەکانی خۆی دەهێنێ، ناوی ژن و منداڵەکانی یا کەسێکی زۆر خۆشەویستی لەسەر لێو دەبێت، کەچی شاعیر لە دوا وێستگەی ژیانیدا ناوی شیعری لەسەر لێوە، ئەمەش نیشانەی خۆشەویستی شاعیرە بۆ شیعر، لەدوای مردنیشی داوا ناکات مرۆڤەکان نوێژو دوعای بۆ بکەن، بەڵکو داوا لە شیعر دەکات لە دڵەوە نوێژی بۆ بکات، قەناعەتیشی وایە شیعر لە دڵەوە نوێژی بۆ دەکات، چونکە شاعیر دڵسۆز بووە بۆ شیعر و شیعریش نوێژێکی راستەقینەی بۆ دەکات، ئەوکەسەی سەرتاپای تەمەنی لەگەڵ شیعر بەسەر بردووە. شاعیر لەم شیعرە و لە شیعرەکانی تریشیدا هەرگیز خاڵبەندی بەکارنەهێناوە، خاڵ و وێستگەی تێرامان و راوەستان و پرسیار و سەرسوڕمان و... هتد دەداتە دەست خوێنەر؛ خوێنەر چۆنی دەخوێنێتەوە و بەکام وێنە و لەکام وێستگەدا رادەوستێت، کام وشە و دەربڕین دەبێتە پنتی سەرسوڕمان، هەروەها لەم شیعرەدا پێچەوانەی سەرجەم شیعری تر ئەوەیە کە ناونیشانەکەی لەژێر شیعرەکە نووسراوەتەوە، نەک لەسەرەتا، ئەمەش یەکەمجارە لە شیعری کوریدا ناونیشان لەژێرەوە بنووسرێت، نووسینی ناونیشان لەژێرەوە نیشاندانی روویەکی تری گۆڕانکارییە لەم شیعرەدا، کە ململانێی مەرگ و ژیان پیشاندەدات.

لەڕووی دابەشبوونی لەتەکانیشدا شێوازێکی نوێی بەکارهێناوە، کاتێک کە داوا لە خودا دەکات حیکمەتی شیعری پێببەخشێت بەهێزی بکات و بیپارێزێت لە شاعیرە (کەترە) و (قڕنە) و (قالۆنچە) و (قونجڕکە)کان، هێنانەوەی ئەم چوار دەربڕینە، کە هەر دەربڕینەی بەسەربەخۆ خستویەتییە نێو چوارچێوەیەکەوە، واتە وا لە خوێنەر دەکات کە سەرنجڕابکێشێت و لە تایبەتمەندی ئەم وشانە تێبگات، شاعیر هیچ کام لە نیشانەکانی خاڵبەندی بەکارنەهێناوە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، بەڵکو لە چوارچێوەی ناون، ئەمەش شێوازێکی سەرنجڕاکێشە، وەسفکردنی شاعیرانێک بە (کەترە)، واتای کەسێک لە کاروبار و بەرهەم کەوتبێت، (قڕنە) مەبەستی ئەو شاعیرە مشەخۆرانەیە کە لەسەر خوێنی

شاعیرانی تر دەژیێن، (قالۆنچە) وەسفکردنی ئەو کەسانەی کەوا بەدوای پیسیدا دەگەڕێن، (قونجڕکە)ش وەسفێکی ترە بۆ ئەوانەی کە لە پەل و پێ دەچەقن و دژیەتی و ڕێگری لە شاعیر دەکەن.

ئێستێتیکای ئەم چوار دەربڕینەش جگە لەوەی خراونەتە نێو چوارچێوەوە لە مۆسیقاکانیشیان بەدەردەکەوێت. (کەترە) و (قرنە) هەریەکەیان لە دوو بڕگە پێکهاتوون، هەریەکەشیان لە چوار دەنگ پێکهاتوون و لە دەنگەکانی (ە، ر)شدا هاوبەشن، ئەمەش جۆرە مۆسیقایەکی سەرنجڕاکێش بە خوێنەر دەبەخشێت.

لە دەربڕینی (قالۆنچە) و (قونجڕکە)شدا، کە هەریەکەیان لە سێ بڕگە پێکهاتوون، هەریەکەیان لە حەوت دەنگ پێکهاتوون، لە سێ دەنگیشدا هاوبەشن لەوانە (ق، ن، ە) بەسەریەکەوە هەرسێ دەربڕینەکە دەبنە خاڵی سەرنجڕاکێشان، هەروەها دەنگەکانی (و-ۆ،ج-چ) لەیەکدی نزیکن و سازگەیان یەکە.

لە جومگەی کۆتاییدا شاعیر بە گۆڕانکارییەوە دەربڕینێکی پێشتری پاتکردۆتەوە، لە جاری یەکەمدا ماڵئاوایی لەوانە دەکات کە پێیان گەیشتووە، بەڵام جاری دووەم میوانداریی ئەوانە دەکات کە پێیان نەگەیشتووە، ماڵئاوایی یەکەم بۆ ئەو کەسانەیە کە لە ژیاندا ماون، میوانداریی ئەو کەسانەش دەکات کە پێیان نەگەیشتووە، مەبەستی ئەو کەسانەن کە بەر لەوەی شاعیر بمرێت، ئەوان مردوون.

شاعیر باسی حاڵەتێکی دەروونی دەکات کە لەنێو گۆڕەکەی رەگ و ریشەی درەختەکان بەناخی زەویدا بڵاوبوونەتەوە، رەگی ئەم درەختانە رەگی درەختێکی بەردارن، لەدوای مردنیش رەگی درەختێکی زڕ نەبووە بە چەتری شاعیر، بەڵکو رەگی درەختێکی بەردار بووە بە چەتر و کە ئەو بەسەر خۆیەوە هەڵیداوە، بۆ ئەوەی لەژێر ئەم چەترەدا پشوو بدات، شاعیر هەست بە ئارامی دەکات لەژێر سایەی ئەم چەترەدا بێت، چونکە ئەم درەختە لە جیهانی سەرزەویش ئاسوودەیە و بەردارە، ئەم درەختەش وەکو شاعیر وایە، وەک چۆن شاعیر لە جیهانی سەر زەوی بەری فیکر و شیعری جوانی هەبووە، بۆیە دوای مردنیشی رەگی درەختە بەردارەکان بوون بە چەتری سەری.

بۆ وەرگرتنەوەی پاداشت، پاداشتی نووسین و تێکۆشان لەڕێی شیعر و جوانی، بە خەیاڵێکی شاعیرانە و گفتوگۆکردن بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، بۆ حەسانەوەی دڵ و دەروونی شاعیر گەیشتنی بە پاداشت، پاداشتی ئاسمانی، یان پاداشتی خەڵکان دوای مردنی بۆ قەدرزانی هونەرەکەی.

بوونی نائارامی و دڵەڕاوکێیەک لە هەندێک شوێنی ئەم شیعرەدا دەبینرێت،

بەتایبەتی لە وەسفی کاتی ژیانیدا، بەڵام لە وەسفی مردنیدا هەست بە ئاسوودەیی دەکات، هەرچەندە بەشێوەیەکی رەها نییە، چونکە دیسان گومان دەکات ئایە دوای مردنی لە دەفتەری نەمرییدا ناوی تا چەند تۆمار دەکرێت، چی لەبارەوە دەگوترێت، چی لەبارەیەوە دەنووسرێت. هەروەها چاوەڕێی دیداری خوداش دەکات دیدارێک کە لە کەش و هەوایەکی ئارام بێت لەو کاتەی کە ئاسمان پڕ ئەستێرەی ورشەدار و روون و بێدەنگ دەبێت، هەروەها پرسیار لە بوون و کەون و مردن و عەدالەتی دەکات، ئەم شیعرە زمانێکی خەیاڵئامێز و قوڵبوونەوەی فیکری بەرانبەر ژیان و مردن لەخۆی دەگرێت.

ئەمە لێکدانەوەیەک بوو بۆ ئەم شیعرە، دەشێت دیدی تر و لێکدانەوەی تریش هەڵبگرێت، ئەم زەمانەش بەسەرچووە بڵێین (مانای شیعر تەنها لەلای شاعیرە)، چونکە لێکۆڵەریش دەشێت لێکدانەوەی خۆی بۆ بکات، لێکدانەوەیەک تەنانەت شاعیر هەستی پێ نەکردبێت، لێکدانەوەیەک شاعیریش سوودمەندبێت لە تێگەیشتنی، یان راڤەکردنێکی نوێ بۆ شیعرەکەی.

من لەڕێی دواندنی ئەم دەقەوە، ئەم لێکدانەوانەم خستەڕوو، دەشێت کەسێکی تر بەشێوەیەکی تر دەمەتەقێ لەگەڵ ئەم دەقەدا بکات و پرسیار و وەڵامی تر بخاتەڕوو.

# بەیەل؛ گوندێک لە ناخی هەمووماندا

## خوێندنەوەیەک بۆ کۆمەڵەچیرۆکی "تازیەدارانی بەیەل"ی

## غولام حوسێن ساعیدی



**سەروەر عومەر**

"تازیەبارانی بەیەل" لە هەشت چیرۆکی پێکەوە پەیوەستی هاوکات سەربەخۆ پێکهاتووە. چیرۆکنووس، شانۆنامەنووس و فیلمنامەنووسی ناوداری ئێرانی "غولام حوسێن ساعیدی" نووسیویەتی و "بەڕۆژ ئاکرەیی" بە زمانێکی جوان و ڕەوان کردوونی بە کوردی و لەلایەن دەزگای چـــاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس)ەوە لە ساڵی ٢٠١٢دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەم کۆمەڵەچیرۆکە بەڕای تەواوی نووسەران و ڕەخنەگرانی ئێرانی بە یەکێک لە شاکارە هەرە باشەکانی ئەدەبیاتی چیرۆکنووسی فارسی دادەنرێت و لە ساڵی ١٩٦٤دا بڵاوکراوەتەوە و تا ساڵی ١٩٧٧ دوازدە جار چاپکراوەتەوە. شێوازی نووسینی چیرۆکەکان ریالیزمی جادووییە، هەمان ئەو شێوازەی کە "گابرێل گارسیا مارکیز" ڕۆمانی "سەد ساڵ تەنیایی" پێ نووسی، بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەوەیە نووسەران و ڕەخنەگرانی ئێرانی پێیان وایە ساعیدی بەر لە مارکیز و "سەد ساڵ تەنیایی"ەکەی ئەم شێوازەی بەکارهێناوە. لەوانەش "ئەحمەدی شاملوو" کە دەڵێت: "ئێمە تازیەبارانی بەیەلمان هەیە، کە بە بڕوای من ساعیدی بەر لە (گارسیا مارکیز) ئەم جیهانە سیحراوییەی خوڵقاندووە". هەروەها ڕۆماننووس "مەحمودی دەوڵەتئابادی"، کە هاوڕێ و هاوسەردەمی ساعیدی بووە لەم بارەیەوە ڕای وایە: "ئەو فەزایەی ساعیدی ئیشی تێدا کردووە، هەمان ئەو فەزایەیە کە دواتر مارکیز تەمەنی خۆی تیا دانا"، بەڵام دەوڵەتئابادی پێشی وایە کە ساعیدی بەم داهێنانەی خۆی نەزانی و هیچ بەلایەوە گرنگ نەبوو. "بێئەوەی بیەوێت و ئەسڵەن بەلایەوە گرنگ بێت، داهێنەری

شێوەیەک بوو کە شاملوو ڕاستی دەکرد کاتێک دەیوت ئەم ڕیالیزمی جادووییە سەرەتا ساعیدی دەستی پێی ڕاگەیشتبوو". ئەو خۆی نەیدەزانی چ داهێنانێکی گەورەی کردووە و چ توانایەکی سەرسووڕهێنەر و سیحری چیرۆکبێژ هەیە لە نووسینی چیرۆک و گێڕانەوەدا. لەجیاتی پەرەدان بەم بەهرە و توانا ناوازەیەی، خۆی بە سیاسەت و کۆڕ و کۆبوونەوە و باس و خواستە نەبڕاوە ڕۆشنبیرییەکانی ئەو دەمەوە سەرقاڵ کردبوو. بەڕای هەندێک لە ڕەخنەگران، سیاسەت و تێکەڵیی زۆر نەیانهێشت ساعیدی وەک نووسەرێک بژی. ساعیدی بەهۆی هەڵوێست و وتارەکانییەوە لەلایەن دەزگای ئاسایشی ئەوکاتی ئێرانەوە "ساواک" دەستگیر دەکرێت و بۆ ماوەی یەک ساڵ لە زیندانی تاکەکەسیدا ئەشکەنجە دەدرێت. ئەم زیندان و ئەشکەنجانە بە شێوەیەک کاریگەریی خراپیان لەسەر ساعیدی دانا، کە پاش ئازادکردنی و ڕۆیشتنی بۆ دەرەوەی وڵات ئیتر نەیتوانی لەسەر داهێنانە جوانەکانی بەردەوام بێت و شاکاری هاوشێوەی "تازیەبارانی بەیەل" بنووسێت. وەک خۆی دوای ئازادکردنی دەیوت: "من ئیتر تەواو بووم...!" مەحمودی دەوڵەتئابادی بە توندی ڕەخنە لەم هەڵوێستانەی ساعیدی دەگرێت و پێی وایە ساعیدی نەدەبوو بەم جۆرە خۆی سەرقاڵی سیاسەت کردبایە کە ئاوا زیندانی بکرێت و ئازار بدرێت. لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەو بەم کارانەی لە گەوهەری بوونی خۆی دوور کەوتەوە، ئەو گەوهەرەی کە دەیتوانی چیرۆکێک بنووسێت و لە زەیندا بمێنێتەوە". یاخود وەک "موجتەبا سوڵەتپوور" دەڵێت: "ئەگەر غوڵام حوسێن ساعیدی لە وڵاتێکی جیهانی سێیەمدا نەهاتایەتە دونیاوە و لە شوێنێکدا بژیایە کە نووسەر ناخەنە زیندانەوە و پاشانیش مەنفای بەسەردا ناسەپێنن، ڕەنگە ئێستا ناوی ساعیدی لە ڕیزی گەورەترین نووسەرانی سەدەی ڕابردوودا بهێنرایە".

**تەکنیک**

چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیە، هەشت چیرۆکی سەربەخۆن، کە لە ڕواڵەتدا هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، جگە لەوەی ڕووداوەکان لە یەک شوێندا ڕوودەدەن "بەیەل". چیرۆکەکان سەرجەمیان بێناونیشانن و تەنها بە "چیرۆکی یەکەم" و "چیرۆکی دووەم"و... لە یەک جیاکراونەتەوە و تەنها ناونیشانی تایبەت، ناونیشانی سەر بەرگی کتێبەکەیە کە هەر هەشت چیرۆکەکەی لەژێر سەقفێکدا کۆکردووەتەوە. ڕووداوەکانی چیرۆکێک تەنها تایبەتن بەو چیرۆکە و نووسەر لە چیرۆکەکانی تردا ناچێتەوە سەریان، بەڵام هەندێک لە کەسایەتییەکان "مەشەدی

ئیسلام، مەشەدی جەبار و کوێخا" لە سەرجەم چیرۆکەکاندا بوونیان هەیە. ئەم ژانرەنە رۆمانە نە کورتەچیرۆک، بەڵکو شێوازێکی تازە و فۆرمێکی نوێیە کە چیرۆکنووسێکی وەک ساعیدی لە دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردوودا دایهێناوە. هەندێک پێیان وایە ئەم شێوازە جۆرێک شێوازی ئەو چیرۆکانەیە کە بە ریالیزمی جادوویی نووسراون. ساعیدی لەو نووسەرانە نییە کە زۆر بلێیی و بانگەشەی رۆشنبیرانە بکات و لە وەسفی چەند لاپەڕەیی شوێن و دیمەنەکاندا نقووم ببێت، ئەگەر وەسفی شتێکیش بکات ئەوە شانبەشانی رەوتی رووداوەکانی چیرۆکەکە دەڕوات. لە کارەکانی ساعیدیدا درێژدادڕیی نابینرێت، ئەو هێندە بەتوانایە تەنها بە چەند رستەیەک کۆمەڵێک وێنەی بەرجەستە دەدات بەدەستەوە. وەک دەوڵەتئابادی دەڵێت: "بە رشتنی یەک دوو پەڵە رەنگ، وێنەیەکت بۆ دەکێشێت کە بۆ هەمیشە لە زەیندا دەمێنێتەوە". یاخود "من هیچ کەسێکم نەدیوە وەک ساعیدی بتوانێت لە ژمارەیەکی کەم مرۆڤ لە ژینگەیەکی داخراودا کۆمەڵەچیرۆکێک بخولقێنێت کە شاکاربن". ساعیدی لە تازیەبارانی بەیەلدا لە ژمارەیەکی کەم مرۆڤ، چەند ماڵێک، حەوزێک، تاتە شۆرێک، پەرستگەیەک و کۆنەئاشێک وێنەی گوندێکی واقیعیمان بۆ دەکێشێت، یاخود گوندێکمان نیشان دەدات. لەم چیرۆکانەدا هەواڵێک لە جوانیناسی و دیمەنی عاشقانە و ژیانی لوکس لەئارادا نییە. نووسەر هەروەها پەنا بۆ گەمەی زمان و ئاڵۆزیی و وێنەی سواوی شیعریی و رستەی ئاوس بە هزر و فەلسەفەی قەبە و تەکنیکی فرەدەنگی و فرەڕەنگی نابات. هاوکات خۆیشی بە ئامۆژگاریی و وتاردانەوە سەرقاڵ ناکات. چیرۆکەکان لەلایەن چیرۆکبێژی "هەمووشت زان"ەوە دەگێڕدرێنەوە، بەڵام رەوتی رووداوەکان بە شێوەیەکن کە نەوەک هیچ شوێنپێیەکی چیرۆکبێژ لە رووداوەکاندا نابینرێت، بەڵکو چیرۆکبێژیش خۆی رادەستی رووداوەکان دەبێت و بە ناچاری باوەڕ دەهێنێت. بۆ نموونە کاتێک لە چیرۆکی چوارەمدا "مەشەدی حەسەن" دوای مردنی مانگاکەی خۆی لێ دەبێت بە مانگا و وەک مانگایەکی راستەقینە رەفتار دەکات، چیرۆکبێژ هێندە بە ئاسانی رادەستی ئەم حاڵەتە دەبێت کە لە کۆتاییدا ئاوا چیرۆکەکەمان بۆ دەگوازێتەوە: "لە بنی دۆڵەکە و لە تاریکیدا، سێ پیاو مانگایەکیان گوریسپێچ کردبوو و خاوکێش خاوکێش بەرەو جادەیان دەبرد. یەکێک لە پیاوەکان لەپێشەوە دەڕۆیشت و گوریسەکەی رادەکێشا. دووپیاوەکەی تریش پاڵیان دەنا. مانگاکە ملی نەدەدا و پیاوەکانی ماندوو و هیلاک دەکرد". ل١٣٦.

### گفتوگۆ

لەم چیرۆکانەدا هەموو شتێک بەهۆی دیالۆگەوە دەچێتە پێشەوە. دیالۆگ لەم چیرۆکانەدا رۆڵێکی سەرەکی هەیە و ساعیدی خۆی لە چاوپێکەتنێکدا دەڵێت: "من لە گفتوگۆی مرۆڤەکان زۆر چێژ وەردەگرم و گفتوگۆ ئەسڵەن بۆ من بابەتی گاڵتە نەبوو". گفتوگۆ حاڵەتێکی نمایشی بەم چیرۆکانە بەخشیوە. هەر بۆیە چیرۆکی چوارەمی ئەم کۆمەڵەیە لەژێر ناوی "مانگا"دا دەکرێت بە فیلم و لەلایەن دەرهێنەری ناوداری ئێرانیی "داریوشی میهرجویی"یەوە کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجامدەدرێت. نمایشی ئەم فیلمە دەبێتە خاڵی وەرچەرخان و بەدیهاتنی شەپۆلێکی نوێ لە سینەمای ئێرانیدا.

### پەیام

بەڕای هەندێک لە رەخنەگران، ساعیدی لەم چیرۆکانەدا و لە بەرهەمەکانی تریشیدا باس لە سەردەمی پڕ ترس و بیمی دەیەی پەنجاکانی ئێران دەکات. لەم کۆمەڵەچیرۆکەدا بەئاشکرا دژی خورافەپەرستی دەوەستێتەوە و ژیانی فەلاکەتباری گوندنشینان و جووتیارانی لە زەوی دابڕاو نمایش دەکات. "ساعیدی بە پێچەوانەی زۆرێک لە نووسەرانی سەردەمی خۆیەوە لە هەژارپەرستی و ستایشی هەژاری دوور دەکەوێتەوە و بە زرنگی لە چیرۆکەکانیدا قسە لە دوو جۆر هەژاریی دەکات؛ هەژاریی ماددی و هەژاریی کەلتووریی، کە بەڕای ساعیدی ئەمەی دواییان سەدان و هەزاران جار لەوەی یەکەمیان زیانبارتر و وێرانکارترە". هەر لەم چیرۆکانەدا ساعیدی بە شێوەیەکی زۆر ناسک و هونەری باس لە داگیرکار دەکات (چیرۆکی شەشەم)، لێرەدا دیکتاتۆرییەت و داگیرکاریی لەشێوەی شمشێرەکەی دیمۆکلیسدا نمایشکراوە؛ کە خەڵکی لەگەڵ ئەوەدا کە لێی دەترسن، ئەشی پەرستن. بە وتەی "نەسیمی خاکسار؛ نووسەر و شانۆنامەنووسی هاوچەرخ"، (لەم کارانەدا ئامادەیی رەگەزە ریالیستییەکان، کارەکانی ساعیدی لێوانلێو دەکات لە پەیوەندی و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و نیشانی دەدات کە ئەم نووسەرە لەگەڵ خەڵکی کۆمەڵگەکەی خۆی لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە و دەستی واقیع ناکاتە قوربانی خەیاڵاتی پاڵەوانی چیرۆکەکانی خۆی. ئەمەش خەسڵەتێکی ریالیستەکانە. نووسەرانی ریالیزم نیشانیان دا کە هونەرمەند کەسێک نییە لە گۆشەی ژوورەکەیدا دابنیشێت و ژیان و رووداوەکان لە دوورەوە وێنە بکێشێت. هونەرمەند خۆی لەنێو گۆڕەپانەکەدایە. لەنێو ئەو بەرە فراوانەدا کە لەگەڵ نەریتە رزیو و ناسازگارەکانی کۆمەڵگەدا دەجەنگێت و تێکیان دەشکێنێت

و بۆ دوور فڕێیان دەدات). ساعیدیش بەر لە نووسینی ئەم چیرۆکانە چەندین گەشتی بۆ گوندە دوورەدەستەکانی ئێران ئەنجامداوە و لە نزیکەوە بینەری ژیانی گوندییەکان بووە و دەستی لە ئازار و کۆژانی گوندنشینەکان داوە. لە ئەنجامی ئەم گەشتانەیدا چەند "مۆنۆگراف"*ێکی نووسیوە و دوابەدوای هەر گەشتێکیش چەند کارێکی ئەدەبی ئەفراندووە، کە "تازیەبارانی بەیەل"یش بەرهەمی یەکێک لەم گەشتانەی نووسەرە.

### کەسایەتییەکان

کەسایەتییەکان لەم چیرۆکانەی ساعیدیدا نەگۆڕن، هەر بەوجۆرەی کە لە سەرەتای چیرۆکەکاندا باس دەکرێن هەروا دەمێننەوە. هیچ هەوڵێک بۆ گۆڕینی بارودۆخی ژیانیان نادەن و هەمیشە رازین و لە هەر هەلومەرجێکدا نەک ناڕەزامەندی دەرنابڕن، بەڵکو سوپاسگوزاریشن. کەسەکان هێندە لەنێو باوەڕ و ترس و بیم و خورافاتەکانی خۆیاندا نقووم بوون، کە پێیان وایە ئازار و رەنج و مەینەتییەکانیان بەشێکی جیا نەکراوەیە لە ژیانیان و هیچ سکاڵایەکیان لەم هەلومەرجە نییە. مەرگ و ترس و برسییەتی و تاریکی و هەژاریی پێ بەپێ لەگەڵ ژیانیاندا دەچێتە پێشەوە. تەواوی کەسایەتییەکان کۆیلەی ترس و لەرز و خەیاڵاتەکانیانن. کاتێکیش رووبەڕووی کێشەیەک دەبنەوە پەنا بۆ تەنیایی و مەرگ دەبەن. مرۆڤەکان لەم کۆمەڵگەیەدا تەنیا و بێکەسن، لە عەشقدا شکست دەخۆن و پەنا بۆ تەنیایی دەبەن، لە چارەسەری کێشەکاندا شکست دەخۆن و پەنا بۆ مەرگ دەبەن. "مەشەدی رەمەزان" پاش مردنی دایکی پەنا بۆ مەرگ دەبات، "عەباس" پاش کوشتنی سەگەکەی بە رق و تووڕەییەوە گوند بەجێدەهێڵێت. "مەشەدی ئیسلام" پاش ئەوەی تۆمەتی ئەخلاقی دەخەنە پاڵ، دەرکە و پەنجەرەی ماڵەکەی بە قوڕ دەگرێت و بەرەو شار دەڕوات و دواجار سەر لە نەخۆشخانەی دەروونییەوە دەردەهێنێت. کوڕی مەلای گوند بەدوای ئەو کچەدا کە خۆشی دەوێت، روو دەکاتە شار و لە نەخۆشخانەیەکدا دەیخەوێنن.

تەنها دوو کەس لەم چیرۆکانەدا لە حاڵەتی نەگۆڕی خۆیان دێنە دەرەوە، ئەوانیش "مەشەدی حەسەن" لە چیرۆکی چوارەمدا و "سەرسوور"ە لە چیرۆکی حەوتەمدا. ئەم دوو کەسایەتییەش دووچاری بەدگۆڕان "مەسخ" و لە خۆبێگانەبوون دەبن. مەشەدی حەسەن بەهۆی مردنی مانگاکەیەوە دەبێت بە مانگا و دواجار لە هەڵدێرێکەوە بەردەبێتەوە خوارەوە و دەمرێت. سەرسووریش کە دووچاری نەخۆشیی زۆرخۆری بووە، لە بەیەل دەر دەکرێت و دواجار

دەبێتە گیانەوەرێکی ترسناک: "لمۆزی وەک لمۆزی مشک درێژ بوو. گوێیەکانی وەک گوێی مانگا قیت وەستا بوو، بەڵام لاق و لپی سمیان پێوە بوو. کلکە کورت و سێگۆشەییەکەی شۆڕ بووبووەوە و دوو شاخی بچووکیش لە خوار گوێیەکانییەوە دەبینران. کە دەتگوت لەژێر پێستیدا خەریکن چووزەرە دەکەن. کە زۆری لەخۆی دەکرد، پێڵووەکانی دەکرانەوە و چاوەکانی لەژێر شاخەکانییەوە دەبینران کە وەکو چاوی بۆقێک لە سەرەوەیان دەڕوانی. چەند لەتە پەڕۆیەکیش بە ئەندامەکانی لەشیدا شۆڕببووبوونەوە. دانیشتبوو و گەنمەکانی هەڵدەلووشی..." ل٢٠٩-٢١٠.

کەسایەتییەکان لە یەک ئاستی بیرکردنەوەدان و وەک یەک وان. "مەشەدی ئیسلام" کە زرنگترین و رۆشنبیرترین کەسایەتیی چیرۆکەکانە، ئەویش لە ئاستی کێشەکاندا دەستەوتانە و هیچی پێ ناکرێت. "ئیسلام" رۆشنبیری کۆمەڵگەی جوتیارییە، ئەو هەمەکارەی گوندە، لە زەماوەندەکاندا ساز لێ دەدات و لە پرسەکاندا سەردولکە دەخوێنێت. هەمووان بۆ چارەسەری کێشەکان پەنای بۆ دەبەن. بەڕای هەندێک لە رەخنەگران، "ئیسلام" لەم چیرۆکانەدا نوێنەری ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگەیە. چاو و دڵ و گوێی گوندە. تەنها هۆکاری گواستنەوە لەم گوندەدا عارەبانەکەی ئەوە. ئەو کەسێکی تەنیایە و نە ژنی هەیە و نە منداڵ، دواجاریش بەهۆی دروستکردنی تۆمەتێکەوە بۆی، گوند بەجێدەهێڵێت و ئاوارەی سەر شەقامەکانی شار دەبێت.

دەتوانین بڵێین لەم چیرۆکانەدا پاڵەوان بوونی نییە، ئەگەر هەشبێت ئەوا خودی گوندی "بەیەل"ە، کە تەواوی رووداوەکان لەوێدا روو دەدەن.

### فەزا

ئەوەی لەم چیرۆکانەدا سەرنجڕاکێش و تازەیە، فەزایە. فەزا لەم چیرۆکانەدا زۆر تاریک و خنکێنەرە. ئەگەر بەدوای شادی و خۆشی و خەندە و ژیانی پڕ باق و بریقدا ئەگەڕێی هەرگیز ئەم چیرۆکانە مەخوێنەرەوە. ئەم چیرۆکانە هەرچەندە باس لە گوند دەکەن و گوندیش سیمبولی سروشت و گوڵ و باخ و شاخ و جوانییە، بەڵام هیچ کام لەمانە لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا نابینرێن. ساعیدی تەنانەت کاتێک باسی سروشتیش دەکات زۆر بەشێوەیەکی ناشیرین و دژە ستاتیکیانە باسی دەکات. سەرنجێک لەم چەند نموونەیە بدەن: "نەنە فاتم بایەکی رەش و چڵکنی بینی کە شتێکی سپی لەگەڵ خۆی دێنا..."ل٦٥، "بایەکی بۆگەن هەڵی کرد"، "تیریژی خۆر بەنێوان لقەکاندا تێدەپەڕی و هەردووکیانی تەنگەتاو

کردبوو... ل٤٨"، "جامی ئاوەکە پڕبوو لە مێشوولە... ل٥٦"، "ریزی سەرەکان تێکرا هەڵگەڕانەوە و لە مانگیان روانی کە وەک کۆنە فودانێک لە پورۆسەوە هەڵدەهات... ل١٢٢"، "مانگ مۆر و هەڵمساو لە خۆرهەڵاتەوە دەرکەوت... ل٢٠٦".

"بەیەل"گوندێکە نە کەس تیایدا لەدایک دەبێت، نە کەس زەماوەند دەکات. عەشق بەشێوەیەکی زۆر کاڵ بەرچاو دەکەوێت. نە رووەکێک دەڕووێت، نە بەرهەمێک بەدەست دێت، گوند کە سەرچاوەی خێر و بەرەکەت و بەرهەمی رووەکی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و سوودوەرگرتنە لە بەرهەمەکانی، بەڵام لێرەدا هیچ بەرهەم و بەروبوومێک نابینرێت. برسێتی و قاتوقڕی تەنگی بە بەیەلییەکان هەڵچنیوە. گوند لە گۆڕستانێک دەچێت هەموو شتێک تیایدا راوەستاو و بێجووڵەیە. گوندێک کە تەنها لە کۆمەڵێک ماڵ، حەوزێک، تاتەشۆرێک، مەزارێک و کۆنەئاشێک پێکهاتووە. لەم گوندەدا هیچ شتێکی سوودبەخش بەرهەم ناهێنرێت، بەڵام تا حەز بکەیت بەرهەمهێنەری نەفامی، خوارفە، دڵڕەقی و توندوتیژییە. لەم گوندەدا کەس یارمەتی کەس نادات. تەنیایی باڵی بەسەر تەواوی تاکەکاندا کێشاوە. تەنها پەیوەندییە ئابوورییەکان تاکەکان کۆ دەکاتەوە، ئەو کاتانەی پێکەوە دەچن بۆ سواڵکردن، یاخود کاتێک دەچن بۆ دزی. خەڵکی ئەم گوندە بەو حاڵە خراپەی کە تیایدان زۆر رازین و تەنانەت سوپاسگوزاریشن و هیچ دەنگی ناڕەزاییەک نابیستین. ئەوان بە رادەیەک لە گۆڕان دەترسن، تەنانەت ئامادە نین سەگێکی بێگانەش قەبووڵ بکەن و لە ناوی دەبەن. دەنگی کۆمەڵگە پڕە لە خورافات، کەس بیرناکاتەوە و هەمووان بەدوای نانی شەودا وێڵن. بەردەوام لە خودا دەپاڕێنەوە؛ خودایەک کە خۆیان بۆ خۆیان دروستکردووە. خورافە و نەفامی بەشێوەیەک مێشکی تاکەکانی داگیرکردووە، مەکینەی ئۆتۆمبێلێکیان لێدەبێت بە "ئیمامزادە" و داوای چارەسەر و شەفاعەتی لێ دەکەن. هەموو شتێک لەم گوندەدا بیانووە بۆ شیوەن و رۆڕۆ و تازیەباری.

خوێنەر دوای خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک، هەستێکی سەیری لادروست دەبێت، ماڵەکان زۆر نزمن و هیچیان دەرکەیان نییە. خەڵکی بەسەر دیوارەکاندا هاتوچۆ دەکەن، لە پەنجەرە و دەربیجەوە دەرو ژوور دەکەن و لە کلاوڕۆژنە و کونی سەربانەکانەوە سەر دەر دەهێنن و قسە دەکەن. لەم چەند نموونەیەی خوارەوە بڕوانن:

- کە گەیشتنە لای حەوزەکە، پەنجەرەیەکی بچووک کرایەوە و سەری پیاوێکی لێوە هاتە دەر. سەرەکە لە تاریکیدا جووڵەیەکی کرد و وتی... ل٩.

- پیرەمێردەکانیش کە نەیاندەتوانی لە ماڵ بێنە دەر، سەریان لە

کلاوەڕۆژنەکانەوە هێنابووە دەرێ... ل١١.

- مەشەدی بابە سەری لە کلاوەڕۆژنەی بانەکەیانەوە دەرکێشا و هاواری کرد...

- ئیسلام تارەکەی هەڵگرت و لە پەنجەرەوە هاتە نێو کۆڵان... ل٢١٩.

- بابە عەلی کە سەری لە دەربیجەی دیوارەوە هێنابووە دەرێ وتی... ل١٨٨.

- عەباس دەربیجە دارینەکەی کردەوە، سەرەتا پێیەکانی و پاشان لەش و ئەوسا سەری بردە ژوورێ... ل١٦١.

- بەپەلە خۆی گەیاندە سەر نەردیوانەکە و سەری لە کلاوەڕۆژنەوە بردە دەرێ و سەری بەو ناوەدا گێڕا... ل١٠٧.

خەڵکانی ئەم گوندە دەڵێی تەنها بۆ مەینەتی بەدیهێنراون و هیچی تر. پێکەنین لەم چیرۆکانەدا بە دەگمەن دەبینرێت، تەنانەت کاتێکیش کەسێک قسەیەکی خۆش دەکات کەس پێناکەنێت، چونکە وەک گێڕانەوەی نوکتەیەک وایە لە کۆڕێکی پرسەدا. تاریکی بە تەواوەتی باڵی بەسەر ئەم گوندەدا کێشاوە و تەنها رووناکییەک لێرەدا رووناکیی فانۆسەکان، یاخود تریفەی مانگە، کە جارجارە لە درزی هەورەکانەوە دەردەکەوێت. تاریکی وەک "د. شەهرزاد نوری سەفا" دەڵێت: "سیمبولی نەفامی و نەزانینە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەم گوندەدا بڵاوبووەتەوە". کۆمەڵگە لەم چیرۆکانەدا نووقمی پرسەیە، بە تەنها لە چیرۆکی دووەمدا چەندین مەرگی یەکلەدوای یەک دەبینین. ناوی کۆمەڵەچیرۆکەکەش "تازیەبارانی بەیەل"ە. بە قەولی "نەنە فاتم" یەکێک لە کەساتییەکانی کۆمەڵەچیرۆکەکە؛ "دەڵێی هەموو شتێک فاتیحەی لێخوێندراوە...!" مرۆڤەکان زۆر دڵڕەق و بێبەزەیین، کەس بە هانای کەسەوە نایەت. لە چیرۆکی سێیەمدا "مەشەدی حەسەن" کاتێک مانگاکەی دەمرێت و لەژێر قورسایی باری ئەم خەمەدا لەپێ دەکەوێت، نەوەک کەس بە هانایەوە ناچێت، بەڵکو گوریسپێچ دەکرێت و لە بەیەل دوور دەخرێتەوە. لێرەدا مرۆڤەکان بە ئەندازەی ئاژەڵەکانیش توانای لێبووردن و لەگەڵ یەک هەڵکردنیان نییە. لە چیرۆکی پێنجەمدا ئاماژەیەکی جوان بەمە دراوە، کاتێک "عەباس" سەگێک لە خاتووناواوە دوای دەکەوێت بۆ بەیەل، بە یەکێک لە خاتووناواییەکان دەڵێت: "دەترسێم سەگەکانی بەیەل لەگەڵیدا هەڵ نەکەن". خاتووناواییەکەش پێی دەڵێت: "سەگەکان لەگەڵیدا هەڵدەکەن، بەڵام ئەگەر خەڵک لەگەڵیدا هەڵیان نەکرد، بەرەڵای بکە، بۆخۆی دێتەوە خاتووناوا". ل١٤٣.

هەروەها لە چیرۆکی حەوتەمیشدا "سەرسوور" بە دڕندانەترین شێوە لە بەیەل دەردەکرێت و کەسێک نییە دڵی پێی بسووتێت. هەر بۆیە دەتوانین

بڵێین "بەیەل" گوندێکە لە هەناوی هەر کۆمەڵگەیەکدا. "بەیەل" شوێنێکە یاخود ناشوێنێکە کە لە ناخی هەمووماندا هەیە و لە ناخی هەریەک لە ئێمەدا بەیەلێک هەیە کە تیایدا رق و کینە و نەهامەتی و نائومێدیی و تاریکی و تەنیایی و ترس و بیم و خورافە فەرمانڕەوایە. واتە ئەگەر ناخی مرۆڤ وڵاتێک بێت، هەمیشە لە گۆشەیەکی ئەم وڵاتەدا گوندێکی تاریکی وەک "بەیەل" هەیە. ساعیدی هاتووە و لە رێگەی چیرۆکەوە تیشکی خستووەتە سەر ئەم گوندە تاریکە کە تا ئێستا بە نادیاری و شاراوەیی ماوەتەوە. ئەوەی ساعیدی لە "تازیەبارانی بەیەل"دا نیشانمان دەدات، بەشێکە لە ناخی هەریەک لە ئێمە، کە تا هەنووکە نادیار بووە و بە رۆشنایی نووکی خامە بە پێز و بڕشتەکەی ساعیدی رووناک کراوەتەوە و خراوەتە بەردەستمان. تاوەکو سەردانی بکەین و بە کون و قوژبن و کەلێنەکانی ئاشنابین.

### رووداو

رووداو لەم چیرۆکانەدا رۆڵێکی تەواو گرنگ دەگێڕێت، ساعیدی لەگەڵ گفتوگۆدا گرنگییەکی زۆریشی بە رووداو داوە، بۆ نموونە تەنها لە چیرۆکی دووەمدا پێنج رووداوی یەکلەدوای یەک روو دەدەن و هاوشان لەگەڵ رەوتی چیرۆکەکەدا دەچنە پێشەوە. ئەم رووداوانە نەوەک تەنها بینای چیرۆکەکان توندوتۆڵ دەکەن، بەڵکو کارێکیش دەکەن خوێنەر هەست بە بێزاریی و یەک ریتمی نەکات و بە دوای رووداوەکاندا، شوێن وشە و رستەکان بکەوێت و لاپەڕەکان بە تامەزرۆییەوە هەڵبداتەوە. نووسەری چیلیی "ئیزابێل ئالندە" دەڵێت: "چیرۆکی بێ رووداومان نییە". رووداوەکان لە چیرۆکەکانی ساعیدیدا سینەمایی دەچنە پێشەوە، رەنگە هەر ئەمەش وایکردبێت، یەکێک لە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیە بکرێتە فیلم و هەر لەم فیلمەشدا چەندین دیمەن لە چیرۆکەکانی تر بهێنرێت و تێکەڵ بەم فیلمە بکرێت. ساعیدی لە رێگەی رووداو و گفتوگۆوە دەگات بە کەشێکی نمایشی، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی رۆمانی پۆست مۆدێرنی ئەمڕۆ.

### زمان

زمان لەم کۆمەڵەچیرۆکەدا، زمانی ئارگۆیە، زمانێکی سادەی نائەدەبی، دژە ئێستاتیکی، ئاسایی و رۆژانەی دانیشتووانی گوندێکی وەک "بەیەل". ساعیدی ئەم زمانەی بێ رتوش و دەستکاری وەک خۆی داناوەتەوە. ئەم زمانە بە تەواوی

سادەیی و ڕەوانی و بێ گرێ و گۆڵی خۆیەوە لە "تازیەبارانی بەیەل"دا ئامادەیە. زمانێک کە یارمەتیدەرێکی زۆر باشە بۆ نیشاندانی هەژاریی کەلتووری و سادەیی خەڵکانی ئەم گوندە. بۆ نموونە لە چیرۆکی شەشەمدا کاتێک "مەشەدی جەبار" لە شار دەگەڕێتەوە، شتێکی نامۆ لەسەر ڕێگەکەی دەبینێت و بۆ خەڵکی بەیەلی باس دەکات، ئێستا سەرنج لەم گفتوگۆیانە بدەن:

مەشەدی جەبار: "شتێکی گەورە بوو نەمزانی چی بوو؟"

مەشەدی بابە گوتی: "ئاخر چۆن چۆنی بوو؟"

مەشەدی جەبار گوتی: "شتێکی گەورە بوو، وەکو مانگایەک، هەرچییەکم کرد نەمتوانی بیجووڵێنمەوە".

عەبدوڵڵا گوتی: "چۆن بوو؟ سەروگوێلاکی هەبوو، نەیبوو؟ ئاخر چۆن چۆنی بوو؟"

مەشەدی جەبار بیرێکی کردەوە و گوتی: "لێم روون نەبووەوە... چاو و گوێ... نا نەیبوو".

......

ئیسماعیل گوتی: "لە کێ دەچوو؟"

مەشەدی جەبار بیرێکی کردەوە و لە تاک تاکی پیاو و ماڵەکانی رووانی، کۆکەیەکی کرد و گوتی: "لە هیچ کەس نەدەچوو، شتێکی سەیر و عەجایەب بوو، وەکو... بەخوای نازانم چی بڵێم". ل١٧٢-١٧٣.

نووسەر هەروا درێژە بەم گفتوگۆیانە دەدات تەنها لە پێناوی دەرخستنی عەقڵی سادە و خورافاتی دانیشتووانی بەیەلدا.

هەرچەندە ساعدی بەم زمانە سادەیە، بێ زۆرلەخۆکردن و ئاڵۆزیی و فەلسەفە لێدان و خۆنواندن، ئەم شاکارە جوانەی ئەفراندووە، بەڵام هەندێک لە رەخنەگران ئەمە بە خاڵێکی لاوازی کارەکەی ساعیدی دادەنێن و دەڵێن دەبووایە زمانێکی ئەدەبی و جوانتری بەکاربردبا، بەڵام ڕۆماننووسی ناسراوی ئێرانی "مەحمودی دەوڵەتئابادی" لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نییە و ئەو پێی وایە: "زمان تەواو هاوئاهەنگە لەگەڵ چیرۆکەکاندا. من هیچ لاوازییەک لە زماندا سەبارەت بە بابەتەکە نابینم. ساعیدی هیچ کات نەیویست ئەدیب بێت و زمانی ئەدیبانە بەکار بهێنێت، ئەمەش تەواو هاوئاهەنگییەکی لۆژیکی هەیە لەگەڵ دەربڕینەکاندا. ئەگەر بڕیار بووایە زمانێکی ئەدیبانەی بەکار بهێنایە، ئەم چیرۆکانە ناتەواو دەبوون. ئیسلام و عارەبانە و بزنەکەی و ئەو گوندەی کە بە وتەی تۆ هەموویان خەوتوون ئەمە دەخوازێت. باشە بۆ نموونە ئەگەر "بێکیت" بیویستایە بە زمانێکی ئەدیبانە

بنووسێت، نەیدەتوانی؟ ئەو خۆ مامۆستای زمان و کەلتوور و زانستی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بوو، بەڵام لە نمایشنامە گرنگەکەی "لە چاوەڕوانی گۆدۆدا" ئەم کارەی نەکرد. یاخود یونسکۆ لە نمایشنامەکانیدا. ئەم قسانە نەزانیی رەخنەگرانە".

### کات و شوێن

ئەم کۆمەڵەچیرۆکە لە دەرەوەی کات و شوێنن، ئەمەش تەکنیکێکە ساعیدی بۆ بەگشتیکردن و هەمیشەییکردنی چیرۆکەکانی سوودی لێوەرگرتووە. هەرچەندە هەندێک دەڵێن کات لەم چیرۆکانەی ساعیدیدا، ئاماژەیە بە کۆمەڵگەی ئێرانی دەیەی پەنجاکانی سەدەی رابردوو و سەردەمی ترس و خورافەی رەزاخان و خوازەیەکە بۆ ئێرانی سەردەمی پەهلەوی. هەروەها شوێنیش "گوندی بەیەل" گوندێکە چەند کیلۆمەترێک لە "ئیلخچی"یەوە دوورە، کە گوندێکی ئەهلی حەق نشینە لە نزیکی شاری "تەبرێز"، ساعیدی لە گەشتێکیدا بۆ ئەم ناوچەیە سەردانی ئەم گوندەی کردووە و "مۆنۆگراف"ێکیشی لەسەر نووسیوە، بەڵام ئەم زانیارییانە هیچ گرنگییەکیان نییە و ئەم کۆمەڵەچیرۆکەی ساعیدی تایبەت نین بە هیچ سەردەم و شوێنێک، کات بۆ هەموو سەردەمێک درێژ دەبێتەوە و شوێنیش دەکرێت هەر جێگەیەک بێت، چونکە ئەوەی نووسەر لەم چیرۆکانەدا دەیەوێت لێی بدات، ترس و بیم، تەنیایی، لەخۆبێگانە بوون، خورافە، برسێتی و... تادواییە، کە ئەمانەش تایبەت نین بەهیچ شوێن و سەردەمێک و تا مرۆڤایەتی مابێت درێژەیان هەیە. هەر ئەمەش وایکردووە پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوە زۆرەش تەپوتۆزی فەرامۆشی نەنیشێتە سەر بەرهەمەکانی و هەرچەندە لە سەردەمی ساعیدیدا و دوای ئەویش چەندین چیرۆک و رۆمان تایبەت بە ژیانی گوند و خەڵکی گوند نووسراون، بەڵام هیچیان وەک کارەکانی ساعیدی بە نەمریی نەمانەوە و چوونە خانەی فەرامۆشییەوە.

### وەرگێڕان

"تازیەبارانی بەیەل" یەکێکە لەو شاکارانەی جێگەی بەتاڵی هەمیشە لە کتێبخانەی کوردیدا هەستی پێدەکرا. هەرچەندە درەنگ وەرگێڕدرا، بەڵام دواجار بە وەرگێڕانێکی ناوازەوە کەوتە بەر دەستی خوێنەری کورد. "بەڕۆژ ئاکرەیی" لە وەرگێڕانەکەیدا زۆر جوان و کارامانە سوودی لە هەمان زمانی چیرۆکەکان وەرگرتووە و هەر بەو زمانە سادە و ساکارە گوندییە چیرۆکەکانی بە کوردی کردووە. ئەم کارەی بەشێوەیەک وردبینی و سەلیقە و کارامەیی

ئەنجامداوە؛ هەندێک جار لە کاتی خوێندنەوەدا وا هەست دەکەیت شاکارێکی بە کوردی نووسراو دەخوێنیتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەو زمانە تەواو کوردی و خۆماڵییەی ئاکرەیی لە وەرگێڕانی چیرۆکەکاندا بەکاری هێناوە. بە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە بۆ ماوەیەک لە زمانی فەرمی و پەخشانی ساردوسڕ و بێرۆحی رۆژنامە و وتار و راپۆرتەکان دوورمان دەخاتەوە و بە تووڵەرێی زمانێکی سادە و خۆماڵیدا دەمانباتە دونیای ریالیزمی جادوویی غولام حوسێن ساعیدییەوە.

ئەوەی لێرەدا مایەی سەرسووڕمان و جێگەی داخە، ئەوەیە کە ئەوەندەی من ئاگاداربم تا هەنووکە خوێندنەوەیەک بۆ ئەم شاکارە پڕ داهێنانە نەکراوە و ئەم چیرۆکانە لە دونیای رۆشنبیری کوردیدا هەروا خەریکن بە بێدەنگی تێدەپەڕن. وەک بڵێی کتێبێکی لەم جۆرە ئەسڵەن نەکرابێتە کوردی. جانازانم ئەمە بۆ نەخوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە دەگەڕێتەوە لەلایەن نووسەران و رەخنەگرانەوە، یاخود بابەتەکە هەست نەکردنە بە گەورەیی و گرنگی ئەم کۆمەڵەچیرۆکە لە دونیای ئەدەب و داهێناندا. ئەمە لەکاتێکدا ئەم چیرۆکانە و کارەکانی تری ساعیدی لە ئێران گرنگییەکی زۆریان پێ دەدرێت و سەرەڕای تێپەڕبوونی دەیان ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەیاندا هێشتا زیندوون و بەردەوام خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت و رەخنە و نووسینیان لەسەر بڵاودەکرێتەوە و دەکرێنە بابەتی توێژینەوەی نامەی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکاندا.

## کۆتایی

دواجار بۆ منێکی رۆژهەڵاتی کارەکتەر و شوێن و رووداو و بۆنە و زمان و پرس و پەیام و ئەفسانەکانی ئەم چیرۆکانە زۆر نزیکن و بەشبەحاڵی خۆم لە خوێندنەوەیاندا هەستم بە ئاشنایی و نزیکییەکی زیاتر دەکرد لەچاو خوێندنەوەی رۆمان و چیرۆکەکانی گارسیا مارکیز و خوان رۆڵفۆ و کارلۆس فۆینتس، تەنانەت ئەو رۆمانە کوردییانەش کە بەم شێوەیە نووسراون. دەتوانین بڵێین ریالیزمی جادوویی غولام حوسێن ساعیدی شێوازێکی خۆماڵیزەکراوی ئەم رێبازەیە و خوێنەری رۆژهەڵاتی لە کاتی خوێندنەوەیاندا چێژێکی زیاتر وەردەگرێت.

## بایۆگرافی غولام حوسێن ساعیدی

دکتۆر غولام حوسێن ساعدی، ناسراو بە "گەوهەر موراد"، رۆژی شەممە ٤ی مانگی جەنیوەری ١٩٣٦ لە تەبریز هاتووەتە دونیاوە. ساڵی ١٩٥١ هاوکات لەگەڵ راپەڕینی نەتەوەییدا چالاکیی سیاسی خۆی دەستپێکرد. چەند ساڵێک دواتر

بەرپرسیارێتی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکانی "فریاد، صعود، جوانان ازربایجان"ی لەئەستۆ گرت و چەند چیرۆکێکی لەم ڕۆژنامەیە و هەروەها "دانش اموز"ی چاپی تاراندا بڵاوکردەوە.

پاش کودەتای ١٥ی ئۆگەستی ١٩٥٤ بۆ ماوەی دوو مانگ دیارنەما و لە مانگی دیسەمبەری ئەم ساڵەدا دەستگیرکرا و چەند مانگێکی لە زیندان بەسەر برد. ساڵی ١٩٥٥ چووە کۆلێژی پزیشکی و ساڵێک دواتر هاوکاری خۆی لەگەڵ گۆڤاری "سخن" دەستپێکرد. لەم ساڵەدا چیرۆکی "مرغ انجیر" و چیرۆک و شانۆنامەی "پیگمالیۆن"ی لە تەبرێز بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٩٦٧دا چیرۆکی "خانەهای شهری" لە تەبرێز و شانۆنامەی "لیلاج ها"ی لە گۆڤاری "سخن"دا بڵاوکردەوە. دوو ساڵ دواتر و پاش ئاشنایی لەگەڵ سەمەدی بێهرەنگی، بێهروزی دێهقانی، مەفتونی ئەمینی، کازمی سەعادەتی و مەنافی مەلەکی، ڕابەرایەتی بزاڤە خوێندکارییەکان و مانگرتنەکانی زانکۆی تەبریزی کرد. لەم ساڵەدا کورتەچیرۆکی "شکایت" و شانۆنامەی "غیوران شب"ی نووسی.

لە ساڵەکانی دواتردا تا تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٦١دا شانۆنامەی "سایە های شبان، کاربافک ها در سنگر و سفر مرد خستە"ی نووسی و بڵاوکردەوە. لە ساڵی ١٩٦٢دا چوو بۆ تاران تا ڕاژەی سەربازییەکەی وەک سەربازێکی ئاسایی دەست پێ بکات. لەم ماوەیەدا چەند کورتەچیرۆکێکی سەبارەت بە ژیانی سەربازیی نووسی. هەر لەم ساڵەدا لەگەڵ براکەی عەلی ئەکبەر نۆڕینگەیەکی شەوانەڕۆژی کردەوە و هاوکاری "کتاب هفتە" و گۆڤاری "ارش"ی دەکرد. لە ساڵەکانی دواتردا "مۆنۆگراف"ی "ایلخچی، خیاو یا مشکین شهر" کۆمەڵەچیرۆکی "عزاداران بیل"، شانۆنامەی "چوب بدستان ورزیل، بهترین بابای دنیا" مۆنۆگرافی "اهل هوا"، چیرۆکی درێژی "منقل"، پێنج شانۆنامەی "**انقلاب مشروطیت**"، کۆمەڵەچیرۆکی "واهمەهای بی نام و نشان" و شانۆنامەی "ای بی کلاە، ای با کلاە"ی بڵاوکردەوە.

ساعیدی ساڵی ١٩٦٧ لەگەل جەلالی ئال ئەحمەد، ڕەزا بەراهەنی و سیروسی تاهباز بۆ لابردنی سانسۆر لەسەر نووسەران و چاپەمەنییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئەو کاتە کۆبوونەوە. هەر لەم ساڵەدا و بەدوای ئەم هەنگاوەدا ئەنجومەنی نووسەران دامەزرا.

بڵاوبوونەوەی چیرۆکی "ترس و لرز"، مۆنۆگرافی "قراداغ"، ڕۆمانی "توپ"، شانۆنامەی "پرواربندان"، "جا نشین"، فیلمنامەی "گاو" لە ساڵانی ١٩٧٤تا ١٩٨٧. لە ساڵی ١٩٧٤دا بەهاوکاری نووسەرانی خاوەن ناوی ئەوکاتە، گۆڤاری "الفبا"ی

بڵاوکردەوە. هەر لەم ساڵەدا و لە کاتی ئامادەکردنی مۆنۆگرافی شارۆچکە تازە بوونیادکراوەکاندا لەلایەن "ساواک"ەوە دەستگیرکرا و بۆ زیندانی "قزل قلعە" و پاشانیش "اوین" گوێزرایەوە و یەک ساڵ لە زیندانی تاکەکەسیدا ئەشکەنجە درا.

پاش ئازادبوونی لە زیندان چیرۆکی "گور و گهوارە"، فیلمنامەی "عافیتگاه"، چیرۆکی "کلاتە نان"ی نووسی و لە ساڵی ١٩٧٨دا بە بانگهێشتی ئەنجوومەنی قەڵەمی ئەمریکا بەرەو ئەو وڵاتە رۆیشت و وتارگەلی زۆری لەوێدا پێشکەشکرد. لە سەرەتاکانی زستاندا بۆ ئێران گەڕایەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١دا بەرەو پاریس بەڕێکەوت و هەروەها لەم ساڵەدا لەگەڵ خانمی "بەدری لەنکەرانی" زەماوەندی کرد. لەنێوان ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٥ لە پاریس دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "الفبا" و چەندین نمایشنامە و فیلمنامە و چیرۆکی نووسی.

غولام حوسێن ساعیدی لە رۆژی ٢٣ی نۆڤەمبەری ١٩٨٥دا لە پاریس کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی "پرلاشز" و لە تەنیشت "سادقی هیدایەت"ەوە ئارامی گرت.

*مونوگراف: بریتییە لە لێکۆڵینەوە، یان توێژینەوەیەکی دووروودرێژ سەبارەت بە بابەتێکی تایبەت و دیاریکراو.

## سەرچاوەکان:


١-تازیەدارانی بەیەل، غوڵام حوسێن ساعێدی، وەرگێڕانی بەڕۆژ ئاکرەیی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.

٢-گفت و گوی من با محمود دولت ابادی درباره غلامحسین ساعدی، یوسف انصاری، سایت پاراگراف.

٣-ساعدی یکی از سازندگان فضای روشنفکری در ایران، نسیم خاکسار، گرد اورندە مقاله مهساجعفری، سایت گروه تئاتر انو.

٤-عزاداران بیل، د. شهرزاد نوری صفا، مجله رودکی، شماره ١٧- ١٣٨٦، ص١٣١- ١٣٩.

٥-ان روستای خمیده قامت با خورجین سنگینش، مجتبی صولت پور، سایت رادیو زمانه.

٦-میان کنش "تمثیل و سیاست" در نمایشنامەهای ساعدی، رچا سرور، سایت ٨٤ تئاتر.

# دمق

| | |
|---|---|
| چۆن لەیلا بەو چاوە دەبینی کە خەڵکی کەی پێدەبینرێ | لەتیف هەڵمەت |
| سێبەرەکانی کەرکووک | سەلام محەمەد |
| لە کەنار با | عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا |
| ئەستێرە وردەکان | ئیدریس عەلی |
| من (دەقی تەمەن) | ناڵە حەسەن |
| بمکەوە بە مرۆڤ | بژار حەکیم |
| شێتبوونێکی بەپەلە | زانا سامان |
| پەیکەرێکی بێ سوود | هەژار قانع |
| عەشقەلەرز | محەمەد عەلی یاسین |
| بۆنی مەرگ | کارزان جەلال |
| ئەو گریا... | باران |

# چۆن لەیلا بەو چاوە دەبینی
# کە خەڵکی کەی پێدەبینرێ



لەتیف هەڵمەت

ل... ە... و... ێ...
لەوێ منالێک کەوتە گڕوگاڵ... دەرگا داخراوەکان هەڵوەرین چیاکان
هاتنە هەژین... دەریاکان دایان لە شەقەی باڵ منداڵەکە ناونرا زەردەشت
رەشەبا بە پەنجە درێژەکانی لەسەر لووتکەی ئەلبورز نووسی: زەردەشت
باران بە ددانە بریسکەدارەکانی لەسەر تاشەبەردەکان نووسی: زەردەشت
قامیشەڵانی پاینی چەپی ئاواییەکە هاواری کرد: زەردەشت
دەریاچەی قەزوین لەخەوهەڵساو قریشکانی: زەردەشت
هەموو خەڵکەکە بینییان منالێک بەرەو ئاسمان دەفڕێ
ئەمە چ پەرجوویەکە... منالێک لەگەڵ لەدایکبوونیدا جووتێ باڵی نووری لێ
بڕوێ و بدات لەشەقەی باڵ
لە دوورەوە دەنگێک دەهات وەکو هەورە گرمە چەخماخەی دەهاویشت و
نەمامی ئاگری لە زەویدا دەچاند هەموومان زانیمان دەنگی منالەکەیە
دەنگەکە دەیگوت من میوانی ئاهورامزدام
چاوەڕوان بن کتێبە پیرۆزەکەی لێ وەردەگرم
لە پڕ دوای دەنگەکە... ئاگرێک هەڵایساو
ڕۆما بوو بە سووتووی جگەرە

گڕکان باخچەکانی کابولستانی خوارد
خۆر بوو بە دوو کەرتەوەو
پارچەیەکی: گەردەلوولێک
بۆ خۆراوای بردو
پارچەکەی تریشی
ورچێک بۆ ڕۆژهەلاتی هەڵدا
ئەوەتا بەم بۆنەیەوە
باخچە هەڵواسراوەکانی بابیل
هەڵدەپەڕن و
دەریاچەی ورمێ
پێدەکەنێ و
دەماوەند سەما دەکات و
ئاسمانی میدیا
زەوی سیناهی باران دەکات
ئەمە شایلۆغانی سروشتە
پەیامبەرێک هاتۆتە دونیاوە
بەهەزار شابالّی نوور
بە ئاسمانەکاندا دەفڕێ و دەفڕێ و دەفڕێ
هاوار دەکات:
خودا و ئەهریمەن و مرۆڤ
یەک کەسن...
گەردەلوول و گڕکان و لافاو و برووسکە.. یەک هێزن...
تاریکایی و رووناکایی یەک رەگەزن
مردن و ژیان جمکێکی ناتەبان
نەبەهار بوو نەهیچ وەرزێکی دی
نە سلێمانی بوو نە هیچ شارێکی تر
نەشەو بوو نە ڕۆژ
پیرشالیار بە گۆچانەکەی زەردەشت
نەخشەکانی راو دەناو
کشی لە پادشاکان دەکرد
نەدەنگی کەس سەرنجی ڕادەکێشاو





نەتیرە بارانی ئەوبەر هەنگاوەکانی
تێکدەشکاند
رووەو چیا دەم ئاوسی خەندەکە
بوونی خۆی لە دەشتاییەکاندا دەچاند
بە گۆچانەکەی
ئەو بە بادەی خۆشی بەدمەستبوو
چونکە ئاهورامزدا مژدەی پێدابوو
لە دوندی شنرویٚ رووناکایی خۆی
بۆ بدرکێنیٚ
ئەو بە پێکی ئەو مژدەیە مەست مەست ببوو
تەنهاو تەنها دەنگی ئاهورامزدای
لە نێوانی زەوی و ئاسماندا
بەزمانی بێدەنگی دەلستەوە
ئەوەتا پیرشالیار لە دامێنی چیا پیرۆزەکەدا
پێڵاوەکانی بە ڕەشەبا دەبەخشیٚ و
تۆزیٚ وەنەوز
لە مێرگی رارایی وام دەکات و
بە چنگ کەشکۆڵە نەبینراوەکەی
پڕاوپڕ دەکات لە:
گژوگیای ئاسوودەیی و
ورشە ورشی ئارام و
تریفە تریفی ئەو هەیڤانەی
کە لە جوغزی کێشمەکێش رادەکەن و
لەناو لنگی دەریا و ئۆقۆنیانووسەکاندا
پاڵدەکەون و
خەونی منداڵێتی خۆیان
کاوێژ دەکەنەوە...
ئەلف هیٚ واو
هیٚ ها میم واو... واو
ئەو هەموو قوتابخانەکانی برک داو
رووی لەو قوتابخانەیە کرد

که ئاهورامزدا وانەی سیناهی
تیادا پەخش دەکرد
***
لە ڕێگا تاشە بەردو کەڤرە سامناکەکان
باسی دڵڕەقی ئاهورامزداو
دەریاکانیش باسی بەزەیی و میهرەبانی و
گوڵ و سەوزەگیاکانیش باسی سۆزو عەشقی
ئاهورامزدایان
بە گوێی یەکدیدا دەچپاند
لە ڕێگای پیرشالیاری زەردەشتی
منداڵێتی خۆی لە ئاگرگەیەکدا
بەدیی کردو
وشەیەکی لە زاریدا چاند
بەشارو کۆڵانەکانی هەرزەکاری خۆیدا
گەڕاو تەرمە بۆنخۆشەکانی لاواندەوە
لە ڕێگا بەسەر زەڵمدا هەڵفڕی و
بەرز بۆوەو بەرز بۆووە
لە پڕ سیناهییەکی مەزن
سیناهیەکی دڕندە
وەک رق و کینەی خوا
سیناهییەکی میهرەبان
وەک بەزەیی خوا
هەموو دەشت و کێوەکانی خستە ژێر
شاباڵە مرواری و زمرووتەکانی خۆی



واو نوون بێ واو واو
پیرشالیار لە رووناکییەکەدا بزر بوو
کە تەختە رەشەکەی خۆی لە پۆلی گەردووندا
هەڵواسی: شەو
پیرشالیار لە تووناوتوونی سیناهییەکەداو
سیناهییەکەش لە ناو دڵی پیرشالیاردا
بەدیی دەکرا

سیناهییەکە گۆچانەکەی پیرشالیاری
بەدەستەوە بوو
پیرشالیار سیناهییەکەی وەکو تاج لەسەر کردو
لە دەریاکانی ئاسمانەوە
پۆلە کچۆڵەی رووت رووت
بەهەزاران شاباڵی ئاقیق و زەبەرجەدەوە
هەڵفڕین و
لە نێوانی مەمکەکانیانەوە
رەوەکۆتری ئاگر هەڵدەقوڵاو

هەر نێرو مێیەکان
لەهەر دەشتاییەکی کاکی بەکاکیدا
شەڕە دەنووکیان بکردایە
دەشتاییەکە گردۆڵکەیەکی تیادا دەڕواو
کانییەکی تیادا دەپژا... سوور
سوور سوور سوور سوور سوور
وەک خاتوو دۆعا...
-بۆ ماڵی کێ دەگەڕێ ی پیرشالیار
+بۆ ماڵی کەسێک پڕە لە تورمەی پەیامبەرێتی.. دڵی لانەی نووری خوایە
سەری
حوجرەی کیمیاگەرییە.. دەستی
ماڵێکە دەلاقەو سەرەنیجەی گوێسەبانەکانی هەزاران زمانن و بانگم
دەکەن...
ماڵی سوڵتان شێخ دەهاک لە کوێیە
ماڵی(شاهەنشای پیران) شێخ دەهاک
ماڵێکە بەردەکانی لە ئەستێرەی مەریخ و گەلاوێژو کۆو تەرازووە
بەفەرمانی تەنیا شێری خوا
عەلی شای مەردان
کەوتونەتە خوارەوەو
بە زولفەقار تاشراون و
جنۆکە پابەستەکانی ئیمامی عەلی
کە رۆحی ئاهورامزدای گرتۆتە خۆی

ئەو ماڵەیان بۆ سوڵتان شێخ دەهاک
دروستکردووە
پادشایان
بەرپرسان
وەزیران
ئەندامانی پەرلەمان
زێڕەنگەران
حاجییان
بازرگانان
تەنانەت گەوادەکان و قەحبەکان
خانو لە زێرو زیو دروستدەکەن...
خشتێکی لە زێر
خشتێکی لە زیو



زێ ێ رێ
زێ ێ واو
زێ ێ رێ
زێ ێ واو
خشتێکی لەمەڕ مەڕ
ئۆە چ ماڵگەلێکی تاریکن
دەڵێی ناو ورگی ئەو حەزیایەن
کەیوونس پێغەمبەری لووشکرد...
ماڵی شێخ دەهاک لەبەردی نوورو
بلۆکی سیناهی و
پەنجەرەو دەرگاو نەردەوان و باکێش و گوڵزاری لە
تریفەو ورینجەو بریسکەی رووناهی
دروستکراوە
بە سیناهی خودایی فریشتەکان
ساپیتەیان بۆ بەستووەو
فەرشی تەکێ و ژوورو هەیوان و
راڕەو و دیوەخان و قاوشەکانی
لەپەڕی باڵی حۆری و زەردەخەنەی پەری و

بۆنی گوڵ چنراون...
لای باکووری دەریای سەوزی نوورە
لای باشووری رووباری سووری وشە
لای چەپی دەریاچەی هێدی بەزەیی
لای راستی تاڤگەی تورمەی ئەفراندن
گۆچانێکم لەلایەن زەردەشتەوە بۆ هێناوە
ئەم گۆچانە برای گۆچانەکەی حەزرەتی مۆسایە
بیدات لە کێو دەبێ بە سەهۆڵبەندان
بیدات لە بیابان دەبێ بەدارستان
دۆعای بەسەر هەر کچێکدا پیا بخوێنێ
بەدڵی خۆی هاوسەرگیری دەکات
لە رووی هەر دکتاتۆرێکدا رایوەشێنێ
دەبێ بە قوڕ باقە
هەروەها ئەم گۆچانە
ئاوی دەریا رادەگرێ و
وەکو دەستی حەزرەتی عیسا
خەون و خەیاڵ بەمردوو دەبەخشێ
کاتی خۆی زەردەشت ئەم گۆچانەی
لە دارکاژێکی باخچە هەڵواسراوەکانی بابیل
دروستکردووەو
لەکاتی داگیرکردنی وڵاتی میدیادا
سەلمانی فارسی لە موغێکی ئاگرگریەکی کڕیوەو
دواتر بەخشیویەتی بە ئیمامی عەلی و
پڕاو پڕی کردووە لە عەشق و لەمەشقی خودایی و پادشا زۆردارەکانی
پێدیل و ملکەچکردووە...
ئەم گۆچانە بە هیچ کەسێک نادرێ
جگە لە سوڵتان شێخ دەهاک
وەکو لە شێخ مەحموود کەسنەزانی باوکم بیستووە
ئەویش لە شێخ محمد کەسنەزانی باوکی بیستووە
ئەویش لە شێخ حەسەنی کەسنەزانی باوکی بیستووەو
ئەویش لە شێخ سماییلی ولیانی باپیرە گەورەی خۆی بیستووەو

باپیره گەورەی ئەویش لەکێ و کێی تری بیستووە
ئەم گۆچانە لە(لەوحە لمەحفووزدا) وێنەی کێشراوەو
لە ژێریدا نووسراوە:-
گۆچانەکەی سوڵتان شێخ دەهاک
هەر کەسێ نووری ئەم گۆچانە بخواتەوە
دەتوانێ وەکو دەروێشەکانی شێخ حوسێنی هەزارکانی
ورگ و هەناوی خۆی بە شمشێر هەڵدڕێ و
زەرگ لە گۆپی خۆی رادات و
دوو چرا بەمسەرو بەو سەریدا هەڵبواسێ و
گوڵۆڵە ئاگر وەکو پرتەقاڵ بخوات و
لە ناو ئاگردا هەی ئەڵا بکات و
بڵێسەکان دەبن بە سەوزەگیاو
پزیسکە بەردەکان دەبن بە هەور و باران و پەپوولەو
دووکەڵەکان دەبن بە ئاونگ و
عەترو گوڵاو و عارەقی رازیانەو نەعناو مێخەک
ئەوەتا پیرشالیار و سوڵتان دەهاک
لە پاینی چەپی(پەردیوەر)ەوە
بانگی هەورە سیناهییەکە دەکەن
هەور هەڵیان دەگرێ و
بەرز دەبنەوەو هەر بەرز دەبنەوە
لەو شوێنەدا کە تاقە سوارە مەزنە ئارییەکەی
دوورگەی عارەبی
مانگی کرد بە دووکوتەوە
لە ناو خەرمانەی بازنە بازنەی سیناهی ئاهورامزدادا
سوڵتان دەهاک گۆچانە پیرۆزمەندەکە
لە پیرشالیار وەردەگرێ
ئەوەتا دارستانەکان بەو بۆنەیەوە
سەوزتر بوون
درەختەکان بەو بۆنەیەوە
چڕتر بوون
سۆڵاوەکان بەو بۆنەیەوە

**به گوژمتر بوون**
**ئەوەتا بەو بوونەیەوە**
**ژنە نەزۆکەکان سکیان پڕ بوو**
**منالە نابیناکان چاویان ڕووناکی تێزا**
**باڵندەکان هێلکەی زیاتر دەکەن و**
**پیرەژنەکان خوری زیاتر دەڕێسن**
**ئەوەتا شەو و ڕۆژ تێکەڵاو دەبن و**
**خوداو مرۆڤ دەبن بە سیناهی یەکی بەرجەستە**
**نە ڕۆژە ڕۆژبێ و**
**نەشەوە شەو بێ**
**هەموو شتێک بە بۆنەی لە دایکبوونی پێغەمبەرێکەوە**
**کە دەبینرێ و نابینرێ**
**سەما گرتوویەتی**
**هەموو شتێک مل کەچ دەکات بۆ خوا**
**بە بۆنەی هاتنی خواوە بۆ زەوی و**
**چوونی مرۆڤ بۆ ئاسمان**
**الله... الله**
**هەر تۆی ئەڵا**
**تۆ هەرمنی**
**من هەر تۆم**
**هەر تۆ هەیت و**
**هەر من هەم**
**کە تۆ هەی**
**منیش هەم**
**کەمن هەم**
**تۆش هەر هەی**
**یەکێکمان**
**بەڵگەیە**
**بۆ بوونی هەردوکمان**



*******
**هەی ئەڵا**



**هەم من**
**هەم من**
**هەی ئەڵا**
**ئەڵا من**
**ئەڵا تۆ**
**من من**
**تۆ تۆ**
**یەکێکمان**
**بووینەتە گەواهی**
**بۆ بوونی هەردوکمان**
**هەردوکمان**
**بووینەتە یەکێکمان**

***

**وا لەسەر شاباڵی سیمرخی سیناهی**
**سوڵتان دەهاک و**
**پیرشالیاری زەردەشتی**
**لە کەژاوەیەکی بەزێڕ چنراوی بازنەییدا**
**لەسەر پشتی حەوت پەری شاباڵ یاقووت**
**بەحەوت ئاڵای ڕەنگاڵەوە**
**لە قەراغی ئەوبەری زەڵمدا دابەزین**
**ئەوەتا بە حەوت باڵی ورشەدارەوە**
**بەرەو ئاسمان بڵند بوونەوەو**
**سوڵتان دەهاک حەوت جار لە ناوەڕاستی زەڵمدا**
**قووت دەخوات و**
**پیرشالیاری زەردەشتی حەوت وشە**
**لەچەرمی کەڵەکێوییەکدا**
**بە سوڵتان دەهاک دەبەخشێ و**
**خۆی هەڵدەداتە ناوجەرگەی زەڵمەوەو**
**ڕووناکاییەک لەسەرانسەری زەڵم هەڵقوڵاوە**
**ڕووناکییەکە گەیشتە ڕۆژهەڵات و**
**ڕۆژئاوا**

**پیرشالیار لەناو قوڵپی رووناکییەکەوە**
**بەرزبۆوەو بەرزبۆوە**
**ئیتر شوێن و هەتەری سڕایەوە**
**کەس تەنانەت سوڵتان شێخ دەهاکیش نەیزانی**
**ئایا بەرەو مانگ هەڵفڕی**
**یاخود بۆ ناو شەپۆلەکانی زەڵم گەڕایەوە...**
**ئتر سوڵتان دەهاک هەستی بەحەوت فریشتەکە کرد**
**لە شێوەی ماسی دا لە گەرووی ئاوەکەوە دەرپەڕین و**
**هاتن سنگیان هەڵدڕی و حەوت وشەکەی**
**پیرشالیاری زەردەشتییان بەنەشتەری نوور**
**لەسەر دڵی هەڵکۆڵی و**
**بە دەزووی نوور**
**سنگیان گۆشتەوزوون کردەوەو**
**گەڕانەوە بۆ ناو قووڵایی ئاوەکە...**
**ئەوەتا ئەمە جیهانێکی نوێ و**
**چرکەیەکی نوێیە**
**چ رۆژێکی میهرەبانە**
**هەور بۆتە چەرداخی درەختەکان و**
**منالان لە راڕەوی کۆڵانەکاندا**
**چاوەڕوانی شتێکی نادیاردەکەن**
**دەشێ خەون بەهاتنی**
**سوڵتان دەهاکەوە ببینن...**
**لەشەوی نەورۆزدا**
**مانگێکی پەمەیی و**
**هەگبەیەک ئەستێرەی سەوزو**
**قەرتاڵەیەک باڵندەی رەنگاو رەنگ و**
**سەبەتەیەک تۆپی پێ و**
**مستێک قەڵەم بۆیاغیان**
**لە شارێکی دوورەوە بۆ بێنێ**
**ئەوەتا سوڵتان دەهاک بە گۆچانە پیرۆزەکەی**
**تاوێری تاریکایی شەق و پەق دەکات و**

سەوزەگیای رووناهی تیادا دەچێنێ
سوڵتان دەهاک کە حەوت حۆری باڵدار
هەمیشە سێبەری بەلیسکی خەندە
بۆ دەچنن
لە ئاهورامزدا دەپارێتەوە
لە نێوانی زەوی و ئاسماندا
بۆ هاتوچۆ دورستبکات
پەیژەیەک
بۆ ئەوەی منالان بە ئاسانی
لە باخچەو مێرگەکانی
مانگ و کۆو تەرازوو کاکێشان و مەریخدا
یاری تۆپی پێ و
مووشێن بکەن و
عاشقەکانیش بەسانایی
نەزری دڵی خۆیان لەسەر بانێژەی- لەیل و مەجنوون- دا
دابنێن و
لەگەڵ هەردووکیاندا بۆ یادگار
وێنەی جۆر بەجۆر بگرن...
چەند خۆشە پەیژەیەک
لە نێوانی زەوی و ئاسماندا هەبێ و
پەرییەکان بێن لە رووباری سیروان و
دەریاچەیەی دووکان و دەربەندیخانەدا
بەتۆڕی پرچیان
ماسی بگرن و
بیبەنەوە بۆ مناڵەکانیان لە ئاسمان...
شاعیرەکانیش بۆ ناو ئەستێرەکان
هەڵفڕن و
لە درزە نهێنییەکانەوە
لەگەڵ ئەو حۆرییانەدا چاوبڕکێ بکەن
کە بەبێ پەڕوباڵ
لەدەریاکانی مشتەری و زوهرەدا

مەلە دەکەن و
لەبەر خۆرەتاوی ئۆرانیۆسدا
گولۆڵەی قژیان وشکدەکەنەوە...
ئەوەتا سوڵتان شێخ دەهاک
بەرەو ئێرە دێ
ئەوەتا ئەوەتا
سەرنجی بەرزایی ئاسمان دەدات
من دەڵێم
ئێستا نا تاوێکی دی
لێرە نا لەوێ... لەوێ نا لێرە
گۆچانە پیرۆزەکەی
لە نێوان ئاسمان و زەویدا
بۆ هاتوچۆی خواو مرۆڤ
دەکات
بە پەیژەیەک...



# سێبەرەکانی کەرکووک

**سەلام محەمەد**

**سەرنج:** ئەم شیعرە لە مانگەشەوێکی حوزەیرانی ١٩٨١دا لە زینۆی سووری خڕی ناوزەنگ نووسراوە. بە درێژایی شەو خەریکی نووسینەوەی بووم و بەجۆرێک لەگەڵ سروشتەکەی دەوروبەرمدا گونجابووم، خۆمیش لە ناخەوە ببوومە پارچەیەک لەو سروشتە جوانە. شیعرەکە هەر لە ساڵی ١٩٨١دا لە نامیلکەیەکدا لە شاخ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام چەند ژمارەیەکی کەمی لێ چاپکرا، بۆیە بە فراوانی نەکەوتە دەستی خوێنەران. پاش هەوڵێکی زۆر کە چەند ساڵێکی خەیاند بەهۆی برایانی بەڕێز کاک سەباح ڕەنجدەر و کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد نامیلکەکەم دۆزییەوە و ئەمەیش یەکەم جارە دوای تێپەڕبوونی سی و دوو ساڵ بەسەر نووسینیدا بە بێ هیچ دەستکارییەک وەکو خۆی بڵاوبکرێتەوە.

**ئیمشەو بێداریم کێوێکە گورگ گەمارۆی داوە**
**جۆگەلەی شەوق و ئاوی تریفەی مانگی گەلاوێژ**
**تک تک ئەڕژێنە سەر شووشەی سپی بیرەوەریم و**
**هێجگار لەسەرخۆ**
**ژیلەمۆی تینووی برینەکانم باوەشێن ئەکەن**
**ڕۆحم وەک ڕەگی پیرەدارێکی تازەهەڵکەنراو**
**بۆتە هاوار و قرچە قرچەکەی**
**لە ناو ئەشکەوتی تاریک و دوورا دەنگ ئەداتەوە**
**ئەو ئەستێرەیەی بە ئاسمانەوە بەرەو خوار ئەکشێ**

لە گەڵ تارمایی هەوری لەرزۆکا
چاوشارکێ ئەکا و
ڕەشماڵی تیشکە سێبەردارەکەی
جار جار ئەبێتە گۆمی تریفە و
هەندێ جاریش وەک دایکێکی بە سۆز
بە پەنجەی نەرمی
سەروپەرچەمی
درەختی گوندە ڕاگوێزراوەکان ئەهێنێ و ئەبا
زۆر لە خوارەوە بناری تاریک
گوێی هەڵخستووە بۆ هاژەی چەم و ناڵەی ڕەشەبا و
زیقە و واق واقی تاق تاق کەرەی شەو
بێدەنگی دۆڵ و هەڵمی هەناسەی شاخی چاوەڕێ
وەک کڵاوڕۆژنەی
ژێر لق و پۆپی دەمەوعەسرانی
ڕۆژانی ماچ و دڵداری و ئەوین
لە سەر ئاوێنەی
سەرنجی مەنگ و بیرکردنەوەما
ئەدرەوشێتەوە
منیش هەست ئەکەم هەموو لووتکەیەک
شاپەریەکی بەسەرەوەیە و
لە سەر ئاوازی مەرگ و گیان کێشان
سەما ئەکات و
بەژنی زڕاڤی تۆم نیشان ئەدات
ئای چەندە جوانی
ئەی دەزگیرانی
تەمەنی وێڵ و شەوانی مەستیم
بیرت ئەکەم و نامەوێ هەرگیز بێمەوە بۆ لات
ئەم سەرە گێژەم هەڵئەگرم ئەڕۆم
وڵاتە و وڵات
ئەمڕۆ دڵەکەم بیابانێکە
تەنیا بە ئاوی کانیاوی کوێستان ئەبوژێتەوە



سبەینێ لە سەر شۆستە و شەقامی شارێکی دوورا
وەکو پاشایەک بێ یار و هاوڕێ
بێ خاک و وڵات
سەر ئەنێمە سەر پەرداخی ئاڵ و
شیعری تەنیایی و لەدایکبوونی بۆ ئەخوێنمەوە
نیوەشەویش هات
ئەخزێمە نوێنی گەرم و تامەزرۆی
سۆزانیەکی دەربەدەرەوە
ئەو لەشی ماندووی دائەپۆشێت و خەو بە رۆژانی :
(خاوێنیی گیان، کاتی منداڵی، سەردەمی کۆنی یەکەم دڵداری،
شەوی سووتانی پەردەی کچێنی و خواوە ئەبینێ)
منیش بە ئاستەم
گوڵە ماچێکی سەرخۆش و رێبوار
لە ناوچەوانی تۆمار ئەکەم و دەمەوبەیانی
کە هێشتا نوقمی خەوی شیرینە
بێ ماڵئاوایی دوور ئەکەومەوە
منی بێ یار و بێ هاوڕێ و وڵات
سەری خەواڵووم هەڵئەگرم ئەڕۆم وڵاتە و وڵات
ئەزانم هەرگیز خۆشەویستی تۆم بیر ناچێتەوە
بەڵام دڵنیام نایەمەوە لات
ئەی دەزگیرانی تەمەنی وێڵ و شەوانی مەستیم
چەندەی دوور بە دوور بۆت ئەتلێمەوە
ئەوەندە و زیاتر
لە نزیکەوە لێت بێزار ئەبم
سبەینێ کە خێڵ ئەگەڕێنەوە
سبەینێ کاتێ:
زەردەخەنەی شاخ،
فرمێسکی شار و دێهاتی خەمبار تێکەڵاو ئەبن
چی خونچەی سیس و زەردهەڵگەڕاوی
خۆشەویستانی لێک دابڕاوە، ئەگەشێنەوە
سبەینێ کۆچی خێڵ بەرەو خوارە

کۆچی دڵیشم ڕێگای ژوور ئەگرێت

***

ئەگەر بۆ دە ساڵ داگیرت کردم
ئەو پاشایە نیم ترس دایگرێ و
بەیداخی سپی بەرز کاتەوە
شۆڕەسواریش نیم
حیلەی ئەسپەکەم وەک هەوری بەهار
دەنگت ڕامالێ و
بە رم و شمشێر بێمە پێشەوە
من چەندەی رقم لێت ئەبێتەوە
ئەوەندە و زیاتر
ئەوینت رەگی
لە ناو خوێناوی گیانما چەقیوە



***

وا تریفەی مانگ زەردەکاتەوە و
روو لە ئاوا بوون
هاوار و هاژەی
پێدەشت و چیا و دۆڵی تاریکی
وڵاتی بەفر و خوێن و زریانی داوە بە شانا
منیش بێداریم کێویکە گورگ گەمارۆی داوە
تک تک بارانی سەرنجەکانم
بە ناخی ئاسۆی شین هەڵگەڕاوا
شۆڕبوونەتەوە و
چاوی ئارامیان بڕیوەتە خۆر
کە پاش چەند ساتێ
لە نێوان سنگ و مەمکۆڵەی قوتی
دوو لووتکەی بەرزا
چاوی هەڵدێنێ و
تیشکی زێڕینی
لە سەر روومەتی گەڵای چنار و
باڵای چەماوەی

پەڵەگەنمی ژێر شنەی گزنگ و
زەردە ماسی نێو رووباری سارد و
پیرە دارگوێزا رەنگەداتەوە
ئای چەندە جوانی
ئەی دەزگیرانی پەنا دیوار و
سێبەرەکانی شاری کەرکووکم
ئێستاش هەر تۆزێ چاو بنووقێنم
بۆنی هەناسەت
چەشنی بەرامەی خۆڵی پاش باران
ناخم پڕ ئەکات لە گوڵ و ئاگر
ئەبینم هەردوو باسکی نەرمی خانمێکی جوان
بە سەرە پەنجە بانگم ئەکەن و
بە چاویش باسی

کوڕە شوانێکم بۆ ئەگێڕنەوە
حەزی لە کچی ئاغا کردبوو
ئاغا کە زانی شاربەدەری کرد
جاڕی دا ئەگەر بگەڕێتەوە
هەر بە زیندوویی
بیکاتە خشتی دیوارێکی نوێ
کوڕە تا حەوت ساڵ لە هەردو کێوا
هاوڕێی ئاسک و گورگ و پڵینگ بوو
لەو ماوەیەدا نەفرەتی عەشق ناوچەکەی داگرت
تنۆکێ باران نەهاتە خوارێ
رمڵ لێدەر و مەلا و پیاوچاکان
بە ئاغایان وت:
ئەگەر کوڕە شوان بگەڕێتەوە و
کچەی دڵخوازێ لێ مارە بکرێ
نەفرەتی رەشی ئاسمان لا ئەچێ
ئاغاش جاڕی دا کوڕە شوانەیان هێنایەوە دێ
کچەی دڵخوازیان لێ مارە کرد و
دەمەوئێوارە بەرەو ژووری بوک رێگای گرتە بەر

**پاش حەو ساڵ دووری کە چاوی پێکەوت**
**دڵی داخورپا**
**تەزووی وەک چەقۆ دەمارەکانی بەیەکا هێنا**
**هەردوو باسکی بە دەرگاوە نا و**
**زۆر بە سۆزەوە حەیرانی ئەووت**
**تا لە پڕێکدا نووزەی لێ بڕا**
**کچە کە هەڵسا دەستی بگرێت و**
**بینووسێنێتە باوەشی گەرم و تامەزرۆیەوە**
**هەر لە رەگەوە قۆڵی هاتە دەر**
**تومەزا شوانە بە گڕ و کڵپەی عەشق سووتاوە**
**چاو ئەکەمەوە:**
**هێشتا تارمایی خانمی جوانم لێ ون نەبووە**
**هەردوو باسکی بۆم کردۆتەوە**
**بە سەرە پەنجە و سیمای پڕ تکا**
**بانگم ئەکات و**
**شێتانە دەم و لێوی ئەکرۆژێ**
**ئەی خانمی جوان**
**ئەی دەزگیرانی پەنا دیوار و**
**سێبەرەکانی شاری کەرکووکم**
**منی سووتاوی گڕی دڵداری**
**دڵنیام ئەگەر بێمە باوەشی ئاگرینتەوە**
**لە سەر گەردن و لە نێوان هەردوو مەمکۆڵەی قنجا**
**ئەبمە خۆڵەمێش...**



*******
**ئەمڕۆ دڵەکەم بیابانێکە**
**تەنیا بە ئاوی کانیاوی کوێستان ئەبوژێتەوە**
**سبەینێ کە خێڵ ئەگەڕێتەوە**
**ئەزانم منیش**
**ئەوەندە تاسەی دیدارت ئەبم**
**رەنگە چڕنووکی هەناسەی تاڵم**
**کێو لە بن بێنێ**

**بەڵام ئەڕۆم و نایەمەوە لات**
**سەری شەکەتم ئەدەمە کۆڵا وڵاتە و وڵات**
**من چەندەی رقم لێت ئەبێتەوە**
**ئەوەندە و زیاتر**
**ئەوینت رەگی لە ناو خوێناوی گیانما چەقیوە.**

زینۆی سوور/ ناوزەنگ
١٩٨١



# له كه‌نار با

عه‌بدولموته‌ڵیب عه‌بدوڵڵا



(١)
هه‌میشه له گۆشه‌یه‌كی بارانه‌وه
تارمایی با ده‌كێشم
(٢)
له شه‌قامه خێراكان
وه‌ک گه‌ڵای ده‌م با
خۆم ده‌كه‌مه‌وه.
(٣)
دنیا خۆی به گه‌ڵا نوێ ده‌كاته‌وه
با به شنه‌ی به‌یانی
ژیان ئاو و ئاو ده‌ڕوا.
(٤)
ته‌مه‌نم وه‌ک هه‌ور پێش با ده‌كه‌وێ
تنۆک تنۆک
تاریكی لێ ده‌تكێ.

(٥)
دەزانم باران بۆ هەمووان نییە
بەڵام با
لە گۆڕستانیش دێ
وەک شاردنەوە.
(٦)
دڵم کز بووە
لەبەر باران نا
لەبەر با هەر یەک بەلایەکدا
دەڕۆین.
(٧)
با و با
دەدەمە کێوان
شار بە گوڵ ئاو دەدەم.
(٨)
با لە هەموو گێڕانەوەکاندا
پێش تەنیایی دەکەوێ
بەرەو تەنیایی.
(٩)
هەمیشە بۆشاییەک لەنێوان با و باران
لەبیر دەکەم
بۆ پشیلان.
(١٠)
باران خاڵیبوونەوەیە
بەڵام پایز لە چاوەڕوانی بەرگ دەگۆڕێ
لەبەر با
دەدرەوشێتەوە.
(١١)
با لەگەڵ یەکەم باران
پەیامی خۆی بە خاک دەسپێرێ
مرۆڤ تەنیایە.



(١٢)

**هەموو هەوڵی من ئەوەیە**
**ژیان بە جوانی بنووسمەوە**
**با بە گاڵتە دێ**
**هیچ بە هیچ.**

(١٣)

**ئەوەی گەڵا لە با فێر دەبێ**
**رۆیشتنە**
**ئەوەی مرۆڤ بە بای دەدا**
**زیندەگییە.**



(١٤)

**من دەڵێم درەختی با**
**رەگی نییە**
**گەڵاکانی لە باران.**

(١٥)

**پایز تەڵە بۆ با دەنێتەوە**
**باران دەبارێ.**

(١٦)

**با لێوان لێوە**
**لە رەنجی بێ هودە**
**باران لە ترسی کەوتنە خوارەوە.**

(١٧)

**نیگاری با دەنەخشێنم**
**لەژێر ئاسمان**
**باران توانای گوتنی نییە.**

(١٨)

**شەوبای پیر**
**بەسەرهاتی باران**
**دەباتەوە.**

(١٩)

**ئەمڕۆ خەیاڵم**

**لە پەنا با**

**پشیلە دەیلێستەوە.**

(٢٠)

**با بەر هەمووان دەکەوێ**

**کەسێ نەبێ**

**کەسێ ناگەڕێتەوە.**

(٢١)

**پایز هەمیشە میوانی بایە**

**ماڵی گەڵا لە خوارەوەیە**

**ماڵی با کەس نازانێ.**

(٢٢)

**باران دەریا و دەریا دەمانبا**

**با بەرەو تەنیایی**

**هیچ نەماوە بۆ گوتن.**

(٢٣)

**بازاڕ جمەی دێ**

**لە باران**

**کەس بیر لە با ناکاتەوە.**

(٢٤)

**من لە پشت پۆرترێتی باران**

**لەگەڵ با دەدوێم.**

(٢٥)

**شوێن پێی خەونەکانم لەبەر باران**

**جێماوە**

**با دەینووسێتەوە.**

(٢٦)

**دوور لە باران**

**خۆم بە تەنافێکەوە هەڵواسیوە**

**سەرێکی کەوتۆتە دەست با.**





(٢٧)

**دنیا بەو باکگراوەندە تاریکەوە**
**باران بە با دەکا**
**مرۆڤ بەرەو ماڵ دەباتەوە.**

(٢٨)

**دەمەوێ قسەیەک بکەم**
**بە دزی با**
**کۆڵانەکانی باران ببڕێ.**

(٢٩)

**خشەی گەڵا**
**وێنەیەکمان بیر دەخاتەوە**
**بە کزی بە با دەڵێ**
**نەکەوی.**

(٣٠)

**لەبەر با ڕێگا نییە بڕۆین**
**لە ماڵ دەمێنمەوە**
**باران بە خەو دەسپێرم.**

(٣١)

**چاوم ئەوەندە کز بووە**
**با دەستی دەگرێ**
**لەبەر باران.**

ئەیلوولی ٢٠١٢



# ئەستێرە وردەکان

ئیدریس عەلی



-١-

**ئاخر ئەو رۆژە**
**زۆر سارد بوو**
**نیو مەتر دڵڕەقی دایکردبوو**
**تەنیاییم پروشەی دەکرد**
**زوقم دابووی لە دڵم**
**پەنجەی خەیاڵم تەزیبوو**
**کۆتر لە کاتی فڕینا بەستبووی**
**چرا بە گڕەوە دەخلیسکا...**
**لەبەر کڕێوەی چاوەڕوانی**
**دەرگام بۆ نەدەکرایەوە**
**لە درزی پەنجەرەوە**
**شیعر بە رەشەباوە**
**خۆی دەکرد بە رۆحما...!**



-٢-

باکە دێت و من
شنەشن بیرت دەکەم
باران دەبارێ و من
نمە نمە خۆشم دەوێی،
بۆ نابێ بارانی ئەم عەشقە
بەبێ با
ببارێت...؟

-٣-

من و ئەو
پێکەوە بیر لە یەکتر دەکەینەوە
خەون بۆ یەکتر دەگێڕینەوە
خەم لەیەک دەخۆین
بە چاوی یەکتر سوێند دەخۆین
بۆ یەک دەگرین و
بە قسەی یەکتر ژیر دەبینەوە،
بەبێ یەک لە کەس توڕە نابین و
کەس ئاشت ناکەینەوە...
پێکەوە شیعر دەنووسین و
سەفەری دوور دەکەین و
مردنی نزیک
لە دڵمان هەڵدەبژێرین،
هەردووکمان پێکەوە
لەبەردەم بەلۆعەی حەوشەکەدا
دەست لە دونیا دەشۆین و
پێکەوە ئەدەینە هاڕەی پێکەنین
بە روانینی یەکترا هەڵدەشاخێین و
جار جار
بێ ئەوەی یەکتر بریندار بکەین
لائەدەینە لایەنی سوعبەت و

پێکەوە هەردووکمان
لە ناخی دڵەوە
بێ گاڵتە و
بە جدی
چاوەڕوانی کەسێک دەکەین...!

-٤-

درەنگە
ئیتر فریای باوەشێنکردنی کۆترەکان
ناکەوین
ئیتر
ناپەرژێین
بە پەنجەی ئەم خۆرە
سەری باخچە بخورێنین...!



-٥-

چۆلەکە
دایان بەسەر باخچەکەدا
هێلانە داگیرکراوەکانی خۆیان
دایە بەر دەسڕێژی
جریوە...!

-٦-

بەرلەوەی بڕۆم
بیرم بوو
بە خودا بڵێم
تا تەنکییەکەی سەربان
پڕ نەبێت لە میهرەبانی
بارانەکە نەگرێتەوە...!

-٧-

**خوی منالّی گرتووە**

**ئاسمان،**

**چاوێکی لێ سوورکەیتەوە**

**لە ترسا... خوڕەخوڕ**

**باران دەکات**

**بە خۆیدا!...**



# من

## (دەقی تەمەن)

● ناڵە حەسەن

### بەشی سێیەم

-١-

من لەنێو پایزێکی نێو چاوەکانی تۆ
دەمەوێت هەموو وەرزەکانی جەستەت گەمارۆ بدەم
من لەژێر کەپرێکی بنار مەمکۆڵەکانی تۆ
دەمەوێت هەموو کەنار دەریاکانی گەردوون گڕبدەم
کە عەشق لەنێو خەونەکانی تۆ هێندە نیشتیمانێکی گەورە بێت
ئیدی بۆ دەبێت من
تا ئەبەد لە دووری تۆ و لە دووری نیشتیمانەکەمدا بسووتێم

-٢-

من لە ژیان بۆ هیچ شتێک ناچەمێمەوە
تەنها مەمکەکانی تۆ نەبێ
بۆیە تا مردن
خۆم بە مورید و
ئەسیری جەستەی تۆ دەزانم

-٣-

من تەمەنی خۆم کردە مۆمێک و
لەنێو مەمکۆڵەکانی تۆم داگیرساند
هەموو تێکستە ئیرۆسییەکانی خۆم
لەسەر جەستەی تۆ نووسییەوە
تۆش ژیانی منت لەنێو
ژوورە تاریکەکانی مردن جێهێشت و
چاوەکانمت پڕکرد
لە ئەستێرە زەرد و سوورەکانی بێهوودەیی

-٤-



ڕەشبینی من
لە ڕەشبینییەکەی بەفر دەچێت
کاتێک
بیر لە خۆم و بیر لە خەونەکانم و
بیر لە ژنە ڕەشپۆشەکەی
نێو شیعرەکانم دەکەمەوە

-٥-

بە بڕوای من
بنەچەی شیعر دەچێتەوە سەر
ڕەگی جوانییەکانی تۆ
بۆیە
هەمیشە و هەمیشە و هەمیشە
زەردەخەنەی سەر روخسارت
منی شاعیر مەست و حەیران دەکا

-٦-

من بە پرشنگە مێیینەکانی خەیاڵت
نیشتیمانی نێو شیعرەکانم دەڕازێنمەوە
بە مۆرفیمە نارنجییەکانی نێو خەونەکانیشت
بوونم پڕ دەکەم لە تۆ

-٧-

من بە مەسکارا و قەڵەمی لێوە ناسکەکانی تۆ
چەندین دیوانە شیعرم نووسییەوە و
کەپرێکیشم
لە وشە ئیرۆسییەکانم بۆت دروست کرد

-٨-

ئەی مەریەمی مورادەکانم
من و ئەم گەردوونە
پیربووین بە میلۆدییەکانی مردن
دە بەم کەمانچەی
پرچە خەنەییە ئاوریشمییەت
ئاوازێکی نوێمان بۆ بچڕە

-٩-



ژیان لە ژوورەکەی من
لە گۆشەیەکدا
بە گرمۆڵەیی پاڵکەوتووە
لەو ئێوارەیەش
کە بۆنی مردنی لێدێ
ستیانەکەی
بە تەنافی بێهوودەیی
هەڵدەواسێ

-١٠-

من ئایندەی خۆم و ئومێدەکانم
بە تۆ بەخشی
تۆش لیمۆیە سەوزەکانی ئارەزووەکانی خۆت
من هەموو ژیانی خۆم تەسلیم بە تۆ کرد
تۆش مشتێ لە خۆڵەمێشی خەمەکان و

چەند پایزێکی
نێو باخچەکانی عەشق و هیچیتر



-١١-
دڵۆپ دڵۆپ
لەسەر گۆنات
دەڕژێمە نێو کۆشی خەونەکانت
رانەکانت تەڕ دەکەم
بە خەیاڵە گەرمەکانم
هەموو جەستەت دەکەمە ئاو
دەتشۆمەوە بە شەونم
تا تێکەڵ بە خاک ببیەوە
دووبارە
وەک کولیکە سوورێکی چاوڕەش
سەردەربێنیەوە
لەنێو پێدەشتەکانی دڵی من

-١٢-
من بە هەر رێگایەکدا دەڕۆم
لەو سەرەوە دەگەمەوە
نێو
کێڵگەکانی مردن و
باغەکانی بێهوودەیی
دەزانم لەنێوان من و تۆش
سەبەتەیەک
لە نهێنییەکانی عەشق هەیە
لەگەڵ ئەوەش
مەرج نییە هەموو جارێک
من و تۆ
بەهەمان رێگادا رێ بکەین

-١٣-

من هەموو جوانی
نێو سروشتی
خەونەکانی خۆم
بە تۆ سپارد
دە تۆش
لاولاوەی خەونە سپییەکانت
سپییێتی لاولاوەی خەونەکانت
خەونە سپییە لاولاوەییەکانت
بە من بسپێرە ئەی شۆخ

-١٤-

منماڵێکم لەنێو هەورە
ماڵێکیشم لەوبەر دەریا
من بە جەستە
لەنێو کۆڵانەکانی ئەستێرەم
بە رۆحیش
لەنێو شەقامەکانی گژوگیا
بە خەیاڵ
لەنێو سەهۆڵبەندانی غوربەتم
بە خەونیش
وام لە ئامێزی
برووسکە و گەردەلوول و رەشەبا





-١٥-

**من من من**
**تۆ تۆ تۆ**
**ئەوە چی بوو**
**هەر نەبڕایەوە**
**ئەم چیرۆکی مردنی من و**
**ئەم ڕەشبەڵەک و**
**بە کەعبەبوونی عەشقەی تۆ؟!**

کۆتایی فێبریوەری ٢٠١٣

# بمکەوە بە مرۆڤ

بژار حەکیم



ئەوە هەرتۆی بەتەنیا هەرتۆ
لەگەڵ مانگ پێدەکەنی
لەگەڵ خۆر دنیا رووناک دەکەی
ئەوە هەرتۆی بەتەنیا هەرتۆ
لە نهێنی تاریکی دەگەی
دەزانی شەو بۆ هێندە رەشە
دەزانی ئاگر بۆ پڕە لە سووتان
دەزانی ئاو بۆ بێباکە لە خنکاندن.
هەرتۆ بەتەنیا هەرتۆ
لە نیگای ئاسمان دەگەیت
فرمێسکی باران دەسڕیتەوە
باشتر لە شپرزەیی -با- تێدەگەی
چاکتر لە پرتەوبۆڵی تەرزە حاڵی دەبی
جوانتر لە گریانی گوڵ دەگەی.
ئەوە هەرتۆی بەتەنیا هەرتۆ
بە دەنگی بولبول
بە قاسپەی کەو

بە گمەگمی کۆتر دێیە سەما.
هەرتۆ دەتوانی...
دەستی پەپوولە بخوێنییەوە و ڕێی خۆشبەختی نیشانبدەی
ڕێنوێنی نەورەس دەکەی بۆ فڕین
ئامۆژگاری شەپۆڵ دەکەی بۆ هێوربوونەوە
پەڕوباڵی –تاوس– لە تەنیایی ڕەنگ دەکەی.
ئەوە هەرتۆی بەتەنیا هەرتۆ

هەرچی باخچە هەیە بە تۆوە سەوزە
هەرچی کانی و رووبارە بە تۆوە تەڕە
هەرچی مەیە بە تۆوە مەستە!
تۆ فێرتکردم...
ڕێز لە سرووشت بگرم و
باخچە بکەمە ماڵی ئارامیم و
باخەوانم لە سیاسییەکان خۆشتربوێ
فێرتکردم...
گوللە بنێژم و گوڵ بڕوێنم
ئێستا باخەوانێکی دڵنەرمم
سەودام لەگەڵ سروشت و دەنگی باڵندەیە
لەگەڵ تۆپەڵی بەفر
لەبەر هەتاو خۆمان هەڵدەخەین
توانەوە تور دەهاوێژین دوور!
ئەوە هەر تۆی بەتەنیا هەرتۆ
گومان وردوخاش دەکەی
ماچ دەکەیە لۆگۆی عەشق و ناسکی بەرهەم دێنی
کراسم لە ڕێحانە بۆ دروست دەکەی
پاڵتۆ لە گیا
گۆرەوی لە پوونگ
جووتێک پێڵاوم لە خۆشبەختی بۆ دەچنی
کەوابێ دڵت ناشکێنم
بە دڵی خۆت دروستم بکە
بە دڵی خۆت وێرانم بکە

قسەیەکم نییە بۆ گووتن، دۆش داماوم دۆش!
ئەوە هەرتۆی بەتەنیا هەر تۆ
رۆیشتن دەپێچییەوە و دووریی لەت لەت دەکەی
ئاو دەگەڕێنییەوە دواوە
زیکزیکە دەکەیە کۆڕس
بۆ خۆشترین گۆرانی کەنار دەریا
کرێوە بە ئاسمان وشک دەکەیەوە
باران دەخەیە کونجی دەلاقەیەک
منداڵ رادێنی بۆنی باران لەخۆیان بدەن
تۆ دەتوانی...
گۆچان بکەیە شمشاڵ
پیربوون دەکەیە میوزیکژەن و قورگ پڕدەکەی لە ئاواز
فوو لە قورسایی دەکەی
بۆشایی ئاسمان پڕدەکەیەوە
وەرزەکان دەنێری بۆ گەشت و زەوی لە چەشنی تۆپ شووت دەدەی
ئای تۆ چەند سەیری!
کلیلی هەموو دەرگە داخراوەکان تۆی
خۆشبەختی هەموو ناخۆشییەکان تۆی
سەرچاوەی هەموو زانیارییەکان تۆی
زەردەخەنەی دوای هەر گریانێک تۆی
ژیانی دوای مەرگیشم هەر تۆی
تۆ هەمووشتێکی هەموو شتێکیش تۆی
من هیچ نیم هیچ!
تکایە بمکەوە بە مرۆڤ.

# شێتبوونێکی بەپەلە

زانا سامان



خۆم تێکوپێک دەشکێنم
وا دەکەم کەس نەمناسێتەوە،
گووزەری تێپەڕینەکانم دەگۆڕم
لەسەر سەر
ڕێگاکان دەبڕم،
لەجیاتی چاوم
پشتم لەسەر عیشق دادەنێم،
عەجیب خۆم ئاڵۆزکاو دەکەم
وەک بڵێی تەنها پۆرترێتێک بم،
خۆم توند توند رادەکێشم و
کەوانەیەک بۆ تەنیایی دروست دەکەم،

دەقم گرتووە بەم وتنانەوە
شەقامەکان دەپێچمەوە و
کێڵگەکان سەرەو بن دەکەم،
تورەم مەکە نا
دەنا چمکی کراسەکەت هەڵدەدەمەوە و

تەماشای پاشەڵت دەکەم.
جیقە لە حەسەن زیرەک هەڵدەستێنم و
ماملێ دەکەم بە گۆرانییەکانیدا
لە تۆ پەست نیم،
خۆم ئەم شێتییەم گەرەکە

دڵ هەتا لە من دەر نەچێت
مەحاڵە من لێی دەرناچم
بۆم بهێننەوە
وادەی ویساڵی
ئەوێی مەستی نوزە نوزەکانی عیشق
بۆم بگێڕنەوە
کە من لەناو خانەکانی تەنیاییدا بزربووم
کێ بوو کێ
ببووە جێنشینی قەسیدەکانم،
کێ وەک خۆم
ئەدای شیعریی زێدە جوانتر بوو،
مەیلی بۆنکردنی گوڵێکم هەیە



ئیتر وا دەکەم
دەیکەمە شەڕە شەق لەگەڵ مانگ،
هەتاو دەکێشم بە باخدا و
رووناکی شەقامەکان خامۆش دەکەم،
دەیکەمە چەنەبازی لەگەڵ قەسیدە
نایەڵم خەیاڵەکانی بسرەون،
شار بچووک دەکەمەوە
بەقەد بارستایی گوندێکی لاچەپەک،
هەرچی ناخۆشییەکان هەیە من دەیانکەم و
جانتای پڕ لە مەکری کچێک فڕێ دەدەم،
ترس دەخەمە شیعرەوە و ئارامی تێدا ناهێڵم
هەر بە ئەنقەست

دەنگی خالقی گڕ دەکەم و
هاوار دەکەم
هەی یاری نە نازدار
دەردم لە تۆ.



دەموچاوم لە سەرەوە
تێک ترەنجاوە
خوارەوەم پڕ بووە لە بۆگەنیی
شەق... شەق
درەختەکان پیس دەشکێنم
ئێڵنج دەخەمە باخەکانەوە،
توڕەم مەکە نا
دەنا جوانیت دەشێوێنم و
مەکەکانت
لە بنەوە را دەبڕمەوە و
بە منالآنی کۆڵان دەڵێم:
تۆپ... تۆپێنی پێ بکەن،
،

نا نا قسە لەسەر شەهیدەکان ناکەم نا
چونکە ئەوانیش وەکو من شێت بوون
من لەپێناوی شیعردا و
ئەوانیش نیشتمان
خۆمان بزرکردووە،
من و ئەوان دووانەی یەک شێتبوونین... بەخوا،
توڕەم مەکە نا
ئەگینا بە سووراوەکانت
تراژیدیا دروست دەکەم و
هەموو دنیا سوور دەکەم بە خوێن،
هەیلەوە
زۆر سەیرە ئەم شێتبوونە
حوکمی هەردوو دنیاکە دەکەم،

حەیران... حەیرانە
ئەو بۆشاییە گەورەیە چییە
مرۆڤەکان نایبینن
ئەو هەموو بەجێمانە نەوتراوانە
چون کۆبکەمەوە،
ئەو دنیا وتراوانە
هۆقەیەک لەوان ناهێنن،
تورەم مەکە نا
دەنا لەجیاتی سەر سینەت
تاوڵە و دۆمە
لەسەر سمتەکانت دەکەم و
خەڵک فێری قومارچێتی دەکەم و
ئیتر لە خۆشییاندا
شێتبوونەکەم رادەگەیەنم،



# پەیکەرێکی بێ سوود

هەژار قانع



ئێوارە بوو...
لە بەردەرگا دایان نام
ڕێک لە نزیک سەڵەی خۆڵەکەوە
شەو درەنگ بوو
وردە وردە...
تاریکی ڕۆحی دەخواردم
سەرما...
جەستەی ڕەق دەکردم
ئاگام لە خۆم نەما...
بەیانی...
بە دەنگی سەیارەی خۆڵەکە بەئاگاهاتم
خۆر زەوی داگیرکردبوو
نەم ئەتوانی هاوار بکەم
دەمم بەستبووی...
هاوارەکانم...
لە گەروما قەتیس مابوون...

**ئێشتایش بیرمه!**
**پیاوێک...**
**لەگەڵ زبڵەکەدا خستمییە ناو سەیارەکەوە**
**لە دەشتێکی چۆڵا...**
**لەناو گڕ و دوکەڵ و جیهانێک زبڵا**
**وەک ئامێرێکی لەکارکەوتوو فڕێدرام**
**لە ناکاو...**
**بەهەڵەداوان**
**پیاوێکی پیر...**
**وەک بووکەڵەیەکی گەورە**
**لەبن دەستی نام...**
**بردمی بۆ دوورگەیەکی چۆڵ**
**بۆ ناو گەنمێکی ماش و برنجی**
**وەک داهۆڵێک چەقاندمی**
**دەمبینی...**
**گەنمەکە بەردەوام دەخورا!**
**ئەفسووس...**
**چۆلەکەکان زوو زانییان**
**کە من پەیکەرێکی بێ سوودم.**



# عەشقەلەرز

محەمەد عەلی یاسین

کەس لێرە نییە
پیاسەیەک لەگەڵ من بکات
جێ لە من
جگەرە لە تۆ
عەشق لە خودا
ترس لە شار
کەس لێرە نییە
دەستێک لەسەر غەریبی من دابنێت
دڵ لە من
ئامێز لە تۆ
رەحم لە خودا
شەو لە شار
کەس لێرە نییە
تەنیایی من تاقی بکەوە
لێو لە من
ماچ لە تۆ
باران لە خودا
بیابان لە شار
کەس لێرە نییە
تەنیایی من بژیەنێتەوە
مەیخانە لە من
ئاشوب لە تۆ
رەنگ لە خودا
دەنگ لە شار



شیعری گۆرانی

# بۆنی مەرگ

کارزان جەلال

نیوەشەوێکی سامناکە خەڵکی شار هەمووی نوستووە
مانگەشەو بێ سەروشووێنە ئاسمان لە هەورا ونبووە
دنیا ساردە و تنۆک تنۆک باران بە (با)وە دەبارێ
بەناو ژوورە تەنیاکەمدا تارمایی مەرگ دێ و دەچێ

بۆنی مردنی خۆم دەکەم بیناییم تاریک و تارە
لە وێرانەی دڵم ئەچێ کوچە و کۆڵانی ئەم شارە
بێدارم و گرمەی هەوری شتاو تاوێ رام ئەچڵەکێنێ
لە ناخەوە هەنسک ئەدەم کەس لە خەمم رانامێنێ

شەپۆلی خەیاڵ بردومی بەرەو دنیای مەرگ و تابووت
بەرەو گۆڕستان و نەمان بۆ ژێر دار ئەرخەوانی رووت
خۆزگە دەستم دەچووە خۆم تا ئەمشەو خۆم بکوشتایە
خوێنی خۆمم بەسەر گەڵای هەڵوەریودا بڕشتایە



# ئەو گریا...

باران- ستۆکهۆڵم

لە باڵکۆنیماڵەکەی خۆمەوە، دەڕووانمە پەنجەرەی یەکێک لە سپیترین ئەپارتمانەکانی شارەکە. من کە هەمیشە حیکایەتی پشت پەنجەرەکان خەیاڵیان بردووم و وروووژێنەری ئەندێشەم بوون، تایبەت لەم پەنجەرەیەوە چەندین چیرۆکم ئەفراندووە. بە کاریگەری ڕووداوەکانییەوە، پۆل پۆل پەپوولە بەناو سکمدا فڕیون و بە سەدان هەستی بزوێنەر لە سینەمدا، چوون دار هەنار، گوڵیان کردووە.

ئەوێ ماڵی گەنجێکی تاقانەیە. مۆسیقارێکە (سەنتوور) دەژەنێت. بە هەڵسوکەوت و ئاکارییەوە دیارە خۆی تەنها لەگەڵ عەشقێکی ئەزەلی ناو دڵ و دەروونیدا دەژی. ڕۆژەکانی زۆر لە یەکتری جیاواز نین، بەڵام لە هەر ڕۆژێکیدا چەند ساتێکی هەیە، هێند هەستیار و مانادارن، پڕاوپڕی تەمەن و گشت دنیا دەهێنن. ئەو کە سەنتوورەکەی دەخاتە باوەشی و ئاراستەی ڕووانینەکانی، نووقمی نیگای مەعشووقە ڕۆحانییەکەی دەبێت. ئەو کە ئاوازێکی پڕ نەوای باوەش بە هەموو بێنەوایانی سەر زەویدا دەکات. کاتێک بە ریتمێکی تووڕە، دژی ستەم و بێ دادی دەوەستێت. کە بەدەم بیرکردنەوەوە، بە لەسەرخۆیی خۆییەوە، خواردن ئامادە دەکات و کەلوپەلەکانی ڕێکدەخا و بۆ پیاسە تا ئەوسەری شەقامەکە دەڕوات... کتومت لە فریشتە دەچێت!

ئەمڕۆ هەر کە هاتمە باڵکۆنەکە و چاوم کەوتە سەری، بینیم گەڵێ کپ و قووڵ بەدیار تەنهاییماڵەکەیەوە دانیشتووە. خەیاڵم بردبوومییە ژوورەکەی کە لەناکاودا هەستم کرد دەستی کرد بە گریان! ئەو گریا و من دڵم کەوتە ناو مستم! گەردوونم بچکۆلە بووەوە و خۆر لە ئاسمانمدا بووە پەپکە سەموونێکی سووتاو. هەرچی ساتی خۆش و دەمە شادەکانی ژیانمە، چون موررووی ملوانکەیەکی پچڕاو، لێمکەوتن و وەها پەرشوبڵاو بوونەوە، کە نەمزانی هەر دەنکێکیان کەوتە کوێوە. ئەو دەگریا و من وەک منداڵێک کە نەزانێت هاوڕێکەی بۆ دەگری و نەتوانێت ڕێ لە چەمانەوەی ماسوولکەکانی لێوی خۆی بگرێت، لەگەڵیدا دامە قوڵپەی گریان. ئەو دەگریا و من دەگریام. ئەو دەگریا و من لە دڵی خۆمدا دەمگووت خودایە بۆ دەگری؟ خودایە بۆ باش نییە؟ خودایە بۆ دەگری؟ خودایە ئەو باش بێت...

وەک عاشقێک، یارەکەی لە جەنگێکی دوورەدەست دا، زامدار بێت، دڵم کەوتە ختوورە. دەستم کرد بە گومانکردن، وەک مولحیدێکی توورە. پەرۆش بووم بزانم بۆ دەگری. تک تک بە ناخی زەویدا رۆدەچووم و تەمەننام دەکرد پێم بکرایە دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکەکانی سەر رووی بگەڕێنمەوە ناو زەریای چاوی. من لە دوورەوە تەماشام دەکرد و دەمخواست راکەم سەری بنێم بە سنگمەوە. سەد هەزار ماچی بکەم و بە لەئامێزگرتنێکی قایم، دەروونی پڕ لە تۆفانی ژیرکەمەوە، بەڵام من هەستم دەکرد، ئەو کە دەگری، نایەوێت لێی نزیک ببمەوە. ئەم نەویستنەشی، رەفتاری ئەو (گۆریلا)یەی یاد هێنامەوە کە لە یەکێک لە باخە گەورەکانی (کامیرۆن)دا، بینیبووم چەند بێزار و بێحەوسەڵە پەنجە گەورەکانی لەسەر چاوەکانی دانابوو، وەک ئەوەی بڵێ تاقەتم نییە سەیرم بکەن. وای لە دیمەنی ئەو گۆریلایە و وای لە بینینی فرمێسکی پیاوێک کە بە دڵ دەگری. گۆریلایەک کە بە زەبەلاحی خۆیەوە، ساکاریبوونی خۆی دەنوێنێت. پیاوێک کە چیا ئاسا سەرکەش وەستاوە و ئاو ئاسا هەستی دەڕژێنێت.

من هەر لە دوورەوە سەرنجم دەدا و نیگەرانی دۆخەکەی بووم. لەگەڵ خۆمدا بۆی دەدوام، هەرچی باسە دەمهێنا و دەمبرد، دەمویست هەرچۆنێک بێت لەو گریانە سەرقاڵی بکەم، یان بە هەرشێوەیەک بێت شتێک بکات، شتێکم پێ بڵێت، شتێک تێبگەم. پێیم دەگووت دۆستی شیرین، ئاشکرایە و هەمووان کۆکین لەسەر ئەوەی کە؛ کەس هەموو شتێکی نییە، بەڵام هەموو کەس شتێکی هەیە.

لێ دوای ئەم راستیی نەبوون و هەبوونە، من مرۆڤەکان دەکەم بە سێ پۆلێنەوە! یەکەمیان ئەوانەن کە ئەوەی هەیانە، لای خۆیان هەموو شتێکە. ئەوەی هەیانە هەموو مانایەکی بوونیان پێدەدات و هەموو دەروازەیەکی ئومێد و هەوڵدانی تێدا دەبیننەوە. ئەو کەسایەتییانە، ئەوەی دەیخوازن و پێیدەگەن، بۆ هەمیشە لایان بەرز و پیرۆز دەمێنێتەوە. دووەمیان ئەو مرۆڤانەن کە چارەنووس ڕووبەڕووی شتێکیان دەکاتەوە کە شایەت دەبێتە هەموو شتیان. ئەوان کە ئەگەرچی شتەکەیان هەڵبژێردراوی باڵای هەموو دەمیشیان نەبێت، مانایەک لە لەپێناودا ژیان و بەتاڵ نەبینینی خۆیاندا دەبیننەوە. سێیەمیشیان ئەو کەسانەن کە بەردەوام تینووی شتێکن کە نیانە. ئەوانەی کە هەبوون و گەیشتنیان بە هەر شتێکیش تەنها تاوێک پڕیان دەکات و دووبارە دەکەونەوە، خەمی خاڵیبوونەوە و وێڵبوون بەدوای هەر شتێکدا کە نیانە. من وەک شتێک هەست دەکەم دەزانم تۆ لە کام پۆلێنەیانی، بەڵام وەک شتێکیش حەز دەکەم خۆت زیاتر بۆم روون بکەیتەوە. بۆ ئەمەش رەنگە تەنها ئەوەندەم بەس بێت کە ئەگەر بە ئیشارەتێکیش بێت پێم بڵێی بۆ دەگریت؟! ئەگەر لە جۆری یەکەمیان بوویت، لە دڵمەوە، دڵم پێت و بۆت خۆش دەبێت. ئەگەر لە جۆری دووەمیش بوویت هەر پەسەندە و خەمتم نابێت، بەڵام خۆ ئەگەر لە جۆری سێیەم بوویت، پێویستە زۆر پێویستە زیاتر وتووێژ بکەین و بیر بکەینەوە. بەشکم بە رێگایەک بگەین بمانگەیەنێتە سەر پۆلێنەکانی دیکە. ئاخر مەحاڵە مرۆڤ هەبێت لە ژیانیدا، شتێک نەدۆزێتەوە کە مانا ببەخشێت و شتێک لە ئاسوودەیی لە پاڵدا ببینێتەوە.

ئەو هێشتا ژیرنەبووبووەوە کە بینیم کتێبێکی بەدەستەوە بوو، ماچی کرد و لە بەردەم سەنتوورەکەیدا داینا. من وا مەزەندەم کرد کە ئەوە پەڕاوی نۆتەی ئاوازەکانی بێت. من نازانم خۆ لەوانەشە هەر کتێبێک بێت کە بۆ ئەو هەڵگری کۆمەڵێک یادەوەری بێت، یاخود جێی بزواندن و کاریگەریی بێت، بەڵام زیاتر وا پێدەچوو داستانێکی مۆسیقی بێت، چونکە ئەو پەرتووکە، هەم لەوەی دەکرد بەخشەری ئارامیی و ئاگایی بێت بۆی و هەم لەوەشی دەکرد خودی ئەو نووسراوانەی ناوی، هۆکاری بارینی فرمێسکەکانی بێت!

ئیدی من هەندێک هێوربوومەتەوە. لێ لە جاران پتر هەست بە نزیکی ئەو ئازیزە دەکەم و حەز دەکەم گفتوگۆیەکانم لەگەڵیدا زیندووتر بێت. ئەو وا پاکەتی جگەرەکەی هەڵگرتووە و بەرەو باڵکۆنەکەی دەچێت. من بە هەنگاونانم بەرەو

ژوورەکەم، باڵکۆنەکەم جێدێڵم و بیر لەوە دەکەمەوە چۆنچۆنی رووبەڕووی ببمەوە. ئایا نامەیەکی بۆ بنووسم، لێوانلێو بێت لە مەستی و مۆسیقا، یاخود هەر ڕێک بچم لە دەرگاکەی بدەم و پێی بڵێم کە دەمزانی چاوەڕێم دەکات. یان رەنگە پێویست بە هیچیش نەکات. چوون هەنووکە من بوومەتە کاراکتەری پشت پەنجەرەکە و ئێرە بووەتە ماڵی سەرنجدانی ئەوان لەوبەرەوە. ئێستاکە ئیتر ئەو دەشێت لە باڵکۆنەکەی خۆیەوە درک بە هەستم بکات و هەموو حیکایەتەکانی ئێرە بخوێنێتەوە.

شادم و هەست دەکەم گەردوونمان بە گەورەیی خۆیەوە لەگەڵە. دەبینم خۆر لە ئاسمانماندا، لە گشت رۆژێک زیاتر دەدرەوشێتەوە. شانازیی بە بوونی پڕبەهای ئەو و دڵخۆشییە جوانەکانمەوە دەکەم کە وەکو مووروویی بەنرخی قەشەنگترین ملوانکە، بە گەردنمەوە دەبریسکێتەوە. حەز بە نووسین دەکەم و وەک داری دەستی مایسترۆ قەڵەمەکەم رادەوەشێنم، بە وەرین و پرشنگدانەوەی ئەستێرە و وشەی سۆز و دڵنیایی لێی، دەروونی دەبووژێنمەوە. وەک شازادەیەکی دڵنیا، بەنێو بێستانەکانی مەملەکەتەکەمدا گوزەر دەکەم و موژدەی سبەینانێکی تەڕ بە هەرێز و گوڵ و درەختەکان دەدەم. دیدەم بۆ رووانین لە ئەو هەڵدەهێنم و بۆ دروست چوونە ژوورەوەی دڵی، دەنگم بۆ گوتنەوەی پڕ هەست و نەستی نۆتەکانی مۆسیقا بەرز دەکەمەوە...

دۆ ڕێ می فا سۆل لا سی دۆ
دۆ سی لا سۆل فا می ڕێ دۆ
دۆ ڕێ می فا سۆل لا سی دۆ
دۆ سی لا سۆل فا می ڕێ دۆ

Mars 2013
www.baran.nu

# وەرگێڕان

| | |
|---|---|
| رۆژهەڵات و رۆژئاوا | سەلاح حەسەن پاڵەوان |
| مێژووی رووناکبیریی فەڕەنسی لە سەدەی بیستەمدا | جەمال نەجاڕی |
| چەند کورتە چیرۆکێکی ئەدیبی سوریایی زەکەریا تامر | عەبدوڵلا مەحمود زەنگنە |
| کاتێک بەرزایی ئاسمانەکان یەکدەگرنەوە | هەنار ئەلسراج |
| دوو شیعری یەدوڵلا رۆئیایی | یونس حسەینی |
| هەڵبژاردە لە شیعری پۆشکین | ئاوات حەسەن ئەمین |

# رۆژهەڵات
# و
# رۆژئاوا



نووسینی: د.ت. سوزوکی
و. سەلاح حەسەن پاڵەوان

ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندە کارامە و چوستوچالاکە رۆژئاواییەکان، هەریەکەیان لە روانگەی تایبەتی خۆیانەوە گرنگیان بە بابەتی "رۆژهەڵات و رۆژئاوا" داوە، کەچی تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە نووسەرانی ئەوپەڕی رۆژهەڵات وەک کەسانێکی رۆژهەڵاتی لەسەر روانگەی خۆیان دەربڕینیان پێشکەش کردووە. بۆیە ئەم راستییە بەرەو ئەو رێڕەوەی بردم تا ئەم بابەتە بە دەستپێکێک دەست پێ بکەم کە لە خوارەوە دەیخەمە روو.

باشو (١٦٤٤-١٨٩٤) کە شاعیرێکی مەزنی ژاپۆنی سەدەی حەڤدەیەم بوو، جارێکیان شیعرێکی حەڤدە کۆپلەیی دەنووسێت، ئەو شیعرە وەک دەنگ بە شیعری هایکۆ ناسراوە، یان (هوکو). ئەمەش شیعرەکەیە:

**کە قووڵ دەڕوانم**

**دەبینم لەسەر پەرژینەکە نازونا**

**گوڵی گرتووە، ئای لەو جوانییە!**

**یوکو میریبا**

**نازونا هانا ساکو**

**کاکینی کانا**

ڕەنگە لەو کاتەدا باشو بە ڕێگایەکی لادێیدا ڕۆیشتبێت و تێبینی کردبێت پەرژینەکە شتێکی شاردووەتەوە. کەلێی نزیک دەبێتەوە و بەقووڵی لێی دەڕوانێت، دەبینێت لە رووەکێکی کێوی زیاتر هیچی تر نییە، ئەوەندە گرنگ نییە و تەنانەت نابێتە جێگەی سەرنجی ڕێبوارانیش. ئەم ڕووداوە ڕووداوێکی سادەیە و شاعیر لە شیعرەکەیدا وێنای دەکات، بێ ئەوەی هیچ دەربڕینێکی هەستی شیعری تایبەتی تێدابێت، تەنیا ئەو سەرسوڕمانییە لە دوا دووکۆپلەی شیعرەکەدا دەبینین. کە لە ژاپۆنیدا هەردووکیان بە (کانا) دەخوێنرێنەوە. (کانا) وشەیەکە زۆرجار پێوەندە بە ناو و سیفەت و حاڵەوە، هەروەها بەڵگەیە بۆ هەستێکی تایبەت بەرامبەر بە سەرسوڕمانی، یان وەسفکردنی بێ سنوور، یان خەم و شاگەشکەیی، یان دەکرێت هەندێجار بەشێوەیەکی گونجاو وەک نیشانەی سەرسوڕمان وەربگێڕدرێت. ئەم نیشانەیە ئەو نیشانەیە هەموو شیعرە هایکۆکانی ئێستەی پێ کۆتایی دێت. ئەو هەستە باوەی پێشکەش کراوە لە ڕێگەی هەڤدە کۆپلەکانەوە یان لە ڕێگەی ١٥ کۆپلە شیعریەکان کە بە نیشانەی سەرسوڕمان کۆتاییان دێ، ڕەنگە بەوشێوەیە نەگاتە ئەو گوێگرەی کە زمانی ژاپۆنی نازانێ. تابۆم بکرێ تێدەکۆشم ڕاڤەیان بکەم. سەرباری ئەوەش ڕەنگە خودی شاعیرەکە خۆی بە لێکدانەوەکەی من ڕازی نەبێ، بەڵام ئەمە ئەوەندە گرنگ نییە ئەگەر زانیمان بەلای کەمەوە کەسێک هەیە بەوشێوەی من لێی حاڵی دەبم، ئەویش لەو شیعرە حاڵی دەبێت. پێش هەموو شتێک، باشوی شاعیر وەک زۆربەی شاعیرەکانی ڕۆژهەڵات، شاعیری سروشت بوو. شاعیرانی ڕۆژهەڵات بێئەندازە ئاشقی سروشتن، بەجۆرێک وا هەست دەکەن ئەوان بەشێکن لە سروشت، هەست بەهەموو لێدانێک دەکەن بەنێو دەمارەکانیدا تێدەپەڕێ. بەڵام ڕۆژئاواییەکان زۆربەیان ئارەزووی ئەوە دەکەن نامۆیەک بن لەگەڵ سروشتدا. لەو بڕوایەدان تەنیا لە هەندێ ڕووی حەزەوە شتی

هاوبەش لەنێوان مرۆڤ و سروشتدا هەیە، وەکی تر ئەو دووانە بەیەکتری نامۆن. سروشتیش بۆ ئەوە دروست بووە تا مرۆڤ سوودی لێ ببینێ. کەچی سروشت زۆر لە رۆژهەڵاتییەکانەوە نزیکە. ئەم هەستکردنە بەسروشت لەو کاتەدا ئاشکرا بوو کاتێ باشو رووەکێکی شاراوەو پشتگوێخراوی دۆزییەوە. لە سەرە رێگای کوێرە گوندێکدا و لەسەر پەرژینێک روابوو، روابوو بەشێوەیەکی زۆر پاکیزەیی. بێئەوەی بانگەشە بۆ خۆی بکات و یان حەز بکات کەس بیبینێ. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ مرۆڤ لێی دەڕوانێ، دەبینێ پڕە لە ناسکی، پڕە لە نەمری و جوانی، زیاتر لە نەمری و جوانی سلێمان. لەرادەبەدەر سادەیی دەنوێنێ و ئەو جوانییەی هەیەتی خۆی پێوە نانوێنێ، ئەو گوڵە لای مرۆڤ جۆرە راستی و سەرسوڕمانییەک دروست دەکات. هەروەها شاعیر دەتوانێ لە هەر لقێکی ئەو رووەکەدا نهێنی قووڵی ژیان و بوون بدۆزیتەوە. رەنگە باشو خۆشی بێئاگابووبێ لەمە، بەڵام دڵنیام لەو کاتەدا دڵی بەهەستێکی ناسکەوە دەلەرزییەوە، هەستێکی نزیک لەو گوڵە، ئەو هەستەی مەسیحییەکان پێی دەڵێن ئەشقی خوایی، ئەو ئەشقەی دەگاتە قووڵایی ژیان و بوون.

رەنگە زنجیرە چیاکانی هیمالایا هەستی ترسێکی باڵامان لا دروست بکەن، یان شەپۆلی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی هەستی ناکۆتاییمان پێ ببەخشێت، بەڵام کاتێ عەقڵی مرۆڤ لە رووی شیعر و سۆفیگەری و ئاینییەوە کراوە بێت، ئەو هەستەی لا دروست دەبێت کە لای باشو دروست بوو، وای هەست کرد تەنانەت لە هەر گەڵای درەختێکی ئەو گوڵەدا شتێکی باڵا هەیە، باڵاترە لە هەموو هەستە مرۆییە نزم و گەندەڵەکان. مرۆڤ بەرەو جیهانێک دەبات لە مەزنی و گەورەییدا هاوشانە لەگەڵ پاکوتەمیزی زەمین. لەم حاڵەتانەشدا شان و شەوکەوت و قورسایی سەنگی مەحەک نییە. لەمبارەیەوە شاعیری ژاپۆنی دەستڕەنگینییەکی تایبەتی پێشانداوە کە لە شتە بچووکەکاندا ئەو شتانە ئاشکرا دەکات کە لەسەر هەموو پێوانە چەندایەتییەکان مەزن و باڵان.

ئائەمەیە رۆژهەڵات. با بێین و بزانین لە بارێکی هاوشێوەی وەک ئەمەدا رۆژئاوا چی شتێک پێشکەش دەکات. بۆ ئەمـــــەش من تینیسۆن (١٨٠٩-١٨٩٢)ی شاعیر هەڵدەبژێرم. رەنگە شاعێرێکی رۆژئاوایی نموونەیی نەبێت تا بۆ ئەم بەراوردکارییە دەست بدات، لە بەراوردکردنی لەگەڵ شاعێرێکی ئەوپەڕی رۆژهەڵات، بەڵام لەو شیعرەی ئێستە دەیخەمە روو، شتێک هەیە لە قوڵاییەوە پەیوەستی دەکات بە شیعرەکەی باشۆوە، تینیسون دەڵێت:

**ئەی ئەو گوڵەی بەسەر دیوارێکی درزتێکەوتووی،**
**لە درزەکانەوە هەڵتدەکێشم**
**ئا لێرەوە دەتگرم، بە رەگوریشەوە لەناودەستما،**
**ئەی گوڵیلکە- ئەگەر دەمتوانی بزانم تۆ کێی، تێدەگەیشتم لە رەگوریشەت،**
**لە هەموو بوونت،**
**ئەو کاتە دەمزانی خوا کێیە و مرۆڤ کێیە.**

لەم چەند بەیتەدا دوو خاڵ هەن پێمخۆشە ئاماژەیان پێ بکەم:

یەکەمین خاڵ ئەوەیە رەنگە تینیسون پێشتر بڕیاری دابێت ئەو گوڵە بە رەگو ریشەوە لەناو دەست بگرێت و لێی بڕوانێت.

پێدەچێ ئەو هەستەی هەیبووە هەر هەمان ئەو هەستەی باشو بووبێت کاتێ بەسەر پەرژینی لا رێگاکەوە گوڵی نازونای دۆزییەوە، بەڵام جیاوازی نێوان ئەم دوو شاعیرە ئەوەیە باشو گوڵەکە لە رەگوڕیشەوە دەرناهێنێت، بەڵکو تەنیا بە تێڕوانینی بەسدەکات و بە قوڵایی بیرکردنەوەدا دەچێتە خوارێ. واهەست دەکات شتێک لە مێشکیدا دێ و دەچێ، بەڵام دەرینابڕێت. ئەمەشیان بۆ نیشانەی سەرسوڕمان بەجێدێڵێت تا ئەوەی کە بەدڵیا دێت بیڵێ. لەبەرئەوەی خۆی هیچ وشەیەک شک نابات بیڵێت، لەو کاتەدا هەستی تەژییە، قووڵە، حەز بەوە ناکات بۆچوونێ یان ئەندێشەیەک لەبارەی ئەو گوڵەوە بڵێت.

تینیسون کەسێکی چالاک و شیکەرەوەیە. یەکەمجار گوڵەکە لەو شوێنەی لێی ڕواوە هەڵیدەکێشێت. لەو زەوییەی کە ئینتیمای بۆی هەیە هەڵیدەکێشێت. تینیسون بەشێوەیەکی تەواو جیاواز لە شاعیرە رۆژهەڵاتییەکە، واز لە گوڵەکە ناهێنێت تا وەک خۆی لە جێگەی خۆی بمێنێتەوە، هەردەبێت لەسەر دیوارە درزتێکەوتووەکە لاییات و هەڵیکێشێت و لە رەگوڕیشەوە دەریهێنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە رووەکەکە هەر دەبێت بمرێت. ئەو شاعیرە گوێی لە چارەنووسی ئەو گوڵە نییەو ئەوەی گرنگە بەلایەوە ئەوەیە فزولیەتەکەی تێر بێت. گوڵەکە توێکڵکاری دەکات، هەروەک هەندێ لە پزیشکان ئەم کارە دەکەن. کەچی باشو نە دەست بۆ نازونا دەبات و نە هەڵیدەکێشێت. تەنیا تەماشاکردن هەڵدەبژێرێت و بە قووڵی لێی دەڕوانێت- ئەمە هەموو ئەو شتەیە کە دەیکات. بەهیچ جۆرێک باشو کەسێکی ئەکتیف نییە و تەواو پێچەوانەی دینامیەتیەتی

تینیسون وەستاوەتەوە.

مەسەلەیەک هەیە حەز دەکەم بەتایبەتی لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم، رەنگە فرسەتێکی ترم دووبارە بۆ بڕەخسێت تا پەنجەی بۆ درێژ بکەم. رۆژهەڵات بێدەنگە، بەڵام رۆژئاوا رەوانبێژە. بێدەنگی رۆژهەڵات مانای ئەوە نییە رۆژهەڵاتێکی بێزمانە و توانای قسەکردنی نییە. لە زۆر کاتدا بێدەنگی قسەکردنێکی ئاشکراو روونە. رۆژئاوا حەز بە (فێربالیزم) واتە قسەکردن دەکات. نەک تەنیا ئەوەش، بەڵکو وشە بۆ جەستە دەگۆڕێت، لە هەندێ کاتدا بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا و روون لە هونەر و ئاینەکەیدا، یان باشتر بڵێین بە شێوەیەکی شەهەوانی و ئاشکراکەرانە دەریدەخات.

دووەم: پاشان تینیسون چی دەکات؟ تەماشای ئەو گوڵە دەکات کە هەڵیکێشاوە، ئەو گوڵەی لە ئاستانەی سیس بوون و هەڵوەریندایە، لە ناخیدا پرسیارێک هەڵدەقوڵێت، ئایا دەتوانم لێت بگەم؟ بەڵام باشو کەسێکی فزوڵی نییە و حەز بە گەڕان و پشکنین ناکات. هەست دەکات لە (نازونا) ی سادەرەوشتدا هەرچی نهێنی هەیە ئاشکرای دەکات- ئەو نهێنییەی بەرەو قوڵایی سەرچاوەی هەموو بووندا دەڕوات، ئەم هەستە سەرخۆشی دەکات و بە هاوارێکی دەرنەهاتووی نەبیستراو ئەو هەستە دەردەبڕێت. بە پێچەوانەوە، تینیسون بەردەوام دەبێت لە بیرکردنەوەکەی"ئەگەر بمتوانایە لێت بگەیشتمایە، ئەوە دەمزانی خوا کێیە و مرۆڤ کێیە". ئەم پەنابردنە بەر تێگەیشتن بەتەواوی شێوازی ناسراوی رۆژئاواییە. باشو قبووڵی دەکات و تینیسۆن رەتی دەکاتەوە. تاکایەتی تینیسۆن دوور بەدوور لە گوڵەکە و مرۆڤ و خوا دەوەستێت. بەردەوام کەسێکی سەربەخۆیە و پێوەندی بەوانەوە نییە. نە لەگەڵ خوادا یەکدەگرێت و نە لەگەڵ سروشت. بەردەوام کەسێکی سەربەخۆیە و لە دەرەوەی ئەواندایە. دەکرێت بە تێگەیشتنەکەی بڵێین "بابەتی زانستی"، هەروەک کەسانی سادە لەم سەردەمەدا بەو جۆرە وەسفی تێگەیشتنەکەی دەکەن. کەچی باشو: بەتەواوی کەسێکە "خودخواز". (ئەم وشەیە وشەیەکی گونجاو نییە، چون هەمیشە خوود بەرامبەر بە بابەت دەوەستێتەوە. ئەو خوودەی من لێرەدا مەبەستمە، خوودێکە حەز دەکەم ناوی لێ بنێم "خوودی رەها"). باشۆش لە ریزی ئەم خوودە رەهادایە، تێیدا (نازونا) دەبینێت. نازوناش ئەو دەبینێت. بێ ئەوی لێرەدا هیچ خۆگۆڕین، لێکچواندنێ، یان بەیەکبوونێک هەبێت.

باشو دەڵێت: تێیدا قووڵ دەبمەوە (لە ژاپۆنیدا واتە "یوکومیریبا"). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە باشو تەنیا لێرەدا کەسێکی تەماشاکەر نییە و گوڵەکەش ئاگای لە خۆ هەیەو بە بێدەنگی و ڕەوانبێژی خۆی دەردەبڕێت. ئەم بێدەنگبوونە ڕەوانبێژییە، یان ڕەوانبێژی بێدەنگی کە گوڵەکە دەریدەبڕێت، بەشێوەیەکی مرۆڤانە لە حەڤدە کۆپلە شیعرییەکەی باشودا دەنگ دەدەنەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە قوڵایی هەست لێرەدا و ئاڵۆزی وتن، یان "فەلسەفەی خوودی ڕەها"، وەک شتێکی ناحاڵی دەمێنێتەوە تەنیا بۆ ئەوانە نەبێت کە بە ڕاستی لە هەموو ئەم شتانە تێگەیەنراون.

بەڕادەیەک کە دەتوانم ببینم ئەوەیە کە قووڵایی هەست بە پلەی یەکەم نایەت، تینیسون بە هەموو پێکهاتەیەوە بیرێکی بەکۆمەڵە، لەگەڵ زەینی ڕۆژئاوادا هاوجووتە. تینیسۆن لە شوێنکەوتوانی لۆگۆسە. هەر دەبێت شتێک بڵێت، هەر دەبێت ئەزموونە هەستپێکراوەکەی خۆی بئەزموونێنێت و تێبگەیەنێرێت. هەردەبێت لە مەیدانی هەستەوە بازداتە نێو مەیدانی بیر و بژێوی و هەست بباتە ژێر کۆمەڵێک شیکردنەوە تا بتوانێت ڕۆحی فزوڵی ڕۆژئاوای پێ ڕازی بکات.

هەردوو شاعیر (باشو و تینیسۆن)م هەڵبژارد، وەک بەڵگەیەک لەسەر دوو بەراوردکاری ئاشکرا و دیاری واقیع، باشو لە ڕۆژهەڵات و تینیسۆن لە ڕۆژئاوا. کاتێ ئەم دووانە بەراورد دەکەین، دەبینین هەردووکیان پاشەڵانی تەقلیدی خۆیان ئاشکرا دەکەن، بەم پێیە، عەقڵی ڕۆژئاوا عەقڵێکە: شیکاری، جیاکاری، دابەشکاری، خوێندنکار، تاکخواز، بابەتییانە بیردەکاتەوە، بیرێکی زانستی، گشتگیرانە و تێگەیشتنخوازە، نەخشەکارە، تاکایەتی و تەشریعی و ڕێکخوازییە، بەکارهێنەری هێز و جەختکەرەوەیە لەسەر هێز و خوود، حەز دەکات دەسەڵاتی خۆی بەسەرکەسانی تردا بسەپێنێت... تاد. بەپێچەوانەی ئەم تایبەتمەندییە ڕۆژئاواییە، ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵاتێکی پێکهاتەیی، گشتی، کامڵحوازی، جیاوازنەکەری، هەڵهێنجەرە، ڕۆژهەڵاتی دۆگمایی، هەستخواز، یان باشتر بڵێین ویژدانی، نالۆجیکی، خوودییە، تاکەکانی کەسانی ڕۆحانین و عەقڵیشی عەقڵێکی گشتی کۆمەڵایەتییە تاد.

ئەگەر بمانەوێت نموونەی کەسایەتییەکی سیمبولی بۆ تایبەتمەندییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەڵبژێرین ئەوە من یەکەم جار لاو-تسی (لە سەدەی چواردەیەمی پێش زاینی) هەڵدەبژێرم، ئەم زاتە بیرمەندێکی مەزنی چینییە،

وەک نوێنەرێ بۆ رۆژهەڵات، یان عەوام ناوی ئەوەی لێ دەنێت کە نوێنەری رۆژئاوایە. کاتێ دەڵێم عەوام مەبەستم نییە رۆژئاوا بە مانایەکی قێوەزنئامێز ناوزەد بکەم، بەتایبەت بەو رۆڵەی کە فەیلەسوفی پیر دایە پاڵ عەوامە لاوتسییەکان.

لاو-تسی وەک کەسێکی گێل خۆی ناوزەد دەکات. وەک ئەوەی هیچ نازانێت و هیچ شتێک کاری تێ ناکات. بەتایبەت واپێدەچێت لەم جیهانی سوودمەندخوازییە کەسێکی بێکەڵکە. هەروەک ئەوەی کەسێک بێ هیچ دەربڕینێکی نەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا شتێکی تێدایە وای لێ دەکات لە کەسێکی گێل و گەمژە جیاواز بێت. تەنیا لەڕووی دەرەکییەوە لەو کەسە ناچێت، بەڵام رۆژئاوا، بەپێچەوانەوە، دوو چاوی تیژی هەیە، دوو چاو شتەکان تا بنەوە دەبینێت و لەنێو قووڵایی خۆیاندا جێگیرن. جیهانی دەرەوە دەپێوێت، هەروەک هەڵۆیەک بە بەرزایی ئاسمانەوە چاوەکانی بەسەرتاپای شتەکاندا دەگەڕێت و دەیانپێوێت. (لەڕاستیدا هەڵۆ سیمبولی نەتەوەیی هەندێ دەسەڵاتی دیاریکراوی رۆژئاوایە). لووتی کە بە بەرزییەوەیە و هەردوو لێوە ناسکەکەی و دەوروبەری روخساری بەگشتی- هەموویان ئاماژەن بۆ حاڵەتی فیکری و ئاماژەن بۆ ئەوەی لە ئامادەباشیدایە). دەکرێت ئەم ئامادەباشییەی هەڵۆ بشوبهێنین بە ئامادەباشی شێر. شێر و هەڵۆ هەردووکیان سیمبولی رۆژئاوان.

لە سەدەی سێیەمی پێش زاینی تشوانگ-تسی، چیرۆکی کونتۆن (هون-تون) یان (بێسەروبن)ی پێشکەش کرد. بۆیە بێسەروبنەکان هەر هەموویان خۆیان بە قەرزارباری ئەو دەزانن، لەو دەستکەوتانەی بەدەستیانهێنابوو، بۆیە ویستیان لە بەرامبەر ئەوە پاداشتی چاکەکەی بدەنەوە. پێکەوە مشورەتیان کرد و گەیشتنە ئەنجامێکی دیاریکراوە. تێبینییان کرد بێسەروبن ئەو هەستەی نییە جیهانی دەرەوە لە یەکتری جیابکاتەوە. بۆیە لە رۆژێکدا چاویان پێی دایەوە و لە رۆژی داهاتوو لوتی، لە ماوەی یەک هەفتەدا توانییان بیگۆڕن بۆ کەسێکی پڕهەست کە لە خۆیان بچێت. لە کاتێکدا ئەوان خەریکی ئامادەکاری ئاهەنگێ بوون بەهۆی سەرکەوتنەکانیان، کەسی بێسەروبن مرد.

رۆژهەڵات ئەو کەسە بێسەروبنەیە و رۆژئاوا ئەو کۆمەڵە هاورێ و کەسانەیە کە سوپاسگوزار و خاوەن مەرامی چاکەن، بەڵام کەسانێکن حیکمەتیان نییە.

گومانی تێدا نییە، رۆژهەڵات لە زۆر رووەوە کەسێکە نابیستێ و گێلە.

ڕۆژهەڵاتییەکان زۆر لە حیکمەت و زرنگی خۆیان بەشێوەیەکی ڕوون و هەستپێکراو دەرنابڕن، بەڵام ئەوەش دەزانن زیرەکییەکەیان شێوەیەکی تایبەتە، بەبێ ئەم زیرەکییە بێسەروبنە ڕەنگە ئەوەندە پڕبەرهەم نەبێت، گەر پێکەوە بەشێوەیەکی مرۆڤانە بژین. ئەو کەسانەی دوورەپەرێزن و یەکگرتوو نین و دابەشبوون، ئەگەر خوودی ناکۆتایی و هەمیشەیی سەرچاوەیان نەبێت، ناتوانن پێکەوە بەشێوەیەکی گونجاو و ئاشتییانە ژیان بەسەر بەرن. ئەمەش بەشێوەیەکی کرداری بناغەی هەموو ئەندامێک لە ئەندامە دوورەپەرێزەکان پێکدێنێت. زرنگی پێوەندی بە سەرەوە هەیە، بۆ ئەو کارانەی ئەنجامی دەدا دیارن و هەر خوودی ئەو سەرەش زۆر کار ئەنجام دەدات، بەڵام بێسەروبنی لە پشتەوەی هەر ئاژاوەیەکی دیاردا، بەبێدەنگی و هێمنی دەمێنێتەوە. گرنگی و ڕاستییەکانی هەرگیز دەرناکەون، تا بەشداربووەکانی هەستی پێ بکەن.

ڕۆژئاوای خاوەن عەقڵی زانستی، هەرچی زیرەکی هەیە بەکاری دەهێنێت تا بتوانێت هەموو پێویستییەک دروست بکات بەئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و ڕزگاربوون لەو شتەی کە پێی وایە کاری ڕەنجدەرانە و ماندووبوونی ناپێویستن. بەم شێوەیە هەوڵ دەدات هەوڵدانێکی بێوچان تا ئەو سەرچاوانە گەشە پێ بدات کە دەستی دەگاتێ، بەڵام لە لایەکی ترەوە ڕۆژهەڵات، گوێی لەو کارە دەستیانە نییە کە ئەنجامی دەدات، کارەکە هەرچ جۆرێک بێت، ئەو ڕازییە بەبارە شارستانییە "گەشەنەکردووە"ی خۆی. حەز ناکات ببێتە کەسێک هەڵگری عەقڵی ئامێریی بێت و پێی خۆش نییە ببێتە کۆیلەی ئامێر. ڕەنگە ئەم ئاشقبوونی کارکردنە یەکێ بێت لە سیفەتە دیارەکانی ڕۆژهەڵات. (شوانگ تسی) چیرۆکێک لەبارەی جوتیارێکەوە دەگێڕێتەوە، لەو چیرۆکەدا ئاماژەی پڕباڵا و مەزنی تێدایە، سەرباری ئەوەی ئەم ڕووداوە پێش دوو هەزار ساڵ لە چین ڕوویداوە.

شوانگ تسی یەکێک بوو لە مەزنترین فەیلەسووفەکانی چینی دێرین. لەچاو ئەو گرنگییەی کە ئەمڕۆ پێی دەدرێت، دەبوایە زیاتر گرنگی پێ بدرایە... میللەتی چین وەک میللەتی هند گەلێکی ڕوانخواز نین، حەز لە پشتگوێخستنی بیرمەندەکانی خۆیان دەکەن، لە کاتێکدا شوانگ تسی ناوبانگێکی مەزنی هەیە بەوەی کەسێکە هەڵگری جوانترین شێوازە لە بەراورد بە ناوەکانی تری نێو ئەدەبی چینی. بیروبۆچوونەکانی ئەوەندە وەک پێویست گرنگی پێ نادرێت. کۆکەرەوە و تۆمارکەرێکی ناسراوی چیرۆک بوو، بەتایبەت ئەو چیرۆکانەی

لەو سەردەمەدا بڵاوبوون. ئەگەری ئەوە هەیە ژمارەیەکی زۆر حەکایەتی داهێنابێت تا لە رێگایانەوە روانگەی خۆی بۆ ژیان روون بکاتەوە. چیرۆکی ئەو باخەوانەی نەیدەویست سوود لە ئامێری شادوف ببینێت بۆ دەرهێنانی ئاو لەبیر، بەشێوەیەکی جوان فەلسەفەی تشوانگ تسی لەمەڕ کارکردن روون دەکاتەوە.

باخەوانێ بیرێکی هەڵکەن و ئاوی ئەو بیرەی بۆ ئاودێری بێستانەکەی بەکاردەهێنا. بۆ هەڵکێشانی ئاو لە بیرەکە هەروەک زۆربەی کەسە سەرەتاییەکان سەتڵێکی سادەی بەکاردەهێنا. جارێکیان رێبوارێک دەیبینێت و لێی دەپرسێت بۆچی شادوف بۆ دەرهێنانی ئاوی بیرەکەت بەکارناهێنێت، شادوف شێوازێکە ئەوەندە ماندووت ناکات و لەچاو ئەو کارە سەرەتاییە کارێکی زۆرت بۆ ئەنجام دەدات. باخەوانەکە پێی دەڵێت "دەزانم ئەو شادوفە ماندووبوونم کەم دەکاتەوە، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە بەکاری ناهێنم. ئەوەی دەمترسێنێت ئەوەیە دەترسم بەکارهێنانی ئەو داهێنانەی کە خاوەنی عەقڵییەتی ئامێرییە. عەقڵییەتی ئامێری مرۆڤ بەرەو ئاکاری تەمەڵی و خاوبوونەوە دەبات".

زۆرجار رۆژئاواییەکان دەپرسن بۆچی چینییەکان زانستی زیاتر و داهێنانی میکانیکی باشتر گەشە پێ نادەن، دەشڵێن ئەمە شتێکی سەیرە کە روو دەدات لە کاتێکدا چینییەکان ناوبانگیان بەوە دەرکردووە دۆزەرەوەی زۆربەی داهێنانەکانن، وەک موگناتیز و باروت و رەوڕەوە و پەڕاو و کۆمەڵێ شتی تر... هۆی سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چینییەکان و گەلانی تری ئاسیا حەزیان بە ژیانە وەک خۆی. حەز ناکەن ئەو ژیانە بگۆڕن بۆ داهێنانی شتێکی تر، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەتەواوی رێرەوی ژیان بە راڕەوێکی تردا بڕوات، ئەوان حەزیان لە خوودی کارکردن خۆیەتی، لە کاتێکدا کار واتە بەدیهێنانی شتێک. کاتێ ئەوان کار دەکەن چێژ لەو کارە دەبینن و پەلە ناکەن لە کۆتایی پێهێنانی. ئەگەر راست بێت شێوازە میکانیکییەکان زیاتر چوست و چالاک و بەرهەمهێنەرن، بەڵام ئامێر شتێکە دابڕاوە لە هەستە کەسایەتییەکان و شتێکە داهێنەر نییە و هیچ مانایەکی نییە. بەئامێربوون واتە بیرکردنەوە، بیریش بە پلەی یەکەم پێوەندی بە سوودەوە هەیە، ئامێر شتێکە خاڵییە لە ئیتیکە رۆحییەکان، یان رۆحی ئیتیکی. ئەمەش ئەو هۆیەیە پاڵ بە باخەوانەکەی شوانگ-تسی دەنێت نەبێ بەکەسێکی خاوەن عەقڵی ئامێری. ئامێر پەلە لە مرۆڤ دەکات خێرا کارەکانی تەواو بکات و بگات بەو ئامانجەی کارەکەی

لەپێناودا دەستپێکراوە. ئەو کاتە کار و کاسبییەکە هیچ مانایەکی نابێت وەک خودی کار، تەنیا دەبێت بە شێوازێ. لێرەدا ژیان داهێنەرایەتی خۆی لەدەست دەدا و تەنیا دەبێت بە شێوازێ، مرۆڤیش ئەو کاتە دەبێتە کەسێکی ماشێنی و بەرهەمهێنەری شمەک. فەیلەسوفان باس لە گرنگی تاک دەکەن، ئامێر لەم سەردەمەی ئێمەدا کە سەردەمی بە ئامێربوون و بەپیشەسازیبوونە تاڕادەیەکی زۆر هەموو شتێکە، مرۆڤ لە کۆیلەیەکی پەتی ئامێر زیاتر هیچی تر نییە. ئەمەش ئەو شتەیە شوانگ-تسی لێی دەترسا و بڕوای پێ بوو. بێگومان، ئێمە ناتوانین ڕەوڕەوەی پیشەسازی بۆ سەردەمی پێشەسازی دەستی و سەرەتایی بگەڕێنینەوە، بەڵام بۆ ئێمە باشتر وایە هۆشیار و ئاگاداربین لە بەرامبەر گرنگێتی هەردوو دەستمان هەروەها ئاگاداری ئەو هەڕەشە و دڕندەیی بین کە لە ژیانی نوێی بەئامێربووندا چاوەڕوانین، ئەو ژیانەی زیادەڕۆیی زۆر دەکات لەسەر پێداگرتن لەسەر بیر لەسەر حیسابی هەموو ژیان.

قسەمان زۆر لەسەر ڕۆژهەڵات کرد، با شتێکیش لەبارەی ڕۆژئاواوە بڵێین. (دینیز دی روجیمون) لە کتێبەکەیدا "گەڕان بەدوای مرۆڤی ڕۆژئاوادا" ئاماژە بە "کەس و ئامێر" دەکات، بەوەی ئەم دووانە دوو سیفەتی دیاری کولتووری ڕۆژئاوان. ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە، لەبەرئەوەی کەس و ئامێر دوو چەمکی دژ بە یەکن و ڕۆژئاوا بەهەموو هێزییەوە تێدەکۆشێت سازشێ لەنێوان ئەم دووانەدا ساز بکات. ئیتر نازانم ڕۆژئاواییەکان ئەم کارە بەهۆشمەندی یان بەناهۆشمەندی دەکەن. تەنیا ئاماژە بەو ڕێڕەوە دەکەم کە ئەم دوو بیرە دژبەیەکە چۆن لە ئێستەدا کاریگەرییان لەسەر عەقڵی ڕۆژئاوادا دەبێت. پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین ئامێر دژ بە فەلسەفەی تشوانگ —تسییە لەمەڕ کار و تێکۆشان، هەروەها بیری ڕۆژئاوا لەمەڕ ئازادی تاک و بەرپرسیاری کەسایەتی بەتەواوی پێچەوانەی بیری ڕۆژهەڵاتە لەمەڕ ئازادی ڕەها. ناچمە نێو وردەکاری ئەم بۆچوونەوە، بەڵام هەوڵ دەدەم ئەو ناکۆکییانە کورت بکەمەوە کە لە ئێستەدا ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی دەبێتەوە و بەدەستییەوە دەناڵێنێت:

١- کەس و ئامێر هەردووکیان ناکۆکییان هەیە، ئەم ناکۆکییەش هۆکاری ئەوەیە کە ڕۆژئاوا بەدەست دڵەڕاوکێیەکی توندەوە دەناڵێنێت و لە زۆر لە بوارەکانی ژیانی هاوچەرخیدا ڕەنگ دەدەنەوە.

٢- کەسایەتی، تاکایەتی و بەرپرسیاری کەسایەتی لەخۆگرتووە، بەڵام ئامێر بەرهەمی بیرکردنەوە و ئەپستراکت و گشتگیر و تۆتالیزیەشن و ژیانی

بەکۆمەڵە.

٣- لە رووی بیرکردنەوە و بابەتییەوە، یان ئەگەر بەشێوازێکی عەقڵانی بیرمان کردەوە وتمان لە رووی ئامێرییەوە، ئەوە بەرپرسیاری کەسایەتی هیچ مانایەکی نییە. بەشێوەیەکی لۆجیکی بەرپرسیارێتی پێوەستە بە ئازادییەوە، لە لۆجیکیشدا شتێک نییە ناوی ئازادی بێت، لەبەرئەوەی هەموو شتێ دەستبەندی شتێکە کە پێی دەوترێت یاساکانی توندوتیژی پێوانەیی (سیلۆگیسم).

٤- سەرباری ئەوەش، مرۆڤ بەو سیفەتەی بەرهەمێکی بایۆلۆژییە، پابەندی یاسا بایۆلۆژییەکانە. بۆماوەیی راستییەکی پشتڕاستکراوە و کەس ناتوانێت بیگۆڕێت. من بەئازادی خۆم لەدایک نەبووم. باوانیشم منیان بە ئیرادەی خۆیان نەهێناوەتە دنیاوە. لەڕاستیدا لەدایکبوونێ نییە کە نەخشە بۆدانراوبێت.

٥- ئازادی ئەویش بیرێکی تری بەتاڵە. من بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی دەژیم، لەنێو کۆمەڵێکدا دەژیم لەڕووی زەین و جەستەوە هەموو ئازادییەکانم سنووردار دەکات. تەنانەت ئەو کاتانەشی تەنیا دەبم هەرگیز ناتوانم ئازاد بم، زۆر لەو پاڵپێوەنەرانەم هەن کە بەردەوام توانای کۆنترۆڵکردنیانم نییە. هەندێ پاڵپێوەنەری تر هەن بمەوێت و نەمەوێت زۆر لە مەبەست دوورم دەخاتەوە. تا ئەو کاتەی ئێمە لەم جیهانە سنووردارە بژین، ئەوە توانای ئەوەمان نابێت بەخۆمان بڵێین ئازاد و ئەو شتانەی حەزمان لێیە ئەنجامی بدەین. تەنانەت ئەم حەزەش شتێکە تایبەت بە ئێمە نییە.

٦- رەنگە کەسێ باس لە ئازادی بکات، بەڵام لە هەموو لایەکەوە ئامێر کۆتبەندی کردووە، لەو حاڵەتانەش وتن چیتر وتن نییە. هەر لە سەرەتاوە کەسی رۆژئاوا، کەسایەتییەکی دەستبەندکراو، خەفەکراو، کوێرکراوە. خۆکردەییەکەی چیتر بەهیچ جۆرێ خۆکردەیی نییە، ئەو خۆکردەییە، خۆکردەیی ئامێرە. ئامێریش داهێنانی نییە، ئامێر تەنیا بەڕادەی ئەو بابەتەی کە تێی جێگیر دەبێت کاری خۆی دەکات...

٧- .... کەس ئەو کاتە ئازادە کاتێ خۆی رەت دەکاتەوە و لەنێو کۆمەڵدا دەتوێتەوە. یان وردتر بڵێین ئەو کاتە ئازادە کە خوودی خۆیەتی، بەڵام لەهەمان کاتدا خۆی نییە. ئەگەر مرۆڤ لەم ناکۆکییە روونە نەگات، ئەوە بەکەڵکی ئەوە نایەت باس لە ئازادی و بەرپرسیاری و خۆبەخۆیی بکات. بۆ نموونە، ئەو خۆبەخۆییەی رۆژئاواییەکان، بەتایبەت هەندێ لە شیکارە دەروونییەکان

باسی دەکەن، ناکرێت ئەوە خۆبەخۆییەکی منداڵانە یان ئاژەڵانە بێت، هەروەها خۆبەخۆیی کەسێکی پێگەیشتووی تەواو پێگەیشتوو نییە.

٨- ئامێر، هەڵسوکەوتخوازی، مەرجە پەرچداری، کۆمۆنیزم، پیتاندنی دەستکرد، ئۆتۆماتیکی گشتی، تویکڵکاری، بۆمبی هایدرۆجینی- هەرهەموویان پێوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوە هەیە، هەموویان لە زنجیرەیەکی ماقوڵدا کۆمەڵێ زنجیرەی پێکەوە بەستراوی توندوتۆڵ پێکدێنن.

٩- رۆژئاوا هەوڵی ئەوە دەدات بازنەکان بکاتە چوارگۆشە، بەڵام رۆژهەڵات دەیەوێت بازنەکان هاوشانی چوارگۆشەکان بن. بەپێی "زەن"ی بۆدیزم بازنە بازنەیە و چوارگۆشەش چوارگۆشەیە، لەهەمان کاتدا چوارگۆشە بازنەیە و بازنەش چوارگۆشەیە.

١٠- ئازادی چەمکێکی خوودییە و ناکرێت بەشێوەیەکی بابەتییانە لێکبدرێتەوە. کاتێ هەوڵی لێکدانەوەیەکی بابەتییانە دەدەین بۆ چەمکی ئازادی، ئەوە تووشی کۆمەڵێ ناکۆکی دەبین و ناتوانین لێی بێینە دەرێ. بۆیە دەڵێم قسەکردن لەسەر ئازادی لەم جیهانە بابەتییەی کە دەوریان داوین قسەکردنێکی بۆش و بێمانایە.

١١- لە رۆژئاوادا "بەڵێ" بەواتای "بەڵێ"یە و "نەخێر"یش بریتییە لە "نەخێر"، بۆیە هەرگیز ناکرێت "بەڵێ" ببێتە "نەخێر"، یان بە پێچەوانەوە، بەڵام رۆژهەڵات وا دەکات "بەڵێ" بۆ "نەخێر" بگۆڕێت و "نەخێر"یش بۆ "بەڵێ"، بۆیە جیاکارییەکی توندوتیژ و جێگیر لە نێوان "بەڵێ" و "نەخێر"دا نییە. ئەمەش سروشتی ژیانە کە دەبێت وابێت. جیاکاری شتێک نییە چەسپاو بێت و نەگۆڕێت، تەنیا لە لۆجیکدا نەبێت. لۆجیکیش دەستکردی مرۆڤە و ئەو دروستی کردووە تا لە چالاکییە سودخوازییەکانیدا سوودی لێ ببینێت.

١٢- کاتێ رۆژئاوا هەست بەم راستییە دەکات و دەستەوەستان دەبێت لە شیکردنەوەی دیاردەیەکی فیزیایی دیاریکراو، ئەوە پەنا دەباتە بەر هەندێ لەو چەمکانەی کە لە فیزیکدا ناسراون، وەک چەمکی کۆمپلیمێنتەریتی COMLEMENTSRITY یان پرنسیپی گومان، هەرچەندە ئەو رۆژئاوایە لە دروستکردنی چەمک لەدوای چەمکدا سەرکەوتووبێت، ئەوا ناتوانێت لەو راستییانەی کە هەن خۆی بدزێتەوە و ئەمبەر و ئەوبەر بکات.

١٣- لێرەدا ئاینمان لا گرنگ نییە، بەڵام رەنگبێ گرنگ بێت ئەوە دەربخەین کە ئاینی مەسیحی، کە ئاینێکی رۆژئاواییە، باس لە لۆگۆس و وشە، جەستە و

بەجەستەبوون دەكات، باس لە سیفەتی كاتی و دنیا دەكات... بەڵام ئاینەكانی رۆژهەڵات هەوڵ دەدەن لەپێناوی بەجەستەنەبوون و بێدەنگی و قووڵبونەوە و ئاشتی هەمیشەیی. بەجەستەبوون لای "زەن" مانای ناجەستەیی دەگەیەنێت و بێدەنگی وەک هەورەبروسكە دەنگ دەداتەوە. وشە-وشە نییە-، جەستەش -جەستە نییە-، لە ئێستەدا بۆشایی (سونیاتا) و ناكۆتایی هاوسەنگ دەبێت.

**سەرچاوە:**

**التصوف البوذي و التحليل النفسي**

**د.ت.سوزوكي**

**ترجمة: ثائر ديب**

**تقديم: وفيق حنسة**

**دار الحوار للنشر و التوزيع الطبعة الثانية ٢٠٠٧**

# مێژووی روناکبیریی فەڕەنسی
# لە سەدەی بیستەمدا



CULTURE

Les nouveaux intellectuels

Leurs idées, leur influence,
leurs engagements... Portrait
de neuf jeunes penseurs
qui bousculent le conformisme

a marqué la fin des grandes figures incontestables. Mais l'historien Michel Winock souligne la nécessité d'avoir recours à des penseurs pour percer à jour la complexité croissante du monde. Le journaliste Frédéric Taddéi le rejoint. « On a besoin d'intellectuels, comme l'économiste Daniel Cohen, dotés d'une pensée et d'une vision du monde. » La société a changé et l'intellectuel a changé avec elle. Peut-être trop. Le rôle de l'intellectuel est d'éventrer le matelas des clichés. Mais si le risque du conformisme est grand, celui de la radicalité l'est tout autant. Dilation et provocation sont deux impasses à éviter. Car, comme le souligne Gilles Finchelstein, un des neuf intellectuels auxquels nous donnons la parole, il s'agit de nouer un dialogue entre les différents acteurs de la société pour faire avancer les choses. On a vu, sur le plateau de Frédéric Taddei, des débats électriques : Caroline Fourest et Tariq Ramadan ; Louis Chauvel et Laurence Parisot ; ...


**رامین جیهانبەگلو**

**و. لە فارسییەوە: جەمال نەجاڕی**


**پێشەکی:**

ئەو بابەتە کە "مێژووی رووناکبیریی فەڕەنسا" لەخۆ دەگرێت، دەقی قسەکانی رامین جیهانبەگلو نووسەری ناسراوی ئێرانییە کە ساڵی ٢٠٠٥ لە "ماڵی هونەرمەندانی ئێران" پێشکەشی کرد.

رامین جیهانبەگلو لە وتەکانیدا رایگەیاند: ئێمە ئەگەر بمانەوێت باس لە چەمکی رووناکبیری لە سەدەی بیستەمدا بکەین، دەبێت باس لە فەڕەنسا بکەین، چونکە رووناکبیریی فەڕەنسا کاریگەری لەسەر رووناکبیریی ئێران داناوە.

جیهانبەگلو وتیشی: ئێمە وشەی "ئەنتلێکتوال"مان لە زمانی فەڕەنسی وەرگرتووە و کردوومانەتە وشەی رووناکبیر.

بەم پێیە وشەی رۆشنبیر، یان رووناکبیر راستەوخۆ لە وشەی "روشنفکر"ی فارسی کراوە بە کوردی، بە باشم زانی مێژووی رووناکبیریی فەڕەنسا بنەما فەلسەفییەکانی رووناکبیریی فەڕەنسا بخەمە بەر چاوی خوێنەری کورد، لە وەرگێڕانەکەدا پتر هەوڵی ئەوەم داوە لە رووی ناوەرۆکەوە دەوڵەمەندی بکەم و گەڕاومەتەوە سەر سەرچاوەکان بە زمانی فەڕەنسی، بەو هیوایەی سوودی بۆ رووناکبیریی کوردی هەبێت.

ئەگەر بمانەوێت "مێژووی رووناکبیریی فەڕەنسا لە سەدەی بیستەم" بخەینە بەر باس، دەبێت بەسەر (٧) قۆناغدا دابەشی بکەین؛

١- قۆناغی یەکەم لە ساڵی ١٨٩٨ بە رووداوی "دریفوس" دەست پێدەکات کە دەکرێت بە خاڵی دەسپێکی رووناکبیری لە وڵاتی فەڕەنسا ئاماژەی پێ بکەین.

٢- قۆناغی دووەم لە پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ شۆڕشی رووسیا و پەرەپێدانی فاشیزم لە ئەوروپا دەخرێتە بەر باس.

٣- قۆناغی سێیەم، قۆناغی بەرەی جەماوەری (Front popularize) لە شەڕی ئیسپانیا و شەڕی دووەمی جیهانی لە ساڵی (١٩٣٩)ە.

٤- قۆناغی چوارەم، قۆناغی دوای شەڕی دووەمی جیهانی لە ١٩٤٥ تا ١٩٦٨ کە دەکرێت بە ساڵەکانی سارتەر ناوی ببەین.

٥- قۆناغی پێنجەم، قۆناغێکە کە دەکرێت بە ناوی قۆناغی ئەندێشەی ٦٨ و سەرهەڵدانی بیرمەندانی وەک؛ فۆکۆ، لیوتار، دلۆز، درێدا ناوی ببەین.

٦- قۆناغی شەشەم، قۆناغی فەیلەسووفانی نوێیە کە لە سەرەتای ١٩٧٠ دەست پێدەکات و تا ئێستاش بەردەوامە و قۆناغی رەخنەی تۆتالیتاریزم و سیاسەتەکانی چەپ لە وڵاتی فەڕەنسایە.

٧- سەرەنجام قۆناغی حەوتەم کە هەر ئەم قۆناغەیە وا تێدەپەڕێت، قۆناغی پووکانەوەی بکەری سیاسی و بە قۆناغی پەرەسەندنی رووناکبیر-هاوڵاتی ناو دەبرێت.

هەرکام لەم قۆناغانە بە روانینی فەلسەفی و کاریگەری فەلسەفی جۆراوجۆر ئاوێتە بووە، کە دەکرێت دوای هەڵسەنگاندنی مێژووی رووناکبیری فەڕەنسا ئاوڕیان لێ بدرێتەوە.

**قۆناغی یەکەم:**

قۆناغی یەکەم واتە سەرهەڵدانی رووناکبیری لە فەڕەنسا بە رووداوی دریفوس دەست پێدەکات، کە تیایدا رووبەڕووبوونەوەی ئایدیۆلۆژیک لەنێوان نەریتخوازەکان و مودێرنیتە چەپەکان روو دەدات.

شەڕ و پێکدادانێک کە بە کۆتایی هاتنی شەڕی فەڕەنسا و پروس لە ١٨٧١ لە فەڕەنسا دەست پێدەکات و گرژیی لەسەر مەسەلەی دریفوس درێژەی کێشا و کەلێنی نێوان نەتەوەپەرستان و کۆماریخوازەکانی گەورەتر کردەوە.

لەو قۆناغەدا بەیاننامەی رووناکبیران بە شێوەی ناڕەزاییەکی ئەخلاقی لە دەرەوەی هەر هەڵوێستێکی حیزبی روویدا. لەڕاستیدا رووناکبیری بەو بەیاننامەیە دوابەدوای وتاری بەناوبانگی "ئێمیل زۆلا" لەژێر ناوی "من تاوانبار دەکەم" لە ساڵی ١٨٩٨ لە پانتایی گشتیی فەڕەنسا سەرهەڵدەدات.

دوابەدوای تاوانبارکردنی زۆلا، رووناکبیرانی فەڕەنسی وەک ئاناتۆل فرانس، شارل بگی، مارسێل پرۆست و چەند کەسی دیکە بە بڵاوکردنەوەی وتارێک لە رۆژنامەی (L'Aurore) لە دووی ڤێورییەی ١٨٩٨ پشتیوانی خۆیان لە زۆلا بە ناوی "داد و حەقیقەت" راگەیاند.

ئەگەر بمانەوێت "بەیاننامەی رووناکبیران" بە خاڵی دەسپێکی رووناکبیری لە فەڕەنسا بزانین، دەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەو خاڵە دەسپێکە باسێکی نوێ سەبارەت بە بابەتێکی کۆن، یانی پشتیوانی یان دژایەتی لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسا دەست پێدەکات کە باسی سیاسی لەنێوان پاوانخوازان و کۆماریخوازەکان دەگۆڕدرێت بۆ باسی ئایدیۆلۆژیک لەنێوان راست و چەپی فەڕەنسا.

مەسەلەی دریفوس و دواتر مەسەلەی زۆلا، رووناکبیری فەڕەنسی بەسەر دوو گرووپی سەرەکی دابەش دەکات؛

یەکەم: ئەو گرووپەن کە بە دەوری کۆمەڵگەی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ کۆ دەبنەوە و کەسانی وەک ژۆرس و کلیمانسۆ و پرۆست و ئاناتۆل فرانس لەخۆ دەگرن.

دووەم: ئەو گرووپەن کە رێبەری رووناکبیرییەکەی کەسێک بە ناوی "موریس بارس" بوو و کەسایەتییەکی وەک "شال موراس" هاوڕێیەتی دەکات

که دواتر وەک بناغەدانەری گرووپی دەستە ڕاست و نەتەوەپەرەستی (Action français) ناوی دەبردرێت.

بارس و گرووپی نەتەوەپەرستان و نەریتخوازە فەڕەنسییەکان لەگەڵ ئامانجی دریفوس دژایەتییان دەکرد و هەر لەسەر ئەمەش ڕووناکبیرانی لایەنگری ئەو بە خایین بە فەڕەنسا لەقەڵەم دەدران.

بەم هۆیە لە ڕوانگەی "بارس" و "موراس"وە وشەی ڕووناکبیر بە واتایەکی نێگەتیڤ مانا دەکرا و بەشێوەی جنێو و قسەی ناشیرین بەکاردەهێنرا.

لە ڕوانگەی "بارس"، ڕووناکبیر بە کەسێک دەگوترێت کە وا بیردەکاتەوە کۆمەڵگاکەی دەبێت لەسەر بناغەی مەنتق پێکهێنرابێت. ڕووناکبیر کەسێکە کە لەگەڵ نەریتەکان نامۆیە. لە ڕوانگەی "موراس"یش "ئاسایشی نەتەوەیی" لە چەمکەکانی وەک داد و حەقیقەت گرنگترن.

هەر وەک دەبینین ڕووناکبیریی ڕاستخواز و نەریتخواز خاوەنی مێژوویەکی لەمێژینەیە لە فەڕەنسا کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا لەگەڵ کەسانی وەک بارس، موراس، برازیاک، سلین، لۆرۆشێل، ڕاباتە و ئالێن



(ژوولین بێندا١٨٦٧ – ١٩٥٦)

دوبۆنوا و گۆڤارەکانی (Action français) و (Elements) پەرەیان سەندووە.

هەڵبەت پێویستە بگوترێت کە راستە تووندڕەوەکان کە نەتەوەخوازە رەگەزپەرەستەکانیشی گەڵدایە، دەگەڵ راستی لیبڕاڵ و رووناکبیرە ناسراوەکانی وەک؛ ریمۆن ئارۆن و ژان فرانسوا روول و گۆڤارەکانی (Commentaire) و (Contrepoint) جیاوازییەکی زۆریان هەیە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئامادەبوونی رووناکبیران لە قەڵەمڕەوی بەربڵاوی فەڕەنسا دەستێوەردانی راستەوخۆی بەرهەمەکانیان لە کاروباری کۆمەڵایەتی، سیاسی ئەوروپا باسی گرنگی سەبارەت بە "خەیانەتی رووناکبیران" لە ١٩٨٠-وە تا بە ئەمڕۆ لەگەڵ خۆی هێناوە.

"خەیانەتی رووناکبیران" ناوی کتێبە ناسراوەکەی "ژوولین بێندا (Benda)"یە کە ساڵی ١٩٢٧ چاپ و بڵاوکرایەوە، بابەتێک کە بێندا لەو کتێبەدا باسی لێوە دەکات، مەسەلەیەکە کە زیاتر لە سەدەیەک رووناکبیرانی فەڕەنسا و جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

لە روانگەی بێنداوە، رووناکبیرانی فەڕەنسا لەڕادەبەدەر ئارمانجە فەلسەفییەکانی خۆیان وەلاناوە و خۆیان بە ئارمانجە دوگم و ئایدیۆلۆژیکەکانەوە سەرقاڵ کردووە. یانی بەواتایەکی تر بە پشتتێکردن لە ئارمانجە جیهانییەکان روانینی خۆیان بە راهێنانی تایبەتەوە خەریک کردووە.

بێندا بەو ئاکامە دەگات کە رووناکبیران دونیای ماددی و جۆش و خرۆشە سیاسییەکانیان بە دونیای فەلسەفی و مەعنەوی گۆڕیوەتەوە و بەم هۆیە دەتوانین بڵێین کە دونیای رووناکبیرانی سەدەی بیستەم دونیای رێکخستنی رق و کینە سیاسییەکانە.

بەم پێیە لە روانگەی "بێندا"وە "خەیانەتی رووناکبیران" بەهۆی دەستێوەردانی ئەوان لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا نییە، (ئەو ڤۆلتێر وەک کەسایەتییەکی حەقخواز ناو دەبات)، بەڵکو بەهۆی بەشداریکردنیان لە پارتە سیاسییەکانە.

ئاماژەی بێندا بە بەشداری رووناکبیرانی فەڕەنسی لە پارت و رێکخراوە سیاسییەکاندا هەڵگری ناوەڕۆکێکی رێکوپێک و بە زمانێکی پڕ لە رێز نووسراوە.

ئەگەر ساڵی ١٨٩٨ بە ساڵی دەسپێک و سەرهەڵدانی رووناکبیران لە فەرەنسا بزانین، دەتوانین بڵێین کە ساڵێک پاش ئەمە، واتە ١٨٩٩ ساڵی سەرهەڵدانە سیاسییە نوێیەکانە لە فەرەنسا، کە رووناکبیرانیش رۆڵێکی کاریگەریان لە سەرخستنیدا هەبووە.

لەو ساڵەدا رووناکبیرانی نەتەوەپەرەست لە بەرانبەر لایەنگرانی دریفوس، گرووپی(action française)یان بە رێبەری شارل موراس پێکهێنا.

بەم شێوەیە نەتەوەخوازی موراسی بە ناوی تاقمخوازی فەرەنسی لەگەڵ بنەمای گشتیخوازیی رەوشتی رووناکبیرانی لایەنگری دریفوس کەوتە نێو ململانێی سیاسی و فیکرییەوە.

بەڵام شک لەوەدا نییە کە لە پانتایی رووناکبیری فەرەنسا لە سەد ساڵی رابردوودا، سەرکەوتن بۆ رووناکبیرانی دریفوسی بووە، چونکە گرنگی لە شێوەی کرداری ئەواندا تەنیا گەرانەوە بۆ بنەما رەوشتی و گشتیخواز و جیهانییەکان نییە، بەڵکو بەرگریکردنە لە بایەخەکانی کۆماریخوازی.

بنەماکانی دریفوس، بەرگریکردن لە دروشمی خودموختاری تاکەکەسی و ئازادییە مەدەنییەکانە کە لە روانگەی رووناکبیرانی لایەنگری دریفوس، سەردەمی رۆشنگەری و بەیاننامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی ١٧٨٩ پارێزەر و پێناسەی ئەون و دواتر بۆ ماوەی نیو سەدە شارستانییەتی رووناکبیریی چەپ و بەرپرسیار لە وڵاتی فەرەنسا بونیاد دەنرێت.

**قۆناغی دووەم:**

ئێستا ئەگەر چاوێک بەسەر قۆناغی دووەمی رووناکبیری لە وڵاتی فەرەنسا بخشێنین، دەبینین کە بە تەواوی درێژەپێدەری قۆناغی یەکەمە بەو جیاوازییەی کە لەم قۆناغەدا چەند رووداوی گرنگ، فۆرمێکی نوێ بە رووناکبیریی فەرەنسی دەبەخشێت کە گرنگترینیان ئەزموونی تاڵی شەری یەکەمی جیهانی و هەوەها روودانی شۆرش لە رووسیای تزارییە.

بۆ بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی دریفوس، شۆرشی رووسیا نیشانەی دەسکەوتەکانی شۆرشی فەرەنسایە لە سەدەی بیستەمدا، لە کاتێکدا لە روانگەی راستە نەتەوەپەرستەکان، شۆرش لە رووسیا و پەرەپێدانی بلشویزم (رێبازێکی سیاسییە کە لایەنگری لە حکومەتی پرۆلتاریا دەکات و

ناوەندەکەی یەکێتیی سۆڤییەت بوو) مەترسییەکی نوێ بۆ سەر بایەخە نەریتی و دینی و نەتەوەییەکان لە فەڕەنسا لەقەڵەم دەدرا.

لەو قۆناغەدا کۆنگرەی بە ناوبانگی شاری "توور" کە لایەنگران و دژبەرانی لنینی لێک جیاکردەوە و بەم هۆیە دوو حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی سۆسیالیست لە فەڕەنسا دروست بوون.

لەڕاستیدا بزووتنەوەی چەپ لە وڵاتی فەڕەنسا بەسەر دوو بەش دابەشکرا؛ حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسا. لە لایەکی دیکە رووناکبیرانی دەستە راست دژی سیستمی پارلمانتاریزم بوون و هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی یەکێتیی نەتەوەیی پێک بێنن و بە باسی کولتوورییەوە سەرقاڵ دەبن و تێکەڵ بە بزووتنەوەکانی فاشیستی و نازیزیزم دەبن.



(شارل پگی ١٩١٤-١٨٧٣)

لەو قۆناغەدا لەگەڵ چەند رووداوی رووناکبیریی گرنگ بەرەوڕوو دەبینەوە؛

١- مەرگی رووناکبیرانی وەک شارل پگی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا.

٢- لاگیری و ئینتیمای رووناکبیرانی وەک "ژۆرژ سورێل و کەسانی تر لە ١٩١٧-١٩٢٠" بۆ

شۆڕشی رووسیا.

٣- بەرگری لە فاشیزمی ئیتاڵیایی و مۆسۆلۆنی لە لایەن موراس و لایەنگرەکانی.

٤- مەرگی "بارس" لە ٤ی دیسەمبەری ١٩٢٣ کە بە یەکێک لە رووناکبیرانی دەستە راستییەکان لەقەڵەم دەدرا و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر رووناکبیران و نووسەرانی وەک "دریو لاروشل" و "هانری دومونترلان" و"فرانسوا موریاک" هەبوو.

٥- سەرهەڵدانی دادائیزمی "تریستان تزارا" و بە شوێن ئەودا شۆڕشی بزووتنەوەی هونەری و رووناکبیری "سووریالیزم" کە بە بەیاننامەی سووریالیزمی ئاندرێ برۆتۆن لە دیسەمبەری ١٩٢٤ پێک دەهێنرێت.

وشەی "سووریالیزم" لە لایەن "گیوم ئاپولینێر" بەرهەم دێت و ئەو وشەیە بە مانای "داهێنانی خۆڕسک" بەکار دەهێنێت.

بەڵام برۆتۆن ئەم وشەیە بە مانای ناڕەزایی دەربڕین بە جیهانی عەقڵانی دیکارت و سیستمە سیاسی و هونەرییەکان بەکار دەهێنێت.

جێی باسە کە سووریالیزمەکان خاوەنی دوو قۆناغی گرنگن:

١- قۆناغی یەکەم کەسانی وەک برۆتۆن و لۆیی ئاراگۆن هەوڵ دەدەن کە ئاشتی لەنێوان شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شۆڕشی سووریالیزمی درووست بکەن.

٢- لە قۆناغی دووەمدا کە بە بەیاننامەی دووەمی سووریالیزم لە لایەن ئاندرێ برۆتۆن دەخرێتە بەر باس، برۆتۆن بەرەی ترۆتسکی لە دژی ستالین هەڵدەبژێرێت و ئەو هەڵبژاردنە دەبێتە هۆی جیابوونەوە لەنێوان ئاراگۆن و برۆتۆن لە ساڵی ١٩٣٢دا.

**قۆناغی سێیەم:**

هەروەک ئاماژەی پێکرا نەریتی رادیکالیزم و رووناکبیری لە فەڕەنسا بە نامەی زۆلا دەست پێدەکات و بە دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسا درێژەی پێدەدرێت.

لە قۆناغی سێیەمدا ئەو رادیکالیزمە فۆرمێکی نوێ بەخۆوە دەبینێت و قارەمانانی رووناکبیرییەکەی لە کەسانی وەک؛ "ئاندرێ مالرۆ" فەیلەسووفی بەناوبانگی فەڕەنسی "ئالێن" Alain پێکدێت.

ساڵی ١٩٣٠ سەردەمی شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا، سەرهەڵدانی نازیزم لە ئاڵمانیا و بەرەی جەماوەری (Front populaire) لە فەڕەنسایە.

بۆ رووناکبیران سەردەمی (Front populaire) بابەتی سەرەکی بەرگریکردن لە بایەخەکانی کۆماریخوازی و چەپ لە بەرانبەر فاشیزم و فرانکوایزم بوو.

لەم قۆناغەدا دریفوسییەکانی وەک فەیلەسووفی فەڕەنسی "ئالێن" بەیاننامەیەکی نوێ لەژێر ناوی "قسە لەگەڵ کرێکاران" (Appel aux ouvriers ) ئیمزا دەکەن، کە تیایدا سێ درووشمی؛ نان؛ ئاشتی و ئازادی؛ دەخەنە بەر باس. جێگەی سەرنجە کە "ئاشتی و ئازادی" بۆ بایەخی گرنگیی لایەنگرانی دریفوس لە ١٨٩٨ بوو، کە لێرەدا جارێکی تر دووبارە دەبێتەوە.

کەسایەتییەکی ناسراوی تر لە رووناکبیرانی ئەم قۆناغە "ئاندرێ مالرۆ"یە کە ساڵی ١٩٣٣ بە نووسینی کتێبی بەناوبانگی "چارەنووسی مرۆڤ" خەڵاتی ئەدەبیی گۆنگوری پێبەخشرا.

مالرۆ نووسەرێکی شۆڕشگێرە، بەڵام مارکسیست نییە.

بۆ مالرۆ مارکسیزم راهێنان نییە، بەڵکو ئیرادەیە، ئیرادەیەک بۆ ناسینی خۆت. بەم پێیە مارکسیست بوون بەمانای دروست وتن نایەت، بەڵکو بە مانای سەرکەوتنی بەبێ خیانەت بەسەر خۆتدا دێت.

هەر بەم هۆیە مالرۆ لە شەڕی حەقیقی ئیسپانیا لەگەڵ کۆماریخوازەکان بەشدار دەبێت، چونکە بە بڕوای ئەو رووناکبیر تەنیا مرۆڤێکی خوێندەوار نییە، بەڵکو کەسێکە کە ئاگایی و کردەوە دەبێت بە یەکەوە بەکاربێنێت.

رووناکبیریی چەپ لە فەڕەنسا تێکەڵاوە بە شکستی کۆماریخوازەکان لە ئیسپانیا.

بەم پێیە رووناکبیرانی وەک؛ سارتەر، ریکور و لویناس لە بەرەکانی شەڕی دووەمی جیهانیدان و بۆ بەندیخانەکانی نازی دەنێردرێن و هەندێکیان وەک ئەندرێ مالرۆ و ریمۆن ئارۆن بۆ هاوکاریکردنی شارل دۆگۆل و فەڕەنسای ئازاد بۆ لەندەن دەڕۆن.

هەڵبەت هەبوون کەسانی وەک "کلۆد لویی ئێشتراوس" کە خۆیان لە شەڕی ئەورووپا بەدوور راگرت و لە قوتابخانەی فەڕەنسی نیویۆرک دەست بە وانەوتنەوە دەکات. کەسانێکی وەک ژان دوسانتی و دۆمنیک دوسانتی تێکەڵ بە بزووتنەوە و بەرخۆدانیی فەڕەنسا دەبن، بەڵام لەنێوان ئەواندا

کەسانی وەک "ڤیکتۆر بووش" (Victor Busch) کاوێلس (Cavaills) لە لایەن نازییەکانەوە قۆڵبەست و پاشان تیرباران دەکرێن و بەشێکیشیان لە ئۆردوگاکانی نازییەکاندا دەمرن.

بەڵام بەداخەوە لەو قۆناغەدا زۆرێک لە رووناکبیرانی دەستە راست هاوکاری حکومەتی ویشی (Vichy) مارشاڵ پتی و نازییەکان دەکەن.

کەسانی وەک "موراس" و لایەنگرانی ئەوە وەک "پییەر بووتان" وەک دژایەتیکردن لەگەڵ دیموکراسی و کۆماریخوازی، سێ درووشمی (کار، بنەماڵە، نیشتمان) لە بەرانبەر درووشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسا (ئازادی، بەرابەری، برایەتی) (Liberté, Égalité, Fraternité) یان بەکاردەهێنا و بەرگرییان لێدەکرد.

لێژنەی نەتەوەیی نووسەران لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٤دا لیستێک لە نووسەران و رووناکبیران بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ نازیسم بڵاو دەکاتەوە، کە تیاید ناوی کەسانی وەک "ژۆرژ سواریز، لویی فێردیناند سلین، مارسێل ژۆماندۆ، هانری دۆمۆنتراڵ، ساشا گیتری، دریۆ لاروشێل، رۆبێر برازیاک، پۆل سوران و لوسین روباتێ" بەرچاو دەکەون.

لەنێوانیاندا کەسانێکی وەک سواریز و برازیاک دادگایی دەکرێن و سزای ئیعدامیان بۆ دەردەچێت، بەڵام لێرەدا دەبێت ئاماژە بە هەوڵی رووناکبیرانی دژەفاشیستی وەک ئالبێر کامۆ، مارسێل ئێمێ و کلۆد موریاک بکەین کە بۆ پێشگرتن لە ئیعدامی رووناکبیرانی دەستەڕاستی بناژۆ و لایەنگری نازیسم، بەیاننامەیەک ئیمزا دەکەن.

موریاک لە نامەیەکدا بۆ دۆگۆل دەنووسێت؛ ((مەبەستی ئێمە ئاوڕنەدانەوە لە بەرپرسایەتی ئەو رووناکبیرانە نییە، بەڵام ئێمە وا بیردەکەینەوە کە ئامانجە هەڵەکان پێویستیان بە شەهید نییە و لێخۆشبوون هەندێ جار ئاقڵانەترین هەڵوێستە)).

بەڵام ژان پۆل سارتەر لە وتارێکدا لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ لە گۆڤاری "تان مودێرن" کە بە هاوکاری ئارۆن، بودار، مێرلۆ پۆنتی بەڕێوە دەبرا بە ئەنجامێکی پێچەوانەی کلۆد موریاک دەگات. سارتەر دەڵێت: نووسەر کەسێکی بەرپرسە و خاوەنی بەرپرسایەتییەکی سیاسیشە.

بەم وتەیەی سارتەر، قۆناغی چوارەمی رووناکبیری لە فەڕەنسا دەست پێدەکات، کە بە ساڵانی سارتەر دەناسرێت، کە لە ١٩٤٥ تا ١٩٨٦ درێژەی هەیە.

**قۆناغی چوارەم:**

لەم قۆناغەدا ئێمە لەگەڵ سەردەمێکی نوێ لە بەرپرسایەتیی رووناکبیری بەرەوڕوو دەبینەوە و جارێکی تر نەریتی خەباتی دریفوس بە خەباتی دژ بە داگیرکەر لە شەڕی ئەلجەزایر دەگۆڕدرێت.

هەروەها قۆناغی چوارەم، قۆناغێکە کە تیایدا فەلسەفەی ئێگزیستالیزمی سارتەر، کامۆ، ژان وال و گابریەل مارسێل بایەخێکی تایبەتی پێدەدرێت.

بەرگری لە بەرەی رزگاریخوازی ئەلجەزایر لە لایەن رووناکبیرانی چەپ، جارێکی تر ململانێ و کێشە لەنێوان لایەنگرانی مارکسیزم و چەپەکان لەگەڵ دژبەرانی خۆیان لە زەینەکاندا زیندوو دەکاتەوە.

لەو قۆناغەدا سارتەر بۆ کووبا و یەکێتیی سۆڤییەت سەفەر دەکات و پێشەکییەک لەسەر کتێبی "دۆزەخییەکانی سەر زەوی" لە نووسینی "فرانتس فانوون" دەنووسێت.

ئەم هەڵوێستەی رووناکبیریی فەڕەنسا دژی داگیرکاری و سیستمی ئیمپریالیزم دەبوایە لە چوارچێوەی ململانێیەکانی ئایدیۆلۆژیکی شەڕی سارد لەبەرچاو بگرین.

ئەگەر قبووڵی بکەین کە ژان پۆل سارتەر کەسایەتییەکی پارادێمی رووناکبیریی رادیکاڵە لەم قۆناغەدا، دەتوانین بڵێین کە ریمۆن ئارۆنیش ناسراوترین کەسایەتیی رووناکبیریی دژ بە کۆمۆنیزم و لیبراڵ لە فەڕەنسایە لە قۆناغی چوارەمدا.



(ستافی گۆڤاری Tel quel ١٩٦٨)

ریمۆن ئارۆن و بەرەی مارشال دۆگۆل خۆیان وەک ئۆردوگای دژی توتالیتەر پێناسە دەکەن و گۆڤارەکانی وەک (Contrepoint) و (esprit Liberte) و (Preuves) بە چاپ دەگەیەنن.

ریمۆن ئارۆن بە نووسینی کتێبی بەناوبانگی "ئەفیوونی رووناکبیران" لە ساڵی ١٩٥٥ باس لە خولیا و هەڵەکانی رووناکبیرانی چەپ لە بەرانبەر تووتالیتاریزم دەکات.

رەنگە یەکێک لە سەرنجراکێشترین رووناکبیرانی ئەم قۆناغە "ئالبێر کامۆ" بێت کە لە بارودۆخێکی ئاڵۆز لەگەڵ هەر دوو بەرەی راست و چەپ رووبەڕوو دەبێتەوە، کەلێنی نێوان سارتەر و کامۆ تا کاتی مردنی کامۆ لە ١٩٦٠دا دەمێنێتەوە سارتەر پاش مەرگی دەنووسێت: "کامۆ دەربڕی سەدەیە و دژی مێژوو بوو، ئۆمانیزمی کەلەڕەق، هەستیار و رەها، کامۆ خەباتێک بوو پڕ لە فرمێسک و دڵەڕاوکێ، دژی رووداوە پڕ دەسکەوت و بێ گرفتەکانی ئەم قۆناغەیە".

**قۆناغی پێنجەم:**

بێ شک شوێنی کۆتایی قۆناغی چوارەم بزووتنەوەی ١٩٦٨ و مانگرتنە خوێندکارییەکانە کە بە هاتنە مەیدانی رووناکبیرانی نوێی وەک؛ میشێل فۆکۆ، فلیکس گواتاری، فرانسوا شاتلێ، فرانسوا لیوتار، ئاگهی رۆبۆر، ژیل دلۆز، ژاک دریدا دەناسرێت. ژیل دلۆز و گواتاری بزووتنەوەی ٦٨ وەک "رووداوێکی سرف و رەها و بەدوور لە هەر جۆرە هۆکارێکی نۆرمی" دەبینن و باسی لێوە دەکەن.

مانگی مەی ١٩٦٨ جارێکی تر وەک قۆناغەکانی پێشوو، رووناکبیرانی دەستە راست و دەستە چەپی فەرەنسا لە هەمبەر یەک دادەنێت. ئاندرێ مالرۆ و ریمۆن ئارۆن بۆ بەرگری لە ژنێراڵ دۆگۆل دێنە سەر شەقامەکانی پاریس، لە کاتێکدا سارتەر لەگەڵ گرووپێک لە مائۆیستەکانی فەرەنسا بناغەی رۆژنامەیەک دادەنێن و لە لایەن پۆلیسەوە قۆڵبەست دەکرێت.

لەم قۆناغەدا فلیپ سۆلرێز کە خۆی پەیڕەوی لە ئایدیۆلۆژی مائۆیستی دەکات، گۆڤاری (Tel quel) وەڕێدەخات کە لە ساڵانی دوایی مەی ١٩٦٨ کەسانی وەک؛ تۆدر رۆف جولیا کریستوا، رۆلان بارت هاوکاری ئەو گۆڤارە دەکەن.

ئەو قۆناغە، قۆناغی پووکانەوەی سارتەرە لە رووی جەستەیی و مەعنەوییەوە. لە ساڵی ١٩٧٣ سارتەر بینایی خۆی لەدەست دەدات، بەڵام لە ١٩٧٤ لەسەر بانگهێشتی نوێنەری گرووپی سوپای سووری ئاڵمانیا سەردانی ئەو وڵاتە دەکات و لە بەندیخانە دیدارێک دەگەڵ "بادرماینهۆف" دەکات، بەڵام دژایەتی خۆی بۆ شێوازە تێرۆریستییەکانیان دەردەبڕێت.

کەسایەتییە رووناکبیرییەکانی قۆناغی پێنجەم، رووناکبیرانی پاش مودێرنن کە هەرکام بە رەخنە لە مودێرنیتە لە ئایدیۆلۆژییەکانی تۆتالیتەری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم مەودایەکی رەخنەگرانە پێکدێنن، بەڵام بۆ شرۆڤە و باسکردنی فەلسەفەیەکی سیاسی نوێ هەوڵ نادەن.

بەم پێیە، دەکرێت رووناکبیریی قۆناغی پێنجەم لەژێر ناوی "بزووتنەوەی ٦٨" هەڵسەنگێنین کە رووناکبیرییەکی پاش مودێرنە و خواستە فەلسەفییە نوێیەکانی هایدیگەر و نیچە و مارکس و فرۆید لەخۆ دەگرن.

کتێبە گرنگەکانی قۆناغی پێنجەمی رووناکبیری بریتیین لەو کتێبانەی خوارەوە:

- کتێبی "دژی ئۆدیپ" لە نووسینی دیلوز و گواتاری کە ساڵی ١٩٧٢ چاپ دەکرێت.
- "ئاگاداری و سزا" لە نووسینی میشێل فۆکۆ کە ساڵی ١٩٧٥ چاپ دەکرێت.
- سەرەنجام "بارودۆخی پاش مودێرن" لە نووسینی ژان فرانسوا لیوتار.

لەم قۆناغەدا میشێل فۆکۆ مانا سارتەرییەکەی رووناکبیر کە بۆ کەسایەتییە کلاسیکییەکانی رووناکبیر وەک "کەسایەتی جیهانی" ناو دەبات، تەئکید دەکاتەوە و دەخاتە ژێر پرسیار و قسە لە "رووناکبیری تایبەت" دەکات.

بەڵام هەڵوێستە سیاسییەکانی فۆکۆ ئاوێتەی هەڵەکانیش بووە، کە لە دواتر لەلایەن فەیلەسووفانی نوێ لە ساڵانی ١٩٨٠ رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە.

بۆ نموونە میشێل فۆکۆ لە دیمانەیەکدا لەگەڵ نوام چۆمسکی لە نۆڤەمبەری ١٩٧١دا دەڵێت: "لەوانەیە کاتێک کە پرۆلتاریا دەسەڵات دەگرێتە دەست، دەسەڵاتێکی توندوتیژانە، خوێناوی و دیکتاتۆرانە لە هەمبەر ئەو

چینانەی کە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەڕێوەببات، من گرفتێک لەو بابەتەدا نابینم".

**قۆناغی شەشەم:**

ڕەنگە رادیکالیزم و ڕێڕەوی چەپی بناژۆ لە لایەن زۆربەی ڕووناکبیرانی چەپ لە فەڕەنسا بووە هۆی دروستبوونی گرووپێکی گەنجتر لە ڕووناکبیران و فەیلەسووفان لە کۆتایی ساڵانی ۱۹۷۰ تا سەرەتای ۱۹۸۰ لەژێر ناوی (nouveuxphilosophs) دێنە ناو پانتایی گشتیی فەڕەنساوە.

نوێنەرانی سەرەکی ئەم گرووپە نوێیە، بریتی بوون لە ڕووناکبیرانی وەک بێرنار هانری لویی، نووسەری کتێبی " دڕندەیی یان ڕووخساری مرۆیی" و ئاندرێ گلۆکسمەن نووسەری کتێبی "بیرمەندانی ڕێنما" کە هەرکامیان لەژێر کاریگەری "سۆلژ نستین" ڕەخنەیان لە تۆتالیتاریزمی کۆمۆنیستی و چەپ و حیزبی کۆمۆنیست گرتووە.

لە پاڵ ئەو کەسانە و ڕەخنەکانیاندا لە تۆتالیتاریزم، دەبێت ئاماژە بە ڕەخنەی تۆتالیتاریزم و چەپ لە ناوخۆی بزووتنەوەی چەپ بکەین کە لە لایەن سێ گرووپی گرنگەوە ئەنجامدرا:

١- گرووپی گۆڤاری (Argument) واتە ئێدگار مورێن و کۆستاس ئاکسلۆس.

٢- تاقمێک لایەنگری سۆسیالیزم کەسانی وەک کلۆر لۆفۆر (قوتابی لۆپۆنتی) و ژان فرانسوا لیوتار لەخۆ دەگرن، پاشان لە ساڵانی ١٩٦٠ لێکدادەبڕێن.

٣- سەرەنجام گرووپی گۆڤاری ئێسپریت (Esprit) کە بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە هانا ئارنت پێ دەنێتە ناو قۆناغێکی گرنگی ڕووناکبیری بە سەرنووسەری ئۆلیویە فۆژن.

**قۆناغی حەوتەم:**

دەکرێت ڕێکەوتی ١٨ی ئەبریلی ١٩٨٠ بە دەسپێکی ڕووناکبیریی بەرپرسیار لە فەڕەنسا دابنێین، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی بە خاکسپاردنی ژان پۆل سارتەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس.

شرێر ژوولی سەرنووسەری ڕۆژنامەی لیبراسیۆن کە سارتەر ڕۆڵی

گرنگی لە سەرخستنیدا هەبوو، سارتەر وەک کەسایەتییەک یاد دەکاتەوە، کە وەک لتێر و هۆگۆ سەدەی خۆیان پێکهێنا.

٩ ساڵ دوای مەرگی سارتەر بە رووخانی دیواری بەرلین رووناکبیریی بەرپرسیار لە فەڕەنسا کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا بە هەوراز و نشێوی زۆردا تێپەڕیبوو، فۆرمێکی نوێ بەخۆوە دەبینێت.

لەم قۆناغەدا رووناکبیران بە مەسەلە و بابەتە نوێیەکانەوە خەریک دەبن، لەوانە رەخنە لە بابەتە کولتوورییەکانی بەکارهێندراو دەگرن، بەڵام تێکەڵاوە بە بەرگریکردن لە تاکخوازی دیمۆکراتیک.

کەسانی وەک لووک فری، ئالێن فینککرۆت، ئۆلیویە فۆژن، پاسکال بروکنێر، لەژێر کاریگەری بەرهەمەکانی ئارنت لۆفۆر، کانت، ریکور و کەسانی تر بە رەخنەی نیچە و هایدیگەر و بەشێوەی گشتی "ئەندێشەی ٦٨"وە سەرقاڵ دەبن.

ئەم رەخنانە دەبنە هۆی درووستبوونی فەزای نوێ لە رووناکبیریی فەڕەنسا و باسەکان دەربارەی پلۆرالیزم، دیموکراسی و یەکسانی لە جێی بەرگری سارتەری لە شۆڕش و رووناکبیریی بەرپرسیار و جیهانی سێیەم دادەنێت.

ئالێن تورێن کۆمەڵناسی فەڕەنسی لە کتێبی خۆیدا "لە پاش سۆسیالیزم" باس لە مەرگی سۆسیالیزم دەکات و ئاندرێ گوزێر کتێبێک لەژێر ناوی "ماڵاوا پرۆلیتاریا" دەنووسێت.

بە مردنی ریمۆن ئارۆن لە ساڵی ١٩٨٣، میشێل فۆکۆ لە ١٩٨٤ و لیون دوبوار لە ١٩٨٦دا لاپەڕەیەک لە مێژووی رووناکبیریی فەڕەنسا دەبەسترێت. پاش مردنی ئەو سێ بلیمەتە "بورویە" کۆمەڵناسی فەڕەنسی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ کەسایەتی دیاری رادیکالیزمی رووناکبیریی فەڕەنسایە. تاکو ئەویش لە ژانوییەی ٢٠٠٢ ماڵاوایی لە جیهان دەکات.

سەرچاوە:

سایت (خانە هنرمندان ایران)، روشنفکران فرانسە.



# چەند کورتە چیرۆکێکی
# زەکەریا تامر

و. عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

**پاشا**

دارتاشەکان مانیانگرت و بڕیاریان دا تا نرخ زیاد نەکرێت، ئیتر یەک سیسەم بۆ کەس دروست نەکەن. کە هەواڵی مانگرتنەکە بە پاشا گەیشت تووڕە نەبوو، بەڵکو پێکەنی و پرسی: "سیسەم لە چی دروست دەکرێت؟

وتیان لە تەختە کە لە درەخت دروست دەکرێت. پاشا بە پێکەنینەوە و فەرمانی بە درەخت کرد سیسەم بگرێت... بەڵام درەخت ملکەچی فەرمانی پاشا نەبوو، پاشا تووڕە بوو، بڕیاری دا هەموو درەختەکان لە بێئاویدا وشک بکرێن.

پاشا زۆر دڵشاد بوو کە بینیی وا هەرچی درەخت هەیە لەبەر بێئاوی لە وشکبووندایە، بەڵام خۆشییەکەی زۆری نەبرد، چونکە زستان داهات.

### کاتێک هەژاران سەرخۆش دەبن

پاشا قەڵس و وەڕس بوو و جلی هەژاری لەبەرکرد و لە کوچە و کۆڵانەکانی شاردا کەوتە گەڕان، چووە هەژارترین گەڕەکی شارەوە... بینیی خەڵکێکی زۆر دەوری سەرخۆشێکی جلشڕی داماویان داوە، بەملاولادا لەترەدات و هاوار دەکات: من پاشام... کێ داوایەکی هەیە بێتە پێشەوە بۆی جێبەجێ بکەم. پیرەمێردێک لە سەرخۆشەکە نزیکبووەوە و دەستی خستبووە سەر ورگی: خەریکە لەبرسا دەمرم و پارەی نانێکم پێ نییە.

سەرخۆشەکە تاکێک لە پێڵاوەکانی داکەند و دایە دەستی پیرەمێردەکە و وتی: "بگرە... ئەوە نیوەی مەملەکەتەکەم بۆ تۆ".

خەڵکی دایانە قاقای پێکەنین... پاشا کە بێزارییەکەی نەما، گەڕایەوە کۆشک... بەڵام فەرمانی دەرکرد کە نابێ هەژاران مەی بخۆنەوە.

### دار و دەوەنەکان

لە گازینۆکە یارییەکی گەرمی کۆنکان لەنێوان مەعروف و ڕەشیدا کرا. خەڵکێکی زۆریان بە دیارەوە بوو و دەیان قسەی سەیر و سەمەرەی تیا کرا و دواجار ڕەشید دۆڕانی. مەعروف کەوتە کەشخەییکردن بە بردنەوەکەی و بە تەوس پێکردنەوە ئامۆژگاریی بەرانبەرەکەی کرد کە پێش ئەوەی یاریی لەگەڵ مامۆستایەکی وەک ئەودا بکات دەبێ شەو و ڕۆژ مەشق بکات. ڕەشید تووڕە دەبێت و وەرەقەی کۆنکانەکان دەدڕێنێت و تووڕیان دەداتە سەر زەوی و بە دەنگێکی بەرز، کە هەموویان گوێیان لێبووە بە مەعروفی وت کە خۆی فش نەکاتەوە و سەری شۆڕبکات، چونکە پیاوانی گەڕەک لە دایکی ئەو زیاتر دەزانن جەستەی خوشکەکەی چیی پێوەیە و پێوە نییە.

مەعروف سەری شۆڕکرد و ورتەی لە دەم نەهاتەدەر، تەنها گوێی لەو چرپانە بوو کە بەردەوام دەهاتنە گوێی:

کەروێشک چرپاندی: "راکەیت نەجاتت دەبێ".

نەعامە وتی: "ئەمڕۆ سەرت بشاریتەوە سبەینێ دەبێ هەموو گیانت".

کەمتیار چرپاندی: "هەرکەس نەخوات دەخورێت".

مار وتی: "گیانم نەرمە، بەڵام کەڵبەم بکوژە".

گورگ چرپاندی: "ئەگەر گورگ نەبیت مەڕیش دەتخوات".

قەلەڕەش وتی: "ئای چەند حەزم لە قیڕاندنە".

شێر هیچی نەوت و تەنها بە توورەیی نەڕاندی و خۆی ئامادەکرد بۆ پەلاماردانی نێچیرەکەی. مەعروف هەستایە سەرپێ، وەک ئەوەی بیەوێت بڕوات، بەڵام لەناکاو دوو بۆکسی کێشا بە هەردوو پرووی ڕەشیدا، ڕەشید حەپەسا، چونکە ئەو چاوەڕێی شەڕە جوێن و دواتر دەستەویەخە و ئامبازبوونی یەکتریی و دواجار ناوبژیوانیی خەڵکی دەکرد. مەعروف بە خێراییەکی زۆر چەقۆکەی دەرهێنا، سێ چەقۆی دا لە سینگ و ملی ڕەشید و هاواری کرد: "ئاخ، کوشتمی!".

شێر بە دەم و پلی خوێناوییەوە لە قوربانییەکەی دوورکەوتەوە، مەعروفیش بە چەقۆکەی دەستییەوە کە خوێنی لێدەچۆڕا لە گازینۆکە دەرپەڕی، بەدەم ڕاکردنەوە هاتەوەبیری کە: ئەو تاقانەی دایک و باوکییەتی و خوشک و برای هەر نییە!

## دۆزەخ

لە باخێک لە باخە سەوزەکاندا پیاسەم دەکرد، بە گوێدرێژێک گەیشتم و پێم سەیربوو بە ڕەوانی بە عەرەبی قسە دەکات، پرسیارم لێکرد لە گۆرانیبێژە عەرەبەکان کێی زیاتر بە دڵە، بە پرتە و بۆڵەوە وتی: "ئەم ژیانەی من دەژیم دەرفەتی گوێگرتنم لە گۆرانی نادات، بەڕاستی ئەم ژیانە ئەو ژیانەیە کە دەڵێن کەریش تەحەمولی ناکات".

پێم وت ئەزموونەکانی زەمانەیە وای لە خەڵکی کردووە بۆڵە و خورتەیان نەیەت، چونکە هەرکات لە بارەی دۆخێکەوە بکەونە بۆڵە و هیوا بە نەمانی بخوازن، هیواکەیان دێتەدی، بەڵام دۆخێکی خراپتر دێت و هیوا بەوەی پێشوویان دەخوازن.

کەرەکە وتی: "هەموو زوڵمێک تەحەمول دەکرێت، تەنها ئیشکردنی زۆر و خواردنی کەم نەبێت".

منیش بۆ دڵدانەوەی وتم: "ئەم زوڵمەی تۆ دەیڵێیت تەنها کەر ناگرێتەوە، خەڵکێکی زۆر لە کەر زیاتر ئیش دەکەن و لەویش کەمتر دەخۆن".

کەرەکە وتی: "ئێمە ملمان بە گوریس دەبەستنەوە و بە کەیفی خۆیان بەملا و بەولادا تێوەمان دەژەنن".

پێم وت: "ئەو خەڵکەیش وەک ئێوەن، گوریسی ملی ئەوان ئەستوورتر و توندتریشە، بەڵام نابینرێت".

کەرەکە وتی: "ئێمە ڕۆژانە ئیشمان پێدەکرێت و مانبگرین و نەیکەین دەمانکوتن".

وتم: "ئەوانەی دەتانکوتن، واتان لێدەدەن بمێنن، چونکە بە نەمانی ئێوە خۆیان زەرەر دەکەن، بەڵام کە لە خەڵکی مانگرتوو دەدرێت دەربەستیان نایەن بمێنن یان بمرن، چونکە مان و نەمانیان لا وەک یەکە".

کەرەکە وتی: "ئێمە لە هەموو مافێک بێبەری کراوین، تەنانەت گەر بمانەوێ بزەڕێنین لێمان دەکەن بە هەڵا و ناڕەزایی دەربڕین لە دەنگمان".

وتم: "ئەوەی لە ماف بێبەریتان دەکات خۆیشی لە مافەکانی بێبەرییە، برسی داوای نان لە برسی ناکات".

کەرەکە وتی: "ئەگەر متمانەم بە زانست نەبوایە، خۆم دەکوشت. زانست ئێستا پیاو دەکات بە ژن و ژنیش بە پیاو، بێگومان دەتوانێت لە ئایندەیەکی نزیکدا کەریش بکات بە مرۆڤ و نەجاتمان بێت".

پێم وت: "بەڵام ئەگەر ببیتە مرۆڤ، بۆ بەیانی دەکەویتە رجا و تکا تا ببیتەوە بە کەرەکەی جاران".

کەرەکە بە کەسێکی رەشبینی دانام و پرسی: "لەوە جوانتر و خۆشتر هەیە بە سەری بەرزەوە بە دوو پێ بڕۆیت؟"

پێم وت: "دەڵێی نابینایت! ئەی نابینی ئەو خەڵکە پۆل پۆل بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان چوارچنگۆڵە دێن و دەچن؟".

کەرەکە بە سەرسامی وتی: "هەر دەرگایەک دەکەمەوە دایدەخەیت، کەواتە دەتەوێ چی بڵێیت؟".

بە کەرەکەم وت: "هەمیشە نیعمەتەکانی خوات لەبیربێت کە پێی بەخشیویت، زۆر سوپاسی بکە نەیکردوویت بە هاوڵاتییەکی دوو پێ!".

## نێچیر

هەور و موزیک و بوکەڵە و منداڵەکان سووتان، شوێنێکم نەدیتەوە بۆ خۆحەشاردان تەنها رووبارێکی پڕئاونەبێت. چەندین ساڵ لەوێدا بە تەنهایی رادەست بە دڵنیاییەکی نادیارەوە ژیام. تا رۆژێک لە رۆژان راوچییەکی پیر هات و بە قولاپەکەی لە بنی رووبارەکە دەریهێنام، بەڵام بە داخ و کەسەر و نامۆیی تەماشای دەکردم و وتی: "وامزانی ماسییت".

بە گاڵتەوە پێم وت: "بەهەڵەدا مەچۆ، مرۆڤ لە ماسی باشتر و جوانترە".

بە چاوە ماندووەکانی روانییە خۆر کە بەرەوئاوابوون دەچوو و وتی: "ئای منداڵە بەسزمانەکانم، ئەمشەویش بێ شێو سەردەنێنەوە".

بە شەرمەزارییەوە سەرم دانەواند، دواتر وتم: "چۆن وا زوو بڕوات پێکردم،

گاڵتەم کرد من ماسیم".

راوچییەکە وتی: "بەڵام ماسی کوا قسە دەکات؟"

بە دەنگێکی لەرزۆک وتم: "ئەی بیرت چوو دەریا دەوڵەمەندە و جۆرەها ماسیی تێدایە؟ من ماسییەکم وەک مرۆڤ قسە دەکەم و هەر لە مرۆڤیش دەچم".

راوچییەکە بە خۆشییەوە پرسی: "بەڕاستە! یان گاڵتەم پێدەکەیت؟"

بێ دوودڵی وەڵامیم دایەوە: "پرسیارێکی ساویلکانەیە، چ مەجبوورم درۆت بۆ بکەم".

راوچییەکە قسەی تری نەکرد، بە ماندوویێتی و شەکەتی گەیاندمییە ماڵەوە، ژنەکەی پارچە پارچەی کردم و لە تاوەیەکدا سووری کردمەوە بێئەوەی هاوار و ئاخ و ئۆف بکەم، منداڵەکان پەلاماریان دا و کەوتنە خواردنم، زۆر دڵخۆش بووم، بەڵام کە وتیان تامێکی ناخۆشی هەیە و لە خواردنیشم بەردەوام بوون، خەم دایگرتم. خەمەکم زیاتر بوو کە تێگەیشتم رۆژی دواتر دەبمە پاشەڕۆ و دەخرێمەوە تاریکایی زەوی و ناچار دەبم لەو شوێنە پیس و ناخۆشەدا بژیم، تا رۆژێکی ترم بۆ دەرەخسێت و لە رەگی درەختێک، یان لە رەگی گوڵێکدا جارێکی تر خۆر دەبینمەوە.

### پەناگەی دڵنیایی

هاوڵاتییەک لەناکاودا شێت بوو، سوپاسی خوای کرد بۆ ئەو بەشەی پێی بەخشی. کە بردیان بۆ نەخۆشخانەی نەخۆشییە دەروونییەکان هەستی سوپاسگوزاریی زیاتر بوو... لە نەخۆشخانە وای بەسەردا هات: مانگی یەکەم بواری نەبوو هیچ رۆژنامەیەکی سوری یان عەرەبی بخوێنێتەوە، مانگی دووەم رێگەی پێ نەدرا گوێ لە هەواڵی دەزگاکانی راگەیاندن بگرێت. مانگی سێیەم هیچ بەرنامە و بابەتێکی تەلەفزیۆنیی نەبینی. مانگی چوارەم ویستی کتێبێک بخوێنێتەوە، بەڵام بینیی هەموو کتێبەکان پەڕەی سپین و بەس. لە مانگی پێنجەمدا کە ویستی نامەیەک بۆ خاوەن خانووەکەی بنووسێت و تکای لێ بکات لەبەر کرێنەدان شکاتی لێ نەکات، بینیی خوێندن و نووسینی لەبیرچووەتەوە. مانگی شەشەم ناوی سەرۆک و سەرکردەکانی جیهانی لەبیرنەما و گەر ناوی یەکێکیان بۆ بهێنایە، وایدەزانی جۆرێکە لە کەرە و پەنیر کە لە هۆڵەندا دروستدەکرێت. لە مانگی حەوتەمدا هەوڵیدا هەموو رووداوەکانی سەرلەبەری ژیانی بێتەوە بیر و نەیتوانی و هەستیکرد کەللەی بووەتە تۆپێکی بۆش. مانگی هەشتەم دڵنیابوو لەوەی نانخواردن و خەوتن لە نەخۆشخانەکەدا بەخۆڕاییە، بۆیە هەمان ئەو

خۆشییە دایگرت کە ئیتاڵیا پێیدەگات هەرکات توانیی گرووپە مافیاکان قەڵاچۆ بکات. مانگی نۆیەم پزیشکەکان پشکنینی وردیان بۆ کرد و راوێژی درێژخایەنیان لەنێو خۆیاندا کرد و بە کۆدەنگی بڕیاریان دا نەخۆشەکەیان بەتەواوی چاکبووەتەوە و دەبێ نەخۆشخانە جێبهێڵێت، تا ئەو کەسانە بێنە جێی کە بە تاسەوە لەچاوەڕوانیدان. ئەم هاوڵاتییە لە نەخۆشخانە دەرچوو، خەمبارنەبوو بە دەرچوونەکەی، چونکە دەیزانی زۆرنابات دەگەڕێتەوە ئەوێ، چونکە وڵات نەگۆڕاوە و وەک خۆی ماوە و هێشتا دەتوانێت شێت بەرهەم بێنێت، هەندێ لەو شێتانە بە تەوس پێهاتنەوە دەنێردرێنە نەخۆشخانە و هەندێکی تریان بە رێز و نەوازشەوە دەنێردرێنە کۆشکەکان بۆ سەرۆکایەتیکردنی وڵات.

**سەرچاوە:**

سایتی (گوڵیلکە)، (سایتی انفاس نت).

# کاتێک بەرزایی ئاسمانەکان یەکدەگرنەوە
# ئەو کاتماڵەکەم سەقفی دەبێت

## پۆل ایلوار

نووسینی: عبدالرحمن العذاري

و. هەنار ئەلسراج

زۆر بیر لەم بەیتە شیعرە دەکەمەوە و هەوڵدەدەم مانایەکی بۆ بدۆزمەوە زیاتر لەگەڵ مندا بگونجێت، نەک لەگەڵ شیعرەکەدا. من هەمیشە ئاوەهام بەدوای مانای شتەکاندا دەگەڕێم کە پەیوەندییان بەخۆمەوە هەبێت، ئەگەرچی ئەو شتانە پەیوەندییان بە منەوە نەبێت، شتێکی بۆ دروست دەکەم کە پەیوەندی بە منەوە هەبێت و وای لێدەکەم لە فەزای مندا بخولێتەوە... قەد باوەڕ ناکەم لەم گەردوونەدا شتێک هەبێت پەیوەندی بە منەوە نەبێت، نەک لەبەرئەوەی شێت بم، یان شیزۆفرینیام هەبێت، وەک ئەو کاتانەی وانەی شیزۆفرینیام دەخوێند لە نەخۆشییە دەروونییەکان، کاتێ کە نەخۆشیک تووشی شیزۆفرینیا دەبێت، هەست دەکات هەموو بوون و هەموو گەردوون پیلانیان لە دژی گێڕاوە و ئەو لە هەموویان باشتر و گەورەترە.

بەڵکو لەوەوە کە من باوەڕم بەوە هەیە ئەو چرکەیەی کە ئێمەی تیا دروست بووین، بوونەوەرێکین نابژێردرێین، لە ملیۆنەها هەست و نەست دروست بووین، بوونەوەرێکی بچووکین دوورین لە شیکردنەوە و تێگەیشتن و پەیبردن و زاڵبوون، بوونەوەرێکین دڵە بچکۆلانەکەمان دەتوانێت بەرگەی هەموو شتێک بگرێت و بە هەموو شتێک بگات.

دیسانەوە بیر لەم بەیتە شیعرە دەکەمەوە و دەڵێم ئایا ئیلوار پێش مردنی ئەم شیعرەی نووسی و وتی: لە کۆتاییدا بەرزاییەکان بەیەکگەیشتن و ماڵەکەم سەقفی بۆ دروست بوو.

لەوانەیە ئیلوار بە بەکارهێنانی بەرزاییەکان مەبەستی بیرکردنەوە بێت و لە میللەتەکەمدا هەموو کەسێک ئاسمانی تایبەتی خۆی هەبێت، ئایا لەبەر ئەوەیە بەشی وڵاتەکەم هەرئەوەندەیە کە بۆ جارێکیش بێت سەقفی بۆ دروست نەبووە؟

لەوانەیە... ئاوەها بیر لەم بەیتە شیعرە ناکەمەوە، هەوڵ دەدەم زۆر ئاسانتر لە خۆی تێی بڕوانم، ماناکان دەخەمە لاوەو سەیری وشەکان دەکەم... بەیتەکە... ئاسمان... بۆ ئەو وشەیەی کە لەوەوە دەستم پێکرد... و وشەیەکی تر کە بەرەوپیری دەڕۆم!

وەڵامی خۆمم دایەوە:ماڵەکان رۆح و جەستەیان هەیە... شوێنەکان شێوازی مرۆڤایەتییان هەیە، شوێنەکان لە ئێمە دەچن... دەکرێت بێوێنەترین شوێن جوان بکەین گەر هەوڵبدەین ناوەڕۆکی بدۆزینەوە!

ئێستا بیردەکەمەوە چۆن دەکرێت ماڵەکەم لە خۆم بچێت وەک چۆن هێلانە لە چۆلەکەکەی دەچێت؟

یان وەک چۆن "جۆن میلیشیە" دەڵێت دەربارەی "ئەندازیاری باڵندەکان"...

باڵندە بە تێڕوانینی میلیشیەوە، کرێکاری بینایە بەبێ کەرەستە. بەڵام دەستی سمۆرەی نییە و دانەکانی هامستری نییە... میلیشیە دەڵێت: "لەڕاستیدا جەستەی باڵندەکە کەرەستەکانییەتی، هێلانەی باڵندەکە لە پووش و پەڵاشی خڕ دەچێت کە بە جەستە دروستکرابێت و بۆ جەستە دروستکرابێت.

هێلانەکە باڵندەکە خۆیەتی. شێوەی باڵندەکەیە و هەموو هیلاکبوونییەتی، ئەو هێلانەیە لەڕێی چەندین جار و بە بەردەوامی سنگپێدانان و دەنووک لێدان دروستبووە و هیچ دانەیەک لەو پووش و پەڵاشانە بەبێ چەندین جار لە چاککردن و توندکردن بە سنگی باڵندەکە و بە دڵی تێنەپەڕیوە، لە وانەشە بە هەناسە قورسەکەی، لەوانەیە بە ترپەکانی دڵی وای لەو پووشە کردبێت خڕبێتەوە و لە کۆتاییدا ببێتە هێلانە، وەسفکردنی ئەم کارە زۆر قورسە بە وشە، ناتوانم پێتان بگەیەنم. تا ماوم وێنەی دروستکردنی هێلانەیەک لەبەر چاوم لاناچێت، ناتوانم ئەو هێلانەیە لەبیر بکەم کە لە خەونی پاراستنەوە هەڵدەقوڵێت... خەونی پاراستنی جەستەمان، پاراستنی کراسەکەمان... چی دەبێت ئەگەر بەم شێوازەی خەونەکانی میلیشیە ماڵەکانمان دروست بکەین و هەر کەسێکمان ماڵێکی تایبەتی خۆی هەبێت. ماڵێک بۆ جەستەی پڕاوپڕی خۆی بێت. وەک لە رۆمانی (کۆلاس برۆغنون)ی "رۆمان رۆلان"دا کاتێک کە قارەمانی رۆمانەکە ماڵێکی گەورە و فراوان رەت دەکاتەوە، رەتی دەکاتەوە، چونکە ئەم کراسە بۆ ئەو گونجاو نییە، بۆ ئەو ناشێت، رۆمان رۆلان دەڵێت: کراسەکەم یان ئەوەندە فراوان بێت، گەورە بێت

و شلوشاو و شۆڕبێتەوە، یان ئەوەندە تەسکوتروسک بێت تەقەڵەکانی لەبەرمدا هەڵبوەشێنەوە.

ئێمەش ساویلکانە غەریزەی باڵندە دەژین.

ژین بریتییە لە چەپکێک سەمفۆنیا لە گەڵای دارەکان... چەپکێک کە لە ئاسوودەیی دونیا ئالاوە... خاڵێک لە ئۆقیانووسی ئەو خۆشییەی کە دەوری درەختە گەورەکان دەدات!

ئێمەش هەروەهاین... کاتێک ماڵێک بۆ خۆمان هەڵدەبژێرین لە قوڵایی هەستکردنمان بە متمانەی تەواو لە دونیا هەڵی دەبژێرین.

ئایا چۆلەکە دەیتوانی هێلانە دروست بکات ئەگەر هەستی متمانەی بە دونیا نەبوایە؟

ماڵەکەمان دەبێتە هێلانەیەک لە ئۆقیانووسی خۆشیدا... تیایدا بە هەموو ئاسودەییەک دەژین لەگەڵ هەموو خەونەکانی متمانەبوون...

هێلانە وەک ماڵی خەون وایە... ماڵی خەونیش وەک هێلانە وایە... ئێمەش باڵندەیەکی بچووکین کاتێ دڵمان هەست بە خۆشییەکی بچووک دەکات دەتوانین بەرز... بەرز بفڕین... بەرەو ئاسمان!

**سەرچاوە:**
http://greenfield9918.wordpress.com

# دوو شیعری یەدوڵڵا روئیایی



و. لە فارسییەوە: یونس حسەینی- سەقز

(١)
لە گەرووما
بیدەنگی چەپکێ گوڵ بوو

ئاوازی کەنار،
شنەی ماچی من و پێڵووی کراوەی تۆ بوو

لەسەر ئاوادا باڵندەی با
لە هێلانەی سەدان دەنگا پەریشان بوو.
لە ئاوەکانا،
باڵندەی بێ ورار[1]
شریخەی تەڕی رەهێڵە،
تیشک، تیشکی تەڕی برووسکە

**لە ئاودا، جامێکی[٢] چێ کرد**
**کە قاپی روونی لە بڵێسەی دەریا بوو.**
**شنەی ماچ و**
**پێڵووی تۆ و**
**باڵندەی با،**
**بوونە گڕ و دووکەڵ**
**چەپکێ گوڵ بوو بێدەنگی، لە گەرووما.**

(٢)



**درەخت شارەزای تەنیاییە**

**درەخت تەنیایی ئەزانێ و**
**بەناو دەنگەکان بانگ ئەکا**

**کۆمەڵگایەکی دیلە دارستان و**
**درەخت بیرێکی ئاڵۆز**

**بیرێکی دیل**
**لە جەماوەرێکی شێواوا**
**چبکا گەر زنجیری نەلاوێنێ**
**یان نا، خاک نەناسێتەوە؟**

(١) بێ ورار: بێ واز، بێ تین.
(٢) جام: ئاوێنە.

**سەرچاوە:**

مجموعه اشعار يدالله رؤيايي–انتشارات نگاه، سال ١٣٨٧.



# هەڵبژاردە لە شیعری پۆشکین

و. لە عەرەبییەوە: ئاوات حەسەن ئەمین

## ئازادی

لەسەر ڕێگاکەم دوورکەوەرەوە
ئەی خواوەندی ژێیە بێدەنگەکان
تۆ لەکوێیت؟ تۆ لەکوێیت... ئەی
زریانی پیاوەتی؟!
ئەی گۆرانیبێژی سەربەرزی ئازادی؟
نزیکبەرەوە و تاجەگوڵینەکەم
تێکبشکێنە.
تانگۆ نەرمەکەم- وردکە.
ئەمەوێ گۆرانی بۆ ئازادیی مرۆڤایەتی بڵێم و
ریسوایش لە مۆڵگەکەیدا، ئاشکراکەم

## گوند

ئاه... ئەگەر دەنگم توانای دەبوو
ناخی دەروون بهەژێنێ.
ئەم نێڵەی ئاگرە چییە، بێهودە
کە لە سنگمدایە؟
بۆ توانای بەهرەی وشەی بەهێزی
پێ نەداوم؟
ئەی هاوڕێکانم... تۆ بڵێی گەلەکەمان ببینم
لە کۆتەکانی کۆیلایەتی رزگاری بووبێت
بە فەرمانی قەیسەر؟
یان هێشتا بەرەبەیانی ئازادیی نیشتمانی نەهاتووە.
خۆریش لەسەر نیشتمانەکەمان هەڵنەهاتووە؟

١٨٢٠

## بەندی

لەناو زیندانە شێدارەکەمدا، گرمۆڵە بووم
لەپشت شیشی بەندییەوە.
هەڵۆکەی هاوڕێم... ئەویش ئەسیرە
باڵەکانی بەیەکدا ئەدا
لەلای پەنجەرەکە، رووخساری
چڕنووک لێ ئەگرێ
چڕنووکی لێ ئەگرێت و لە پەنجەرەکەوە فڕێی ئەدا.
وەکو ئەوەی هاوبەشی بۆ چوونەکانم بکا.
ئەیەوێ پێم بڵێ: وەرە با رەها بین

**ئێمە دوو باڵندەی ئازادین:**
**کاتییەتی کە ئیتر بدەین لە شەقەی باڵ**
**بڕۆین بۆ دوور... ئەو شوێنەی کە چیاکان سپی پۆشن**
**لەودیو گەواڵە هەورەکانەوە**
**لەوێندەرێ کە دەریا لە شینیا نەخشاوە**
**لەوێندەرێ... کە کەس پیاسەی لێ ناکا**
**من و-با- نەبێ!**

١٨٢١

## پێغەمبەر

**ئەی پێغەمبەری رووسیا رابە**
**بەم چنراوە جوانەش لوول بە**
**چنراوێک لە شورەیی**
**پێشکەوە، پەتیش لە گەردنتا**
**لەبەردەم بکوژەکەدا.**

١٨٢٦



**سەرچاوە:**

-پوشكين، قصائد مختارة، نقلها عن الروسية. حسب الشيخ جعفر- المؤسسة العربية للدراسات و النشر- الطبعة الاولى ١٨٨١.

-ئەلکسەندەر پوشکین، لە ٦یونیو- حوزەیرانی ١٧٩٩ لە مۆسکۆ لەدایک بووە. بە شاعیری رووسیای گەورە ناسراوە.

لە زۆرنبازییەکدا لە ٢٩ی کانوونی یەکەم بریندار بوو، دواتر لە ١٠ی شوباتی ١٨٣٧ کۆتایی بە ژیانی هێنا.

# هونەر

- خوێندنەوەیەک بۆ فیلمی وەرزی کەرگەدەن — گوڵاڵە کەمانگەر
- سەرەتایەک لە دەروازەی شانۆی کوردی — جیهان عومەر
- دیدار لەگەڵ هادی زیائەدینی — شاڵاو جەعفەر
- دیدار لەگەڵ تۆفیق ئەمانی — سازدانی: سارا زینەتی
- گفتوگۆیەکی هەڵبژاردە لەگەڵ ئۆسکار وایڵد — کارزان محەمەد

# لە کەناری مەرگدا

## خوێندنەوەیەک بۆ فیلمی وەرزی کەرگەدەن، دوایەمین بەرهەمی بەهمەنی قوبادی




**گوڵاڵە کەمانگەر**

پاش دیتنی فیلمی "وەرزی کەرگەدەن" تا ماوەی چەندین کاتژمێر هەستم بە نوقمبوون دەکرد، نوقمبوون لە شوێنێکی بێ شوێندا، بێ دەنگ، بێ رەنگ، بێ هیچ جووڵەیەک، کشومات و چۆڵ و تەنانەت بە بێ هیچ بیرکردنەوە و بیرەوەرییەک، حاڵەتێک لە سەرسامی کە لە کاتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر بەرهەمێکی هونەریی رەسەندا مرۆڤ تووشی دەبێت و پاش ئەو حاڵەتەیە کە خۆی لە هەرێمی دەسەڵاتی رەهای هونەر دەردەکێشێت و مێشکی بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەو سەرسامییە دەکەوێتە کار و وردە وردە هەوڵ دەدات بزانێت کامە هێز بوو کە ئەو حاڵەتەی خوڵقاند، هونەرمەند کامە حەقیقەتی لە دووتوێی چیرۆک، یان وێنە یان دیمەنێکی سادەدا شاردبووەوە کە نەستی ئەو (بەربێژ) پێوەندی پێوە گرتووە و کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو حەقیقەتە.

هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەم پرسیارانە هێندێ جار لە ڕێگای سەرلەنوێ خوێندنەوەی بەرهەمە هونەرییەکە و وردبینی زیاتر و سەرنجدان بە هێماکان، یان لە ڕێگای خوێندنەوەی شیکاری و بابەتی ڕەخنەیی پێوەندیدار بەئاکام دەگات.

ئەوەی لێرەدا وەکو ڕەخنەیەک لەسەر فیلمی "وەرزی کەرگەدەن" دەیخەمە بەردەستی ئێوەی خوێنەر، ئاکامی هەوڵێکی لەو چەشنەیە، هەوڵێک کە خۆی بەشێکە لە چێژی هونەریی و تەواوکەری ئەو هەستە سەرەتاییەیە کە لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرهەمی هونەرییدا، مرۆڤ تووشی سەرسامی دەکات. (پێویستە ئاماژە بکەم کە ئەم ڕەخنەیە زیاتر پەرژاوەتە سەر هێماکان و خۆی لە باسی تەکنیکە سینەماییەکان کە پسپۆڕی سینەمای دەوێت، نەداوە).

بەڵام پێش ئەوەی بڕۆمە سەر باسی فیلمەکە، بە پێویستی دەزانم باسێکی کورت لەسەر بەهمەنی قوبادی و سینەمای ئەو بکەم، دیارە بەهمەنی قوبادی پێویستی بە ناساندن نییە، لە یەکەم هەنگاوەوە حزورێکی سەرکەوتووی لە سینەمادا هەبووەو بە ئافراندنی هەر کارێکی تازە تواناکانی خۆی وەکو دەرهێنەرێکی دیار و خاوەن قسە لە سینەمادا زیاتر سەلماندووە. سەبارەت بە ستایلی کاری بەهمەنی قوبادی لە پێناسەیەکی کورتدا دەتوانین بڵێین، قوبادی دەرهێنەرێکی پێشبینی نەکراوە، هەربۆیە زۆر سەختە هێندێ تایبەتمەندی وەکو چوارچێوەی ستایلی قوبادی بناسێنین، ئەگەرچی لە کارەکانیدا هەمیشە چەند نیشانە وەکو واژۆی خۆی دادەنێت، بەڵام بەگشتی هونەرمەندێکی بوێرە کە هیچ سنوورێک ناناسێت و هیچ پێداگرییەکی لەسەر پابەندبوون بە ستایلێکی تایبەت نییە و لە کارەکانی پێشووشدا ئەوەی نیشان داوە، لە ڕیالیزمی سارد و بێ هەست و شێوازی دۆکیۆمێنتاری "ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان" بەرەو چیرۆکێکی پڕ لە هەست و پێوەندی ئینسانی لە "کیسەڵەکانیش دەفڕن" هەتا سووریالیزمی خەیاڵاوی و فەزای ئوستوورەیی "نیوەمانگ" و پاشان لەناکاو دابڕان لە کوردستان و ڕەمز و ڕازە شاراوەکانی و چوونە ژێر پێستی شارێکی گەورەی وەک تاران و گەڕان بەدوای "پشیلە ئێرانییەکان" و لە ئاکامدا "وەرزی کەرگەدەن".

ئەوەی کە لەم ڕەوتەدا بەرچاوە، بەرەوپێشچوونی قوبادی و هەوڵدانی بۆ گەییشتن بە ڕوانگەیەکی بەرینتر و گشتگیرترە، قوبادی زیاتر لە منداڵێکی پڕ لە وزە دەچێت کە ناتوانێت لە شوێنێکدا دابنیشێت و وەک پیاوێکی ماقوڵ و هونەرمەندێکی بەناوبانگ ئاگای لە ناوبانگی خۆی بێت و هەوڵ بدات کە خۆی

له چوارچێوەیەکی تایبەتدا پێناسە بکات و لەئاکامدا ببێت بە خاوەنی ستایلێک کە مۆرکی قوبادی لە هەموو شوێنێکدا پێوە دیاربێت و دەرهێنەرانی گەنجیش بە دوای بکەون. ئەو زیاتر شوێنکەوتەی ئەزموونی تازەو ئاسۆی بەرینترە، تاقیکردنەوە، ناسین، ناساندن و خولقاندن. بەرهەمی ئەو شێوە کارەش کارنامەیەکی باشە کە لەودا رەوتی گەشەکردنی قوبادی وەکو دەرهێنەر و هونەرمەندێکی ناسراو، بەرچاو و دڵخۆشکەرە. لە یەکەم کارەکاندا دەڵێی سینەما تەنیا کەرەستەیەکە بۆ قوبادی بۆ باسکردن لە کێشە و نەهامەتیی ژیانی کورد، هەم لە "ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان" و هەم لە "گۆرانییەکانی وڵاتەکەم"دا جۆرێک لە راپۆرتکردنی نەهامەتییەکان دەبینین، کە هاوکاتە لەگەڵ لە دەرەوە روانین بۆ کارەکتەرەکان و پێوەندی نەگرتن بەوانەوە (کاریگەری سینەمای کیا روستەمی لەم کارانەدا بە روونی دیارە)، لە "کیسەڵەکان"دا ئەو شێوەیە دەگۆڕێت و دەڵێی پەلەی فیلمساز و تینوویی ئەو بۆ باسکردن لە نەگبەتییەکانی کوردستان دامرکاوە و دەرفەتی خولڤاندنی چیرۆکێکی تەواو و خولقاندن و پەروەردەکردنی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەی بەخۆی داوە و هەر لە چوارچێوەی پێشوودا، واتە ئازارەکانی خەڵکی کوردستان کارێکی هونەریی مەزنی خولقاندووە، دەتوانین بڵێین کیسەڵەکان سەکۆیەکی فڕین بوو بۆ خودی قوبادی، لە نیوە مانگ-دا ئەوە بەشێوەیەکی کامڵتر خۆی نواند و وەک فیلمساز چووە ناو قووڵایی فەرهەنگ و راز و رەمزەکانی کوردستان و لە نەهامەتییەکانی ژیان و بەسەرهاتی منداڵانی هەژار و تەنیا گەییشتە ئاستێکی بەرینتر کە لەودا کوردستان تەنیا شوێنی کارەساتەکانی ژیان نییە، بەڵکو شوێنێکە بۆ خولقاندنی بەرهەمێکی هونەریی بەهێز و لێرەدا پوتانسییەلە فەرهەنگییەکانی ئەو وڵاتەیە کە دەبێتە ماتریاڵی دەستی قوبادی و نیوە مانگی لێ دەخولقێت کە فیلمێکی رەمزاویی بە تەواوی سەرکەوتووە، کە پڕ لە هێما و نیشانەی فەرهەنگ و ئوستوورەی کوردستان و (بەڕای نووسەری ئەم وتارە، فیلمی نیوەمانگ فیلمێکی درەوشاوە و بەرجستەیە کە لە داهاتوودا دەتوانێت ببێتە کۆڵەکەیەکی باش بۆ سینەمای کوردی).

لەگەڵ دەرهێنانی "پشیلە ئێرانییەکاندا" قوبادی ئەو مۆرکە لەسەر خۆی لادەبات کە فیلمسازی تایبەتی کوردستان بێت و دەچێتە ناو بیاڤێکی تازە، لە "وەرزی کەرگەدەن"یشدا ئەگەرچی کارەکتەری سەرەکی فیلمەکە لە شوێنێکدا دەردەکەوێت کە کوردە و خەڵکی بانەیە، بەڵام نە گشتییەتی فیلمەکە و نە هیچ کردەوەیەکی کارەکتەری سەرەکی، هیچ پێوەندییەکیان بە کورد و کوردستانەوە نییە، لە شوێنی خۆیدا باسی لەسەر دەکەم.

ڕەوتی گەشەکردنی سینەمای قوبادی بە هەموو خاڵە بەهێز و لاوازەکانییەوە، نەک بەرهەمی هەوڵدانی ئەو بۆ خولقاندنی کارێکی کەم هەڵەتر و باشتر، بەڵکو بەرهەمی مەیلی ئەزموونکردنی شتی تازەترە.

قوبادی دوای دروستکردنی هەر فیلمێک فایلەکەی دەبەستێت و دەستبەجێ دوای کاری تازەتر دەکەوێت، هەر بۆیە خۆی سەرقاڵی هەڵەکانی کاری پێشوو ناکات و گرنگی بەوە نادات کە هەڵەیەک دووپات نەبێتەوە، چونکە دەتوانین بڵێین ئەو هیچ شتێک دووپات ناکاتەوە، نە هەڵە و نە خاڵی بەهێز، تەنیا فێر دەبێت و لە مەودای نێوان دوو بەرهەمدا ئەوانەی تازە فێر بووە بۆ کاری داهاتوو ئامادە دەکات. هەر بۆیە خاڵی لاواز و هەروەها خاڵی بەهێزی هەر فیلمێکی قوبادی تەنیا لەو فیلمەدا دەکرێت باسی لەسەر بکرێت و هەرگیز وەکو شتێکی گشتگیر ناتوانین حوکمی لەسەر بدەین. لەم نێوانەدا تەنیا شتێک کە بەبێ ئاگای دەرهێنەر دووپات دەبێتەوە، ئەو شتانەیە کە لە نەستی هونەرمەندا ریشەیان داکوتاوە و ئەو چ بیەوێت و چ نا، هەمیشە بەشێوەیەک لە شێوەکان سەرلەنوێ دەخولقێنەوە و دەبن بە خاڵێکی هاوبەش کە لە درێژماوەدا ناوەندی هەست و جیهانبینی هونەرمەند دەردەخەن.

لەبارەی قوبادییەوە ئەگەرچی هێشتا هونەرمەندێکی جەوانە و تەمەنی هونەری زۆری تێنەپەڕاندووە، بەڵام بە وەبەرچاوگرتنی ئەو شتەی کە تا ئێستا هەیەتی و بینیومانە، بە خاڵێکی هاوبەش دەگەین، کە ڕاست بە پێچەوانەی وتووێژەکانی قوبادی و هەروەها بە پێچەوانەی شێوەی فیلمسازی پڕ وزە و پڕ ژیانی ئەو، باس لە زاڵبوونی بیری مەرگ دەکات و ئەو پارادۆکسە لە دوایەمین کاردا زۆر زەق و بەرچاوە، قوبادی لە وتووێژێکدا لەگەڵ "بی بی سی" لەبارەی "وەرزی کەرگەدەن"، دەڵێت: "ویستم بڵێم هەمیشە ڕێگایەک هەیە"، یان لە شوێنێکی دیکەدا لە وتووێژ لەگەڵ میدیایەکی تورکدا دەڵێت: "ئەم فیلمە باسی خاڵێکی سپی دەکات لەنێوان کۆی ڕەشاییەکاندا"، بەڵام کاتێ فیلمەکە دەبینین ڕاست بەپێچەوانەی قسەی دەرهێنەر لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەهای مەرگدا



بەرەوڕوو دەبین. کە لە کاتی خۆیدا بە وردیی دەپەرژێمە سەر ئەو بابەتە.

لە کارەکانی دیکەشدا بە هەمان شێوە، کۆتایی هەمیشە مەرگە و دوا ڕێگای رزگاریش هەر مەرگە، لە کیسەڵەکاندا کچەکە خۆی و منداڵەکەی دەکوژێت و رزگاری دەبێت، لە پشیلە ئێرانییەکاندا هەردوو کارەکتەری سەرەکی دەمرن و دیسان کچەکە خۆی دەکوژێت، لە نیوەمانگدا ئاواتی مامۆ تەنیا پاش مەرگییەتی، کە دێتە دی و لە دنیای مردندا چەپڵەی بۆ لێدەدەن. لە "وەرزی کەرگەدەن"یشدا لە سەرەتا تا کۆتایی مەرگە کە دەدوێت و حاکمە و کۆتاییش هەر لەودایە.

بۆیە دەتوانین بڵێین بەهەمەنی قوبادی سەرەڕای وزە و ژیان و هیوایەکی زۆر کە لە خۆی و شێوەی کارکردنیدا هەیە، نێوانخۆشییەکی سەیریشی لەگەڵ مەرگدا هەیە، کە ڕەنگە ئەوەش لەژێر کاریگەریی فەرهەنگی سەیری کوردیدا بێت، فەرهەنگێکی شادی پڕ لە کارەسات و مەرگ کە دەڵێی دەیەوێت بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگدا بکات!

**وەرزی کەرگەدەن**

کاکڵەی چیرۆکی "وەرزی کەرگەدەن" بە کورتی بەسەرهاتێکی عاشقانەیە، سێگۆشەیەکی سۆزداری ئاشنا کە لەودا نەفەری سێیەم دوو خۆشەویست لە یەکتر جیا دەکاتەوە و ژیانیان تووشی ئازار و ئەشکەنجە و کارەسات دەکات.

پێم خۆشە پێش لە چوونە سەر باسی خاڵە بەهێزەکانی ئەم فیلمە کە دەرخەری ڕەوتی گەشەکردنی سینەمای قوبادییە، سەرەتا بپەرژێمە سەر خاڵە لاوازەکانی.

گرنگترین خاڵی لاوازی وەرزی کەرگەدەن، سەپاندنی مانای سیاسی بەسەر فیلمەکەدایە کە لە پێشکەشکردنەکەوە کە بۆ دوو کوژراوی سیاسی کوردی ئێران، واتە فەرزادی کەمانگەر و سانعی ژاڵەیە، دەست پێدەکات و لە ڕەوتی فیلمەکەدا درێژە دەدرێت، فیلمساز تەنانەت باس لە سەرچاوەی چیرۆکەکە دەکات کە ئەم فیلمە لەسەر ژیانی شاعیرێکی کورد بە ناوی سادقی کەمانگەر کە ٢٧ ساڵ لە زینداندا بووە و بە بنەماڵەکەی گوتوویانە کە مردووە، دروستکراوە. دیارە ئەو ڕێفرێنسە هیچ پێویست نەبوو، چونکە ئەوە شتێکی ئاشنایە و بەسەرهاتی زۆر زیندانی سیاسی ئێران بووە، فیلمساز تەنیا دەیتوانی ئاماژە بەوە بکات کە ئەم چیرۆکە لەسەر ئەساسی واقیعییەت دروستکراوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی شاعیرێکی نەناسراو بکات، کە بۆ بینەری نائاشنا و بێگانە گومانی ئەوە درووست دەکات کە ئەمە دەقاودەق بەسەرهاتی شاعیرێکی ناوداری کوردە. لە حاڵێکدا

خاڵی هاوبەشی کارەکتەری ئەم فیلمە و سادقی کەمانگەر تەنیا زیندانی درێژماوە و شاعیربوونە و تەنانەت ئەو شیعرانەش کە لە فیلمەکەدا دەخوێنرێتەوە، شیعری ژنە شاعیرێکی ئێرانییە، نەک هی ئەو شاعیرە کە باسکراوە.

هەوڵی بە سیاسیکردنی ناوەرۆکی فیلمەکە ئەگەرچی لە چەند شوێندا وەک رەوتی لێپرسینەوەی شاعیر و ژنەکەی، زۆر زەق دەبێتەوە، بەڵام بەخۆشییەوە زیانێکی جیدی لە گشتییەتی کارەکە نادات و دەرهێنەر دەتوانێت ناوەرۆکی باسەکە هاوکات لەگەڵ ئەو بەشە زیادەیەدا بباتە پێشەوە و لە زۆر شوێنیشدا پێشی بخات.

هەر لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە کوردبوونی کارەکتەری یەکەم، واتە "ساحل"، کە تەنیا لە رەوتی لێپرسینەوەدا دەردەکەوێت، خاڵی لاوازی دووەمی کارەکەیە، کارەکتەرێک کە نە ناوەرۆکی فیلمەکە و نە هیچ نیشانەیەکی دیکە بۆ هۆکاری بەکورد ناساندنی لە رەوتی فیلمدا نابینین. "ساحل" بە شایەتی دیالۆگی هاوسەری لە لێپرسینەوەدا، هەرگیز چالاکی سیاسی نەبووە و هیچ شیعرێکی سیاسی نەنووسیوە و ئەو رووداوانەش بەپێی ئەو شتانە کە لە رەوتی فیلمدا دەردەکەوێت، تەنیا بەرهەمی دوژمنایەتی سایقی کچەکە واتە "ئەکبەری رەزایی"ە کە لەو دەرفەتە کە بۆی خولقاوە، واتە بە دەسەڵات گەییشتنی کۆماری ئیسلامی، کەڵک وەردەگرێت و تۆڵەی خۆی لە "ساحل" و "مینا" دەکاتەوە. روونە کە کێشەی ساحل لە بنەڕەتدا نە کوردبوونە و نە شاعیربوون، بەڵکو پێوەندییەکە کە لەگەڵ مینا هەیەتی، هەر بۆیە ئەو باسی کوردبوونە، باسێکی بە تەواوی بێهۆیە و هیچ پێویستییەکی پێ نەبووە، سوننە و بانەییبوونی کارەکتەری یەکەم تەنیا دەتوانێت رێفرێنسێک بێت بۆ خودی قوبادی و هیچی تر، بەڵام لەم خاڵە لاوازییانە بگەڕێن، دەگەینە خاڵە بەهێزەکانی فیلمی وەرزی کەرگەدەن کە وای لێدەکەن ببێتە فیلمێکی سەرکەوتوو.

گرنگترین خاڵی بەهێزی ئەم فیلمە، هەڵبژاردنی تێم، یان بەکگراوندێکی نەگۆڕە بۆ فیلمەکە، کە وەک مۆسیقای فیلم، هارمۆنی و یەکدەستبوونێک بە فیلمەکە دەدات و لە هەمان کاتدا هەڵگری چەندین مانای جیاوازە، ئەو شتەی کە قوبادی وەکو باکگراوندی گشتی و نەگۆڕی ئەم فیلمە کەڵکی لێ وەردەگرێت "ئاوە". ئاو لەم فیلمەدا بەڕاستی مۆسیقای دەقە و رۆڵێکی زۆر گرنگ لە بیچمگرتنی فیلم و هێما خولقێنییەکانی دەرهێنەردا دەگێڕێت و ئیلهام و چەندمانایەکی هونەریی و جوان دەخولقێنێت.

فیلمەکە بە دەنگی ئاو دەستپێدەکات و دواتر دەبینین کە پیاوێکی پیر (واتە

شاعیر) دەشۆن، هەر لەو یەکەم گرتەیەوە تا کۆتایی، "ئاو" بوونێکی ئەکتیڤ و گرنگی لە فیلمەکەدا هەیە. لە هەموو گرتەکانی ئەشکەنجەدا هەمیشە دەنگی ئاو هەیە، یاخود لەشی تەڕی شاعیر وەبەرچاو دەکەوێت.

دەرهێنەر بێگومان بە ئاگاییەوە ئەو هێماسازییەی بەکارهێناوە، بەڵام نازانم کە ئایا لەسەر رۆڵی حەقیقی و دووقاتی ئاویش لە باوەڕی کۆنی خەڵکی ناوچەکە، ئاگاداربووە، یان نا.

ئاو لەم فیلمەدا بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە باوە، نەک ژیانبەخش و خاوێنکەرەوە بەڵکو هێمای مەرگ و نەمانە و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە باوەڕی کۆن و ئوستوورەیی خەڵکی ناوچەدا ئاو لە هەمان کاتدا کە هێمای ژیان و چاکسازیی و ژیانەوەیە، هێمای وێرانی و خراپی و مەرگ و نەمانیشە و قوبادی لەم فیلمەدا لە مانای دووەمدا بەکاری هێناوە. پێموانییە ئەم بەکارهێنانە بە وەبەرچاوگرتنی باکگراوندی ئوستوورەیی بووبێت، چونکە فیلمەکە بەدوای مەبەستێکی وادا نییە، بەڵکو دەرهێنەر دەیەوێت بڵێت ئاو ژیانە، بەڵام لێرەدا ژیان خودی مەرگە. ئاو لەم فیلمەدا هێمای نەگۆڕی مەرگ و ئەشکەنجە و پیسییە، هێمای ژیانێک کە هاوتەریبی مەرگە. جگە لە دەنگی ئاو، لە ئەشکەنجەدا کە تێمێکی نەگۆڕە لەم شوێنانەشدا ئەو هێماسازییە بەشێوەی زەق و بەرچاو دەبینین:

١- کاتێک ساحل لە ئیستانبوڵ لەگەڵ ئەو کەسانە کە بۆ دۆزینەوەی هاوسەرەکەی یارمەتییان داوە، قسە دەکات و لە هەمان کاتدا کەسێک زالوو لەناو ئاو دەردەهێنێت و لەسەر پشت دایدەنێت، کە خوێنی پیسیان بمژێت، لێرەدا بابەتی باسەکەیان دوژمنەکەی ساحلە کە وێنەکەی نیشانی دەدەن و پێی دەڵێن کە هاوسەرەکەی دوو منداڵی هەیە، ساحل ئەو کەسە ناناسێت، بەڵام رێفرێنسێکە بۆ ئەوەی کە لەوانەیە ئەو باوکی منداڵەکان بێت، ساحل وێنەی کابرا دەخاتە ناو ئاوی زالووەکان و بەو شێوەیە هەم هاوچەشنییەکی ناڕاستەوخۆ لەنێوان زالوو و دوژمنەکەدا دەخولقێت و هەم ئاو دەبێتە شوێنی ناپاکی و پیسی.

٢- موعاشیقە و جووتبوونی ژن و پیاوێک لەژێر ئاودا کە ژنەکە وەبیرهێنەرەوەی هاوسەری ساحلە، ئەو گرتەیە پاش ئەوەی کە ساحل لە هاوسەرەکەی دەکەوێتە گومان و وادەزانێت کە خەریکی لەشفرۆشییە، نیشان دەدرێت، لێرەشدا ئاو بەستێنێکە بۆ جووتبوونێکی پیس و ناڕەوا، لە شوێنی دیکەشدا لە کاتی لێپرسینەوەدا لێکۆڵەر کە هەمان ئەکبەرە بە ساحل دەڵێت، کە ئایا لەژێر ئاویشدا لەگەڵ ژنەکەی جووت بووە؟ واتە دەروونێکی پیس ئاماژە بە

هێمایەک دەکات کە لە فیلمەکەدا باشقەی پیسیی و مەرگە.

٣- لە ئیستانبوڵدا ساحل بەردەوام بەرانبەر بە دەریا دەوەستێت و چاو لە دەریا دەکات، یان دەتوانین بڵێین چاو لە مەرگ دەکات، جارێکیان ئۆتۆمبێلەکەی خەریکە بکەوێتە ئاوەوە، واتە لە باری دەروونییەوە تا لێواری مردن دەڕوات (ئەوەش هەر پاش خەیاڵی لەشفرۆشی هاوسەرەکەیە)، سیگارەکەی لە ئاودا دەکوژێنێتەوە، ماڵی هاوسەرەکەی لە شوێنێکی زۆر نزیک لە دەریایە، هەموو رووداوەکان لە نزیکی ئاودا روودەدەن، لە زۆربەی دیمەنەکاندا باران دەبارێت، یان زەوی تەڕە، لە ئاکامیشدا مردن هەر لە ئاودایە و ساحل خۆی و دوژمنەکەی دەباتە ژێر ئاو، ئەو ئاوەی کە هەموو ژیانی ئەوی گرتبوو، لاشەی کەرگەدەنێک کە خودی شاعیرە لەناو ئاودا دەکەوێتە بەرچاوی و مەرگ لە ئاکامدا وەکو دوا رێگا خۆی نیشان دەدات. دوایەمین گرتە کە پاش مەرگی شاعیر نیشان دەدات، بە پێچەوانەی هەموو فیلمەکە کۆتایی بە بوونی ئاو هاتووە و شاعیر لە بیابانێکی بەرین و ئاو نەدیودا وەڕێ دەکەوێت و لە ژیانی پڕ لە مەرگی خۆی رزگاری دەبێت. نیشاندانی ژیانی پاش مەرگ بووە بە کلێشەیەکی بێ تام لە سینەمادا، لەم فیلمەدا تەنیا شتێک کە ئەو گرتە کۆتاییە پاساو دەداتەوە و تەنانەت دەیکات بە بەشێکی پێویست، هەمان تەواوکردنی هێما خولقێنییەکە و رێنوێنیکردنی بینەرە بۆ تێگەییشتن لە رۆڵی ئاو لەم فیلمەدا.

٤- هەڵبژاردنی ناوی ساحل بۆ کارەکتەری یەکەم، خۆی لەخۆیدا جێگای پرسیارە و تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ هێمای ئاودایە کە مانا دەکرێتەوە، ساحل نە ناوێکی کوردییە و نە پیاوانەیە، هەر بۆیە ئەو هەڵبژاردنە بە ئەنقەستە و رێفرێنسێکە بۆ هەمان هێماسازی. ساحل کە ناوێکی کچانەی فارسییە، واتە کەناری دەریا، نزیکترین شوێن لە دەریا، شوێنێک کە شەپۆلی ئاو بەردەوام دایدەپۆشێت، کاتێک کە ئاو دەبێتە هێمای مەرگ، ساحل، واتە نزیکترین شوێن لە مەرگ، واتە شاهیدی هەمیشەیی مەرگ، ئەو کەسەی شەپۆلی مەرگ هەمیشە لەسەر سەریدایە و بوونی گرێدراوی مەرگە.

بێگومان ئەم هێماسازییە جوان و چەند رەهەندییە یەکێک لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی ئەم فیلمەیە، کە بێ ئەوەی زۆر زەقبێتەوە و بداتە ناو چاوی بینەردا، زۆر بە جوانی هەیمەنە و بوونی هەمیشەیی مەرگ لە ژیانی شاعیردا وێنا دەکات، تەنانەت کاتێکیش کە وردە هیوایەک لە زینداندا بۆ شاعیر دروست دەبێت، باران لە سیحرێکی سینەماییدا دەگۆڕێت و لەجیاتی ئاو کیسەڵ دەبارێت، واتە باران کە لە حاڵی ئاساییدا وەکو هێمای ئومێد و هیوا دەناسرێت، لێرەدا کاتێ دەتوانێت هیوابزوێن بێت، کە شتێکی دیکە ببارێنێت، چونکە ئاو بۆخۆی لەم بەرهەمەدا هێمایەکی نێگەتیڤە.

شاعیر دەستی درێژ دەکاتەوە و کیسەڵێک دەگرێت، سەروبنی دەکات و هەناسەی خۆی رادەگرێت، کیسەڵ هەڵدەگەڕێتەوە و ئەویش هەناسەی بەردەدات، کایەیەک بۆ ئەوەی بزانێت دەمێنێت و رزگاری دەبێت یان لە زینداندا دەمرێت. کیسەڵ دەڵێت دەمێنێت و لەوێ نامرێت. ئەوە تەنیا رەنگدانەوەی بێهێزیی هیوا لەم فیلمەدایە کە کیسەڵ دەبێتە هێمای.

لە لایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین ئەگەری وەدیهاتنی ئاواتەکانی شاعیر و گەیشتنی بە هیواکانی تا رادەی ئەگەری بارینی کیسەڵ لە ئاسمانەوە دوور و نامومکینە، ئەو تەنیا لە دنیایەکی فانتازی و سوریالیستیدا دەتوانێت لە هەیمەنە و زاڵبوونی مەرگ (ئاو و باران) رزگاری بێت، لە دنیای واقیعدا ناوی ساحلە و هەمیشە لە بەرامبەر دەریایەکی بەریندایە، کە بە بەرینایی مەرگە و هەموو ژیانی ئەوی تێکەڵی شەپۆلی ئەشکەنجە و ئازار کردووە.

جگە لە هێماسازیی و کایەی هونەری سەرکەوتوو لەگەڵ ئاو، تایبەتمەندییەکی دیکە کە دیسان بۆ خولقاندنی هەمان فەزای زاڵی مەرگ بەکارهاتووە، کەم دیالۆگبوونی فیلمەکەیە، فیلمەکە باسی ژیانی مردوویەک دەکات، کەساڵەهای ساڵە مردووە، ٣٠ ساڵ لە دەرەوەی ژیان بووە و تەنانەت گۆڕیشی بۆ دروستکراوە، کەسێکی وا بێگومان توانایەکی بۆ قسەکردن نییە، دوایەمین بەرهەمی شیعریشی کە لە فیلمەکەدا رووبەرگەکەی دەبینین ناوی "دوایەمین شیعری کەرگەدەن"ە، واتە هەر لەوێوە دەردەکەوێت کە پاش ئەو بەرهەمە شاعیر دەمرێت و هەموو داستانەکە گێڕانەوەی مەرگێکی بێدەنگە، کەم دیالۆگبوونی فیلمەکەش بۆخۆی نیشانەیەکی دیکەیە لە زاڵبوونی مەرگ، کە هەستی شاعیر زۆر بە باشی بۆ بینەر دەگوازێتەوە. فیکر و خەیاڵەکانی شاعیر تەنیا لە رێگای شیعرەکانەوە دەردەکەوێت کە لە زاری ژنێکەوە بەبێ کەمترین هەستێک دەخوێنرێتەوە. ئەو بێدەنگییە دەتوانێت ئاماژەیەکیش بە مەرگی هونەری بێهروزی وسوقی بێت، چونکە بەهمەنی قوبادی لە هەموو وتوووێژەکانی خۆیدا باسی کردووە کە ئەم فیلمەی بۆ بێهروز دروستکردووە، کەسێک کە گەورەترین ئەکتەری سینەمای ئێران بوو و پاش کۆماری ئیسلامی ئێرانی بەجێهێشت و لە بێدەنگییەکی خنکێنەردا ژیا، بێدەنگییەک کە دەرخەری مەرگێکی هێور بوو، هاوچەشنی کارەکتەری ساحل و بێهروز لە سی ساڵ بێدەنگی و مەرگدایە، لە زیندان بێت، یان لە تاراوگە، کاتێک هونەرمەند لە کاری خۆی دابڕا، ئەوە سەرەتای مردنییەتی.

بێدەنگیی زاڵ لەم فیلمەدا، بێدەنگیی زیندانییەک و شاعیرێک و ئەکتەرێکی گەورەی سینەمایە کە پاش سی ساڵ هێزی قسەکردنی نەماوە و لەوپەڕی مەرگەوە هاتووە،

چەند چرکەیەک لە بەرامبەر ژیاندا وەستاوە، بەڵام بێ ئەوەی زیندوو ببێتەوە، دیسان گەڕاوەتەوە بۆ قووڵایی مەرگ. کایەی جوان و سەرنجڕاکێشی بێهروز بەڕاستی تەواوکاری ئەو مانایەیە کە مەبەستی دەرهێنەر بووە. لە باسی چۆنییەتی کاری ئەکتەرەکاندا پێویستە کە ئاماژە بە کایەی باش و سەرکەوتووانەی یەڵماز ئەردۆغان (ئەکتەری رۆڵی ئەکبەر) بکرێت، کە بوونی ئەو و کایەی بەهێزی ئەو خاڵێکی بەهێزی دیکەی (وەرزی کەرگەدەن) بوو.

هێمایەکی دیکە کە دیسان سەرنجڕاکێشە، هاتنەژوورەوەی سەری ئەسپێک لە جامی ئۆتۆمبێلەکەی شاعیرەوە، ئەو هێمایە پاش جووتبوونی نەخوازراوی شاعیر لەگەڵ کچی هاوسەرەکەی روودەدات و بە لەبەرچاوگرتنی ئەسپ لە هێماناسی دەروونناسانەدا مانا دەکرێتەوە، لە دەروونناسی هونەردا ئەسپ زۆربەی کات وەکو هێمای هێزی نێرینە بەکاردەچێت، هەرچەند ئەوە شتێکی نەگۆڕ نییە، بەڵام لە هونەری رەسمکێشیدا ئەو هێماسازییە بەکاردەچێت. لێرەشدا پێداگرییەکە لەسەر ئەو شتە کە لەنێوان شاعیر و کچەکەدا روویداوە و دیارە سەرسووڕمانی خودی شاعیر و بینەریشی بەدواوەیە، کە چۆن پاش ئەو هەموو مردنە هێشتا هێزی سێکسی تیا ماوە.

فیلمی (وەرزی کەرگەدەن) زۆر بەباشی توانیویەتی چییەتی راستەقینەی مەرگ، دەربخات، بەبێ ئەوەی تووشی دروشمدان بێت. خوێندنەوەیەکی هونەریی و قووڵە بۆ ماناکانی مەرگ و مەرگی هونەرمەند کە بە کەرەستەی سینەما و کەڵکوەرگرتن لە هێما و وێنەکان و بە کەمترین قسە و دیالۆگ کەوتووەتە بەر چاوی بینەر، هەموو رووداوەکانی فیلمەکە لە وەرزی سەرمادا روودەدات، هیچکات بەهار و هاوین نییە، هەموو شتێک لە زستاندا روودەدات کە وەرزی مەرگی سرووشتە. هەر بۆیە وەرزی کەرگەدەن وەرزی مەرگ و لەناوچوونە.

فیلمی وەرزی کەرگەدەن لەبارەی مەرگەوە نادوێت و فەلسەفەی و چیرۆکی بۆ ناتاشێت، بەڵکو خودی مەرگ نمایش دەکات و بۆ ئەو مەبەستەش لە هێماکان (چ ئەوانەی ناسراوترن و چ ئەوانەی دەرهێنانی خودی قوبادین) بەباشترین شێوە کەڵکوەردەگرێت و لەئاکامدا یەکێک لە تەماویترین و نەناسراوترین حەقیقەتەکانی دنیا لەبەردەم بینەردا دادەنێت و ناچاری دەکات لە گەڵی بەرەوڕووبێت، بەرەوڕووبوونێک کە دیارە خۆش نییە، فیلمی وەرزی کەرگەدەن هەستێکی ناخۆش و تەماویی لە بەشێکی زۆر لە بینەرانیدا دروست دەکات، کە بەڕای من هۆکاری ئەو هەستە ناخۆشە، نەک لاوازیی فیلمی قوبادی، بەڵکو رووبەڕووبوونەوەی نەستی بینەر لەگەڵ تاڵترین مانای بوون، واتە مردنە کە دەروونی مرۆڤ هەمیشە لێی بێزارە.

# سەرەتایەک لە دەروازەی شانۆی کوردی
## مامۆستای خوالێخۆشبوو ئەمینی میرزا کەریم


لەڕاستەوە: جیهان عومەر، ئەمین میرزا کەریم

**جیهان عومەر**

**چیرۆک و شانۆنامەکان**

سەرەتای هەڵهاتنی رۆژی رووناکی لە کلاورۆژنەی ئەدەبی شانۆگەریی کوردی و هونەری شانۆی کوردی لە باشووری کوردستان، بەتایبەتی لە شاری ئەدەب و رۆشنبیری، سیاسەت و کەلەپوور و مرۆڤایەتی و مەدەنییەت (شاری سلێمانی)، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (١٩٢٠) لە ئەنجامی ئەو بۆشاییە کۆمەڵایەتییەی کە بەهۆی نەخوێندەواریی و دووریی کوردستان لە سەرچاوە پێشکەوتووە ئەوروپی و عەرەبییەکان لە بواری ئەدەب و هونەری شانۆگەریی دروست بوو، بەتایبەتی ئەوەی کە ئەنجامیش دەدرا تەنیا بۆ کاتبەسەربردن بوو، یان خۆشیوەرگرتن لە سەیرانگاکاندا، بەتایبەتی سەیرانگای (سەرچنار) و (کارێزی مەجیدبەگ) و دەوروپشتی شاری سلێمانی، بۆ ئەم مەبەستە چیرۆکێکی خۆماڵی ئامادە دەکرا، وەک پێکهێنانی دەوڵەتێکی وەهمی و دانانی میرێک و خەڵکی بەردەستی و دەرکردنی فەرمانی جۆراوجۆر و خواردن خواردنەوەی کوردی، وەک: شەربەتی مێوژ ئامادە دەکرا، یان ئەم کاری شانۆگەرییە لەسەر سەکۆی ماڵێک، یان قوتابخانەیەک ئامادە دەکرا و پێشکەش دەکرا، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەتایی و بێ کارە هونەرییەکان،

وەک: ڕووناکی و دیکۆر ئەسوانساری.

ئەمە تاوەکو ساڵی (١٩٢٢) وەک مامۆستا (حەمە کەریم هەورامی) دەڵێت: کە یەکەم چیرۆکی شانۆگەریی (ڤەرالیچە) لە سلێمانی ئامادەکراو پێشکەشکرا.

لە ساڵەکانی (١٩٢٦-١٩٢٨) بۆ چەند جارێک و بەشێوەیەکی ساکار و سەرەتایی قوتابخانەکانی ئەو سەردەمە چیرۆکی کۆمەڵایەتی و بابەتی ئەو سەردەمە دەکرایە شانۆگەریی، بەڵام کاڵوکرچ و بێهێز لە باری هونەرییەوە، یان هەندێک بابەتیان وەردەگێڕا لە چوارچێوەی قوتابخانەکاندا پێشکەشکراون لە ساڵی (١٩٣٢)دا شانۆگەریی (سەربازی ئازا) لەلایەن (کۆمەڵەی قوتابییانی مەکتەبی زانستی) پێشکەشکرا، بەهۆی زەوی لەرزەی شارۆچکەی پێنجوێن.

هەروەها لە شاری سلێمانی چیرۆکی شانۆیی (لە ڕێی نیشتمان) و (گوڵی خوێناوی) لە ساڵی (١٩٤٦)دا پێشکەشکرا و هەر بە دوای ئەوەشدا لە سەرەتای ساڵەکانی پەنجادا بە هاندانی کۆمەڵێک لە ئەدەبدۆستان و هونەرمەندان و ئاشنابوونیان بە ئەدەبی بێگانە، چەند چیرۆکێکی شانۆگەرییان خستە سەر شێوەی خۆماڵیی، لەوانە هونەرمەند و ئەدیب (ڕەفیق چالاک و نوری وەشتی و ڕەئووف یەحیا).

ئەمە هەنگاوێکی چاک بوو بۆ گەیاندنی شانۆی کوردی بە شانۆی عەرەبی و بێگانە لە کوردستاندا و چاولێکردن لە دەقە عەرەبییەکان، بەتایبەتی دەقەکانی ئەدیب و هونەرمەندی عێراقی مامۆستا (یوسف العانی)، کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، ئەدەبییە، هونەرییە، کۆچکردووی خوالێخۆشبوو مامۆستا (ئەمینی میرزا کەریم) بەو کارە هەستاوە و گرنگی و پەرەی پێداوە، لێرەدا زیاتر مەبەستمان ناساندنی و پێناسەی ئەم بلیمەتەی شانۆی کوردی مامۆستا (ئەمینی میرزا کەریم)ە، کە بە ئێوەی بەڕێزی بناسێنین و بزانین چ کارێکی بەئەنجامگەیاندووە و تا چەندە خزمەتی ئەدەب و شانۆی کوردی کردووە.

ناوی تەواو (ئەمین میرزا کەریم شەریف)ە، لە کارە ڕەسمییەکانی دەوڵەتدا بە (محەمەد ئەمین میرزا کەریم شەریف) ناسراوە، لە ساڵی (١٩٣٢) لە گەڕەکی (دەرگەزێن) لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی بۆرجوازی ناوداری ئەم شارە هاتووەتە دنیاوە، دایکی ناوی (فاتیمە خان کچی فەتاح عەلی)یە و ئەویش هەر لە بنەماڵەیەکی ناوداری شاری سلێمانییە.

یەک کوڕ و چوارکچی لەپاش بەجێماوە، بە ناوەکانی (سنوور، سایە، تارا، تەلار، شیلان). لە ژیاندا دوو ژنی هێناوە، لە ژنی یەکەمی هیچ منداڵێکی نەبووە، کە ماوەی خێزانیان بۆ چەند مانگێک بووە، بەڵام لە خاتوو (منیرە خان) ئەو پێنج منداڵەی

لەپاش بەجێماوە.

خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (خالیدیە) تەواو کردووە، پاش ئەوە، خوێندنی ناوەندیی و پێنجەمی ئامادەیی لە ئامادەیی سلێمانی خوێندووە و بە ناچاری وازی لە خوێندن هێناوە، ئەویش لە ئەنجامی فشارخستنە سەری و گرتن و راونان و ئازاردانی بەهۆی باری سیاسییەوە لە ساڵەکانی پەنجادا، کە بۆ چەند جارێک گیراوە لەسەر ئەوەی لەو کاتەدا هەڵگری بیروباوەڕی شیوعییانە بووە و لە ئەنجامدا رەوانەی بەندیخانەی (نوگرە سەلمان) و بەندیخانەکانی دیکەی عێراق کراوە و پاش ئازادبوونی و گەڕانەوەی بۆ کوردستان بە ناچاری لە ساڵی (١٩٥٧)دا بۆ یەکەمجار لە کارگەی درووستکردنی چیمەنتۆی سەرچنار دادەمەزرێت و دوای ئەوە بۆ چەندجارێک لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی دەستگیردەکرێت.

کە ئەو کاتە ریزی شیوعییەکان بەجێدەهێڵێت و دەچێتە نێو ریزەکانی حیزبە ناسیۆنالیستەکانەوە و بۆ جارێکی دی رەوانەی بەندیخانەکانی خوارووی عێراق دەکرێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی هاوبەشیکردنی لە کاری سیاسی شۆڕشی کورددا.

دوای ئازادبوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی و لە ساڵی (١٩٦٦) راژەکەی خۆی گواستەوە بۆ کارگەی جگەرەی سلێمانی و لە ساڵی (١٩٧٠)، کە شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسایەوە، ئەویش وەک هەموو ئەدیب و هونەرمەندێکی دیکەی کورد دەچێتە پاڵ ئەو شۆڕشە و تاکو نووشستی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٥)، کە دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی ترسی کاربەدەستانی رژێمی بەعس لە قەڵەم و شۆڕشگێڕییەتی ئەو نووسەرانەی کورد، راژەکەیان دەگوێزرێتەوە بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراق، بە مەبەستی دوورکەوتنەوەیان لە دروستبوونەوەی شۆڕشی کورد، ئەم دەنێرنە کارگەی چیمەنتۆی (سەدەی هیندیە) و تاکو ساڵی (١٩٧٩) خۆی دەگوێزێتەوە بۆ کارگەی شەکری سلێمانی و جارێکی دی لە ساڵی (١٩٨٠) بەهۆی بار و زرووفی سیاسییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ (سەدەی هیندیە) و ئەو ماوەیەی کە لەوێ بەسەری دەبات، هەوڵدەدات بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و ئەمجارە دەچێتە کارگەی جگەرەی سلێمانی و لەوێ لەکار دەخرێت و خانەنشین دەکرێت.

ئەو ئەدیبە جێگا پەنجەی دیارە لە کاری چیرۆکنووسین و شانۆگەرییدا، لە هەمان کاتدا دەستێکی باشی هەبووە لە هەڵسوڕاندنی کاروباری هونەرییدا، بەتایبەتی لە کاری دەرهێنانی شانۆگەریی و کاری فیلمسازیی، بەتایبەتی لە کاری تەلەفزیۆنی.

(ئەمینی میرزا کەریم) مرۆڤێکی بێدەنگی هێمن و لەسەرخۆ بوو، هەمیشە لە حاڵەتی بیرکردنەوەدا دەژیا، بەتایبەتی باری سیاسی و ئازارەکانی نەتەوەکەی، ئەو کارەی، یان ئەو حاڵەتەی ئاوێنەیەک بوو لە شانۆگەرییەکانیدا، دەریدەخست، هەمیشە

دڵسۆز و دڵپاک و بێگەرد بوو بۆ دۆستایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ هاوڕێکانی و لە خۆشەویستیدا بۆ نەتەوەکەی و بیری لە داماوی و چەوسانەوە و زوڵم لێکردنی داگیرکەران بۆ نەتەوەی کورد. هەمیشە لەگەڵ ئەو هەموو ئازارانەدا حەزی بە قسەی خۆش و زەردەخەنە لەسەر لێوەکانی نەدەکەوتنە خوارێ، پێکەنین خولیای دڵەگەورەکەی بوو، لە ژیانی رۆژانەیدا، تەنانەت کە لە وڵاتیش دوردەکەوتەوە، خۆشەویستەکانی و خاک و نەتەوەی لەیاد نەدەکرد، ئەوەتا لە ساڵی (١٩٧٦)دا لە خوارووی عێراق دەبێت لە (سەدەی هیندیە)، لە یەکێک لە چیرۆکەکانیدا لەژێر ناونیشانی (کە دەزوولە خوێناوییەکان دەچۆڕایەوە) بەم شێوەیە یادی دوور وڵاتی و هاوڕێکانی دەکاتەوە و دەڵێت: (کە لە شارەکەم دووربووم وە نەبێ کەم و زۆر لە هەواڵ و وردەباسی چەند هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی بێ ئاگابووم، بەڵام نەمدەزانی چی لە ناخیاندا قەوماوە، وە نەبێت هەمیشە شارەکەم لە بەرچاو نەبێت).

بێشک بۆچوونی ئەم نووسەرە لەو چەند رستەیەدا تەنیا هاوڕێکانی نییە، بەڵکو زیاتر مەسەلەی نەتەوەکەیەتی کە شۆڕشی کورد و پێشمەرگەکانە. ئەو هەمیشە لە ناخیدا بیرکردنەوەکانی بەلای شۆڕش و پێشمەرگەوە گرێبەندە. دوورە لە هەواڵەکانیان و لە باسەکانیان و لە سەرکەوتنەکانیان، هەر لەبەر ئەوەیە کە بە چەند دێڕێک گڕ و بڵێسەی دڵ و دەروونی بۆ خوێندەواری کورد هەڵدەڕێژێت و بەو هەوایە دەژی کە لەلای ئەوانەوە دێت.

### هەندێک مەسەلەی ئەدەبی

ئێمە پێمان چاکە کە ئەمڕۆ هەندێک مەسەلەی ئەدەبی و رۆشنبیری و فیکری ئەو نووسەرە دەربڕین، کە لە کاتی خۆیدا تۆماری سەر رۆژنامە و گۆڤارەکان نەکراوە، یان لە دڵ و دەروونیدا پەنگیخواردووەتەوە و هەندێجار لە ئەنجامی وتووێژ و قسەکردندا دەریدەبڕی دەربارەی چیرۆکەکانی و شانۆگەرییەکانی کە پێویستە ئەمڕۆ ئەو مەسەلەیە روونبکرێتەوە و ئاشکرا بکرێت لە لای نووسەران و رەخنەگران و لێکۆڵەرەوەکان لە ئەدەبی چیرۆکنووسی و شانۆگەریی (ئەمینی میرزا کەریم)، چونکە بۆچوون و رادەربڕین و قسەکردن لەسەر ئەدەبی ئەو ئەدیبە بەتوانایە، بەتایبەتی بۆچوونی رەخنەگران و لێکۆڵەرەوەکان لەگەڵ بۆچوون و بیروباوەڕی نووسەردا، بەتایبەتی لە ناوەڕۆک و شێوە و روخساری چیرۆکەکانیدا وەک ئەوەی کە من لە خوالێخۆشبووم بیستووە دەربارەی ئەو مەسەلە و بۆچونانە دەیوت: (ئەوان لە مەبەستی من تێ ناگەن، دەمەوێت خزمەتی نەتەوەکەم و مرۆڤی ئەم سەردەمە بکەم، من مەسەلەی سێکس وەکو سێکس بەکار ناهێنم لە ناوەڕۆک و

مەبەستیدا، بەڵکو وەک ڕەمز بۆ مەبەستەکانم بەکاری دەهێنم).

بۆ نموونە: لە کتێبەکەی کاک (سەباح غالبـی) ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا بۆچوونێکی تایبەتی هەیە لەسەر نووسەر و نووسینەکانی و چیرۆکەکانی، ئەوەتا لە لاپەڕە (٣٠٥)ی ئەو کتێبەدا دەڵێت: (بەگشتی لە چیرۆکەکانیدا چەند ڕێبازێکی نووسینی کورتەچیرۆک و داڕشتنی بەکارهێناوە، خۆی لە درێژدادڕی و ڕستە و دەستەواژەی بێ پێویست پاراستووە، هەر لە سەرەتاوە گرێ وا دروست دەکات کە خوێنەر بە پەرۆشەوە بەدواییەکەیدا بڕوا، گێڕانەوە بە سەریاندا زاڵە و جارجارە مەنەلۆگ و دیالۆگیشی بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەمانەشدا لە یەک دوویەکیاندا شێوەی ئامۆژگاری بە چیرۆکەکانەوە دەبینرێت و بەگشتی لە زمانی نووسیندا لاوازە و گەلێک هەڵەی زمانەوانییان تێدا دەبینرێت.

دەربارەی شانۆگەرییە وەرگێڕدراوەکانی، یان ئەو شانۆیانەی کە خۆی نوسیونی و پێشکەشکراون، ئەمانەن، شانۆگەرییەکانی:

١-کتێبـی زێڕین: بریتییە لە دوو شانۆگەریی لە ساڵی ١٩٦٠ لە چاپخانەی کامەران چاپکراوە و پێکهاتووە لە (٤٠) لاپەڕە، بە قەوارەی بچووک. ئەو دوو شانۆگەرییە (زیرین) و (ئۆتۆمۆبێلی) لە ١٩٧٠/٩/١٠ لەسەر شانۆی ئامادەیی کوڕان لە سلێمانی پێشکەشکراوە لە لایەن قوتابییانەوە.

٢-داسەکەی شاسوار- و-بڕیار و ئەنجام/ ١٩٦٨-و- نەورۆز ١٩٦٩/٣/١٦-و- چۆن بووم بە هونەرمەند/ ١٩٥٧ (ئەم شانۆگەرییە لە بەشی یەکەمی یەکەم گرەوی هیوادا لە پلەی یەکەمدا سەرکەوت) و-داسەکەی شاسوار-یش لە ڕۆژنامەی (العراق) کراوە بە عەرەبی و بڵاوکراوەتەوە و جێگای خۆی گرتووە لە ئەدەبی عەرەبیدا لە عێراق.

٣-مەم و زین-ساڵی / ١٩٥٧ کراوە بە عەرەبی لە لایەن (محمد سعید ڕەمەزان) و لە لایەن (ئەمینی میرزا کەریم) بە یارمەتی هونەرمەند (قادر دیلان) ئامادە کراوە لە ساڵی ١٩٥٨، لە لایەن قوتابخانەی ناوەندی شەو لە سلێمانی پێشکەشکراوە و بۆ یەکەمجار بووە کە ئافرەتی کورد هاوبەشی شانۆگەریی بکات و بێتە سەر شانۆ، ئەویش خاتوو (گوڵزار عومەر) بووە.

٤-ئەمرەکەی بەگم: چیرۆکێکی شانۆگەرییە، لە نووسینی مامۆستا (یوسف العانی) لە ساڵی ١٩٥٨ لە چاپخانەی کامەران چاپکراوە و لەسەر شانۆی ئامادەیی کوڕان لە ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن قوتابییانەوە پێشکەشکراوە، ئەم شانۆگەرییە لەلایەن کامەران موکری شاعیرەوە پێشەکی بۆ نووسراوە، بە قەوارەی مام ناوەندی چاپکراوە و پێکهاتووە لە (٥٤) لاپەڕە.

٥-شاکر-دایکتم: له ساڵی ١٩٥٩ لەسەر شانۆی ئامادەیی کوڕان له سلێمانی لەلایەن قوتابییانەوە پێشکەشکراوە، له نووسینی مامۆستا (یوسف العانی)یە و خوالێخۆشبوو (ئەمینی میرزا کەریم) گۆڕیویەتی بۆ سەر زمانی کوردی.

٦-چاوی کوردستان: ئەمەش چیرۆکی شانۆگەرییە له نووسینی مامۆستای خوالێخۆشبوو (ئەمینی میرزا کەریم) خۆی بووە. بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆی یانەی فەرمانبەران له ١٩٧٣/٦/١٧ له سلێمانی پێشکەشکراوە. له دەرهێنانی مامۆستای هونەرمەند (غازی بامەرانی) و له ١٩٧٤/٢/٢٨ بۆ جارێکی دی له دەرهێنانی مامۆستای هونەرمەند و خوالێخۆشبوو (عوسمان چێوار) له سلێمانی پێشکەشکراوە. دوای ئەوە لەسەر شانۆی نەتەوەیی له بەغدا لەلایەن تیپی نواندنی کارگەی جگەرەی سلێمانییەوە پێشکەشکرا و خەڵاتی دووەمی فێستیڤاڵی هونەری یەکەمی کوردی وەرگرت. ئەو تیپە لەلایەن خوالێخۆشبوو (ئەمینی میرزا کەریم) و بەندەوە پێکهێنرابوو.

٧-تەرازوو: شانۆگەرییەکە، له نووسینی خوالێخۆشبوو، له گۆڤاری رۆشنبیری، ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە، تاکو ئێستا له هیچ شانۆیەک و لەلایەن هیچ تیپێکەوە پێشکەش نەکراوە.

٨-سەری گڵۆپەکە: شەش پەنجایی، بێ ئیشی، ئەم شانۆگەرییانە له نووسینی مامۆستا (یوسف العانی) بووە، خوالێخۆشبوو گۆڕیویەتی بۆ سەر زمانی کوردی.

٩-پشکنەری گشتی له نووسینی (گۆگۆڵ)، له عەرەبییەوە گۆڕیویەتییە سەر زمانی کوردی و خەڵاتی یەکەمی گۆڤاری هیوای وەرگرتووە، ئەم شانۆگەرییە جارێکی دی لەلایەن نووسەر و چیرۆکنووس مامۆستا (رەئوف حەسەن)ەوە وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی، هەروەها لەلایەن هونەرمەندی بەتوانا و خوالێخۆشبوو رەفیق چالاک-یشەوە جارێکی دی وەرگێڕاوە بۆ کوردی.

١٠-سەرچاوەی ژانێکی خامۆش، بۆیاخچی، گرێ: ئەم کتێبە پێکهاتووە له سێ شانۆگەریی لەسەر ئەرکی دەزگای رۆشنبیری کوردی له بەغدا له ساڵی ١٩٨٠ چاپ و بڵاوکراوەتەوە به قەوارەی گەورە، پێکهاتووە له (١٠١) لاپەڕە. تەنیا چیرۆکی شانۆگەریی (بۆیاخچی) له رانیە لەلایەن تیپی نواندنی (ئاسۆس) و له دەرهێنانی مامۆستا (ئەحمەد خدر ئیبراهیم) دەرهێنانی بۆ ئەنجامدراوە و هەواڵی ئەم شانۆگەرییە له گۆڤاری کاروان، ژمارە (٤١)ی ساڵی ١٩٨٦دا بڵاوکراوەتەوە له رۆژانی ٢٨-١٩٨٥/١١/٣٠، ئەنجامی ئەو شانۆگەرییە به سەرکەوتوویی ئەنجامدراوە.

ئەمانەی که باسمان کرد، بەشێک بوون له شارای ئەدەبی شانۆگەریی

چیرۆکنووسی خوالێخۆشبوو لە ژیانی ئەدەبیدا.

لێرەدا دەتوانم بڵێم ئەو ئەدیبە یەکەم هەڵگری مەشخەڵی شانۆگەرییە عەرەبییەکانی مامۆستا (یوسف العانی) بوو، کە لە زمانی عەرەبییەوە گۆڕینی بۆ زمانی کوردی بەمەبەستی ئەوەی شانۆی کوردی ڕێچکەی ئەو بابەتە بگرێتە بەر و بابەتە خۆماڵییەکان لەسەر هەمان شێوە بخاتە سەر شانۆی کوردی ئەو سەردەمە، ئەوەتا لە یەکێک لە نووسینەکانیدا لە ژمارەیەکی ساڵی ١٩٨٣ی ڕۆژنامەی هاوکاری-دا دەڵێت:

لە تەمەنێکی منداڵییەوە خولیای هونەر بووم کە ساڵی ١٩٤٦ شانۆگەریی (لەڕێی نیشتمان) و (گوڵی خوێناوی)یەکەی مامۆستا گۆران پێشکەشکرا، دە ئەوەندەی ئارەزووەکەم لەلا گەورە بوو، کە شانۆگەریی (مەنوچەرم) دی، بە تەواوی خەیاڵی شانۆگەریی لە کەلەی دام، ئەوە بوو ساڵی ١٩٥٧ یەکەم بەرهەمی شانۆگەریم (چۆن بووم بە هونەرمەند) چاوی هەڵهێنا و لە ساڵی ١٩٥٨دا رووومکردە ئامادەکردنی (مەم و زین) و پێشکەشکرا، هەردوو شانۆگەریی (بڕیار و ئەنجام) و (داسەکەی شاسوار) م بە عەرەبی بڵاوکراونەتەوە، (یوسف العانی) داوای لێکردم چەند بەرهەمێکی بە عەرەبی پێشکەش بکەم، منیش دووانم بۆ نارد، بەڵام وا بۆ چەند ساڵێک دەچێت مەسەلەکە وەکو خۆی ماوەتەوە و پێشکەش نەکراوە، تاوەکو ئێستا بەردەوام لە بەرهەمە شانۆگەرییەکاندا هەوڵمداوە تەکنیکی ئەوتۆ بەکاربهێنم کە گەشە بە ناوەڕۆک بدات، هەربۆیە رووم لە ڕێبازێک زیاتر کردووە بۆ نووسین و خۆم لە قەرەی ڕێبازەکانی (واقعی و تسجیلی) و کۆمیدیا و هونەری داوە کە بتوانم ئاسۆی بیرم فراوانتر دەکەم ڕوودەکەمە ئەو ڕێبازانەی کە شانۆی ئەم سەردەمە لێوەی دەردەکەم.

لێرەدا دەمەوێت مەسەلەیەک بێنمەکایەوە، ئەویش ئەو وتارەیە کە لە ژمارە (١٧٧)ی ٢٠١٢/٢/٥ی گۆڤاری (رامان)دا بڵاوکراوەتەوە بە پێنووسی (عومەر ساڵح بەگ) لە بەریتانیا نیشتەجێیە و یەکێکە لەو هونەردۆست و نووسەرانەی کە لە کاتی خۆیدا لە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی چالاکییان دەنواند.

دەقی ئەو وتارە دەربارەی شیعرە بەناوبانگەکەی (گۆران) (گوڵی خوێناوی) و ئۆپەرێتەکەی خوالێخۆشبوو (ئەمینی میرزا کەریم) (ئۆپەرێتی گوڵی خوێناوی) کە لەلایەن هونەرمەندی گۆرانیبێژ (جەلال کۆچەری) ڕەحمەتییەوە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆماریکردبوو. (عومەر ساڵح بەگ) دەڵێت: سەرچاوەی ئەم شیعرە ئۆپەرێتە دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی خۆماڵی فۆلکلۆری (لاس و خەزاڵ)، لەبەرئەوەی لە ناوەڕۆکی هەرسێ دەقەکە بۆچوون هەیە لە شێوەی دڵدارییەکە و هێنانی گوڵی

سوور بۆ دڵدارەکانیان و کارەکتەری زوڵم و زۆرداری کە ئاغایە لە بابەتەکاندا.

برای نووسەر (عومەر ساڵح بەگ) لە چەند خاڵێکدا بەراوردەکە چڕدەکاتەوە، ئەویش بەم شێوەیە:

خاڵی یەکەم: بیرۆکەی هەردوو دەقەکە.

خاڵی دووەم: کێشمەکێش لە هەر دوو دەقەکەدا، لای گۆران لە نێوان داگیرکەر و بەرگریکاردایە، لای ئەمین لەنێوان ئاغا و پیاوانی ئاغا و جوتیاراندایە.

خاڵی سێیەم: ڕێڕەوەی دەقەکان- چ لای گۆران و چ لای ئەمینی میرزا کەریم، یەک ڕێڕەوە، ئەویش بە (چوونی کوڕ- بۆ هانینی گوڵی سوور). لە (لاس و خەزاڵ) دا دڵدارەکە دەچێت بۆ (چل پلەی عومان) بۆ هێنانی گوڵی سوور.

ئەوی شایەنی باسە لە باسکردنی ئەم ئۆپەرێتەی (ئەمینی میرزا کەریم) لێرەدا، ئەوەیە، کە تاوەکو ئێستا نە بە کتێب و نە بە بڵاوکردنەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا ئەو دەقە نە لەلایەن خۆی و نە لەلایەن ئێمەوە کە زۆرینەی نووسراوەکانی و دەقەکانی لە لای ئێمە بوو، تەنانەت دوا چیرۆکی (دوو دڵۆپ فرمێسک) بوو پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە بۆ شاخ، دایە من و پێی وتم (ئەگەر نەهاتمەوە، یان مردم، ئەوکاتە بڵاوی بکەرەوە)، بەهەرحاڵ لە باسی چیرۆکەکانیدا باسی دەکەین.

بەڵکو دەقی ئەو ئۆپەرێتە وەک (عومەر ساڵح بەگ) دەڵێت: (شانۆیەک لە تابلۆیەکدا) دەستنووسی بە دەستوخەتی (ئەمینی میرزا کەریم)، قەوارەکەی(١٧*٢١) سم، لەسەر کاغەزێکی بێ خەتی زەردباو نووسراوە، ژمارەی لاپەڕەکانی (٩) لاپەڕەیە، لەسەر یەک دیوی نووسراوە. بەداخەوە مێژووی ڕۆژ و ساڵی نووسینی لەسەر نییە، بەڵام بەپێی زانیاری خۆم لە ساڵەکانی١٩٧٠دا نووسراوە. بۆ ڕاستی قسەکەی (عومەر ساڵح بەگ)، کە ئەویش یەکێک بوو لە نزیکەکانی (ئەمینی میرزا کەریم)، منیش هەمان بۆچوونم هەیە بۆ ئەو ئۆپەرێتە، چونکە ئێمە پێکەوە لەو ساڵانەدا کاری ئەدەبی و هونەریمان لە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی ئەنجام دەدا.

ئەمانە کە باسمان کرد، زۆرینەی ئەو دەقە شانۆنامانەی (ئەمینی میرزا کەریم) ن بە وەرگێڕاوەکانیشییەوە.

لەبەرئەوە لێرەدا دەمەوێت بێمە سەر باسێک لە شارای ئەدەبی چیرۆکنووسینی (ئەمینی میرزا کەریم)، هەروەک ئاماژەمان پێکرد مامۆستا (سەباح غالبی) لە کتێبەکەیدا (ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا) لە چەند جێگایەکدا باسەکانی خۆی بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبی چیرۆکنووسی خوالێخۆشبوو چڕوپڕ کردووەتەوە، هەروەها مامۆستا (حوسێن عارف)ی چیرۆکنووس لە کتێبی (چیرۆکی هونەری

کوردی) لە ساڵەکانی (١٩٢٥-١٩٦٠) لە لاپەڕەی (١٠٣-١٣٣-١٤٤)دا چەند باسێکی لەسەر چیرۆکەکانی ئەنجامداوە، هەروەها مامۆستا (عومەر مەعروف بەرزنجی) لە کتێبی (لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی) چەند باسێکی لەسەر سەرهەڵدانی چیرۆکەکانی خوالێخۆشبوو بە ئەنجام گەیاندووە، لەگەڵ ئەو بابەتانەی لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیدا بۆی چووە.

ئەوەی تاوەکو ئێستا بە چاپی گەیاندووە لە بەرهەمی کورتەچیرۆک (٧) کورتەچیرۆکە، لە کتێبێکدا خۆی بینیوەتەوە. بە ناوی (لێوی ئاگرین) لە ساڵی ١٩٦٧ لە چاپخانەی کامەران چاپکراوە، بە قەبارەیەکی بچووک، پێکهاتووە لە (٧٢) لاپەڕە.

دوابەرهەمیشی کورتەچیرۆکێک بوو، پێش مردنەکەی، لەکاتێکدا کە چووە شاخ و لەوێوە بۆ دەرەوەی وڵات، چیرۆکەکە بە ناوی (دوو دڵۆپ فرمێسک) و ئێمە لە گۆڤاری کاروانی ژمارە (٧٠)ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٨ ساڵی حەوتەم بڵاومان کردەوە، چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی، تراژیدیایی بوو.

لە چیرۆکە بڵاوکراوەکانی لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا ئەمانەن:

١-چیرۆکی (چارەنووس) لە لاپەڕەی (٥٦)ی گۆڤاری نووسەری کوردی ژمارە (٦)، مارت- نیسان/١٩٧٢ بڵاوکراوەتەوە.

٢-چیرۆکی (کچ فرۆش) لە ساڵی ١٩٥٧دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە هەرچەندم کرد سەرچاوەکەیم بۆ نەدۆزرایەوە.

٣-رۆژانی داهاتوو، لە رێبازی ساڵی ١٩٦٨دا بڵاوکراوەتەوە.

٤-بەهاری من، لە ساڵی ١٩٦٨ لە رۆژنامەی راپەڕین بڵاوکراوەتەوە.

٥-دز، لە رۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە (١٤)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٨ بڵاوکراوەتەوە، ئەویش چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە.

٦-رێگای خەبات، لە رۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە (٢٧)ی رۆژی ١٩٥٨/٩/٢٧ ژمارەکانی دوای ئەو بە سێ زنجیرە بڵاوکراوەتەوە، ناوەرۆکەکەی چیرۆکێکی سیاسییە.

٧-رەشبەڵەک، لە رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (١١٥)ی ١٣ی تشرینی یەکەم لە ساڵی ١٩٦٦ بڵاوکراوەتەوە، چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە.

٨-کچێکی کوێر، لە رۆژنامەی راپەڕین ژمارە (١٥٠) لە ١٩٦٧/٩/٧دا بڵاوکراوەتەوە، ئەویش چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە.

٩-رۆژانی داهاتوو، لە گۆڤاری رێباز، لە ساڵی ١٩٦٨ لە چاپخانەی ژین لەچاپدراوە، کە کۆمەڵێک نووسەر بەشدارییان تێداکردووە.

لە کتێبە سیاسییەکانی کە بە چاپی گەیاندووە (دۆست و دوژمنانمان کێیە؟)

کتێبێکی سیاسی لە نووسینی (ماوسی تۆنگ) لە پەراوی (**تحلیل الطبقات في المجتمع الصینی**)دا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ساڵی ١٩٥٩، لە چاپخانەی کامەران لە سلێمانی چاپی کردووە بە قەوارەی مامناوەندیی و پێکهاتووە لە (٢٤) لاپەڕە.

خوالێخۆشبوو بێجگە لە چیرۆکنووسی و شانۆنامەکانی، کۆمەڵێک وتار و دیداری لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوکردووەتەوە، لەوانە وتارێک بە ناوی (ئاشتی و برایەتی دواڕۆژێکی باشتر)، وتارێکە لە گۆڤاری هیوای ژمارە (٣)ی، ٢ی رەزبەر/ ئەیلولی ١٩٥٨دا بڵاوکراوەتەوە، کە ئەویش هەر وتارێکی سیاسییە.

هەروەها وتارێک لەژێر ناونیشانی (تەمسیلی چیرۆکی- مەم و زین- دوو هەنگاوی گەورە بوو بەرەوپێشەوە)، ئەم وتارەی پانۆرامایەکە بەدرێژیی باس لە سەرکەوتنی ئەو شانۆنامەیە دەکات، بەتایبەتی بۆ یەکەمجار لە مێژووی شانۆی کوردیدا ئافرەت بەشداری دەکات.

دەتوانم سەرجەم بابەتەکانی ئەم کەڵە چیرۆکنووسە بەوە هەڵسەنگێنم کە چیرۆکەکانی و شانۆنامەکانی گشتین و پێکهاتوون لە بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو سەردەمەی کە ئەم نووسەرەمانی تێدا ژیاوە، بەڕاستی سەرکەوتنی کاتی خۆی بەدەستهێنابوو و یەکەم چیرۆکنووس بووە کە توانیویەتی شانۆنامەکانی کەڵە نووسەری پێشکەوتووی (عەرەب) (یوسف العانی) بگۆڕێ بۆ زمانی کوردی، کە کاریگەرییەکی تایبەتی خۆی هەبوو لەو کاتەدا.

ئەمە بێجگە لەوەی چیرۆکنووس تاوەکو ئەو کاتە چەند پاداشتێکی ئەدەبی و هونەری لە شانۆی کوردیدا پێ بەخشرا. لەوانە (خەڵاتی یەکەمی گۆڤاری هیوای وەرگرتووە، لە نووسینی چیرۆکێکی شانۆییدا)، بۆ جارێکی دی خەڵاتی یەکەمی گۆڤاری هیوای وەرگرتووە لە گۆڕینی چیرۆکێکی شانۆییدا، هەروەها خەڵاتی دووەمی فێستیڤاڵی یەکەمی هونەری کوردی لە شانۆنامەی (چاوی کوردستان) لە بەغدا لەسەر شانۆی نەتەوەیی پێشکەشکرا. ئەو شانۆگەرییە لەلایەن تیپی نواندنی کارگەی جگەرەی سلێمانییەوە پێشکەشکرا و ئەو تیپە لەلایەن خوالێخۆشبوو و بەندەوە پێکهێنرا بوو لە ساڵی ١٩٧٠. یەکەم بەرهەمی ئەو تیپە شانۆگەرییە (نەورۆز) بوو.

بێجگە لە پێکهێنانی ئەو تیپە، پێکەوە و بەیارمەتی ژمارەیەک لە هونەرمەندان و ئەدیبان و نووسەران (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە سلێمانی)یمان پێکهێنا، کە بەڕاستی تاکو ئێستا، کە ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆمەڵەی هونەری کوردی زۆر بە چالاکانەوە بە گڕ و تینێکی بێ هاوتاوە خزمەتی شانۆی کوردییان کردووە. کە ئەمە جێگای شانازیی ئێمەیە.

بە بڕوای ئێمە خوالێخۆشبوو وەک چیرۆکنووسێک و شانۆگەرێک زیاتر و زیاتر پێویستی بە لێدوان و لێکۆڵینەوە هەیە کە لەسەر بابەتەکانی بکرێت.

بەڵام ئێمە لەم دەرفەتەدا تەنیا بەسەرکردنەوەیەک و ئاماریکمان کردووە لە کارە ئەدەبییەکانیدا و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێدوانی تەواومان بەکار نەهێناوە بۆ ئاشکراکردنی کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی.

تەنیا ئێمە ئەوە دەڵێین کە چیرۆکەکانی و شانۆنامەکانی هەر هەموویان خۆیان لە چواچێوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری کوردی دەبینێتەوە، کە بەڕاستی جێگای شانازییە و جێپەنجەی ئەو کەڵەپیاوە لە کات و زەمانی تایبەتی خۆیدا جێگای تایبەتی خۆی کردبووەوە و خزمەتێکی چاکی بە ئەدەب و شانۆی کوردی کرد، تاوەکو ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەو کارە لە گۆڕەپانی شانۆی کوردیدا دیارە و بەرچاوە.

لێرەدا تەنیا ئەوە دەمێنێتەوە کە بە داخ و کەسارەیەکی زۆرەوە بڵێین لە ١٩٨٤/٣/٢٢ لە رۆژی پێنجشەممە کاتژمێر ٤ی پاش نیوەڕۆ ماڵئاوایی لە ژیان کرد و لە گردی سەیوان میوانداریی لێکرا.



لە راستەوە دانیشتوو:
مستەفا ساڵح کەریم، ساجد ئاوارە، محەمەد ئەمین کاردۆخی، غەفور رەشید، جیهان عومەر.
جەمال شارباژێڕی، ؟ حەمە ساڵح سەعید، محەمەد مستەفا کوردی، شێخ محەمەد خاڵ، شاکر فەتاح، رەئوف ئالانی، ئەحمەد شوکری، تاهیر ساڵح سەعید، ؟ ئەژی گۆران، حەسیب قەرەداغی، ئەمین میرزا کەریم، ؟ مەحمود زێوەر، هۆگر گۆران، حەمەڕەشید فەتاح، کامل ژیر، محەمەد نوری تۆفیق، ؟ کامەران موکری.

## ئەو سەرچاوانەی سوودم لێ وەرگرتوون بۆ ئەم باسە:

١-ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، مامۆستا سەباح غالبی.

٢-چیرۆکی هونەری کوردی، مامۆستا حوسێن عارف.

٣-لێکۆڵینەوە و بیۆگرافیای چیرۆکی کوردی، مامۆستا عومەر مەعرووف بەرزنجی.

٤-شانۆ و شانۆی کوردەواری، مامۆستا حەسەن تەنیا.

٥-بێبلۆگرافیای نواندن و شانۆییەکانی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، مامۆستا فایەق عومەر تۆفیق.

٦-شانۆگەرییەکانی سلێمانی لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٦١، مامۆستا یاسین قادر بەرزنجی.

٧-گۆڤاری کاروان، ژمارە (٦٤)، ساڵی ١٩٨٨ و ژمارە (٤١)، ساڵی ١٩٨٦ و ژمارە (٧٠)ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، ساڵی حەوتەم.

٨-گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٦)، مارت و نیسان ١٩٧٢ و هەروەها ژمارە (٦)ی خولی دووەمی شوباتی ١٩٨١.

٩-گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (١٩)، ساڵی ٢٠٠٠.

١٠-گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤)، ساڵی ٢٠٠٠.

١١- رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٢٠)، لە ١٩٧٢/١/١٥.

١٢- رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٦٨١)، لە ١٩٨٣/٣/٣١.

١٣- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١)، لە ١٩٧٤/٣/٣٠.

١٤- گۆڤاری رەنگین، ژمارە (١١)، لە ساڵی ١٩٩٢.

١٥- گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٩)، نیسان/ ١٩٨٤و ژمارە (٤١)ی شوباتی ١٩٨٦ و ژمارە (٦٤) ی مایسی ١٩٨٨.

١٦- گۆڤاری شاکار، ژمارە (٨).

١٧- گۆڤاری (عالم الصناعه)، ژمارە (٢)، تەممووزی ١٩٧١.

١٨- گشت بەرهەمە چاپکراوەکانی خوالێخۆشبوو.

١٩- گشت ئەو وتارانەی کە لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا لەسەر خوالێخۆشبوو نووسیومە و بڵاومکردووەتەوە.

٢٠- گۆڤاری رامان، ژمارە (١٧٧)، لە ٢٠١٢/٢/٥.

٢١- گۆڤاری هیوا، ژمارە (١)، ساڵی (٢)، تەممووزی ١٩٥٨ و ژمارە (٣)، ساڵی (٢)، ئەیلوولی ١٩٥٨ و ژمارە (٦،٧)، ساڵی (٢) کانوونی دووەمی ١٩٥٩.

٢٢- گۆڤاری هونەری نوێ، ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٦.



# هادی زیائەدینی:
# ئەو شێوازی جوانسازییەی
# لە پەیکەردا بەکاری دەهێنم، لە زانکۆدا نییە

سازدانی: شالاو جەعفەر

هادی زیائەدینی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی توانیویەتی بەری هەوڵ و ماندووبوونی چەندین ساڵی خۆی بچێنێتەوە و پەنجەرە گەورەکانی باڵەخانە بەرزەکەی هونەر بە رووی خۆیدا بکاتەوە، لەوێوە بڕوانێتە ژیان و ئەزموونی هونەری خۆی، زیائەدین زیاد لەوەی هونەرمەندێکە قاڵبووە لە بواری نیگارکێشان، یەکێکە لە پەیکەرسازە بەتواناکانی کورد و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەژی. وەک خۆی دەڵێت: "ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی جۆرئایات لە سنە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی هەر لەوێ تەواو کردووە و لەدواییدا بڕیاری داوە بچێتە زانکۆی تاران بۆ کۆلێژی هونەرە جوانەکان و هەرواشی کردووە، کە بەشی شێوەکاری لەو زانکۆیە وەری دەگرێت تا ئەو کاتەی بەکالۆریۆسی وەرگرت، ئێستا ناوبراو سەرقاڵی کاری پەیکەرسازییە بە پلەی یەکەم و شێوەکاریش بە پلەی دووەم.

**بەڕێزتان دەرچووی بەشی شێوەکارین، بەڵام زیاتر لە بواری پەیکەرسازیدا دەبینرێیت؟**

بەڵێ، هەروایە خوێندنی من لە زانکۆ لە بەشی شێوەکاری بوو، بەڵام ئەوەندەی لەبیرمە پەیکەرسازیی و شێوەکاریم بەیەکەوە دەستپێکردووە لەگەڵ هەردووکیاندا بەرەو پێشەوە چووم، رەنگە ئەو گومانە بەو بۆنەیەوە دروست بووبێت کە پەیکەرەکانی من زۆرترن لە تابلۆکانم کە کەوتوونەتە بەرچاوی جەماوەر، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە من ناتوانم شەوێک بەبێ شێوەکاریی تەرامی سەرکەوم.

**کارەکانی تۆ هەستە، یان سۆزە، یان ئەکادیمییە؟**

بەپێچەوانەوە من هەرچەندە لە ئسلوبی جوانسازیدا پەیڕەوی دەکەم و لەسەر بناغەیەکی زانستی دامەزراون، بەڵام ئەوەی پەیڕەوی دەکەم زانستی ئەکادیمی خوێندنی باڵایە، کە لە زانکۆدا نەبووە، من پەییکەرسازیم بە پشتبەستن بە زانستی رامی و هەوڵدان بە ئەزموونی خۆم فێربووم، با ئەوەش بڵێم هیچ کەس تەنانەت وشەیەکی فێر نەکردووم، بەداخەوە من هیچ مامۆستایەکم نەبووە، نابینی ژیانیش ناتوانێت شتێکی جیا لە هەستەکان بزانێت و هەستیش دەرئەنجامی ناسینەوەیە، پێناسینی زاستی هیچ کات پەنجەرەکانی هەست ناکاتەوە.



**کەواتە چۆن لە هونەری پەیکەرسازیی دەڕوانیت؟**

بڕوانە هونەر مەیدانێکە کە پەیوەندی جوانسازیی نێوان خەڵک و هونەرمەند دروست دەکات، دیارە هونەری پەیکەرسازیش لەم کارە جیا نییە هەر هونەرمەندێک ئەزموونی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێت بە دۆزینەوەی شێوەیەکی هونەری ئەو ئەزموونانەم کە لە ناخی خەڵکدا هەتاهەتایە بچێنێت، من وا دەزانم هونەر دەبێت کەڵکی هەبێت و ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی و ئەخلاقی هەبێت، ئەمەش ئەرکی سەرەکی هونەرمەندە.

**لەناو ئەو پەیکەرانەی کە دروستت کردوون، تا چەند مۆرێکی پێوە دیارە کە دەربڕی هەستێکی نەتەوەیی بێت، مەبەست ناخی خۆتە؟**

دەرخستنی هەستی رۆح و کەسایەتی هونەرمەند هیچ نییە مەگەر ئەوەی وای دەبینێت، یان دەبیستێت و هەستی پێدەکات، کەواتە بەرهەمی هونەریی هەمان کەسایەتی منن، لەگەڵ خۆم و ئەو کەسەی رووبەڕوو دەبمەوە، ڕاستکۆبم. کەواتە دەبێت بەرهەمەکانم ئێستاکە ئیشارەتێک بێت بۆ خۆم و نەتەوەکەم و فەرهەنگم.

**بە بۆچوونی تۆ هونەری پەیکەرسازیی لە چ قۆناغێکدایە؟**

هونەری پەیکەرسازیی لەدوای ئیسلامەوە لە ئەنجامی تێڕوانینێکی سادە و ساکار قەدەغەکراوە، لە وڵاتە ئیسلامییەکانەوە رێی لێ گیراوە زۆر گرنگی نادەن بە پەیکەر، دیارە دوای سەدان ساڵ تازە دەستمان پێکردووە و خەریکین هەنگاوە سەرەتاییەکانمان هەڵهێناوە، هەڵبەتە هێشتاکە نەبوونی ئەقڵانییەتێک لەلایەن دەسەڵات و ئەمانەی کەوا بڕیار دەدەن بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم هونەرە نەتوانێت لە جوانی شار و لە جوانی روحی جەماوەردا کاریگەر زۆر دیاری هەبێت و هەنگاو هەنگاو بەرەوپێش بڕوات.

**بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆئەوەی هونەری پەیکەرسازیی کورد بگاتە ئاستی جیهان؟**

وەڵامی ئەم پرسیارە، یان پەیوەندی بە پرسیارەکانی پێشووەوە هەیە، واتا بڕوابوونە بە گرنگیدانی ئەو واقیعەی کە لە لایەن دەسەڵات و ئەوانەی کە بڕیاردەری پێدانی هونەرن، پێموایە بەجیهانیبوون هیچ واتایەکی نییە، چونکە بەجیهانیبوون هیچ مانایەکی رۆتین نییە بەرەو پێشەوەچوونی هونەری

جیهانیبوون بەو شێوەیەی کە لە بیروباوەڕدا دروست بووە، کەوا هیچ ئاکامێکی نییە، جگە لە لەخۆبابیبوون و شوێن پێ هەڵگرتنی کوێرانەی هونەری رۆژئاوایە، تەقەلایەکە بۆ ناسینی ژێرخانەکانی هونەر کە کاری زۆر و تێگەیشتن لە جوانی کە لەگەڵ بڕوابەخۆبوون هونەر دروست دەکات، کە پشکنینی بایەخەکانی جوانییان و گەیشتن بە منی رۆژهەڵات و منی ئاسایی و منی شێوەکاری لەم دەروازەیەوە دەتوانین ئاوێزانی رۆحی خەڵک بکەن و هەر ئەو دەروازەیەیە وا لە هونەری ئەفریقا و میسرییە کۆنەکان و مایاکان و... هتد دەکات، کە هاوکات لەگەڵ پاراستنی شوناسی تاکە کەسی و نەتەوایەتی خۆیاندا کە بەرەو جیهان کردوویانەتەوە.

**چەند پەیکەرت لە کوردستانی رۆژهەڵات دروستکردووە؟**

بیست پەیکەرم لە کوردستان و دووپەیکەرم لە شارەکانی تەبرێز و ئەسفەهان دروستکردووە...

**جگە لە پەیکەری شێخ مەحمود کە لە شاری سلێمانی دروستت کردوون، بەنیازیت پەیکەری تر لەو شارە یا لە شارەکانی تری هەرێم دروست بکەیت؟**

من بڕیار نادەم، کەسێک شتێکی بوێت بۆی دروست دەکەم.

**تا چەند پێشانگات لە ئێران و ئەوروپا کردووەتەوە؟**

دیارە گرفتی گواستنەوە بۆ من زۆر سەختە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە تا ئێستا لە دەرەوە پێشانگا نەکەمەوە، هەرچەندە زۆرجاران رێگای ئەوەم بۆ کراوەتەوە بەشداری بکەم، بەڵام نەگونجاوە. لە زۆربەی شارەکانی سویسرا، پەکین، کازخستان، قرقزیستان، ئۆزباکستان، سوریا، سلێمانی، هەولێر، دهۆکیش بەشداریم هەبووە.

**رۆژانەی ژیانت چۆن بەسەر دەبەیت؟**

زۆربەی کاتەکانم بە کاری تەرامی و نەقاشی و پەیکەرسازییەوە دەبەمە سەر، نایشارمەوە خەڵکی زۆر توانا و هێزم پێدەبەخشن، هەڵبەتە بنەماڵەیەکم هەیە زۆرباشن، فیداکارن بۆ ئەوەی هاوکار و هاوبیرم بن، ئەوەش گەورەترین چانسی ژیانمە.

# تۆفیق ئەمانی:



## سینەما پیشەیەکی دڵرفێنە و هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرنجی زۆر کەس، بەتایبەت گەنجان، بۆ لای خۆی رابکێشێت

**سازدانی: سارا زینەتی**

**ئاخۆ دەکرێت پێناسەیەکی تایبەتمان هەبێت بۆ سینەمای کوردی، یان فیلمە کوردییەکان، یان بە دەربڕینێکی تر تایبەتمەندیی فیلمە کوردییەکان کامانەن؟**

لەڕاستیدا ئەمە پرسیارێکە کە زۆر باسی لەسەرە و هەرکەس لە روانگەی خۆیەوە سەیری دەکات. ئەوەی راستی بێت بۆ بوونی سینەما لەنێو هەر نەتەوەیەک هەندێک فاکتەر هەن کە بوون یا نەبوونیان دەستنیشان دەکات ئەو نەتەوەیە سینەمای هەیە، یان نا. سینەما دنیایەکی زۆر بەرفراوانە و ئەم دنیایەش بۆ خۆی تایبەتمەندی و بنەما و بنچینەیەکی تایبەتی هەیە کە لە هەموو دنیادا هاوبەشە و لە واقیعدا سینەما لەسەر ئەو خاڵە هاوبەشانە دامەزراوە و هەڵدەسووڕێت و زیندووە.

نەبوونی ئەو بنەما فیکری و زانستی و مادییانەش ئەساسی بوونی ئەو دنیایەیە کە ئێمە ناوی سینەمامان لێ ناوە، دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە لەوانەش دەتوانم وەکو خاڵی یەکەم ئاماژە بە چۆنییەتی گرنگترین پێداویستی بکەم کە باری زانستی و پەروەردەیە. ئێمە لە کوردستان تا چەند کۆلێژ و زانکۆ و بنکەی فێرکاریی و سەنتەری پەروەردەکردنی سینەماکار و کتێبخانەی چڕوپڕو سینەماییمان هەیە؟ ئایا هەموو ئەمانە یان لانیکەم چەند نموونەیەکیمان هەیە؟ خاڵی دووەم کە لەگەڵ خاڵی یەکەم پێوەندییەکی زۆر نزیکیان هەیە، ئەوەیە کە ئێمە تا چەند خەڵکی ئاکادیمیک و شارەزا و زانیار لە مامۆستای زانکۆوە بگرە تا نووسەر و دەرهێنەر و ئامادەکار و وێنەگر و هەموو بەشەکانی تر و لە هەموویشی گرنگتر رەخنەگری سینەماییمان هەیە؟ سێیەم، پێویستییە مادییەکانی سینەما وەکو ستۆدیۆی پرۆفیشناڵ و لابراتوار و شارێکی سینەمایی و لە هەموویشی گرنگتر هۆڵی سینەمایی بەپێی ستانداردی جیهانی تا چەند لە شارەکانی کوردستان بوونیان هەیە؟ چوارەم ئایا لە کوردستان بەشی پیشەسازیی سینەما بوونی هەیە و تا چ رادەیەک فیلم رواڵەتی بازرگانی بەخۆیەوە گرتووە و فیلمی کوردی چەندە لە سینەماکانی کوردستان و جیهان نمایش دەکرێت و خەڵک بۆ دیتنی فیلمی کوردی دەڕۆنە نێو سینەماکان و پارە سەرف دەکەن؟ بە واتایەکی تر سینەما لەم وڵاتەدا تا چەند توانیویەتی شانبەشانی بەشە هونەرییەکەی بەشە سەنعەتییەکەشی بەرەو پێشەوە بڕوات و نیزامێکی سینەمایی هاوچەرخ پێک بێت و ببێت بە نیزامێکی شکۆمەند و پڕبایەخ؟ خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە رووبەڕووبوونی سینەمایە لەگەڵ خەڵک. ئایا بە بوونی تەواو ئەو خاڵانەش کە ئاماژەم پێ کرد، خەڵک لە کوردستان و جیهان بە دیتنی فیلمە کوردییەکان تا چ رادەیەک هەست بە بوونی سینەمایەکی جیاواز دەکەن و توانیویانە لەگەڵ ئەو سینەمایە بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە رابێن؟ یا بە جیهانیبوون و بە فەرمی ناسینی شوناسی کورد لە جیهاندا چ کاریگەرییەکی دەبێت لە سەر ئەم بابەتە؟ ئایا ئەگەر بەرەو دەرەتانی بڵاوبوونەوەی فیلمە فەڕەنساییەکان تەنها سنووردار دەکرایەوە بە ناوخۆی ئەو وڵاتە، یان چەند فێستیڤاڵێکی جیهانی، ئەویش بە بینەرێکی کەمەوە، یان بە بێ دروستبوونی شەپۆلی نوێی سینەمای ئەو وڵاتە، ئەمڕۆ دەمانتوانی بڵێین سینەمای فەڕەنسا؟ ئێمە بۆ شتێک ناو هەڵدەبژێرین کە بتوانین لە سەری باس بکەین، شی بکەینەوە، لێکۆڵینەوەمان هەبێت و زانیاری دروست بە موخاتەبە و بەردەنگ بدەین. هەموو ئەمانە جیا نین لەو فاکتەرانەش نییە کە نموونەی شوناس، یان هێما نەتەوایەتییەکانن وەکو زمانی کوردی، بیرکردنەوەی کوردی،

جوگرافیای کوردی و ئاسەوار و سیمای مرۆڤ و کەسایەتی کوردی و زۆر شتی تر... جا ئێستا دەبێت زۆر راشکاوانە و رووڕاست هەموو ئەم پرسیارانە لە خۆمان بکەین. ئەگەر وەڵامەکان ئەرێنی بێت، ئەوا هەموو شتێک روونە ئەگەریش نا، کە ئیتر دیارە نیمانە! من بۆ خۆم بە هەڵسەنگاندنی وەڵامەکان پێم وایە سینەمای کوردی هێشتا منداڵێکی بچووکە و خەریکی گڕوگاڵە و ئەمەش کە ئێمە بە تەواوی دان بە بوونی هەمەلایەنەی سینەمای کوردیدا نەنێین، من بە خاڵێکی پۆزەتیڤی دەزانم، چونکە وامان لێ دەکات کە لەخۆڕا دڵخۆش نەبین و کڵاو لەسەر خۆمان نەنێین و بە هەموو هێزێکەوە هەوڵەکانمان زیاتر بخەینە گەڕ بۆ گەورەکردنی ئەم سینەمایە.

**ئێمە شەپۆلێک فیلم دروستکردن لە کوردستانی رۆژهەڵات دەبینین، بەتایبەت دوای "ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان"ی بەهمەن قوبادی، کە زیاتر فیلمەکە باس لە نەهامەتییەکانی کورد دەکات، یان بڵێین رووخسارێکی رەش لە کوردستان دەدات بەدەستەوە، ئەمە چۆن دەبینیت؟**

سینەما پیشەیەکی دڵڕفێنە و هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرنجی زۆر کەس، بەتایبەت گەنجان بۆ لای خۆی رابکێشێت و لە واقیعدا زۆرێک لە گەنج و لاوەکانی کوردستان وەکو هەموو شوێنێکی تری دنیا تێکەڵاو بە خۆی بکات! ئەم دیاردەیە بەتایبەت لە کوردستانی ئێران لە کۆتایی نەوەدەکاندا دەستی پێ کرد و گەنجانێکی زۆر کە بەدیهاتنی خەونەکانیان لە سینەمادا دەبینییەوە، هاتنە گۆڕەپان و تا جوڵانەوە خۆیان لە ئابلۆقەی زۆرێک کێشە و نەهامەتیدا بینی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا ریشەی داکوتابوو و کارکردن و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کێشانە زۆر پێویست و زەرووری بوو. لە واقیعدا فیلمسازەکان خۆیان لەم کۆمەڵگایەدا دەژیان و بەشێکی زۆر لە قورسایی ئەو ئاستەنگانە لەسەر شانی خۆیان بوو و نەیاندەتوانی خۆیانی لێ گێل بکەن! ئەوە بوو کە شەپۆلێک فیلم بەرهەم هێنران کە زۆربەیان ناوەڕۆکێکی رەخنەگرانەیان هەبوو لە سیستم و کۆمەڵگا و هەموو ئەو هۆیانەی کە سازبوونی ئەو هەموو کێشە و ئاستەنگانەیان پێکهێنابوو. قەد لەگەڵ ئەوەدا نیم کە زۆرێک لەو فیلمانەی کە لەو ماوەیەدا ساز دەکران و ئێستاش درێژەی هەیە بە ئەنقەست رواڵەتی رەشیان لە کوردستان دەرخست و دەیخەنە بەر چاو بینەران. ئەگەر ئێمە خۆمان وەکو کورد و وەکو مرۆڤێک کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا دەژین، چاومان ببەستین و وا بیربکەینەوە کە لە کۆمەڵگاکەماندا هەموو شتێک باشە و هیچ کێشەیەک بوونی نییە، ئەوا ئەو کات دەتوانین بڵێین

ئەو فیلمسازانە فرۆفیشاڵیان کردووە و بەئەنقەست رووخساری کوردستانیان ڕەش نیشانداوە! ئەمەش واتا مانەوە و زیندوومانی ئەو ئاستەنگانە تا ئەوپەڕی کات... بەڵام من قەد لەگەڵ ئەو باوەڕەدا نیم! ئەو شتەی کە ئێمە لە فیلمی "ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان" و فیلمە هاوشێوەکانی تردا دەیبینین، بەداخەوە حەقیقەت و ڕاستییەکە لە ژیانی مرۆڤی کورد لەو سەردەمە و لە ئێستاشدا و زۆرجار ئێمە بۆ پیشاندانی کاریگەر و کارای رووخساری ناشیرین و دڵتەزێنی دەردێک، ناچارین ڕووی تراژیکی دەردەکە پیشان بدەین و ئەمە واتا سینەما ئاوێنەیەکی کارتێکەر و بە تەواوی مانایە. بە هەموو ئەمانەوە شتێک کە زۆر گرنگە هەمیشە وتوومە و دەیشیلێمەوە ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردەواری پڕە لە ئاستەنگ و دەرد و ڕەنج لە زۆر بواردا، لە هەمان کاتیشدا پڕە لە جوانی و ڕازاوەیی لە باری کولتووری و کۆمەڵەیەتی و مێژووییەوە. من لام وایە کە فیلمسازێک ئەگەر دەیەوێت تەنگوچەڵەمەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی بخاتە بەر چاوی بینەرەوە، دەبێت باڵانسێک لە کارەکەیدا دروست بکات بەو مانایەی کە لەگەڵ هێڵە ڕەشەکەندا، کە مەبەستم نەهامەتییەکانە، هێڵە سپییەکانیش لەبەر چاو بگرێت. بە واتایەکی تر شرۆڤەکردنی سینەمایی کێشە و دەرد لەگەڵ جوانی و ڕازاوەیی وەکو دوو هێڵی تەریب شتێکە کە ئەو باڵانسە بەرهەم دەهێنێت و بێگومان ئەو شێوە کارە کاریگەرییەکی ئێجگار زۆرتری دەبێت لەوەی کە هەموو شتەکان ڕەش بخەینە ڕوو، کە من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم.

**لە باری چۆنییەتی و چەندایەتییەوە ئەو فیلمانەی لە کوردستان دروست دەکرێن چ جیاوازییەکیان هەیە لەگەڵ ئەو فیلمانەی لە شوێنەکانی تر، بەتایبەت تاران، بەرهەم دێن، شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ فیلمەکانی کوردستان لە فێستیڤاڵەکان و تەنانەت پیشاندانە گشتییەکاندا چۆن دەبینیت؟**

لە باری چەندایەتییەوە بەڕاستی بە لای منەوە زۆر گرنگ نییە، هەرچەندە ئەو فەلسەفەیە هەیە کە دەڵێت تا لە باری چەندایەتییەوە بەرهەم زۆرتر بێت لەوانەیە بەرهەمی باشیش لە ناویاندا زۆرتربێت، بەڵام سینەماکارانی کوردستان هەمیشە سەلماندوویانە کە زۆرتر لە هەر شتێک بەها بە چۆنییەتی و کوالێتی کارەکانیان دەدەن و ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی بەرهەمی فیلمسازە کوردەکان ڕەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤی هەبێت لە سینەمای ئێراندا. بە دڵنیاییەوە لە جێگایەکی گەورە وەکو تاران یان ئەسفەهان فیلمی زۆرتر بەرهەم دێت و فیلمسازیشی زۆرترە، بەڵام دەتوانم بڵێم زۆربەی ئەم ساڵانەی دوایی هەمیشە لە فێستیڤاڵەکاندا

بەرهەمی فیلمسازانی کوردستان ڕێژەیەکی بەرچاو بوو و ئەو ڕێژەیەش ئەگەر سەیرت بکردایە و لەگەڵ فیلمەکانی جێگاکانی تر هەڵت بسەنگاندایە، ئەوا بۆت دەردەکەوت کە فیلمە کوردییەکان لە باری چۆنیەتییەوە سەر و ملێک لەوانی تر بەرزترن! زۆرجار ئەمەش دەبوو بە هۆکاری ئەوەی کە لە باری چەندایەتیشەوە ڕێژەی بەرهەمە کوردییەکان بەرزببێتەوە تا جێگایەک کە لەبیرمە ساڵێک لە فێستیڤاڵی کورتە فیلمی تاران فیلمسازانی شارەکانی تر دەنگیان بەرزبووەوە و ڕەخنەیان لە فێستیڤاڵ گرت کە ئەمە فێستیڤاڵی فیلمی کوردییە، یان تاران؟! هۆی هەموو ئەمانەش کە فیلمسازە کوردەکان تا رادەیەک توانیویانە هەنگاوی جیدی بۆ سینەما لە کوردستان هەڵبگرن، من لە جیاوازی بیروبۆچونەکاندا دەبینم. گەنجی کورد خەون بە سینەماوە دەبینێت و سینەما وەکو رابواردن و سەرگەرمی سەیر ناکات، بەڵکو سینەما بە ئامێرێک بۆ بەدیهاتنی خەونەکانی دەبینێت و ئەمەش واتا گەنجی کورد خولیای هەیە و خاوەنی بیروباوەڕی تایبەتی خۆیەتی. کە خولیایشی هەبوو، کارەکانی لە ناخی دڵییەوە هەڵدەقوڵێن و لە ئاکامدا لەسەر دڵیش دەنیشێت. شێوەی هەڵسوکەوتیش هەمیشە بەپێی بارودۆخی ئەو کاتە بووە کە فیلمساز تێیدا فیلمی بەرهەم هێناوە. بۆ نموونە چەند ساڵ لەوەو پێش بە نیسبەتی ئێستا باشتربوو و فیلمسازی کورد کەمتر هەستی بە کەم سۆزی و پەراوێزخستن دەکرد، بەڵام بەداخەوە ئەم یەک دوو ساڵەی دوایی ئەو شتە کەمێک ڕەنگیداوەتەوە. ئەڵبەت ڕێژەی بەرهەمهێنانی فیلمیش نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە ئێرانیش تا رادەیەکی زۆر دابەزیوە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نالەباربوونی باری ئابووری. فیلمێک کە فیلمساز پێشتر بە بودجەیەکی کەم بەرهەمی دەهێنا و خۆی دەیتوانی باری مادی بەرهەمەکەی دابین بکات، ئێستا هەر ئەو بەرهەمە بودجەیەکی ئێجگار زۆری دەوێت و فیلمساز ناتوانێت فیلمی دڵی خۆی دروست بکات و ئەگەریش بۆ دابینکردنی باری مادی بەرهەمەکەی بڕواتە فەرمانگەیەک، ئەوا بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە...

**وەک چۆن خۆشتان دەزانن سینەما یەکێکە لە میدیا گەورە و بەهێزەکان، کە دەتوانێت کاریگەری زۆری هەبێت لە سەر کۆمەڵگا. بەشێوەیەکیش سینەما گرێ دەدرێتەوە بە زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە لەوانە فەلسەفە، سیاسەت کۆمەڵناسی و... کوردستانیش لەم یاسایە بەدەر نییە. بەدرێژایی مێژوو یەکێک لە خواستەکانی نەتەوەی کورد ئەوە بووە شوناسی نەتەوەیی خۆی بخاتەڕوو و وەک "قەوم" نەناسرێت، ئاخۆ فیلمسازە کوردەکان لە بەرهەمەکانیاندا تا چەند گرنگییان داوە بەم**

**بابەتە، بە دەربڕینێکی تر ئاخۆ سینەما کاریگەری هەبووە لە هوشیاری نەتەوەیی لە کوردستان، یان ئەوەی کەمتەرخەم بووە لەم بارەیەوە؟**

سینەما لە ئەمڕۆدا جیا لە باری هونەری و سەنعەتی لە واقیعدا ڕۆڵی میدیایەکی بەهێزیش دەبینێت و هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە وڵاتان و میللەتانی دنیا بیکەن بە ئامێرێک بۆ هاوارکردن و پێناسەکردنی خۆیان، جیا لەوەی کە هەمیشە سینەما هەڵگری باری لێکۆڵینەوە و رەخنەگری هەبووە لە کۆمەڵگاکەی خۆیان. ئەوەی کە لە کوردستان تا ئێستا بینیومانە زۆرتر هەوڵێکی ناوخۆیی بووە بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکان و رەخنەگرتن لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها کە سینەما لە کوردستان هێشتا منداڵە و نەیتوانیوە لە دنیادا خۆی بە باشی بناسێنێت، بە هەمان شێوەش هێشتا نەیتوانیوە هەڵگری باری شوناسی نەتەوایەتی بێت لە دنیادا و ئەمە هۆکارەکەیشی بۆ زۆر شت دەگەڕێتەوە، کە لەوانە دەتوانم ئاماژە بە زۆربوونی ئاستەنگ و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکەم کە فیلمسازەکان لەم کاتە و پێشتریش زۆرتر تەرکیزیان کردووەتە سەر ئەو شتانە و بە پێویستیان زانیوە لە هەنگاوی یەکەمدا هێندە لەسەر ئەو کێشانە کار بکرێت و بخرێتە ژێر گوشارەوە، تا بنبڕ ببێت و کۆمەڵگای لێ پاک بکرێتەوە، بەڕای من ئەمە بۆچوونێکی زۆر باشە کە تۆ کۆمەڵگاکەت خاوێن بکەیتەوە جا هەوڵ بدەیت بیناسێنی بە دنیا و ئەمە شتێکە کە لە ژیانیشماندا نموونەی زۆرە. ئێمە ئەگەر ماڵێک یاخود ئامێرێکمان هەبێت و بمانەوێت پیشانی خەڵکی بدەین یان کەسێ بۆ ناو ماڵەکەمان بانگهێشت بکەین، ئەوا هەوڵ دەدەین کە پاکوخاوێنی بکەینەوە، ئینجا بیخەینە بەر چاو و من پێم وایە ئەمە یاسایەکی باشە بۆ فیلمسازێک کە دەیەوێت وڵاتەکەی بە دنیا بناسێنێت. هەرچەند کە ئێمە وەکو نەتەوەی کورد بەداخەوە مێژوومان پڕە لە تراژیدیا و کارەسات و وەکو "شێرزاد حەسەن" دەڵێت ئێمە نەتەوەیەکین کە بە تراژدیاکانمانەوە دەماننناسن! ئەمە هەر ئەو کارەساتانەیە کە کورد وەکو قوربانیی پیشان دەدات و ئەو هەوڵانە دەخاتە روو کە بە درێژایی مێژوو بۆ لەناوبردن و جینۆسایدکردنی کورد دراوە، کە پرۆسەی ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە تەنها نموونەیەک لەو هەوڵە دژە مرۆڤایەتییانە بوون. ئەمانە ئەو فاکتەرانەن کە فیلمسازانی کورد دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن و لە ڕێگایەوە کورد و هەوڵەکانی و مێژووی بە دنیا بناسێنن، ئەمانەش جیان لەو کێشە ناوخۆییانەی کە ئاماژەم پێ کرد بە چوونە دەرەوەیان لەوانەیە سیمای کورد تووشی کێشە بکەن، مەگەر ئەوەی کە باڵانسێک هەبێت لەناویاندا لە جوانی و کارەسات پێکەوە. من ناڵێم تا ئێستا هیچ کارێک نەکراوە لەم

بوارەدا. هەنگاو هەڵگیراوە، بەڵام هەنگاوی پێویست نییە، هەم لە باری چەندایەتی و کەمییەتەوە و هەم لە باری چۆنییەتی و کوالێتییەوە. لە باری چەندایەتییەوە بەداخەوە ئێمەی کورد هەندێ جار زوو ماندوو دەبین لە شتەکان و زوو بە لای دەنێین! لەبیرمە چەند ساڵ لەوەوپێش برادەرێک لە وتووێژێکی تەلەفزیۆنیدا روو بە فیلمسازەکان دەیوت، کە ئیتر بەسە! چەندە لەسەر ئەنفال چەندە لەسەر هەڵەبجە؟! ئەنفال ئیتر تەواو بوو! ئەم بیرۆکەیە زۆر مەترسیدارە بۆ کورد. من دەڵێم ئێمە لە ئەنفالدا بە قەد ئەو مرۆڤانەی کە بوونە قوربانیی چیرۆکمان هەیە و ئەو چیرۆکانە دەبێت بگێڕدرێنەوە و بخرێنە بەر چاو. کارەساتەکانی تریش ئیتر با بمێنێت. ئەنفال هێشتا لە کۆمەڵگا نێونەتەوەییەکاندا بە جینۆساید نەناسراوە. زۆربەی زۆری دونیا هێشتا نازانن لە جێگایەک لەم سەر زەوییەدا کارەساتێکی لەو جۆرە روویداوە! بۆچی ئێستاش کە ئێستایە یەهوودییەکان هەر خەریکن لەسەر هۆلۆکۆست فیلم دروست دەکەن و رۆمان دەنووسن و چیرۆک دەگێڕنەوە؟ بۆچی لە پۆڵەندا ئێستاش هەر باسی ئەو کارەساتانە دەکرێت بە فیلم و رۆمان کە لە شەڕی جیهانییەوە تووشی بوون؟ ئەمە باری چەندایەتی بوو و ئەگەر بمانەوێت باری چۆنییەتیش باس بکەین بەڕاستی لێکۆڵینەوەیەکی زۆری دەوێت و من قسەم زۆرە لەسەری. ئەگەر کەسێک نوکتەیەک، یاخود چیرۆکێکی تراژیکمان زانیارانە و بە جوانی بۆ بگێڕێتەوە، ئەوا بە باشی بە نوکتەکە پێدەکەنین و لەگەڵ تراژدیاکەش دەگریەین، بەڵام ئەگەر گێڕانەوەکە ناحەز و ناشارەزایانە بێت، ئەوا بە تەواوی بابەتەکە لەبەر چاومان دەخات! فیلم و باسی گێڕانەوەکانیشی هەمان شتە. بەداخەوە بەدەگمەن فیلمم بینیوە لەسەر کارەساتەکانی کوردستان کە توانیبێتی بە باشی و بەجۆرێک کە هەستی بینەر ببزوێنێت و وروژانێک لە هەستیدا دروست بکات، چیرۆکەکە بگێڕێتەوە و تەوەرەکە بخاتە بەردەست. زۆربەی زۆریان بە شێوازێکی ئاماتۆڕ و ناکارامە چیرۆکەکانیان گێڕاوەتەوە،



بەداخەوە هەر ئەوەش وەک ئاماژەم پێکرد، بووەتە هۆی ئەوەی کە بابەتەکە لە بەرچاوی بینەر ناشیرین بکات و لە واقیعدا بینەر گرنگی پێ نەدات. بەڕای من ئەو کارانەی کە دەکرێت و بەرهەم دێت، جیا لە باری چۆنییەتی و تەکنیکییەوە کە بەشێکی گرنگە لە شێوەی گێڕانەوە، لە باری ناوەرۆکیشەوە دەبێت هەوڵ بدرێت کە لایەنی مرۆڤایەتی و ئینسانی بابەتەکە زەقتر و بەرچاوتر بکرێتەوە، ئەمە شتێکە کە ئەگەر فیلمساز بیەوێت بەرهەمەکەی کاریگەر بێت لەسەر بینەر، بە دڵنیاییەوە پێویستە لەبەر چاوی بگرێت. بینەری ئەمڕۆ زۆر هوشیارە و هەرگیز پێی خۆش نییە کە تۆ راستەوخۆ بە دروشم قسە بکەیت لە گەڵی و لاینی خۆت لە ئەو جیا بکەیتەوە، چونکە لە بەرابەرییەوە گارد دەگرێت و وا دەزانێت کە فیلمساز ئەوی بە کەم زانیوە و دەیەوێت بەزۆر شتێک بخاتە ناو مێشکییەوە! ئەم جۆرە کارکردنە هەمیشە دەرەنجامی پێچەوانەی هەیە بۆ فیلمساز. ئەگەر بمەوێت نموونەیەک باس بکەم کە لەم روانگەیەوە توانیویەتی سەرکەوتوو بێت، دەتوانم ئاماژە بە فیلمی "هەموو دایکانی من"ی ئیبراهیم سەعیدی و زەهاوی سەنجاوی بکەم. کە ئەم فیلمە دەبینیت، هەست بەوە ناکەیت کە فیلمسازێکی کورد بەرهەمی هێنابێت! مەبەستم ئەوەیە کە زۆر بە چاوێکی ئینسانی و مرۆڤایەتییەوە سەیری ناوەڕۆکەکەی دەکات کە ئەنفالە. چاوەڕوانی چەند دایکێکی چەوساوە بۆ گەڕانەوەی کەسوکاریان. فیلمەکە دەیەوێت بە چیرۆکی دەروونی و تەنیایی ئەو دایکانە لەگەڵ بینەر پێوەندی دروست بکات. لە رێگای هەستێکی ئینسانییەوە کە تەواو مرۆڤەکانی دنیا تێیدا هاوبەشن. لە سەدام زۆر ناڵێت، چونکە تەواو دنیا لە سەدامدا هاوبەش نییە! لە هەستی کوردایەتی زۆر ناڵێت، چونکە هەموو دنیا لە هەستی کوردایەتیدا هاوبەش نییە! لە هەمان کاتیشدا ئەو دایکانە و چاوەڕوانی و فرمێسکەکانیان پڕە لە کوردایەتی و نەفرینی سەدام، بەڵام بەشێوەیەکی زیرەکانە و وا لەژێر لایەکانی فیلمەکەوە. ئەمەیە ئەو هەستەیە کە تەواو دنیا تێیدا هاوبەشن و ئەگەر بینەرێک لە بۆرکینافاسۆش فیلمەکە ببینێت بە ئاسانی لە گەڵیدا تێکەڵ دەبێت. دووبارە دەیڵێمەوە کە لەگەڵ ئەمانەشدا فیلمسازەکان دەبێت هەوڵ بدەن جوانییەکانی کوردستانیش لە کارەکانیاندا رەنگدانەوەی هەبێت و ئەو جوانییانەش هەموو روویەکی مێژوویی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و... هتد دەگرێتەوە.

**لە ئێران دوو جۆر سینەما دەبینرێت، سینەمایەکی دەوڵەتی و سینەمایەکی سەربەخۆ، ئەو سینەمایەی "جیایی نادر لە سیمین" دروست دەکات و لە بەرامبەردا ئەو سینەمایەی "ئێخراجیها" دروست دەکات، ئاخۆ لە بەشی کوردنشینیشدا ئەم شتە دەبینرێت؟**

سینەما لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا دەبێت بە دوو بەش. بەشێک کە سیستم بەڕێوەی دەبات و لەڕاستیدا سیاسەتەکانی سیستمی حاکم لەو وڵاتە پەیڕەو دەکات و بەشێکی تر کە سەربەخۆیە و زۆرتر فیلمسازانی ئازاد و جیاواز تێیدا کار دەکەن و لە واقیعدا بەرهەمی کەرتی تایبەتە. لە ئێرانیش هەمان شت هەیە، ئەگەرچی سینەما زۆرتر وا لە چوارچێوەی سیستمدا، بەڵام هەرچۆنێک بێت سینەمای سەربەخۆیش جاروبار سەر هەڵدەدات و خۆی پیشان دەدات و زۆربەی ئەو فیلمانەی کە لە شوێنە نێونەتەوەییەکاندا سەرکەوتوو بوون، لە سینەمای سەربەخۆ هاتوونەتە دەرەوە. لە بەشی کوردنشینیش ئەو شتە هەیە، بەڵام بەشی سینەمای سەربەخۆ زۆر پڕ ڕەنگتر و بەرچاوترە و فیلمسازە سەرکەوتووەکان زۆرتر لەم بەشەدا کار دەکەن. ئەوەش کە بەشی دەوڵەتی بێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ تەلەفزیۆنەکان و ئۆرگانە حکومییەکاندا کارەکانیان بەرهەم دەهێنن.

**دەمەوێت بێینە سەر کارەکانی خۆت، لە کەیەوە دەستت کردووە بە کاری فیلم دروستکردن و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی بوویتەوە وەک فیلمسازێکی کورد، کامانە بوون؟**

لە ٢٠٠٣ـەوە بەشێوەیەکی جیدی هاتمە نێو دنیای سینەماوە و لە ئەنجومەنی سینەمای لاوانی ئێران سینەمام خوێند و شەهادەی فیلمسازیم وەرگرت. هەڵبەت پێوەندیم لەگەڵ سینەما دەگەڕێتەوە بۆ زۆر پێشتر لە ئەو کاتە و لە دواناوەندیی و پێش زانکۆیی کە وەکو ڕەخنەگری سینەمایی لە گۆڤاری گەنجانی ئەمڕۆدا دەمنووسی. کێشەکان بەداخەوە زۆر بوون، کە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت هەر بەردەوامە. ئەوەی کە تۆ لە جێگەیەکدا دەژیت کە ئەگەر بتەوێت کاری دڵی خۆت و خولیاکانی خۆت بکەیت بە بەرهەم و بیخەیتە بەر دەستی بینەران، زۆرجار پاڵپشتت نییە و ئەگەر ئاستەنگ لەبەر پێتا دروست نەبێت، ئەوا هیچ ئاسانکاریی و یارمەتییەکی بەو جۆرەت نادرێت کە بتوانیت بە باشترین شێوە و بە ڕۆحییەتێکی ئارامەوە بەرهەمەکەت تەواو بکەیت. ئەمە جیایە لە یارمەتی و هاریکاری فیلمسازەکان لەناو یەکتردا، کە دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەو ڕۆحییەتە بەرز و برادەرانەیەی نێوان فیلمسازەکان پێکەوە نەبوایە، ئەوا زۆرێک لەو فیلمە سەربەخۆ و سەرکەوتووانە بەرهەم نەدەهاتن. خولیاکانی خۆت، دەبێت خۆت هەوڵی بۆ بدەیت و ئەگەریش بیبەیت بۆ جێگایەک کە باری مادی بەرهەمەکە لەئەستۆ بگرن، ئەوا زۆر چاوەڕوانییان لێت هەیە و لە واقیعدا سیناریۆکەت

دەبێت بە شتێکی تر کە زۆرجاران تۆ وەکو فیلمسازێکی ئازاد و خاوەن ئەزموون ناتوانیت ئەو شتە قەبووڵ بکەیت. من بۆ خۆم زۆربەی بەرهەمەکانم لەسەر ئەرکی خۆم هەڵساوم بە دروستکردنیان و دەتوانم بڵێم ئەگەر دۆستایەتی و هاریکاری برادەرانەی ستافی فیلمەکان نەبوایە، ئەو سیناریۆیانە هەرگیز نەدەبوون بە فیلم. لە ئێستادا، بەتایبەت وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، ئەو کێشانە زۆر زۆرتر بوونەتەوە و باری ئابووری کارێکی کردووە کە سازکردنی فیلم زۆر گرانتر تەواو دەبێت و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئیتر کەسیش ئامادە نییە تەنها لە رووی هاوڕێیەتییەوە یارمەتی هاوڕێکەی بدات، بە هەرحاڵ ئەویش حەقی خۆیەتی و لەڕاستیدا لەو رێگایەوە پێداویستییەکانی ژیانی دابین دەکات، رێژەی بەرهەمهێنانی فیلمە سەربەخۆکان زۆر کەمتربووەتەوە لە جاران و هەر ئەمەش مەترسییەکی گەورەی لەبەردەم سینەما دروستکردووە لە کوردستاندا.

**یەکێک لە بەرهەمەکانی تۆ، فیلمی "لێرە جادەکان بێ کۆتایین" لە زۆر فێستیڤاڵی ناوخۆیی و دەرەکی پیشاندراوە و خەڵاتی وەرگرتووە. بابەتی سەرەکی ئەم فیلمە ژنان بوو. بیرۆکەی ئەم فیلمنامەیە چۆن دروست بوو لای ئێوە؟**

ئەگەر باسمان لەسەر چیرۆکەکە بێت وەکو درام، شتێکی خەیاڵییە و لە واقیعدا داستانێکە کە ویستم بەهۆیەوە قسەی خۆم بکەم و کاریگەری لەسەر بینەر دابنێم، بەڵام وەک ناوەرۆکی چیرۆک کە دەبێتە خۆسووتاندن و کێشەی ئافرەتان لە کۆمەڵگای ئێمەدا، شتێکە کە بەداخەوە بوونی هەیە و هەر رۆژەش زۆرتر پەرە دەستێنێت! داستانی لەناوبردنی جەستە و خۆکوژیی مرۆڤ، بەتایبەت ژنانی کورد، بەداخەوە واقیعێکە لە کوردستان و کەسێک ئەگەر تۆزێک هەستی ئینسانی



تێدا بێت و ویژدانی کاری هەبێت، ناتوانێت بەئاسانی چاوی لێ بپۆشێت و خۆی لێ گێل بکات. پێش بەرهەمهێنانی فیلمەکە بە هەندێک لە برادەرانم سپارد کە لە شارەکانی کوردستان وەکو سنە و مەهاباد و کرماشان و ئیلام و مەریوان لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بابەتەکە بکەن. ئاکامی لێکۆڵینەوەکەش بەڕاستی کارەسات بوو! کە سەیری ژمارە و ڕێژەی کەسایەتییەکان و هۆی خۆسووتاندنەکان دەکەیت سەرت سووڕ دەمێنێت و بەڕاستی کاریگەرییەکی زۆر ناخۆش لە سەرت دادەنێت. هەر ئەوکاتەیە کە لە خۆت پرسیار دەکەیت ئێمە کە خاوەنی ژیار و شارستانییەتی میدیا و دەورانی دایکسالارین، ئێستا چی بەسەرماندا هاتووە کە ئافرەتانی ئەم سنوورە ئاگر لە جەستەی خۆیان بەر دەدەن؟! ئەوەی راستی بێت من سینەما وەکو موکەبەرە و بەرزوێژێک دەبینم لە دەستی سینەماکاردا کە بە بەڵێنداریێتی و تەدبیر دەتوانێت کێشەی لەم جۆرە و هەموو ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە بخاتە روو کە ئاستەنگن لەبەردەم بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگادا. ئەم کێشەیە یا بە تەواوی ئەو کێشانەی کە کۆمەڵگای کوردی هەیەتی، بەهیچ شێوەیەک ئینکار ناکرێن و لەبەرچاو نەگرتن و کەمتەرخەمی بەرانبەریان واتا مانەوەیان و مانەوەشیان واتا کۆسپ و ئاستەنگ لەبەردەم بەرەوپێشەوەچوونی کورد لە بواری کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و... هتد. هەمیشە وتوومە و دەشیڵێمەوە نابێت چاومان ببەستین بەنیسبەتی کێشەکانمان، بەڵام ئەگەر دەمانەوێت هاواری ئازەرەکانمان بکەین، شەریف پیشانی بدەین. بەزەیی لە کەس نەخوازین. هەوڵ بدەین لە کەنار خاڵە رەشەکەندا خاڵە سپییەکانیش بخەینە روو. پێشتریش باسم کرد ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. لەڕاستیدا لە فیلمی "لێرە جادەکان بێ کۆتایین" زۆر هەوڵم دا ئەو شتە لەبەرچاو بگرم. بۆ نموونە ئەگەر سەیری فیلمەکە بکەیت کارەساتەکە لە سروشتی سەوز و مەخمەڵینی کوردستان بە تەواوی جوانییەکانییەوە روو دەدات. ئەگەر ژن و پیاوێکی ناساز و نا نۆرماڵمان هەیە کە کارەساتەکە دەخوڵقێنن، پیرەمێرد و پیرەژنێکی نابیناشمان هەیە کە لە ژیانێکی ئارام و پڕ لە سەفا و خۆشەویستیدا دەژین! ژن و پیاوێکی شاریمان هەیە کە بۆ زەماوەند دەڕۆن و چەترێک وەکو ئامێرێکی ئەمن لە لایەن چینێکی مۆدێرنترەوە دەدەن بە کچەکە. کوڕێکی خوێندەوارمان لە چینی رۆشنبیر هەیە کە لە پاسەکەدا جێگاکەی خۆی بە کچەکە دەدات. ئەم باڵانسە هەم بۆ خۆم و هەم بۆ ئەو کەسانەی کە هەمیشە رەخنەیان هەبوو لە فیلمسازانی کورد، کە هەمیشە سیمایەکی رەش زاڵە بەسەر بەرهەمەکانیاندا، جێگای خۆشحاڵی بوو و تا رادەیەکی زۆریش باش وەڵامی دایەوە... ئەوەش بڵێم کە من وەکو فیلمسازێک

ئەرکم دۆزینەوەی ڕێگاچارە نییە بۆ کێشەکان. ئەمە شتێکە سینەمای دنیا دەیڵێت. ئەرکی من ئاوێنەبوون و بەیانکردن و هۆشداریدانە بەجۆرێک کە بتوانم بە باشترین شێوە هەڵیسەنگێنم و خەڵکانی پسپۆڕ لەو بوارەدا هانیان بدەم بڕۆن بە شوێن ڕێگاچارەدا.

**هەندێ کەس لەسەر ئەو باوەڕەن ئەم فیلمەی ئێوە "لێرە جادەکان بێ کۆتایین" لە بارەی بوونیاد، یان شێوەی گەڕانەوەوە لەگەڵ زۆربەی ئەو فیلمانەی لە کوردستان دروست دەکرێت، جیاواز بوو. لات وایە ئەم شێوە گێڕانەوەیە یارمەتیدەرە لە شێوەی گێڕانەوەی فیلمدا؟**

ئەگەر هەر پێنج بەرهەمەکەی منتان بینیبێت، بۆتان دەر دەکەوێت کە لە هەرکامێکدا هەوڵمداوە دنیایەکی نوێ چ لە بارەی ناوەرۆکەوە و چ لەبارەی تەکنیکەوە بۆ خۆم ئەزموون بکەم. هەمیشە ئەو هەولانەی کە فیلمسازێک بێت و هەندێک فیلمی هاوشێوەی یەک بەرهەم بێنێت بۆ ئەوەی پێی بڵێن ستایل و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، بەلامەوە زۆر جوان نەبووە. لانیکەم لام وایە کە لە کورتە فیلمدا نابێت ئەم شتە ڕوو بدات، ئەگەر چی بێین سینەما بڵند ناوبەرین، دەتوانم ئاماژە بە سینەمای "ئۆزۆ" بکەم، کە هەموو بەرهەمەکانی ستایل و شێواز و واژۆی "ئۆزۆ"ی هەیە، بەلام هەریەکە و ئەوەندە قووڵن کە وەکو ڕۆیشتن بۆ قوولایی ناو ئۆقیانووسێک تۆ بە هەر جار ڕۆیشتن شتێکی تازە و نوێ دەدۆزیتەوە! بەلام من سینەمای فیلمسازێک وەکو "دەیڤید لینچ"م پێ خۆشترە کە لە "کچی رایان" تا "لۆرێنسی عەرەبستانی" بەرهەمهێناوە و تۆ بەدیتنی هەرکام لە فیلمەکانی لە خۆت دەپرسیت ئەم فیلمسازە چەندە توانا و خاوەن ئەزموونێکی گەورەیە کە توانیویەتی ئەو هەمووە جیاواز بێت و جیاوازی لە کارەکانیدا ڕەنگبداتەوە. کورتەفیلم مەیدانێکی زۆرباشە بۆ جیاوازبوون، ئەزموون، داهێنان و خۆ تاقیکردنەوە. بەڕای من فیلمساز دەبێت تاقیکردنەوە و خەتاکانی لە کورتەفیلمدا ئەنجام بدات و تەواوی بکات، چونکە بە ڕۆیشتنە ناو سینەمای پرۆفیشناڵ و فیلمی درێژ ئەگەر جیا لە باوەڕ بە سەربەخۆبوونی لە هەمانکاتدا نیو نیگایەکمان هەبێت لەسەر لایەنی پرۆڤە و مومارەسەی بوونی کورتەفیلم، لەبەر زۆر هۆکار کە بەرچاوترینیان لەوانەیە بەشی مادی و بەرهەمهێنان بێت، فیلمساز لە فیلمی درێژدا ئیتر مەجالی تاقیکردنەوە و ئەزموونکردن و لە واقیعدا ریسککردنی بۆ پیشاندانی داهێنان و مێتۆدە نوێکانی خۆی نییە. لە فیلمی "لێرە جادەکان بێ کۆتایین" هەولم دا کە ڕوانینم بە سینەما بە نیسبەتی فیلمە پێشووەکانم

کاراتر بکەمەوە، بەتایبەت سینەمای کلاسیک ئەزموون بکەم. هەڵبەت بە روانین و چوارچێوەیەک کە بۆ خۆم وام دانابوو کە وەکو کورتەفیلم چۆن بتوانین لە فیلمێکدا لەبارەی ریتم و هارمۆنیاوە لە جێگایەک گرتەیەک داڕێژین بە نمایەکی دوور و تایمێکی درێژەوە و لە جێگایەکی تر گرتەکانمان زۆر کورت بێت تا رادەی فیلمێکی ئەکشن، بەبێ ئەوەی کە بینەر هەست بە شڵەژاویی و نەبوونی هارمۆنی بکات و لە سەرلەبەری بەردەوامی ئاسایی فیلمەکە کاریگەری نێگەتیڤی هەبێت. یا چۆن بتوانم فیلمەکە لە ناوەڕاستی چیرۆکەکەوە دەست پێ بکەم، زۆر زوو بڕۆم بۆ کاتێکی دوورتر لە رابردوو و دووبارە بێمەوە ئێستا و دوای ئەوەش بڕۆمەوە سەرەتای چیرۆکە سەرەکییەکە و هەروەها لەگەڵ کات و زەماندا یاریی بکەم! یا لە فلاشباکێکدا چیرۆکە سەرەکی و گرنگەکە لە جێگایەکی هەستیاردا بە گەڕانەوە بۆ کاتی ئێستای کاراکتەرەکە، بینەر تینووی دیتنی کارەساتەکە بهێڵمەوە. بۆ خۆم زۆر گرنگ بوو کە ئەمانە و زۆر شتی تر لە فیلمەکەدا تاقی بکەمەوەو بیخەمە ناو ئەزموونەکانمەوە. ئەوەی راستی بێت، پێم خۆش نەبوو گرنگی بەو شێوە گێڕانەوەیە بدەم کە بە رێژەیەکی زۆر لەنێو فیلمسازەکاندا باو بوو، بەتایبەت فیلمسازە کوردەکان. جیاوازکارکردن وزەیەکی زۆرم پێ دەدات لە سینەمادا، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرتر بیر لە داهێنان و خەلاقییەت بکەیتەوە. لە هەر حاڵدا ئەم شێوەیە کە لەم فیلمەمدا بەکارم هێنا، شێوەیەکە لە گێڕانەوە و هەستم کرد بۆ ئەم سیناریۆیە دەتوانێت کاریگەر بێت و تا رادەیەکی زۆریش وا بوو، بەڵام لەوانەیە بۆ سیناریۆیەکی تر نەتوانێت کارا بێت و فیلمساز دەبێت بەشوێن رێگایەکی تردا بگەڕێت. بە واتایەکی تر هەر سیناریۆ و چیرۆکێک پێویستی بە شێوازێکی تایبەتی گێڕانەوە هەیە.

**ئەگەر بینیت لە دوای ٢٠٠٣ شەپۆلێکی فیلم دروستکردن لە کوردستانی باشوور دەستی پێکردووە و کۆمەڵێک فێستیڤاڵ دەبینرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە فیلمسازە کوردەکانی رۆژهەڵات روویان لە باشوور کردووە بۆ فیلم دروستکردن، ئەمە چۆن دەبینیت. ئاخۆ لات وایە یارمەتیدەرە بە گەشەکردنی بواری سینەما لە باشوور؟**

هەمیشە بارودۆخەکان کاریگەر بوون لە دروستکردنی فیلم و پەرەپێدانی سینەما لە هەر بەشێکی کوردستان. لە ئێستادا لە باشوور هەلی زۆر باشتر رەخساوە بۆئەوەی گرنگی بدرێت بە سینەما و هەموو لایەک هەوڵەکەنیان بخەنە گەڕ بۆ گەشەپێدانی سینەما لە هەموو بوارێکدا. پێوەندی فیلمسازانی کوردستانیش

پێکەوە دەتوانێت هاندەر و هۆکارێک بێت بۆ پتەوکردن و هەڵچنینی دیواری ئەو سینەمایە. بەداخەوە لە کاتێکی دیاریکراودا و چەند ساڵ لەوەوپێش هەندێک کێشە هاتە ئاراوە، کە رەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی و کاریگەرییەکی نەرێنی دانا لەسەر پێوەندی نێوان فیلمسازەکانی رۆژهەڵات بەتایبەت و سیستمی سینەمایی لە باشوور. داستانەکەش ئەمە بوو کە هەندێک کەس بە ناوی فیلمسازەوە هاتنە باشوور و خۆیان بە دەرهێنەر و فیلمساز ناساند و داوایان کرد کە سیستمی هونەریی و سینەمایی باشوور یارمەتییان بدات و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکات. ئەم پرۆسەیە لەلایەن باشوورەوە پێشوازی لێکرا و لە واقیعدا ئاسانکاریی و بودجە خرایە بەردەست ئەو کەسانە کە فیلمەکانیان بەرهەم بێنن، بەڵام زۆر بەداخەوە هەندێک لەوانە زۆر خراپ مامەڵەیان لەگەڵ شتەکە کرد. ئەوانە هیچ فیلمێکیان ساز نەکرد و هەموو بەڵێنەکانیان لەبیر بردەوە و بەرهەمێکی زۆر پلەخواریان رادەستی سیستمی سینەمایی کرد و ئەمەش بوو بەهۆی جۆرێک لە هەڵپەساردن و وەلانانی پێوەندییەکان و چاویلکەیەکی رەشی کردە چاوی سیستمی سینەمایی و هونەری باشوور، بەداخەوە هەرئەوەش بوو بەهۆی کزبوونەوەی پێوەندییەکان و لەئاکامدا کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر رەوشتی سینەما لە کوردستان، چونکە بەدوای ئەوەدا زۆرێک لە فیلمسازانی خاوەن ئەزموون کە روویان کردە باشوور لەگەڵ چاویلکە رەشەکەدا رووبەڕووبوونەوە! ئەم پرۆسەیە بەڕاستی لێکۆڵینەوەیەکی زۆری دەوێت، بەڵام ئەوەی کە من دەیبینم دوو لایەنی هەیە، کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم. لایەنێکی ئەو کەسانەن کە لە بەشەکانی تری کوردستان، بەتایبەت کوردستانی ئێرانەوە هەڵسان هاتنە باشوور و وەکو فیلمساز خۆیان ناساند، کە ئەمانەش دوو بەش بوون. بەشێکیان فیلمساز نەبوون، لەڕاستیدا بە نییەتێکی مادییەوە روویان لە باشوور کرد و دوای گەیشتن بە ئامانجەکانیان ئەوێیان بۆ هەمیشە بەجێهێشت! بەشێکی تریان کە تا رادەیەکی زۆر کەم لە سینەمادا کاریان کردبوو، زۆرتریش وەکو یاریدەدەر و ئەو شتانە، نەک نووسەر و دەرهێنەر، دووڕووییان بەکارهێنا و زۆر زوو هەموو شتێکیان لەبیرچووەوە و نەیانتوانی بەشێوەیەکی مرۆڤانە مامەڵە لەگەڵ ئەو سیقە و باوەڕە بکەن کە پێیان کرابوو. ئەمانە لەڕاستیدا بە روانینێکی زۆر نزم و کاتیی، تەنها ئەو ساتەوەختەیان بینی کە تێیدا روویان لە باشوور کردبوو و بە هەڵە و دەست ئەنقەسەکانیان پردەکانی پشت سەر خۆیان هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ فیلمسازەکانی تر رووخاند. لایەنێکی تر کە بەڕای من هەڵسوکەوتی ئەم لایەنە زۆر گرنگ بوو، سیستمی سینەمایی و بەڕێوەبەرێتییە هونەریی و سینەماییەکان

بوو لە باشوور. ئەم سیستمە زۆر زوو سیقەیان بە هەموو کەس کرد و هەرکەس بە ناوی فیلمسازەوە رۆیشتە لایان، بەبێ ئەوەی بچووکترین لێکۆڵینەوەیەک لەسەری بکەن، ئامادەی هاوکار بوون لەگەڵیاندا و پێداویستییان بۆ دابینکردن! دروستە کە ئەمە سەداقەت و باوەڕی تێدایە، بەڵام تا ئەم رادەیە ئیتر دەبێت بەجۆرێک سادەیی و لەڕاستیدا بەشێکی قورسی خەتاکە دەخاتە ئەستۆی ئەو سیستمەوە. لە تەواوی دنیادا وەهایە کە کەسێک بۆ دروستکردنی فیلمێک دەڕوات بۆ شوێنێک و داوای یارمەتی دەکات، پێش هەموو شتێک دەبێت رێزومەی کاری و بەرهەمە پێشووەکانی خۆی بخاتە بەردەست. دوای ئەوەش سەرکەوتنەکانی بە بەڵگەوە پیشان بدات و بەدوای ئەوەشدا لە رێگای لیژنەیەکی هاوبەش، مەبەستم هەموو بەشەکانی کوردستانە، یان کەسانی سێیەمەوە لێکۆڵینەوە لەسەر کار و کەسایەتی ئەو فیلمسازە بکرێت، ئەو کات ئیتر دڵنیام رووداوی ئەم کێشانە دەگاتە نزمترین ئاستی خۆی. هیوادارم هەرچی زووتر ئەو کێشانە بسڕێنەوە و چاویلکە رەشەکان هەڵبگیرێن و هەموو فیلمسازە کوردەکان بە پێوەندییەکی باش و پتەو، نەک تەنها سینەما لە باشوور، بەڵکو لە هەموو کوردستان بەرەوپێشەوە ببەن و بیگەیەنن بەو ئاستەی کە شایەنیەتی.

**وەک دوایین پرسیار، چی بکەین بۆئەوەی سینەما لە باشووری کوردستان پەرەبستێنێت و دۆخی ئێستا چۆن دەبینیت؟**

وەکو دۆخی ئێستا ئەگەر چاو لە رێژە و رادەی حەز و ئارەزووی ئەو گەنجانە بکەین کە هەوڵدەدەن بێنە ناو سینەماوە و سینەما بووە بە خولیایان و خەونەکانیان لە سینەمادا دەبیننەوە، ئەوا زۆر گەش دەیبینم، ئەمەش بەڕاستی هەرکەسێک کە تۆزێک دڵەخورپەی ئەم سینەمایەی هەبێت، خۆشحاڵ دەکات، بەڵام ئەگەر وەک سیستماتیزەکردن و پلان داڕێژان بۆ بەرەوپێشچوونی سینەما لە هەرێمی کوردستان سەیری بکەم، بەتایبەت ئەگەر بمەوێت بە ساڵانی پێشوودا بچمەوە، بەڕاستی زۆر باش نایبینم و دووچاری جۆرێک بێهیواییم دەکات. لەم ساڵانەدا خەریکە بەردی بناغەی سینەما لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت، ئەمەش واتا ئێستا کات و ساتێکی زۆر هەستیارە و بە موهەندیسیکردنی دانانی سەردەمییانە و رێکوپێکی ئەو بناغەیە، داهاتووی ئەو سینەمایە دەبێت بە کۆشکێکی زۆر جوان کە لە دنیادا دەنگدەداتەوە، بەڵام بەبێ موبالاتی و داڕشتنی سیاسەتی ئاماتۆر و بڕیاری هەڵە، ئەوا دیواری ئەو سینەمایە تا ئەوپەڕی خۆی بە لار و لەوێری دەڕواتە سەر و ناوبانگیشی لە چەند شاری ناوخۆ زیاتر پەرە ناستێنێت. بەڕای

من، دانانی ئەو هەموو زانکۆ و بنکە و سەنتەر و مەدرەسە سینەماییانە لە وڵاتانی خاوەن سینەما بێ هۆ و بێبایەخ نییە. ئیتر با هەر هەندێک کەس بڵێن سینەما زۆرتر کارێکی کردارییە و پێویستی بە شتی تر نییە. من پێم وایە کەسێک تا لەبارەی تیۆریک و ئاکادیمیکەوە سینەما نەخاتە ناو هەست و مێشک و خولیایەوە، ناتوانێت ناوی خۆی بنێت بە فیلمساز و ئیتر با دەیان فیلمیش بەرهەم بێنێت و بە ملیۆن بودجە سەرف بکات، چونکە دڵنیام لە سەدەمین فیلمیشیدا هەر لەسەر جێگاکەی خۆی دەیکوتێت و سیاسەتی غەڵەتی پلاندانان واتا ئەمە! واتا ئەو بیرۆکە مەترسیدارە کە پەروەردە دەخاتە پەراوێزەوە. واتا هەر ساڵە و سیاسەتێکی تازەی بۆ دادەڕێژیت و بە نەبوونی سیاسەتی درێژخایەن بابەتەکە و لایەنگرەکانیشی تووشی شڵەژان و سەر لێ شێواویی دەکەیت. واتا ئەو دەرفەتەی کە تۆ بە بایەخ نەدانی پێویست لە ئەو گەنجە تامەزرۆیانە زۆر بە ئاسانی دەیگریت و بەلاڕێدا دەیانبەیت. واتا قەدەغەکردنی مرۆڤێک لە خواردن! تیۆری خواردنی فیلمسازە و مرۆڤ بە سکی برسی ئەگەر باوکیشی مردبێت، ناتوانێت باش بیلاوێنێتەوە! ئەو گەنجە هیچ گوناحێکی نەکردووە کە عاشقی سینەما بووە! ئەو دەیەوێت بە باشترین شێوە و بە وزەیەکی زانستی زۆرەوە سینەمای وڵاتەکەی پێش بخات و لە رێگایەوە وڵاتەکەی بە دنیا بناسێنێت، تا چەندە ئەزموون و تێست و خەتا؟! دەبێت تا چەند ساڵی تر هەر بڵێین لە سەرەتای رێگادایین؟ بەڕای من سێ شت لە ئێستادا زۆر گرنگە بۆ دانانی ئەو بەردی بناغەیە و گەشەپێدانی: پەروەردە و پەروەردە و پەروەردە! ئەمە شتێکە کە بەگشتی دامەزرێنەری رۆحی مرۆڤە لە هەر بوارێکدا و ئێمەش وەکو سەوداسەری سینەما بەدڵنیاییەوە پێویستمان پێیەتی و بەبێ ئەو بنەما سەرەکییە هەر هەوڵ و تێکۆشانێکی تر مەحکوم بە فەنایە! بە هەموو ئەمانەوە من هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوی بڕوا بە سینەما بهێنێت و بزانێت کە سینەما وەکو هونەر، سەنعەت، میدیایەک لە دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا رۆڵێکی هەرە گرنگ دەبینێت لە هەموو بوارێکەوە و دڵنیابێت کە بە داڕشتنی سیاسەت و پلانی سەردەمییانەی درێژخایەن لە کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو پێداویستییانەی کە بۆ پەرەپێدان و کاراکردنی ئەم سینەمایە پێویستە، تا چەند ساڵی تر کوردستان جێگایەکی زۆر تایبەتی هەیە لە دنیادا...

## شانۆنووسەکان لە فرۆشگایەکدان کڕیاری تێدا نییە

# گفتوگۆیەکی هەڵبژاردە لەگەڵ ئۆسکار وایڵد



و. لە فارسییەوە: کارزان محەمەد

ئۆسکار فینگاڵ ئۆفلاهری وایڵد لە (١٦ی ئۆکتۆبەری ١٨٥٤) لە دبلنی پایتەختی ئێرلەندا لەدایک بووە. دایکی شاعیر و ڕۆژنامەنووس بوو، باوکی واتا (سێر ویلیام وایڵد) پزیشکێک بوو کە حەزی بە باڵندە و خوێندنەوەی فۆلکلۆر دەکرد.

لە ساڵانی (١٨٧٥ تا ١٨٨١) ئۆسکار وایڵد هێشتا بەرهەمێکی گرنگی نەخوڵقاندبوو، ناوبانگی پەیدا کرد. وایڵد حەزی بەو چینوتوێژەی خەڵک دەهات کە خۆی بە (خەڵکی جوان) ناوی دەهێنا. جلوبەرگی سەیروسەمەرەی دەپۆشی و خۆی بە ڕەخنەگر و جوانناس دەناساند. لەم قۆناغەدا بەهۆی ئەنجامدانی کاری سەیروسەمەر و گوتەی چاوەڕوان نەکراوەوە، ناسرا.

لە ساڵی (١٨٨٢) وایڵد چوو بۆ نیویۆرک، لەماوەی ساڵێکدا گەشتی بۆ شارەکانی باکووری ئەمریکا کرد. وایڵد لە تەمەنی (٢٨) ساڵیدا لە (٧٠) شاری ئەمریکادا گوتاری دەربارەی هونەر و ئەدەبیات پێشکەش کرد. کاتێک لە ئەمریکا

گەڕایەوە، لە پۆشینی جلوبەرگی سەیروسەمەرە ماندوو ببوو، پاشان جلوبەرگی ئاسایی پۆشی. وایڵد لەم ساڵانەدا دوو شانۆنامەی ناسەرکەوتووی نووسی، ئەو لە ساڵی (١٨٨٤) لەگەڵ (کۆنتانس لیڤڵد) ژیانی هاوسەرێتی پێکەوەنا، چوار ساڵ دوای ئەوە کۆمەڵێک چیرۆکی بە ناوی (شازادەی بەختەوەر و چیرۆکەکانیتر) بڵاوکردەوە. ناوبراو کۆمەڵە چیرۆکێکیتریشی بۆ منداڵان نووسی.

هەندێ لە رەخنەگران، ئەم کارانەی وایڵد لەگەڵ بەرهەمەکانی (هانز کریستیان ئاندرسن)ی دانیمارکی دەیخەملێنن. لەم ساڵانەدا وایڵد بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دنیای ژنان) و رەخنەی ئەدەبی تیادا دەنووسی.

(ئۆسکار وایڵد) خاوەنی چەندین شانۆنامەی بەناوبانگە، دەتوانرێت ئاماژە بۆ (عاشقی سینەچاکی خاتوو وێندرمەر) و (گرنگی ئەرنستبوون) بکرێت.

ئۆسکار وایڵد لە (٣٠ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٩٠) لە ئوتێلێکی پاریس، ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ئەو کۆمیدیا باوەی لە شانۆنامەکانی ئۆسکار وایڵد هەیە، لەم گفتوگۆیەشدا بەرجەستە بووە.

کاتێک ئۆسکار وایڵدم بینی، خۆی ئامادە کردبوو بچێتە دوورگەیەک. ئەمەش دەقی گفتوگۆیەکی هەڵبژاردەیە لەگەڵ ناوبراودا.

***

**دوای پێشکەشکردنی شانۆنامەکانتان، ئەوە چێژتان پێدەبەخشێت لەسەر پەردەی شانۆ دەربکەون؟**

نەخێر، بەهیچ شێوەیەک. هیچ هونەرمەندێک حەزی بە بینینی خەڵک نییە، بەڵکو خەڵک حەز دەکەن هونەرمەند ببینن. خۆم نەریتی فەرەنسییەکانم بەدڵە کە ئەو ئەکتەرەی رۆڵی بەتەمەنترین کەسی نێو شانۆنامەکەی لەئەستۆدایە، ناوی نووسەری شانۆنامەکە بە دەنگێکی بەرز بە ئامادەبووان دەڵێت.

**ئایا تۆ لە بەریتانیاش لایەنگری ئەم نەریتەیت؟**

بەدڵنیاییەوە، خەڵک بەرلەوەی حەز بە هونەر بکەن، هونەرمەندەکەیان خۆش دەوێت. کەسێتی هونەرمەند شتێک نییە پێویستی بەوە بێت تا خەڵک هەموو شتێ دەربارەی بزانن. ئەم ئاگاداربوونە دەبێت بەپێی رێکەوت بێت. (دوای پشوویەک)

شتێکی سەرنجڕاکێشیشە ئەگەر گەنجترین ئەکتەر، ناوی نووسەری شانۆکە رابگەیەنێت.

**واتا تەنها بۆ رێزگرتن لە خواستی خەڵک، لەسەر شانۆ ئامادە دەبیت؟**

بەڵێ، من هەمیشە لەمبارەیەوە نەرمونیان بووم. خەڵک هەمیشە رێزی لە کارەکانم گرتووە، لەکاتێکدا خۆم واهەستم کردووە ماوەی پاشنیوەڕۆیانم لێ تێکداون.

**هەندێ لە بینەران کێشەیان لەگەڵ گوتارەکانتدا هەیە!**

بەڵێ، پێشتر وادەزانرا شانۆنامەنووس دەبێت بێتە سەرتەختی شانۆ و تەنها سوپاسی دۆستە میهرەبان و باشەکانی بکات کە لە هۆڵی شانۆکەن. خۆشحاڵم ئەم چەشنە بیرکردنەوەیەم گۆڕیوە. هونەرمەند ناتوانێت تا ئاستی خزمەتکاری خەڵک، خۆی بچووک بکاتەوە. هەرکاتێک سوپاسگوزاری ئەکتەر و بینەران دێتەوە یادم، پێموایە خۆ بچووککردنەوەکانیان هەر رواڵەتیانەیە و بەهۆی نەبینینی شانۆنامەی زۆرەوەیە. راشکاوێتی، لە تایبەتمەندی و ئەرکەکانی هونەرمەندە.

**بۆچی پێتوایە کەمێک لە شانۆنامەنووسان، شانۆ بۆ نمایشی گشتی دەنووسن؟**

بەپلەی یەکەم بەهۆی سانسۆری نابەرپرسارانەوەیە. لەبەر ئەم راستییەش ناتوانرێت نمایشی (سالومە)ی من نمایش بکرێت، ئەمەش بۆ سەلماندنی دەبەنگی و نەزانی ناوەندەکانی سانسۆرەوەیە. وێنەکێشەکان ناچارکراون بەرهەمەکانیان پیشانی خزمەتکارەکانی (سامرەست هاوس) بدەن، واتا هەمان ئەو کەسانەن کە رەنگ و شێوەیەکی تر بۆ دەربڕین دەزانن. کاتێک نووسەر دەبێت رۆمانەکەی بخاتەبەردەم پۆلیسی یاساییەوە، بەدڵنیاییەوە کاری پۆلیس ناسنامەی رۆمانەکەی دەگۆڕێت. هونەر هەرگیز لە سانسۆر رزگاری نەبووە و نابێت.

**هۆکاری تر؟**

هۆکارێکی تر ئەو پڕوپاگەندە بێ بنچینانەیە کە رۆژنامەنووسان لە (٣٠) ساڵ لەمەوپێشەوە بانگەشەی بۆ دەکەن، واتا ئەو بانگەشەیەی گوایا ئەرکی شانۆنامەنووس رازیکردنی خەڵکە. ئامانجی هونەر هیچ کاتێک ئەمە نەبووە کە زیاتر لە کێشە، باس لە چێژ بکات. ئامانجی هونەر، هونەرە. هەروەک گوتم، کاری

هونەر ئەمەیە کە خۆی بەسەر بینەردا زاڵ بکات، نەک بگاتە ئەو ئاستەی بینەر ئەرک بۆ هونەر دەستنیشان بکات.

**لەم رووەوە باوەڕت بە هیچ جیاکارییەک نییە؟**

بۆچی؟ سێرک شوێنێکە ئارەزووەکانی خەڵک بەشێوەیەکی شیاو دێنێتەدی.

**ئایا پێتوایە رەخنەی شانۆ لە فەڕەنسا لە رەخنەی ئێمە باشترە**

بێ ویژدانییە ئەگەر رەخنەی شانۆ لە فەڕەنسا لەگەڵ چەشنە بەریتانییەکەدا تێکەڵاو بکەین. لە رەخنەی شانۆی فەڕەنسادا هەمیشە کەسانێکی مەزن ئامادەگییان هەبووە. لە فەڕەنسا کۆمەڵە شاعیرێکی وەک (تۆفیل گۆتە) رەخنەگری شانۆ بوون. لە بەریتانیا رەخنەی شانۆیی ئاستێکی نزمتری هەیە. ئەم توانست و چانسانە بۆ بەریتانییەکان نەهاتووەتەئاراوە. بەریتانییەکان بەرلەوەی باس لە بەها هونەرییەکان بکەن، گرنگی بە بەها ئەخلاقییەکان دەدەن. رەخنەگرتن لە هونەرێکی ئاڵۆزی وەک شانۆ، پێویستی بە بوونی پلەیەکی باڵای کلتوورییە. کەسێک نەتوانێت پەی بە هونەرەکانی تر ببات، ئەوا ناتوانێت رەخنەش لە شانۆ بگرێت.

**پێتوایە راستگۆن؟**

بەڵێ، بەڵام راستگۆییەکەیان لەبەرئەوەی لە ئەندازە زیاترە دەبەنگییەکی رواڵەتییانەیە! رەخنەگری شانۆ دەبێت ئەکتەرێکی فرەهونەری چازان بێت. ئەو دەبێت بتوانێت بارودۆخەکە بەپێی خواستی خۆی بگۆڕێت و پەی بە رەنگاوڕەنگی ساتەکە ببات.

**بەلایەنی کەمەوە کۆمەڵێ مرۆڤی خاوەن ئابڕوون.**

بێگومان. بە بڕوای من لە لەندەن، تەنانەت رەخنەگرێکی شانۆمان نییە خۆی وادەربخات بە خراپ لە کاری شانۆنامەنووسین تێگەیشتووە. تەنها لەو ساتەدا نەبێت کە کەسێتی شانۆنامەنووسەکەی بەدڵ نەبێت، یاخود شانۆیەکی نووسیبێت و بیەوێت لەو هۆڵی شانۆیەدا نمایشی بکات، یاخود هاوڕێیەکی دێرینی لەنێو ئەکتەرەکاندا هەبێت، یاخود هۆکارێکی لەم چەشنەی لەپشتەوە بێت. بێگومان من تەنها لەبارەی لەندەنەوە دەدوێم. لە شوێنەکانی تر هەم بینەر و هەم رەخنەگر رۆشنبیرن، بەڵام لە لەندەن تەنها بینەران رۆشنبیرن.

**نیگەرانی ئەوەبووم نەوەک هەڵسەنگاندنێکی دروستت بۆ رەخنەگرانی شانۆی ئێمە نەبێت، بەهەرحاڵ ئەوان کەسانێکی کامڵن.**

شانۆنووسەکان لە فرۆشگایەکدان کڕیاری تێدا نییە!

**من چوومەتە بەرەی بەرگریی لێکردنیانەوە، بەڵام بەپشتبەستن بە ژیاننامەکانیان، رەخنەگرانی ئێمە پێگەیەکی باشیان هەیە.**

ئەمەش دەشێ بە بەشێک لە ستایشکردنی خۆتان دابنرێت. دەتوانن ئەم دیبلۆماسییەتە بە یادەوەرییەکی دڵگیر ناوزەد بکەن.

**تۆ تەنانەت رابردووە باشەکانیشیان رەت دەکەیتەوە؟**

ئەوان هیچ رابردوو و ئایندەیەکیان نییە، تێگەیشتنیان لاوازە بۆ رەنگی ئەو ساتانەی نمایشی دەکەن.

**چ پێشنیازێکت هەیە، پێشتر وتبووت کە لە لەندەن تەنها دوو رەخنەگری شانۆ هەیە، دەتوانم لە ناوەکانیان بپرسم؟**

دەبێت زۆر خۆشحاڵ بن کە ناویان بهێنم، بەڵام دەبێت بڵێم هەفتەی رابردوو ناوی یەکێکیانم لە لیستەکەدا سڕییەوە.

**ناوی کێت هێشتەوە؟**

پێموایە واباشترە ناوی نەدرکێنم. رەنگە ئەم کارە دووچاری لەخۆباییبوونی بکات. هەرچەندە لەخۆباییبوونیش تایبەتمەندییەکی هونەرە.

**چۆن پێناسی رەخنەی شانۆ دەکەیت؟**

بەهەمان ئەندازەی کە رێز لە کاری من دەگرن!

**ئایا پێتوایە ئەکتەرانی فەرەنساش هەروەک رەخنەگرانی فەرەنسا، لە ئێمە باشترن؟**

ئەکتەرانی بەریتانیا زۆر باش رۆڵ دەگێڕن، بەڵام نمایشە نایابەکەی فەرەنسییەکانیان نییە. نمایشی فەرەنسییەکان ئاشکرا و روون و ریتمدارن. دیالۆگە دووردرێژەکانی ئەکتەرە بەریتانییەکان کورت دەکەنەوە. لەنێو هۆڵی شانۆی فەرەنسییەکاندا، ئێمە دەچین تا ببیستین، بەڵام لە شانۆی بەریتانی دەبێت

هەر ببینین. بێگومان کۆمەڵێ جیاوازیشیان هەیە. جۆرج ئەلکساندەر، لیڤایز ڤالر، فۆریس رۆبەرتسن و چەند کەسێکی تر دەنگێکی بڵندیان هەیە و دەزانن کە چۆن سوودی لێوەردەگرن. حەز دەکەم دەربارەی رەخنەگرانیش هەر بەهەمانشێوە بدوێم، بەڵام لە بەریتانیا رووخساری ئەدەبی نمایشێکی پڕ رەنگتری لەو شتە هەیە کە بە پرۆفیشناڵ ناودەبرێت. ئەمڕۆ تەنها چەند ئەکتەرێکی بەریتانی دەتوانن لەڕێگەی رستەیەک و دوو جگەرەوە شانۆ بخوڵقێنن.

**بیستووتە دەڵێن کەسایەتییەکان لە شانۆکانی تۆدا هەروەک تۆ دەدوێن؟**

(وایلد جگەرەیەک دادەگیرسێنێت). کۆمەڵێک پڕوپاگەندەی بێ بنەمای وەک ئەمە دەبیستم. دەبێت پێشوازی لەم جۆرە رەخنانە بکەین. لەڕاستیشدا تەنها لە چەند ساڵی رابردوودا رەخنەگرانی شانۆ دەرفەتیان بۆ رەخساوە تا شانۆنامەکانی نووسەرێک لەسەر شانۆ ببینن کە خاوەنی میتۆدی خۆیەتی. ناکرێت شانۆنووسێک وا هەست بکات کە نابێت بەرهەمە هونەرییەکەی بچێتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. سەرجەم شانۆنامەکانی شکسپیر لەژێر کاریگەریی شکسپیردان. ئیبسن و دۆماش هەر بەو چەشنەن. کاری منیش لەژێر کاریگەریی خۆمدایە.

**ئایا لەژێر کاریگەریی هیچکام لە شانۆنووسانی بەناوبانگدایت؟**

یەکەمجارە بۆ هەمیشە دەڵێم هیچ شانۆنووسێک لەم سەدەیەدا کاریگەریی بەسەر کارەکانمەوە نییە. تەنها حەز بە کاری دوو شانۆنامەنووس دەکەم.

**ئەو شانۆنامەنووسانە کێن؟**

ڤیکتۆر هۆگۆ و مۆریس مۆتەرلینگ.

**بەدڵنیاییەوە نووسەرانی تریش کاریگەرییان لەسەر تۆ جێهێشتووە**

ئەگەر پەخشان و شیعری یۆنان و نووسەرانی رۆمای کۆن وەلابنێین، جۆن کیتزی شاعیری ئینگلیز، گۆستاف فلۆبەر، ڤاڵتەر پیتەر لەڕیزی ئەو کەسانەدان کە کاریگەرییان لەسەر جێهێشتووم. میتۆدی هونەریی دەبێت خوێنی کەسێک بێت تا بتوانرێت ئەو خوێنە لە کاری کەسانی تردا بناسرێتەوە.

**ئینتیمات بۆ ریالیزم هەیە؟**

نەخێر. ریالیزم کاردانەوەیە و ناتوانێت بزوێنەرێکی هونەریی بێت بۆ شانۆیەک کە بەرهەمێکی هونەرییە.



**سەرچاوە:**

مجله ادبیات، شماره دوم، سال ۱۳۸۹، ص (۵۳-۵۹).

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org

www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە